# ئایندەناسی

CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (٢٣) ساڵی پێنجەم، شوباتی ٢٠٢٥



# میدیا و میدیای نیشتمانی

- میدیا و بەرپرسیارێتیی نیشتمانی
- ڕۆڵی میدیا لە بەڕێوەبردنی ململانێکان
- پەیوەندیی میدیا و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا
- سیاسەتی میدیایی؛ چوارچێوەی سیاسی بۆ بارودۆخی ڕۆژنامەوانی

# ئاینده‌ناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی  وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٢٣) ساڵی پێنجەم، شوباتی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د.هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: د.ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول



هەڵەگر: باخان ئەحمەد
نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org


SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەڕۆك

## سەروتار

میدیا و بەرپرسیارێتیی نیشتمانی ................................................ ● د. یوسف گۆران ٤


## توێژینەوەی ناوخۆیی

پەیوەندیی میدیا و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا ............ ● د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا ٨
میدیا نێودەوڵەتییەکان؛ نێوەندێک بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان ........................ ● د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا ٣٢
دەستوور و میدیا: ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی دەستوورشکێنی ● د. حەسەن مستەفا ٦٠
میدیای نیشتمانی و ئایندەی تەلەڤزیۆنە بازرگانییەکان لە ئوسترالیا ........................... ● سەروەت عەبدوڵا ٨٠


## توێژینەوەی وەرگێڕاو

سیاسەتی میدیایی؛ چوارچێوەی سیاسی بۆ بارودۆخی ڕۆژنامەوانی ......... ● وەرگێڕان: عەلی ئەکبەر مەجیدی ١٠٤
ڕۆڵی میدیا لە بەڕێوەبردنی ململانێکان (شیکارییەکی لاوەکی و ڕەخنەگرانە) ● وەرگێڕان: بەهرە مەهدی میکە ١٢٧
ڕۆڵی تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە پەرەپێدانی میدیای دیجیتاڵیدا ....... ● وەرگێڕان: بارام سوبحی شکور ١٥٥


## ڕاپۆرتی ئایندەیی

ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی میدیای کوردی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا .. ● ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ٢٠٥


## کتێبی ئایندەیی

هەواڵسازان: زیرەکیی دەستکرد و ئایندەی ڕۆژنامەنووسی ................................ ● ئامادەکردن: ئایندەناسی ٢١٩


## فەرهەنگی ئایندەیی

میدیای نیشتمانی ........................................................................ ● ئامادەکردن: ئایندەناسی ٢٢٣

سەروتار



د. یوسف گۆران

# میدیا و بەرپرسیارێتیی نیشتمانی

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای چاپ لە سەردەمی ڕێنسانس و مۆدێرنەدا هەلێکی نوێ و کایەیەکی نوێی لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ دەستەبژێری بواری ڕۆشنبیری و کاریگەرییە گشتییەکانی ڕەخساند. دەرکەوتنی کاریگەریی ئەم توێژە نوێیە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە گەڵاڵەکردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی و دەرکەوتنی بەها و هەستی نەتەوەیی و بەهاوڵاتیبوون لە لای ئەندامانی کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بینی

ئەم گەشەکردنە ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، بە تایبەت لە سەدەی بیستەم، پڕۆسەی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی زیاتر لە تاکەکانی کۆمەڵگا نزیک کردەوە، بە شێوەیەک کە ڕاگەیاندن و ئازادیی بیروڕا و کاریگەرییەکانی بوو بە خەسڵەتێکی سەرەکی لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای کراوە و دیموکرات و بەشداریکردنی تاک لە کایەی گشتی و سیاسەتدا

بـەڵام سـەرباری ئـەو پەرەسـەندنە ئەرێنییـەی لـە ئازادیـی ڕاگەیانـدن و بەرپرسـیاریەتیی کۆمەڵگایـی لـەو ماوەیـەدا ڕوویـان دا، پرۆسـەی گەشەسـەندنی ڕاگەیانـدن لـە هەنـدێ وێسـتگەی مێژووییـدا لـە بریـی بەرچاوڕوونکردنـەوەی کۆمەڵگـە، بـە پێچەوانـەوە کۆمەڵگـەی بـەرەو چەواشـەی زیاتـر بـرد. ئەڵمانیـای نـازی (هیتلـەر) و ڕووسـیای تۆتالیتار(سـتالین)؛ دوو نموونەی زیندووی ئەم ڕاسـتییە بـوون کـە ڕاگەیانـدن لـە بریـی ئـەوەی لـە لایـەن توێژێکـی ئـازاد و ڕەخنەگـر بـۆ بەرژەوەندیـی چاکـەی گشـتی و هاوڵاتییـان بـەکار بهێنرێـت، بـوو بـە ئامرازێـک بـۆ شـاردنەوەی ڕاسـتییەکان و دروسـتکردنی بەهـای گشـتیی چەواشـە و سـاختە.

لـە سـەردەمی هەنووکەیـی بەجیهانیبـوون و بڵاوبوونـەوەی ئامرازەکانـی پەیوەندیکردنـی تاکەکەسـی (فەیسـبوک، ئێکـس و پلاتفۆرمـە هاوشـێوەکانیان)، بەرپرسـیاریەتیی ڕاگەیانـدن لـە دامـودەزگا ڕاگەیاندنـە کلاسـیکییەکانەوە دابەزییـە ئاسـتی تاکەکەسـی. ئـەم گۆڕانکارییـە هـەر چەنـدە لایەنـی ئەرێنیـی زۆری لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا کـە گرنگترینیـان پاوانەکردنـی ڕاگەیانـدن بـوو لـە لایـەن حکومـەت و دامـودەزگا فەرمییـەکان و ڕەخسـاندنی بـواری زیاتـر بـۆ هاوڵاتـی بـوو تـا ئازادانـە بۆچوونەکانیـان بـێ سانسـۆر بڵاو بکەنـەوە، بـەڵام لایەنـی نەرێنیـی زۆریشـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا. بەکارهێنانـی توانـای دارایـی بـۆ دروسـتکردنی پەیـج و سـایتی بێمتمانـە (فەیـک) و ئاڕاسـتەکراو و تەرخانکردنـی ئـەم ژینگـە نوێیە بـۆ دروستکردنی کێشـەی سـاختە و بەرژەوەندیـی بچـووک و تەسـکی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی ئاڕاسـتەکراو، ئاسـتی بەرپرسـیارێتیی ئـەم جـۆرە ڕاگەیاندنـەی دابەزانـد، بـە ڕادەیـەک کـە خەریکـە ئـەم نموونەیـە بـۆ کەناڵـە تەلەڤزیۆنییـە فەرمییەکانیـش دەگوازرێتـەوە گـەر تـا هەنووکـەش نەگوازرابێتـەوە

ڕاگەیانـدن لـە بنەڕەتـدا ئەرکێـک و بەرپرسـیارێتییەکی پڕبەهایـە، چونکـە لـە ڕێگەیـەوە پەیـام و زانیارییـە گشـتییەکان بـە شـێوەیەکی بابەتییانـە دەگاتـە هاوڵاتییـان، بـەو شـێوەیەش هاوڵاتییەکـی هۆشـیار و چـالاک و بەرپرسـیار دەردەکەوێـت کـە دەتوانێـت بەرژەوەندیـی خـۆی و کۆمەڵگاکـەی بناسـێت و داکۆکیـی لـێ بـکات. بـە پێچەوانـەوە بڵاوبوونـەوەی ڕاگەیاندنـی پۆپۆلیسـتیی تەنگبیـر و نابەرپـرس و ئاڕاسـتەکراو لـە بریـی ئـەوەی هاووڵاتییەکـی وشـیار و

چـالاک دروسـت بـکات، جۆرێـک لـه‌ هاوڵاتیـی تـووڕه‌ و ڕه‌شـبین و نائومێـد دروسـت ده‌کات. لـه‌ بریـی ئـه‌وه‌ی داکۆکـی لـه‌ به‌رژه‌وه‌ندیـی خـۆی و کۆمه‌ڵگاکـه‌ی بـکات، هــه‌وڵ ده‌درێــت بــه‌ره‌و ئاڕاســته‌یه‌کی دیاریکــراو ئاڕاســته‌ بکرێــت و کێشــه‌ و که‌یســی ســاخته‌ بـۆ ڕای گشـتی دروسـت بکرێـت و سـه‌ره‌نجام کۆمه‌ڵگه‌یـه‌ک و هاووڵاتییه‌کـی لاواز و بێتوانـا بێتـه‌ ئـاراوه‌ کـه‌ بـه‌ هیـچ شـێوه‌یه‌ک لـه‌ به‌رژه‌وه‌ندییـه‌ ڕاســته‌قینه‌کانی خـۆی به‌ئــاگا نه‌بێـت

گرنگـه‌ دامـه‌زراوه‌ و گوتـاری ڕاگه‌یانـدن هاوسـه‌نگییه‌ک لـه‌ نێـوان خه‌مـه‌ تایبــه‌ت و گشــتییه‌کان بدۆزێتــه‌وه‌، که‌ســیان نه‌کاتــه‌ قوربانیــی ئــه‌وی دی، ئــه‌و به‌رپرسـیارێتییه‌ هه‌ڵبگرێـت کـه‌ ڕاگه‌یانـدن ئه‌رکـی ته‌نیـا ورووژانـدن لـه‌ پێنـاوی ده‌ســتکه‌وتی کاتــی و زیادکردنــی بینــه‌ر نییــه‌، به‌ڵکــوو ورووژانــدن پێویســته‌ ڕاســتگۆیانه‌ و هاوته‌ریــب و بابه‌تیانــه‌ و به‌ئه‌نــدازه‌ بێــت له‌گــه‌ڵ پێشکه‌شــکردنی چاره‌ســه‌ر بــۆ کێشــه‌یه‌کی گشــتیی ڕاســته‌قینه‌ کــه‌ هاوڵاتییــه‌ک و کۆمه‌ڵگایه‌کــی به‌توانــا و کــراوه‌ به‌رهــه‌م ده‌هێنێــت، یــان لانــی کــه‌م کێشه‌ســاز یاخــود لــه‌وه‌ پتریـش خـۆی به‌شـێک نه‌بێـت لـه‌ کێشـه‌ و قه‌یرانـه‌کان

توێژینەوەی نێوخۆیی

ئایندەناسی

# پەیوەندیی میدیا و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا

## (ئەرک، ئاڵنگاری، ستراتیژ)




**د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا**

پسپۆڕ لە میدیای سیاسی


### بەرایی

پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی هەمیشە جێگەی مشتومڕ و سەرچاوەی نیگەرانی بووە، خوڵقاندنی زەمینەیەکی پتەو بۆ پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوانیان یەکێکە لەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی دامەزراوە باڵاکانی سیاسەت و یاسادانان و ڕاپەڕاندن دەبێتەوە لە هەر دەوڵەتێکدا، بە تایبەت لە سایەی هەڵکشانی ململانێ نێوەخۆی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا. لەگەڵ فراوانبوونی پانتایی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و هاتنەئارای میدیای دیجیتاڵیدا، جیهان بووەتە خانوویەکی شووشەیی ئەوتۆ کە هیچ بەربەستێکی شوێن و کات لە نێوان ژوور و بەشەکانی ئەو خانووەدا نەماوە. میدیا بە هەموو چەشنە جیاوازەکانیەوە؛ سەرچاوەیەکی سەرەکیی زانیاری، فاکتەرێکی گرنگی پێکهێنانی هۆشیاری و مەعریفە، بەرهەمهێنانی وێنا و واتا هەروەها بنیاتانی کەسێتیی تاک و ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگەیە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. هەرێمی کوردستان لە نێوجەرگەی ئەو گۆڕانکاری و ململانێیانەدایە کە ناوچەکە و جیهان بەخۆیانەوە دەیبینن

ئـەوەی دەبـینرێ سـەرباری بوونـی دامـەزراوەی بـاڵای فەرمـی لـە پەیکـەری دەسـەڵاتی سیاسـیی هەرێـم و بەڕێوەچوونـی پرۆسـەی هەڵبـژاردن و دەستاودەسـتکردنی ئاشـتیانەی دەسـەڵات، لـێ کوردسـتان بەدەسـت ناسـەقامگیریی سیاسـی و ئابـووری و دابەشـبوونی ناڕاسـتەوخۆی جوگرافـی و ئیـداری گیرۆدەیـە، ئەمـەش وا دەکات باسـکردن لـە پەیوەندیـی میدیـا و ئاسایشـی نیشـتمانی هێنـدەی تـر بەهادارتـر و هەسـتیارتر بێـت

## ئاسایشی نیشتمانی لە یاسا بەرکارەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا

لـە یاسـای ڕۆژنامەگەریـی کوردسـتان ژمـارە (٣٥)ی سـاڵی (٢٠٠٧)، بـە شـێوەیەکی خێـرا و بـە بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی گشـتگیر و نـاڕوون ئامـاژەی بـە چەمکـی ئاسایشـی نەتەوەیـی کـردووە. وەک دەبینیـن لـە بڕگـەی دووەمـی مـادەی دووەمـی یاسـاکەدا بـاس لـەوە دەکات نابـێ ئـەو زانیارییانـەی پەیوەندییـان بـە ئاسایشـی هەرێمـەوە هەیـە ڕێگـە بـە دەسـتخستن و بڵاوکردنەوەیـان بدرێـت. وەک لـە یاسـاکەدا هاتـووە: «ڕۆژنامەگـەر بـۆی هەیـە ئـەو زانیارییانـە وەربگرێـت لـە سـەرچاوەی جیـاواز کـە گرنـگ بـن بـۆ هاوڵاتییـان و پەیوەندیـدارن بـە بەرژەوەندیـی گشـتی، ئەگـەر پەیوەندیـی بـە ئاسایشـی هەرێمـەوە نەبـێ»

ئـەم هەڵاوێرکردنـەی لـە یاسـاکەدا هاتـووە بـە هیـچ شـێوەیەک ڕوون نەکراوەتـەوە، کـە مەبەسـت لـە ئاسایشـی هەرێـم (ئەگـەر بڵێیـن لـە ڕووی مانـاوە لـە ئاسایشـی نیشـتمانییەوە نزیکـە) چییـە و ئـەو بـوار و بابـەت و زانیارییانە چیـن کـە زیـان بـە ئاسایشـی هەرێـم دەگەیەنـن و نابێـت ئاشـکرا بکرێـن

ئـەم کەموکوڕییـەش لـە یاسـای ڕۆژنامەگەریـی ژمـارە (٣٥)دا هاتـووە، هەوڵـی چارەسـەرکردنی دراوە لـە یاسـای مافـی دەسـتکەوتنی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتان-عێراق، ژمـارە (١١)ی سـاڵی (٢٠١٣)، ئـەو بـوار و بابەتانـەی ئامـاژە پـێ کـردووە کـە ئاسایشـی هەرێـم دەیگرێتـەوە. لـە بڕگـەی دووەمـی مـادەی چواردەیەمـی یاسـای مافـی دەسـتکەوتنی زانیاریـدا هاتـووە

دامـودەزگای گشـتی یـان تایبەتـی مافـی هەیـە لـەم حاڵەتانـەی خـوارەوەدا مافـی داواکاریـی زانیـاری ڕەت بکاتـەوە

١. نهێنیـی تایبـەت بـە بەرگـری و ئاسایشـی هەرێـم (وردەکاریـی چـەک و

پێداویستییە سەربازییەکان، ئەرکە نهێنییە سەربازی و ئاسایشییەکان، جووڵە و تەکتیکی بەرگری و زانیاریی هەواڵگری)

٢. ئەو زانیارییانەی کە وا بڵاوکردنەویان دەبێتە هۆی کارتێکردن لە ڕێڕەوی ئەو دانووستانانەی کە وا هەرێم لەگەڵ هەر لایەنێکی تر دەیکات، یان لە سەر گۆڕینەوەی زانیارییەکان ئەگەر هەردوو لا لە سەر نهێنیبوونی ڕێک کەوتن تاوەکوو بڵاوکردنەوەی

ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بەشێک لەو لایەنە سەربازی و ئاسایش و سیاسییانە دیاری دەکات کە نابێت ئاشکرا بکرێن و بڵاو بکرێنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیان وایە هەڵاوێرکراوەکانی نێو یاساکە ڕوون نین و زیاتر لە لێکدانەوەیەک هەڵدەگرن و دەکرێ چەندین پاساوی بێبنەما لە ژێریاندا جێگەی بکرێتەوە، بە تایبەتی لە سیستمێکدا کە هێشتا بەرگری و ئاسایش و پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی حیزبدا ڕێک دەخرێن نەک دەوڵەت[١][٢].

### پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانی

میدیا بە هەردوو فۆرمە کۆن و دیجیتاڵییەکەی، بەوە جیا دەکرێتەوە بە خێرایی و لە یەك کاتدا دەگاتە ژمارەیەکی زۆری جەماوەر، لە نێوان هەردووکیشیاندا ئەرکەکانی میدیا هەروەکوو خۆیەتی و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەوەی گۆڕاوە زیاتر شێواز و چۆنایەتیی ئەنجامدانی ئەرکەکانە، هەردووکیان زانیاری دەگەیەنن و هەواڵ بڵاو دەکەنەوە، چیرۆکەکان دەگێڕنەوە و ڕووداوەکان دەخەنە ڕوو، کار لە ڕای گشتی دەکەن و هۆشیاری پێک دێنن، بەهاکان دەچێنن و خولیا و ئارەزووەکان دەورووژێنن.

مەبەست لە ئاسایشی نیشتمانی؛ پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و کۆمەڵگە و سەربەخۆییەکەیەتی، بەهێزکردنی توانایان لە جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگ و ستراتیژییەکان، زەمینەسازکردن بۆ ئەو بارودۆخانەی یارمەتیدەرن بۆ بەردەوامبوونی ژیان و گەشەسەندنی، دواتر وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆیی و ئابوورییەکان، بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی، پارێزگاریکردن لە یەکگرتوویی پێکهاتەی نیشتمانی، بەهێزکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی، ئەمانە هێڵی گشتی

و سـەرەکین کاتێـک بمانـەوێ پـرس و ئامانجەکانـی ئـەو چەمکـە دیـاری بکەیـن.

لـە بـەر ئـەوە میدیـا خـۆی لـە بەرامبـەر پرسـی ئاسایشـی نیشـتمانی و مامەڵەکـردن لەگەڵیـدا دەبینێتـەوە، لـە بەرامبەریشـدا پرسـی ئاسـایش بـەردەوام لـە ژێـر کاریگـەری و هەژموونـی میدیادایـە، بـەو پێیـەی میدیـا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو ڕووداو و قەیـران و هەڕەشـانە دەکات کـە دەبنـە سـەرچاوەی مەترسـی بـۆ سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی و بـە شـێوازێکی دیاریکـراو دەیگوازێتـەوە بـۆ هاوڵاتـی. میدیـا کـۆدی ئـەو ڕووداوانـە دەکاتـەوە، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە میدیـا بنەماکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی و ڕەهەندەکانـی لـە هۆشـیاریی تاکـدا دەنەخشـێنێت. لێرەشـەوە ئـەو پرسـیارە دروسـت دەبێـت: میدیـا چ کاریگەرییەکـی هەیـە لـە سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی و چ ڕۆڵێکـی هەیـە لـە پاراسـتنیدا؟

لـە ڕاسـتیدا میدیـا ژمارەیەکـی بەهـادارە لـە پرسـی ئاسایشـی نیشـتمانی و هاوکێشـەکانی بنیاتنـان و ڕەنگڕێژکردنیـدا، هـەروەک چـۆن توخمێکـی بایەخـدارە لـە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا بـە شـێوەیەکی گشـتی. لـە ئاسایشـی نیشـتمانیدا میدیـا کۆڵەکەیەکـی سـەرەکییە لـە تـەرازووی هێـزی گشـتگیری دەوڵەتـدا. میدیـای کارا و سـەرکەوتوو فاکتـەری بەهێزبـوون و زیادبوونـی هێـز و هەژموونـی دەوڵەتـە. لـە هاوکێشـەکانی سیسـتمی ئاسایشـدا میدیـا دەچێتـە خانـەی هەڕەشـە و مەترسـییەکان، لـە هەمـان کاتـدا وەک یەکێـک لـە میکانیـزم و کەرەسـتەکانی پاراسـتنی ئاسـایش لەقەڵـەم دەدرێـت.

ئەمـەش مانـای وایـە کاریگەرییەکانـی میدیـا لـە پرسـەکانی ئاسایشـی نیشـتمانی و ڕەهەنـدە جۆربەجۆرەکانـی، ڕەنگـە ئەرێنـی بـن یـان نەرێنـی. میدیـا میکانیزمێکـی بـاش و پێویسـتی پاراسـتنی ئاسایشـە، ئەگەریـش هەیـە وەک شمشـێرێک ئاڕاسـتەی بەشـە لاوازەکـەی جەسـتەی ئـەو ئاسایشـە بکرێـت، نەخاسـمە لـە کاتـی خـراپ بەکارهێنانیـدا. ئـەم خـراپ بەکارهێنانـەش جگـە لـەوەی پەیوەسـتە بـە کۆمەڵێـک لایەنـی سیاسـی و یاسـایی و ئەخلاقـی و پیشـەیی، بـەڵام ئـەوەی کۆدەنگیـی لـە سـەرە ئەوەیـە توانـای میدیـا لـە هەڕەشـەکردن لـە ئاسایشـی نیشـتمانی کـەمتر نییـە لـە توانـای لـە پاراسـتنیدا. ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێـت میدیـا ژمارەیەکـی سـادە و ئاسـایی نییـە لـە هاوکێشـەکانی ئاسـایش، بەڵکـوو بـە هـۆی ئـەو دوالیزمـەی ڕۆڵبینینـەوە یەکێکـە لـە گرانتریـن و گەورەتریـن ژمـارەکان[٣].

لێرەدا پرسیار لەوە دەکەین: کەی میدیا دەبێتە میکانیزمێکی کارای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی؟ چ وەختێکیش دەبێتە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە بۆی؟ بە دەربڕینێکی دیکە: ئەگەر باوەڕمان وا بێت «ناوچەی تەماس» لە نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانیدا هەیە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: میدیا چۆن ڕۆڵ دەبینێت لە پتەوکردنی بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی یان لاوازکردنی؟ چۆن پرسەکانی ئاسایشی نیشتمانی سەر دەخات و پاڵپشتیی لێ دەکات، چۆنیش دەبێتە خۆرەی بنەما و ڕەهەندەکانی و هۆکاری لاوازبوونی؟

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ دەرخستنی سروشتی پەیوەندیی نێوان میدیا و ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی یەکەم لە پاراستن و بەهێزکردنی، دواتر هەڵوەستەکردن لە سەر گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئەو ڕۆڵبینینە و ستراتیژەکانی کارکردنی ئایندەیی میدیا لە پێناو بەرجەستەکردنی ئەو ڕۆڵەی بە باشترین شێوە

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر سەرنجی خراوەتە سەر، میدیای ئەمنی و میدیای دیجیتاڵییە. لەو ڕوانگەیەی ئەو دوو چەشنە پەیوەندییەکی تایبەتیتریان لەگەڵ ئاسایشی نیشتمانی هەیە و کەمتر لە سەر ئەم پەیوەندییە نووسراوە.

## میدیای دیجیتاڵی و ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا

ئەو ڕایەڵ و ڕەهەندانەی بوونەتە بناغەی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان میدیای دیجیتاڵی و ئاسایشی نیشتمانی، ئاڵۆز و بەیەکداچڕژاون. لێرەدا گرنگترین ئەو ڕەهەندانە دەخەینە ڕوو(٤):

١. میدیای دیجیتاڵی و جیهانی گریمانەیی؛ ڕووگە و پەناگەی تاک و گرووپە جیاوازەکانە، بە تایبەت لەو کاتەی دەرگاکانیان بە ڕوودا دادەخرێن لە جیهانی ڕاستیدا، فشار و سەختییەکانی ژیان زیاتر دەبن لە سەریان، بۆیە لە ئەگەری نەبوون و ڕێکنەخستنی ئەو جیهانە گریمانەییەدا و لە پاڵ تەشەنەکردنی ستەم و هەژاری و نەخوێندەواری، ئەگەرەکانی تێکشکان و داڕووخان لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە زیاتر و بەهێزتر دەبن

٢. تێڕامان و وردبوونەوە لە دۆخی ئێستا، بەو پێیەی فەزای گریمانەیی ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەری لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە و بە بەردەوامی

پرس و مژاری هەمەچەشنی تێدا باس دەکرێ، لە بەر ئەوە ڕێگە بەوە دەدات لە دوورەوە لە واقیعی ئێستا ورد ببینەوە و لێی تێبگەین، بە واتایەکی دیکە: دەتوانین لە گۆشەیەکی دەرەکییەوە لە دۆخی ئێستا بڕوانین.

دۆزینەوە و درککردن و ئەزموونکردنی جیهانە گریمانەییە جۆربەجۆرەکان کە مرۆڤ ناتوانێت بەو ئاسانییە لە جیهانی ڕاستیدا دەستی پێ بگات، ئەو سیستمە گریمانەییانە بە میدیاشەوە، مرۆڤ بە پانتایی شوێن و کاتە جیاوازەکان دەگێڕن و دەستی دەگرن تا لە گۆشەی جیاوازەوە لە خۆی ورد بێتەوە، بەمەش ئەزموونی تاکەکەسی و مرۆییمان دەوڵەمەند دەکات و دەمانباتە ئاستێکی باڵاتر لەوەی ئێستا تێیدا قەتیس ماوین.

٣. ئەو جیهانە گریمانەییە بووەتە ئامراز و ناوەندێکی کارا و کاریگەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەو مانایەی میدیای دیجیتاڵی چێوەیەکی نافەرمیی بۆ تاک فەراهەم هێناوە بۆ فێربوون و وەرگرتنی دابونەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە و دیدگای بۆ ژینگەی دەوروبەری، هەروەک ئەو دامەزراوە نافەرمییە چێوەیەک دەخاتە بەردەست بۆ خۆڕاهێنانی تاک لە سەر ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی دەکەوێتە سەرشانی لە کۆمەڵگەدا. ئەو دامەزراوە نافەرمییانە چەشنی (چیرۆک و ئەفسانە، نوندن و شانۆ، یاریکردن... هتد)، ڕێگە دەدەن بە هەڵەکردن و دەرفەتی بەخۆداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، ئەم کارە لە کایە و شوێنە فەرمییەکاندا تێچووی زۆری دەوێت لە سەر تاک و دەوڵەت

٤. ڕەخنەگرتن لە واقیع بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە واتای پەنابردن بۆ بەکارهێنانی سیمبوڵ و هێما بۆ ناڕەزایی دەربڕین، ئەمەش دەبێتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر، بە تایبەت لەو دەوڵەت و کۆمەڵگەیانەی ڕێگە بە ڕەخنەگرتنی ڕاستەوخۆ نادرێت

٥. گۆڕینی واقیع لە ڕێگەی دەرخستن و بەرجەستەکردنی هەندێ گۆڕانکاری لە بەرگ و فۆرمی نوێدا. سیستەمە گریمانەییەکان لە ڕێگەی خستنەڕووی وێنا و چەمک و زاراوەی ئەوتۆ کە پێشتر نەبوون، زەمینەی گۆڕانکاریی گەورەیان خولقاندووە، ئەو کاریگەرییە بە ئاشکرا بەدی دەکرێ لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی تاک و گرووپەکان کاتێک ئەو چوارچێوانە دەگوازرێنەوە بۆ ئەرزی واقیع. چ لە سەر ئاستی خەیاڵ بێت لە ڕێگەی سەراوژوورکردنی ئەو

چەمکانـەی هـەن، یاخـود لـە ڕێگـەی ئـەو گۆڕانانـەی لـە بونیـادی زمانـدا دروسـت دەکرێـن بـە ئومێـدی گۆڕینـی فیکـر و واقیـع.

ئەرکـی میدیـا تەنهـا گەیاندنـی زانیـاری نییـە لـە بـارەی ڕووداوەکانـی پەیوەسـت بـە ئاسایشـەوە، بەڵکـوو دەرفەتـی ئـەوەی لەبەردەسـتە کاریگەریـی هەبێـت لـە سـەر هەسـتکردنی کۆمەڵگـە بـە ئاسـایش و ئاگاداربوونیـان لـە هەڕەشـە و گرفتـەکان. یەکێـک لـە شـێوەکانی کارلێکـی میدیـا لـەم بـوارەدا، بریتییـە لـە ئەنجامدانـی هەڵمەتـی میدیایـی تایبـەت بـە ئاسـایش، کـە چالاکیـی جۆراوجـۆری بەرنامەبۆدارێـژراو لەخـۆی دەگرێـت بـە مەبەسـتی کاریگـەری نوانـدن لـە سـەر زانیـن، ئاڕاسـتە و ڕەفتارەکانـی پەیوەسـت بـە لایەنـە جیاجیاکانـی ئاسـایش(٥).

گرنگـە لـەم جـۆرە هەڵمەتانـەدا تیشـک بخرێتـە سـەر ئامانجـی ئـەو پرۆسـانەی لەئـارادان بـە مەبەسـتی ئاگادارکـردن، باوەڕپێهێنـان و هاندانـی گۆڕانـکاری لـە جەماوەرێکـی زۆر کـە بـە وردی دەستنیشـان کـراون، لێرەشـدا دەبێـت بڵێیـن ئـەو هەڵمەتانـەی لـە ڕێگـەی میدیـای دیجیتاڵییـەوە دەکرێـن بـە هـۆی بوونـی پانتاییەکـی زۆر بـۆ کارلێککـردن، دەتوانێـت پشـتگیرییەکی بەهێـزی تاکـەکان مسـۆگەر بـکات(٦).

داڕشـتنی نەخشـەی هـەر هەڵمەتێـک بـە هەڵسـەنگاندنێکی تیـۆری دەسـت پـێ دەکات بـۆ دیاریکردنـی دەرفـەت و بەربەسـتەکان، هەروەهـا دیاریکردنـی ئـەو چینوتوێژانـەی جەمـاوەر و ئـەو ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتانەی پێویسـتە کار لـە سـەر گۆڕینیـان بکرێـت. هەنـگاوی دووەم بریتـی دەبێـت لـە بەدواداچوونـی ئـەو ڕەفتارانـە و ئـەو فاکتەرانـەی کاریگـەرن بەسـەریەوە، دوای ئـەوە گەڵاڵەکردنـی مۆدێلێـک بـۆ کاریگـەری دروسـتکردن لـە سـەریان لـە ڕێگـەی سـوودوەرگرتن لـە بـاوەڕ و ئاڕاسـتە بـاوەکان، کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییـەکان و هێـز و فاکتـەرە ژینگەییـە جیاجیـاکان(٧).

لـە هـەر هەڵمەتێکـدا زانیـاری ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری و پێدانـی ڕێنوێنیـی پێویسـت، پەیامەکانـی هۆشـیارکردنەوە بـە شـێوەیەکی تایبـەت، بـە سـادە و سـاکاری بـە خەڵـک دەڵێـن دەبـێ چـی بکـەن، دەسـتگرۆیی جەمـاوەر دەکات بـەوەی کـەی و لـە کـوێ دەبـێ بەرپرسـیاریەتی و ئەرکێکـی دیاریکـراو لەئەسـتۆ بگـرن، تەنانـەت پەیامـە ڕووکەشـەکانیش ڕەنگـە

هانــی وەرگــرەکان بــدەن بــۆ گــەڕان بــەدوای ناوەڕۆکێکــی دەوڵەمەنــد و قــووڵتر لــە ســەرچاوەی زانیاریــی پێشــکەوتووتر، وەک: پێگــە ئەلکترۆنییــەکان، کتێــب و ســەرکردەکانی[٨]

لــە هەڵمەتەکانــی هۆشــیارکردنەوەی جەمــاوەر بــە ئاسایشــی نەتەوەیــی، لــە پــاڵ ئامــرازە کۆنەکانــی میدیــا، دەکــرێ پشــت بــە میدیــای دیجیتاڵــی ببەســترێ، بــەو پێیــەی لــە ئێســتادا ئاســتی جەماوەریەتیــی ئامــرازە دیجیتاڵییــەکان بــە شــێوەیەکی خێــرا زیــاد دەکات، بــە تەنهــا بەکارهێنەرانــی سۆشــیالمیدیا لــە ســەر ئاســتی جیهــان (٥) ملیــار کەســی تێپەڕانــدووە، لــەو ڕێژەیــەش (٤) ملیاریــان لــە ڕێگــەی مۆبایلــەوە سۆشــیالمیدیا بــەکار دێنــن[٩].

لــە کاتــی جەنــگ و قەیرانــدا ئامرازەکانــی میدیــا کۆمەڵێــک ئەرکیــان هەیــە کــە دەکــرێ هەنگاوەکانــی گەیــشتن بــە چارەســەر خێــرا و بەهێزتــر بکــەن. لــە هەمــان کاتــدا دەبــێ ئەوەمــان لەبیــر بێــت میدیــای هاوچــەرخ، بــە تایبەتییــش میدیــای دیجیتاڵــی، دەرفەتــی مەزنــی ڕەخســاندووە بــۆ ئاگادارکردنــەوە و هۆشــدارییدان لــەو قەیرانانــەی ڕەنگــە لــە داهاتــوودا ڕوو بــدەن، یــان دەرفەتــی ناردنــی پەیامــی ئاگادارکردنــەوە بــدەن بــە بەکارهێنەرانیــان[١٠]

شــێواز و ئامانــج و ڕادەی کاریگەریــی میدیــا پەیوەســتە بــە جــۆری قەیرانــەکان. پێناســەی زۆر بــۆ قەیــران کــراوە، زۆربەیــان ســێ ڕەگــەزی ســەرەکی لەخــۆ دەگــرن، ئەوانیــش: ئـ. هەڕەشــە، ب. ڕووداوی لەنــاکاو، ت. ناڕوونــی. بــە بەکارهێنانــی ئــەم ڕەگەزانــە، دەکرێــت مامەڵــە لەگــەڵ قەیرانــدا بکەیــن بــەو پێیــەی هەڕەشــەیەکی ڕاســتەقینەیە بــۆ ســەر پێکهاتــە و بەهــا ســەرەکییەکانی کۆمەڵگــە کــە لــە ژێــر فشــاری کات و گوماندایــە و پێویســتی بــە بڕیــاری یەکلاکەرەوەیــە. لێــرەدا کاری میدیــا دەبێتــە پێویســتییەکی گــەورە، بــەو پێیــەی ئامرازێکــی گرنگــی کۆکردنــەوەی زانیــاری و ڕاســتییەکانە لــە بــارەی هــۆکار و دەرەنجامەکانــی ئــەو قەیرانــە[١١].

ئەرکــی هــەرە لەپێشــی میدیــا بریتییــە لــە گەیاندنــی هــەواڵ و زانیــاری، دواتــر ســەرنجدان و وێناکردنــی هەڕەشــە چاوەڕوانکــراوەکان بــۆ جەمــاوەر، بۆیــە دەبێــت میدیــا کار لــە ســەر زانیارییــە کردەییــەکان بــکات لــە ڕێــی زیادکردنــی ئاســتی دڵەڕاوکێــی جەمــاوەر، جگــە لــەوەش میدیــا دەتوانێــت ببێتــە ســەکۆیەکی

گرنگی گفتوگۆکردن لە سەر ئاستی سیاسی و ئەکادیمی و جەماوەری لەمەڕ ڕەهەندەکانی قەیرانەکە[١٢]

بە داخەوە، ئەوەی لە سەر ئەرزی واقیع دەبینرێ سەبارەت بە پراکتیزەکردنی کاری میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی جار لەگەڵ ئەو بنەمایانەی سەرەوە یەک ناگرێتەوە بە هۆی هەژموونی سیاسی یان ئابووری لە سەر دامەزراوەکانی میدیا کە دەبێتە ڕێگر لەوەی خەمی سەرەکییان گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی ڕاست و دروست بێت و لەو ڕێگەیەوە کار لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک بکەن

ئەمە وا دەکات میدیا لە کوردستان لە دەرەوەی هاوکێشەی ئاسایشی نیشتمانی بێت، تەنها لەو گۆشەنیگایەوە سەیری بکرێت نەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، بەڵکوو پانتاییەکی فراوان هەیە بۆ ئەوەی بکرێ بە یەکێک لە فاکتەرەکانی پاراستن و بەهێزکردنی، لێ هەست بە بۆشاییەکی گەورە و خەتەرناک دەکرێ لە بوونی چێوە و ستراتیژ و ئاڕاستەکردنی ئەرک و فەلسەفەی کاری میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

## ئەرکەکانی میدیای ئەمنی لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستاند

بۆ ئەوەی میدیای ئەمنی وەک هەنگاوی یەکەم ببێتە بەشێک لەو هاوکێشەیە، پێویست دەکات زەمینەیەکی باش بۆ متمانەی دوو لایەنە فەراهەم بکرێ بۆ ئەوەی میدیا لە دۆخێکی تەندروستدا ئەو ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات. بەر لە هەموو شت پێویست دەکات چەمکی میدیای ئەمنی پێناسە بکەین. مەبەست لەو چەمکە بریتییە لە هەموو ناوەرۆکێکی میدیایی تایبەت بە بابەت و پرس و ڕووداوەکانی پەیوەست بە ئاسایش، جا ئەو ناوەرۆکە لە میدیایەکی گشتی بێت یان میدیایەک تایبەتمەند بێت بە پسپۆڕی و دامەزراوەیەکی ئاسایش

قسەکردن لە سەر ئەرکەکانی میدیای ئەمنی بایەخی زۆری هەیە لە دیاریکردنی نەخشەڕێگەی ئەو پەیوەندییە خوازراوەی دەبێت لە نێوان کایەی میدیا و ئاسایشی نیشتمانیدا هەبێت

١. میدیـا وێنەیەکـی هزریـی ئەرێنـی لای هاوڵاتییـان دروسـت دەکات سـەبارەت بـە کایـە و دامـەزراوە باڵاکانـی هەرێـم و ئـەرک و بەرپرسـیارێتییەکانیان، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە دامەزراوەکانـی دەوڵـەت بـۆ بەدیهێنانـی بەرژەوەندیـی گشـتیی سـەرجەم تـاک و پێکهاتەکانـی کۆمەڵگـە کار دەکـەن

٢. کار لـە سـەر پەرەپێدانـی ڕۆحـی بەشـداریکردن و پەیوەندیـی نێـوان کایـە و دامەزراوەکانـی هەرێـم و خەڵـک دەکات، لـە سـەر ئـەو بنەمایـەی کـە گەیـشتن بـە ئاسـایش و سـەقامگیری پێویسـتی بـە هەوڵـی یەکگرتـووی هەمـووان هەیـە. پێویسـتییەکی بنەڕەتییـە بـۆ هەمـوو تاکێکـی کۆمەڵگـە

٣. میدیـا ڕۆژانـە دەیتـا و زانیاریـی گرنـگ پێشـکەش بـە خەڵـک و حکومـەت دەکات سـەبارەت بـە پـرس و مـژارە گرنـگ و هەسـتیارەکان، کـە ڕاسـتەوخۆ پەیـوەستن بـە ئاسایشـی نیشـتمانییەوە

٤. ڕوومالّـی میدیایـی هەمـوو ئـەو ڕووداوانـەی پەیـوەستن بـە پێشـهات و دۆسـیەکانی ئاسـایش.

٥. ناسـاندنی ئـەو چالاکییـە جۆراوجۆرانـەی کـە لە لایـەن کایـە و دامەزراوەکانی دەوڵەتـەوە پێشـکەش دەکرێـن کـە دەکەونـە چوارچێـوەی خزمەتگوزارییـە فەرمییەکانـی حکومـەت کـە هاوڵاتییـان پێویسـتیان پێیەتـی و ڕێـکارە پێویسـتەکان بـۆ هاوڵاتییـان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو خزمەتگوزارییانـە ڕوون بکەنـەوە

٦. هۆشـیارکردنەوەی خەڵـک لـە هەمـوو شـت و پێشـهاتێکی نوێـی بـواری پرسـە ئەمنییـەکان و پاڵنەرەکانیـان و شـێوازەکانی چارەسـەرکردنیان و ئـەو ڕۆڵـە گرنگـەی دەیبینـن بـۆ گەیـشتن بـە ئاسـایش و هەوڵـدان بـۆ چاندنـی چەمکەکانـی پەیوەسـت بـە ئاسایشـی نیشـتمانی تیایـدا و پاراسـتنیان لـە هەڵەکردن، بە شـێوەیەک پشـتگیری بـکات لـە پەیوەندیـی هاوکاریـی نێـوان ئـەوان و کایـە و دامەزراوەکانـی دەوڵـەت

٧. ئاڕاسـتەکردنی خەڵـک بـۆ ئـەو کارانـەی کـە دەبێـت لـە ئەگـەری مەترسـییەکی نزیـک یـان لـە کاتـی بینینـی تاوانێکـدا ئەنجامـی بـدەن.

٨. بەبازاڕکردنـی سیاسـەت و بڕیـارە گرنـگ و کاریگەرەکانـی کایـە و دامـەزراوە فەرمییـەکان و بـە بەردەوامـی ڕاپرسـیکردن لـە بـارەی بۆچوونـی هاوڵاتییـان سـەبارەت بـەو چالاکـی و خزمەتگوزارییانـەی بـە تایبەتـی لـە سـەر ئاسـتی دامـەزراوە ئەمنییەکانـدا پێشـکەش دەکرێـن

٩. هەوڵــی بــەردەوام و ڕێکخــراو بــۆ دروســتکردنی ژینگەیــەک کــە پاڵپشــتیی چالاکییــە ئەمنییــەکان بــکات و ئاڕاســتە و ڕایەکــی گشــتی دروســت بــکات کــە پشــتیوانییان لــێ بــکات

١٠. ئامادەکردنــی ســیناریۆی پێشــوەختە بــۆ مامەڵەکردنــی میدیــا لەگــەڵ قەیرانە سیاســی و ئابــووری و ئەمنییە پێشــبینیکراوەکاندا

١١. دۆزینــەوەی میکانیزمەکانــی دەســتەبەرکردنی هەماهەنگــی و هاوکاریــی نێــوان دامــەزراوە میدیاییــە جیــاوازەکان لــە کۆمەڵگــەدا

١٢. چاودێریــی ورد و بەردەوامــی ئــەو شــتانەی لــە میدیا جۆراوجــۆرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییــەکان ســەبارەت بــە پرســە ئەمنییــەکان بڵاو دەکرێنــەوە یــان پەیوەندیــی بــە دەزگا ئەمنییەکانــەوە هەیــە، بەڵگەنامەکــردن و شــیکردنەوەیان لــە چەندیــن گۆشــەنیگا و ڕوانگــە و ســوودوەرگرتن لێیــان لــە پەرەپێدانــی ستراتیــژی و پلانــی ئەمنیــدا

١٣. گەیاندنـــی هـــەر پێشـــێلکارییەک بەرامبـــەر بـــە مافەکانـــی مـــرۆڤ و زیادەڕۆییــەک لــە لایــەن دامــەزراوە ئەمنییــەکان بــە شــێوەیەکی هاوســەنگ و پیشــەییانە، بــۆ ڕێگریکــردن لــەو کار و ڕەفتارانــەی وێنــەی ئــەو دامەزراوانــە لای جەمــاوەر دەشــێوێنن

١٤. گەیاندنــی ڕەخنــە و پێشــنیار و داواکاریــی خەڵــک بــە دامــەزراوە فەرمییــەکان بــە تایبەتــی دامــەزراوە ئەمنییەکان

## میدیای ئەمنی و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستاندا

میدیــای ئەمنــی بــە کــردەوە ڕووبــەڕووی چەندیــن کێشــە دەبێتــەوە، لــە هەرێمــی کوردســتانیش بــە هــەردوو ئاســتەکەیەوە لــەم گرفتانــە بــەدوور نییــە، دەتوانیــن ئامــاژە بــە گرنگترینیــان بکەیــن کــە بریتیــن لــە:

١. گرفتــی بڵاوکردنــەوە و پاراســتنی نهێنیــی هەندێــک لــە زانیارییــەکان: ئــەم گرفتــە پەیوەندیــی بــەو میدیایانــەوە هەیــە بــەدوای ســەبقی میدیاییــدا دەگەڕێــن و زۆر بــە خێرایــی بڕیــاری بڵاوکردنــەوەی هــەر هــەواڵ و زانیارییــەک دەدەن، لــە کاتێکــدا میدیــای پیشــەگەر پێویســتی بــە هاوســەنگیکردن و گونجانــدن هەیــە لــە نێــوان ئــەوەی پێویســتە بڵاو بکرێتــەوە و ئەوەشــی دەبێــت پەردەپۆش بکرێــت

۲. کێشـەی ئاسـایش و ئـازادی: کێشـەیەکە لـە بـەردەم تـەواوی کۆمەڵگـە هاوچەرخەکانـدا، ڕەنگـە هەندێـک بـارودۆخ ببنـە هـۆی سـنووردارکردنی ئازادییـەکان، ئەمـەش پێچەوانـەی ئـەو بنەمایانەیـە سیسـتمی دیموکراسـیی لـە سـەری بنیـات نـراوە. لـە ڕاسـتیدا ئەزموونـە هاوچەرخـەکان نیشـانی دەدەن دەبێـت ئەولەویـەت بـە ڕەچاوکردنـی ئاسایشـی نیشـتمانی بدرێـت، ئەمـە لـە کۆنتریـن ئەزموونـە دیموکراسـییەکاندا بینراوە، بـە مەرجێـک لـە چوارچێـوەی یاسـادا بێـت، گومانـی تێـدا نییـە میدیـای کـوردی ڕووبـەڕووی ئـەم کێشـەیە بووەتـەوە و دەبێـت بـە شـێوازی گونجـاو مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات

۳. کێشـەی بڕیـار و حوکمدانـی پێشـوەختە: کێشـەیەکە لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهانـدا ڕووبـەڕووی دامەزراوەکانـی ئاسـایش دەبێتـەوە، هـۆکاری ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشـتی ئـەو هەڵوێسـتانەی مرۆڤـی ئاسـایی هەیەتـی بەرامبـەر بـە دامەزراوەکانـی ئاسـایش و سروشـتی هەندێـک ئەرکـی ئاسـایش وەک گرتـن و پەلکێشـکردنی تۆمەتبـار و ئەنجامدانـی هەڵمەتەکانـی ئاسـایش و... هتـد

ئـەوە جگـە لـە کولتـوور و تێڕوانینـی بـاوی کۆمەڵگـە لـە ئاسـت دامەزراوەکانـی ئاسـایش، کـە زۆربـەی کات لایەنـە نەرێنییەکـە بەسـەریدا زاڵـە، ئەمـەش وا دەکات ئـەو ناوەرۆکـەی میدیـای کـوردی و میدیـای ئەمنـی بـە تایبەتـی پێشکەشـی دەکات؛ تێگەیشتن و ڕاڤـە و لێکدانـەوەی نەرێنیـی بـۆ بکرێـت و پێشـوەختە بڕیـار و حوکمـی نەرێنیـی لـە سـەر درابێـت. ئەمـە لـە هەنـدێ دۆخ و هەنـدی وڵاتـی دیاریکـراو بـەدی دەکرێـت. سـەرباری ئـەوەی دامەزراوەکانـی ئاسـایش دەیتـا و زانیـاری لـە بـارەی هەنـدێ دۆسـیە و بابەتـی ئەمنـی بڵاو دەکەنـەوە، بـەڵام خەڵـک بـە گومانـەوە بـۆی دەڕوانێـت

## ڕۆڵی میدیای ئەمنی لە هەرێمی کوردستاندا

میدیـای ئەمنـی لـە کۆمەڵگـە مۆدێرنەکاندا بووەتە بـوار و میدیایەکـی تایبەتمەند، ئامانجـی بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاریی خۆپارێزیـی (وقـائي) و کۆمەڵایەتـی هەیـە، بایـەخ بـە ئاسایشـی کۆمەڵگـە و سـەقامگیرییەکەی دەدات، ئەرکـە سـەرەکییەکەی بریتییـە لـە دابینکردنـی ئـەو دۆخـە کۆمەڵایەتییـەی هەوێنـی هۆشـیاری و پـەروەردە و ڕێنماییکردنـی تـاک و کۆمەڵگەیـە. میدیـای ئەمنـی ڕۆڵ دەبینێـت لـە چۆنیەتیـی

ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتـی و گۆڕانکارییانـەی کاریگەرییـان لـە سـەر بیرکردنـەوە و ڕەفتـار و بەهـاکان هەیـە

پـاراستن و بەهێزکردنـی ئاسایشـی نیشـتمانی لـە هەرێمـی کوردسـتان نایەتـە دی، تاوەکـوو هەوڵـی سـەرجەم کایەکانـی وەک میدیـا، کۆمەڵایەتـی، پەروەردەیـی و ئایینـی و دامـەزراوە فەرمییـەکان تێکـەڵ بـە یـەک نەکرێـن و ڕۆڵـی تـەواوکاری نەبینـن، بـەو پێیـەی دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ژیانـی مرۆڤـدا بەیەکـەوە گـرێ دراون و هەریەکەیـان کاریگـەری لـە سـەر ئەوانـی دیکـە جـێ دێڵێـت و لـە ژێـر کاریگەریـی یـەکتردان، ئەمـە زۆرتـر بـۆ میدیـا و ئاسـایش ڕاسـتە. دەکـرێ بڵێیـن بـە بـێ میدیـای پلان بـۆ داڕێـژراو؛ ئاسایشـی ڕاسـتەقینە بوونـی نابێـت، هەروەهـا بـە بـێ ئاسایشـی تۆکمـە لـە کۆمەڵگـە؛ میدیـای هاوسـەنگ جێگـەی نابێتـەوە

میدیـای ئەمنـی دەتوانێـت ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە بنیاتنانـی ئاسایشـی نیشـتمانی و لـە پلاندانانـی ستراتیژییەکەیـدا، ئـەم ڕۆڵـەی پەیوەسـتە بـە بنەمـای کارلێککـردن لەگەڵ ئـەو ئاڵنـگاری و هەڕەشـانەی ڕووبەڕووی ئاسایشـی نیشـتمانی دەبنـەوە، لـە پێنـاو دووپاتکردنـەوەی ستراتیژیەتـی دامـەزراوە فەرمییـە بـاڵاکان لـە بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو ئاڵنگارییانـە. میدیـای ئەمنـی دەکـرێ ڕۆڵێکـی کارا ببینێـت لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی کێشــە و پرســەکانی کۆمەڵگــە و خولقاندنـی گفتوگـۆی فـراوان و دۆزینـەوەی چارەسـەری گونجـاو بۆیـان، هەروەهـا پەیامێکـی گرنگـی هەیـە لـە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هـەوڵ و پیلانگێڕییـەی دەدرێت بـۆ داگیرکاریـی فیکـری و کولتووریـی دوژمنکارانـەی دەوڵەتانـی هەرێمایەتـی و بیانـی کـە ئامانجیەتـی یەکێتیـی نیشـتمان لـەرزۆک بـکات

ڕۆڵـی میدیـای ئەمنـی لـە سـەردەمی جەنگدا بـە ڕوونـی دیـارە، بـە مەبەسـتی ڕووبەڕووبوونـەوەی دژەپڕوپاگەنـدە و جەنگـی دەروونـی، بـە داخـەوە لـە جەنگـی دژی داعشــدا میدیــای ئەمنیــی کــوردی لاواز بــوو لــە دەستپێشــخەریکردن و بەرەنگاربوونـەوەی پڕوپاگەنـەی داعـش

میدیـا چەندیـن ڕۆڵـی گرنـگ و جیـاواز دەگێڕێـت، وەک وەشـانی ڕێنمایـی و بڵاوکردنــەوەی ڕێســاکان بــۆ جەمــاوەر بــە مەبەســتی مامەڵەکــردن لەگــەڵ دەرهاویشــتەی نەرێنیــی قەیرانــەکان، هەروەهــا چاودێریکردنــی جەمــاوەر و تێبینیکردنــی ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە ڕەنگــە لــە نێوانیانــدا ڕوو بــدەن بــۆ

ڕووبەڕووبوونـەوەی لێکەوتەکانـی قەیرانەکـە، کارکـردن بۆ بەسـتنەوەی زانیارییەکان بـە دۆخ و سـیاقی ڕووداوە هەنووکەییـەکان و پێدانـی زانیاریـی تـەواو بـە جەمـاوەر بـۆ ئـەوەی بڵاوبوونـەوەی دەنگۆ و پڕوپاگەندە سـەبارەت بـەو قەیرانانـە کاریگەریی دەروونیـی خـراپ لـە سـەریان دروسـت نـەکات. میدیـای ئەمنـی هاوئاهەنگـی لەگـەڵ دامەزراوەکانـی ئاسـایش دەکات بـۆ ڕووماڵکردنـی ڕووداوەکانـی ئاسـایش و قەیـران و قەبـارە و جـۆری ئـەو زانیارییانـەی بـۆ ڕووماڵکـردن دەکرێنـە ئامانـج

میدیـای ئەمنـی ڕۆڵێکـی ئەرێنـی و تەندروسـت دەگێڕێـت، بەشـدارییەکی کارا دەکات لـە پاراسـتنی ئاسایشـی هەرێـم، بـە تایبەتـی ئەگـەر لـە چوارچێـوەی پلانێکی ڕوون و بـاش و لـە سـەر بنەمـای کۆمەڵێـک پرەنسـیپ و بەهـا جێبەجـێ بکرێـت بـۆ بەدیهێنانـی لێکتێگەیـشتن و هاوکاریـی پتـەو لـە نێوانیانـدا، بـۆ ئـەوەی بگەنـە دیـدگا و زمانێکـی هاوبـەش تـا بتوانێـت لـە ڕێگـەی ئـەم کارلێکـەوە هۆشـیارییەکی بـاش پێشـکەش بـکات و ڕێنمایـی و ئامۆژگاریـی دروسـت بخاتـە ڕوو، گەرەنتیـی ئامادەکردنـی ڕایەکـی گشـتیی هۆشـیار بـکات بەرامبـەر بەرپرسـیاریەتی و چالاکیـی دەزگا ئەمنییـەکان و ڕۆڵـی لـە کۆمەڵگـەدا. لـە لایەکـی دیکـە، بەهێزکردنـی هەوڵەکانـی خۆپارێـزی و بەرقەرارکردنـی ئاسـایش، بـە تایبەتـی دوای پەرەسـەندنی گـەورەی میدیـا و پەیوەندیکـردن و زیادبوونـی کەناڵـە ئاسمانییـەکان وای کـردووە بینینـی هەمـوو ئـەو شـتانەی میدیـا پەخشـیان دەکات ئاسـان بێـت. لێرەوە مەترسـی و گرنگیـی میدیـا دەردەکەوێـت، ئەمـەش گەورەیـی بەرپرسـیارێتی و قورسـایی ئـەو ئەمانەتـە بەرجەسـتە دەکات لـە ئەسـتۆی ئەوانەدایـە میدیـای ئەمنـی بەڕێـوە دەبـەن

میدیـا ڕۆڵێکـی گـەورە دەبینێـت لـە پاراسـتنی کۆڵەکەکانـی ئاسایشـی نیشـتمانی لـە ڕێگـەی مامەڵـەی بنیاتنەرانـە لەگـەڵ هەڕەشـەکانی سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی و متمانەبەخۆبـوون لـە هەڵگرتنـی بەرپرسـیاریەتی لـە پاراسـتنی ئاسایشـی نیشـتمان و ئاسایشـی کۆمەڵگـە بـە بڵاوکردنـەوەی بابـەت و مـژارە گرنگەکانـی پەیوەسـتدار

کەواتـە میدیـای ئەمنـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دەتوانێـت دەرفەتـی ڕاسـتەقینە بڕەخسـێنێت لـە بـەردەم کایـە و کەرتـە جیـاوازەکان بـۆ ئـەوەی ڕۆڵـی تـەواوکاری ببینـن، بـە جۆرێـک ڕوومـاڵ و مامەڵەکـردن لەگـەڵ پرسـەکانی ئاسـایش تەنهـا قەتیـس نەبێـت لـە دامەزراوەکانـی ئاسـایش یـان میدیـا فەرمییـەکان بـە تەنهـا،

بەڵكوو لە ڕوانگەی ئەركە كۆمەڵگەیی و نیشتمانی و پیشەییەكانی میدیادا پێویست دەكات میدیای ئەهلییش ئەرك و بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ بگرێت لە داڕشتن و جێبەجێكردنی ستراتیژیەتی ئاسایش. تەواوی ئامرازەكانی میدیای كۆن و دیجیتاڵی لە سەریانە كۆمەڵگە ئاگادار بكەنەوە لە هەموو ڕووداو و گۆڕانكارییەكان، لە نێویشیاندا دۆسیەكانی ئاسایش، زێدەباری هۆشداریدان لە ئاكامە مەترسیدارەكانی ڕەفتار و لادانە ئەخلاقییەكان و ئاشناكردنی جەماوەر بە ئەرك و ڕۆڵی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕەفتارانە

## ئاڵنگارییەكانی بەردەم میدیای كوردی لە بەهێزكردنی ئاسایشی نیشتمانیدا

لە گرنگترین ئاڵنگارییەكانی بەردەم ڕۆڵبینینی میدیای كوردی لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی بریتین لە

١. ناڕوونیی چەمكی میدیای ئەمنی بۆ یەكێك یان تەواوی ئەو لایەنانەی بەشدارن لە بنیاتنانی ئەم چەمكە (كۆمەڵگە، دامەزراوەكانی ئاسایش، دامەزراوەكانی میدیا)

٢. لاوازیی توانای مرۆیی و تەكنەلۆژی و پیشەیی ئەوانەی لە بواری میدیای ئەمنی لە هەرێمی كوردستان كار دەكەن

٣. كەمیی متمانە و نەرێنیبوونی ئاڕاستەی جەماوەر بەرامبەر بە پەیام و چالاكییە میدیاییەكانی دامەزراوە ئەمنییەكان و میدیای فەرمی و میدیای پارتە فەرمانڕەواكان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادەڕۆییكردنی ئەو میدیایانە لە دەرخستنی هەڵوێستی فەرمی بە پاساوی بەرگریكردن لە بەرژەوەندیی نیشتمانی، كە وا دەكات گوتاری میدیای فەرمی زیاتر لە فۆرمی ئامۆژگاری دەربكەوێت لە بریی كاری پیشەیی، سەرباری میسالیبوون و ناواقیعیەتی میدیای فەرمی بە هۆی زیادەڕۆییكردنی گوتاری فەرمی لە دەرخستنی ئەوەی دامەزراوە فەرمییەكان پێی هەڵدەستن، بەردەوام كاری ئەو دامەزراوە بە ورد و دیراسەكراو و ئاڵۆز و بەرهەمدار و ڕێكخراو پیشان دەدات كە لە دووتوێیدا چەندین چەشن و فۆرمی ئامادەی چارەسەر و مامەڵەكردنی كارا لەگەڵ دۆخ و پرسە ئاڵۆز و هەستیارەكان ئامادەیە. بەم هۆیەوە سیمای فەرمیبوون بەسەر

گوتـاردا زاڵ دەبێـت و کـەمتر گرنگـی بـە بونیـاد و شـێواز و داڕشتن و قاڵبـی هونـەری دەدات، لـە بـەر ئـەوە زیاتـر لـە قاڵبـی پەخشـان و دەربڕینـی فەرمـان و هەڕەشـە دەکەوێتـە بەرچـاو، هـەروەک زیادەڕۆییکـردن لـە وێناکردنـی کۆمەڵگـە بـە باشتریـن شـێوە

٤. ڕکابەریـی نێـوان دامەزراوەکانـی میدیـا لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە پێنـاو بڵاوبوونـەوە و جەماوەریبوونـی زیاتـر، بـە هـۆی کاریگەریی تەکنەلۆژیـای دیجیتاڵی کـە وای کـردووە میدیـا بڕێکـی زۆری بەرهـەم و نـاوەڕۆک بخاتـە بەردەسـت

٥. جەماوەریبـوون و بڵاوبوونـەوەی زیاتـر بووەتـە هـۆی بڵاوکردنـەوەی بابەتـی زیانبەخـش و بەدڕەوشـتیی ئەوتـۆ کـە بوونەتـە سـەرچاوەی هەڕەشـە لـە سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی و کۆمەڵگەیـی.

**بەرەو ستراتیژیەتێکی میدیایی نیشتمانی بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی**

لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەوەی بـاس کـرا، دەکـرێ پێشـنیاری چەنـد ستراتیژیەتێـک بکەیـن کـە سـەرباری جیاوازیـی چـاوگ و ئاراسـتەی ناوەنـدە میدیایـی و ڕۆژنامەوانییەکانمـان لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام لـە سـەر ئاسـتی بەرژەوەنـدی و ئاسایشـی نیشـتمانی پێویسـت دەکات ببن بـە بنەمـا و هێڵـی گشـتیی کارکـردن.

## ئاستەکانی ستراتیژیەتی میدیای نیشتمانی

لـە داڕشـتنی ستراتیژیەتێکـی میدیایـی نیشـتمانیدا پێویسـت دەکات سـەرنجمان چـڕ بکەینـەوە لـە سـەر سـێ ئاسـتی سـەرەکی، کـە دەبێـت بەشـداریی کارایـان هەبێـت لـە گەڵاڵەکـردن و داڕشـتنی ئـەو ستراتیژیەتـە، ئەوانیـش

یەکـەم: لـە سـەر ئاسـتی بەرهەمهێنانـی میدیاییـدا، دامەزراوەکانـی میدیـا کەرەسـتە و ڕەگـەز و میکانیـزم و ژانـر و بابەتـی یەکجـار زۆریـان لـە بەردەسـتە، کـە هەریەکەیـان بـە ئاوێتەکردنـی هەندێکیـان بەیەکـەوە، دەکـرێ مـژار و پـرس و هەڵمەتێـک بـاشتر و ڕوونتر و کاراتـر بگەیەنرێـت، ڕەنگـە سروشـت و تایبەتمەندیـی فـۆرم و ئامـراز و ژانـر و ڕەگەزێکـی میدیایـی لەگـەڵ سروشـت و بابەتێکـی دیاریکـراو و جەمـاوەر و تەمەنێکـی دیاریکـراو بگونجێـت. لـە هەرێمـی کوردسـتان کێشـەی کەمیـی ئامـار و دەیتـا و زانیاریـی دروسـت هەیـە، لـەو لاشـەوە بڕێکـی

یەکجـار زۆر مومارەسـەی گەندەڵـی و پێشـێلکاریی بێشـوماری یاسـایی لـە سـەر ئاسـتی تەناهـی و  ئیـداری و مرۆیـی، قەیـران لـە هەمـوو جـۆر و بوارێـک، ئەمانـە وا دەکـەن پێویسـتمان بـە زانیاریـی ڕاسـت و ئامـاری ورد و بەڵگـەدار لـە هەمـوو کات زیاتـر بێـت، بۆیـە دەبێـت گرنگـی بـە ژانـری بنکۆڵـکاری، میدیـای دەیتـا زەبەلاحـەکان، هەڵمەتـی میدیایـی بدرێـت

لـە سـەر ئاسـتی ئامـراز و فۆرمەکانـی میدیـا، پۆلێنکارییەکـی بەرچاوڕوونانـە بـۆ هـەردوو جۆرەکـەی میدیـا (کـۆن و دیجیتـاڵ) بکـرێ، سـوود لـە توانـا و تایبەتمەندیـی هەریەکەیـان وەربگیرێـت بـۆ گەیـشتن بـە جەمـاوەری مەبەسـتدار و گەیاندنـی بابـەت و ناوەرۆکێکـی تایبـەت. لـە نێـو جۆرەکانـی مەڵتیمیدیـادا بایەخـی تایبـەت بـدرێ بـە بەرهەمهێنانـی ڤیدیـۆی کـورت، بـە تایبـەت ئـەوەی پەیوەندیـی بـە سۆشـیالمیدیا و مۆبایلـی زیرەکـەوە هەیـە کـە لـە هەمـوو ئاسـت و تەمەنێکـدا سـەیر دەکرێـت و سـەرنجڕاکێشترین مەڵتیمیدیایـە بـۆ دروسـتکردنی ئـەو ناوەڕۆکـەی پەیوەندیـی بـە ئاسایشـی نیشـتمانییەوە هەیـە.

دووەم: لـە سـەر ئاسـتی دامەزراوەکانـی میدیـا دەبێـت زەمینـە و میکانیزمێکـی هاوبەشـی کارکـردن هەبێـت کـە هەموو دابەشـبوون و لـێترازان و ناکۆکییە سیاسـییە نانیشـتمانییەکان تێپەڕێنێـت و یارمەتـیمان بـدات لـە سـەر کۆکبـوون و ڕێککەوتـن لـە سـەر لانـی کەمـی هێـڵ و هەڵوێسـتە نیشـتمانی و ستراتیژییـەکان، بـە تایبەتـی ئـەوەی پەیوەندیـی بـە پاراستن و بەهێزکردنـی ئاسایشـی نیشـتمانییەوە هەیە

میدیـای کـوردی زۆر دوورە لـە هەنـگاو و تەنانـەت بیرکردنەوەیەکـی لـەم چەشـنە، هەتـا ئـەو باوەڕەمـان لا دروسـت نابێـت، ئـەو پەرتەوازەیـی و فـەوزا و سـەرگەردانییە سـیمای سـەرەکیی میدیـای کـوردی دەبێـت و پەیوەندیـی نێـوان میدیـا و ئاسایشـی نیشـتمانی هەڕەمەکـی دەبێـت و دەکەوێتـە ژێـر حیسـاباتی کار و کاردانـەوە و فشـارکردن و لێکدانـەوە و تۆمەتبارکردنـی هەمەلایەنانـە

سێیەم: پەیوەندیـی نێـوان دامەزراوەکانـی میدیـا و ئاسـایش ڕەگەزێکـی گرنگـی دانانـی بناغـەی ئـەو ستراتیژیەتەیـە، بـە بـێ بوونـی لێکتێگەیـشتن لـە سـەر هەنـدێ پرەنسـیپ و هەماهەنگـی و ڕێزگرتنـی دوولایەنـە لـە ئـەرک و بەرپرسـیارێتییەکان و دەسـتوور و یاسـا بـەرکارەکان و بەرژەوەندیـی و ئاسایشـی نیشـتمانی

ڕێککەوتـن لـە سـەر میکانیزمـی گونجـاوی کارکردنـی هاوبـەش، بوونـی دیـداری

خولەکـی؛ یارمەتیـدەر دەبـن بـۆ نەهێشـتنی گومـان و تـرس لـە کاری یـەکتر و دروسـتکردنی زەمینـەی کار و ڕۆڵـی تـەواوکاری لـەو پرس و مژارانـەی جێی بایەخی دوولایەنـەن. لـە کوردسـتان بـە هـۆی دابەشـبوونی دامەزراوەکانـی ئاسـایش بەسـەر دوو جوگرافیـای سیاسـی و ئیداریـی جیـاواز و نزیکـی ئـەو دامەزراوانـە لـە پارتـە فەرمانـڕەواکان و ئـەو دابەشـبوونەی لـە بونیاتـی میدیـای کوردیـدا هەیـە، وای کـردووە زۆر بـە ئومێـدەوە بـۆ سـازاندنی ئـەو زەمینـە هاوبەشـە نەڕوانیـن، لانـی کـەم لـە مـەودای نزیـک و مامناوەنـددا

## بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیەتێکی میدیایی نیشتمانی

بـۆ ئـەوەی بەرهەمـی میدیـای کـوردی لـە خزمـەت بەرژەوەندیـی گشـتیدا بێـت و لـە هاوکێشـەی ئاسایشـی نیشـتمانیدا ژمارەیەکـی کاریگـەر بێـت، پێویسـت دەکات کۆمەڵێـک بنەمـای سـەرەکیی هەبێـت بـۆ ئـەوەی ببنـە هەوێنـی ستراتیژیەتێکـی نیشـتمانی بـۆ میدیـای کـوردی(١٣):

یەکـەم: دیاریکردنـی نەخشـەی سیاسـی و ئایدۆلـۆژی لـە هەرێـم و ئـەو گۆڕانـە جیۆسیاسـییانەی ناوچەکـە کـە پەیوەندیـدارن بـە کـوردەوە

ناکـرێ بـاس لـە بوونـی ستراتیژیەتێکـی کارای میدیـا و ڕۆڵـی میدیـا بکەیـن لـە بنیاتنانـی واقیعێکـی نـوێ بـە بـێ بوونـی نەخشـەیەکی مەعریفیـی ورد کـە دەستنیشـانی قەبـارە و ئامادەیـی ڕەوت و ئاڕاسـتە سیاسـی و ئایدۆلۆژییـەکان بـکات، ئەوانـەی بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان کاریگـەرن لـە سـەر ژیـان و پرۆسـەی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەک، لـەو نەخشـەیەدا پێگـە و قورسـایی سیاسـی هەریەکەیـان بـە شـێوەیەکی ڕێژەیـی دیـاری بکرێـت، دیـارە بایەخـی بوونـی نەخشـەیەکی لـەم جـۆرە یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ ئاشـنابوون بـەو لایەنانـەی کۆمەڵگـەی کـوردی کـە پێویسـتیان بـە گۆڕانکارییـە یـان لـە قۆناغـی گـۆڕان و نوێبوونـەوەدان

بایەخێکـی دیکـەی ئـەم نەخشـە سیاسـییە لەوەدایـە لـە هـەر ڕوومـاڵ و کارێکـی میدیاییـدا یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ خۆدوورگرتـن لـە گشـتاندن و زانیاری و ژمـارە و ئامـار و شـیکردنەوە و پێشـبینیکردنی ناواقیعیانـە، کـە زۆر جـار بـە

پاڵنەری سیاسی و پڕوپاگاندەیی بانگەشەی بۆ دەکرێ

بۆ نموونە لەو نەخشەیەدا پێگە و قەبارەی ڕەوتە لیبراڵ و نەتەوەیی و ئیسلامی و چەپەکان بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەردەوام، بۆ ئەوەی لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار بین کە ڕەنگە ڕوویان دابێت لە سەر میزاجی شەقامی سیاسیی کوردی یان لە ئایندەدا ڕوو بدەن. بۆ نموونە میدیای ئێمە کەم قسە لە سەر ئەوە دەکات ڕەوتێکی سیاسیی وەکوو چەپەکان بۆ لە پاشەکشەدان، یان ئەو دەنگە بەرزەی سەلەفییەکان هەیانە لە کوردستان تا چەند گوزارشت دەکات لەوەی ئەوان لە گەشە و فراوانبووندان، ناوچەی چالاکی و قورسایی جەماوەریان لەکوێدایە؟

وەکوو پێشتریش جەختمان لە سەر کردووەتەوە، هەوڵ و هەنگاوێکی میدیایی لەم جۆرە کاتێک سەرکەوتوو دەبێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ و بابەتییانە ڕووماڵی ڕاستییەکان بکەین و ڕاستگۆیانە زانیارییەکان بگوازینەوە، بەم شێوەیە دەتوانین وێنەیەکی بابەتییانە سەبارەت بە کارلێکە سیاسییەکان لە هەرێم پیشان بدەین. جگە لەوە، ئەرکی میدیای کوردییە لەم قۆناغەدا بە چاوێکی بابەتی و ڕەخنەییانە قسە لە سەر بنەمای فیکری و ئایدۆلۆژیی ڕەوتە سیاسییە کاریگەرەکانی کوردستان بکات، بە تایبەت ئەو بنەما و پرەنسیبە ئایدۆلۆژی و فیکرییانەی گوزارشت لەم سەردەمە ناکەن و دواکەوتوویی و چەقبەستوویی سیاسی بەرهەم دێنن و ڕێگرن لە بەردەم بەرەوپێشچوون و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی

دووەم: ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی بەردەوام و تەندروست و زانستیانە بۆ ڕابردوو، ئێستا و ئایندە، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست و خوێندنەوەیەکی زانستیانە بکەین بۆ هەرسێ زەمەنەکە. پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لە چوونە ژێر باری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو و لە ڕێگەیەوە خوێندنەوە بۆ ڕابردوو بکەین، یان بە باکگراوندێکی سیاسیی ڕووتەوە حوکم لە سەر قۆناغ و وێستگەکانی مێژوومان بدەین

میدیا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە زەمینەسازکردن و بانگەشەکردن

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە بۆ ڕابردوومان بکەین، نابێ بە هیچ شێوەیەک سنوور لە بەردەم هەوڵی خوێندنەوەی ڕابردوو دابنرێت لە ژێر هەر پاساو و بیانوویەکدا بێت، هەڵسەنگاندن بۆ شکست و سەرکەوتنەکانمان بکرێ بێ ئەوەی ئەو هەڵسەنگاندنە لە پێگە و ڕۆڵی کەس و لایەنێکی دیاریکراو کەم بکاتەوە. پێویستە میدیا پێشەنگی بکات بۆ گەڵاڵەکردنی میتۆدێکی زانستی و رەخنەیی بۆ ئێستامان، ئەو خوێندنەوەیە دەبێت سیمایەکی تەواوکاریی هەبێت و تێڕوانینێکی گشتگیریانە بکات بۆ ئێستای ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەی کوردی. میتۆدێک بێت لایەنە نەرێنییەکان دەستنیشان بکات و بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە شیی بکاتەوە

سێیەم: دەبێت لە نێو ئاپۆرای گۆڕانە خێراکانی ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەرمان بەردەوام بین لە هەوڵی پێشبینیکردنی سیناریۆکانی ئایندە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەیە لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکەیدا، بۆ ئەوەی ئەو هۆشیارییە لای تاک و کۆمەڵگە و بڕیاربەدەستی کورد دروست بێت لە کوێی گۆڕانکارییەکانداین و ئەو گۆڕانانە بەرەو کوێمان دەبەن و چیمان لێ دەخوازن، خوێندنەوەی قووڵمان هەبێت بۆ ڕەهەندی ئابووری لە جیهان و کوردستاندا بەو سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەی هەیەتی، چۆن دەتوانێت لەو ڕووەوە ڕۆڵ ببینێت و لە هەمان کاتیشدا چۆن بتوانین سیاسەتێکی ئابووریی ئەوتۆمان هەبێت کە پێگەی خواست و ئاڕاستە سیاسییەکانمان بەهێزتر بکات

چوارەم: فراوانکردنی ئاستی ڕووماڵکردنی میدیای کوردی بۆ پرس و بابەتەکانی دەرەوەی هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها باکووری کوردستانەوە هەیە، پەیوەندیی کوردی باشوور بە کۆی ئەو گۆڕانانەی لەوێ ڕوو دەدەن، چۆن بتوانرێ ئەو بابەتانە بە باشترین شێوە لە میدیای کوردیدا وێنا بکرێ، بە داخەوە تا ئێستا هیچ دیدگایەکی ستراتیژی

نیشتمانیی هاوبەشمان نییە بۆ مامەڵەکردنی میدیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە هەستیار و چارەنووسسازانە

ڕوومالکردنی پرس و گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی وڵاتانی دراوسێی هەرێم و جۆری سیستمی سیاسی و کەس و ڕەوتە حکومڕانەکان و تیشکخستنە سەر گرێبەست و ڕێکەوتنە سەربازی و ئابووری و سیاسییەکانیان بۆ هۆشیاریی تاکی کورد و لە هەمان کاتیشدا بۆ ناوەندەکانی بڕیاربەدەست لە هەرێمدا، گرنگ و پڕ بایەخن

پێنجەم: دابڕانی پارچەکانی کوردستان لە یەکدی و داگیرکردنی لە لایەن وڵاتانی دراسێوە، چەندین بەربەستی جوگرافی و سیاسی و دەروونی و بگرە زمانەوانی و دیالێکتیکی دروست کردووە. ئەرکی تێکشکاندنی ئەو بەربەستانە لە بەشێکی سەرەکیدا دەکەوێتە ئەستۆی میدیا، لە ڕێگەی ناساندن و دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە ویژدانی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان شار و پارچەکانی کوردستاندا

شەشەم: لە کوردستانیش هاوشێوەی زۆربەی وڵاتان پرسە سیاسییەکان زاڵە بەسەر پەیام و ڕیزبەندیی ئەولەویەتەکانی میدیا، وەلێ بابەتگەلێکی هەستیار هەن بە بێ بوونی هیچ پاساوێک ناکرێ فەرامۆش بکرێن، لەوانە هەڵکشانی خێرای کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن و توندوتیژیی خێزانی، کێشە و کەموکوڕییەکانی کەرتی تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا، پەدواداچوون و چاودێریکردنی کەرتی تایبەت و هەڵسەنگاندن بۆ کار و ڕۆڵیان لە ژیان و ئابووریی کوردستاندا

ئەمڕۆ بابەتەکانی ژینگە، ماددەی هۆشبەر، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، شێرپەنجە، بێکاری، هەژاری، کواڵتیی نەخۆشخانە، قوتابخانە و زانکۆکانی کەرتی تایبەت، ژێرخانی ڕێگەوبان، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیای زانیاری؛ پێویست دەکات بە دیدگا و ڕایەڵی قووڵتر و سەردەمیانە ببەسترێنەوە بە ئاسایشی نیشتمانییەوە.

## ئەنجامگیری

١. میدیـای کـوردی لــە دۆخێکــی هەڕەمەکــی و لــە غیابــی ستراتیژیەتێکــی نیشـتمانیدا، مامەڵەیەکـی کورتبینانـە لەگـەڵ تـەواوی پـرس و پێشـهات و دیـاردە و قەیرانەکانــدا دەکات

٢. ئاســتی خۆئامادەکــردن و خۆڕێکخســتنەوەی کایــەی میدیــا لــە ئاســت گۆڕانکارییـە خێراکانـی ناوچەکـە و پێشـکەوتنەکانی تەکنەلۆژیـا و لێکەوتەکانیـدا نین

٣. هیــچ جــۆرە زەمینەیــەک بــۆ پەیوەندیــی نێــوان دامەزراوەکانــی میدیــا و ئاســایش لــە هەرێــم بوونــی نییــە و لــە دابڕانێکــی نیمچەتــەواودا هەریەکــە و بــە ئاڕاســتەیەک کار دەکــەن

٤. لــە ئاینــدەی نزیــک و مامناوەنــددا، بــە هــۆی نەبوونــی درککــردن بــە بایەخــی ئــەو پەیوەندییــە هاوبەشــە، چــاوەڕوان ناکرێـت هیـچ دیـدگا و هەنـگاوی دامەزراوەیــی و ڕێکخــراو و یاســایی بنرێــن بــۆ لەچێوەدانــی پەیوەندیــی نێــوان میدیــا و ئاسایشــی نیشــتمانی

٥. دۆخـی یاسـایی و پیشـەیی میدیـای ئەمنـی و میدیـای دیجیتاڵـی لـە هەرێمـی کوردســتان پێویســتیان بــە باشترکــردن هەیــە

٦. دوورخســتنەوەی کارتێکــەرە سیاســییەکان لــە ســەر میدیــا، بــۆ ئــەوەی میدیــای کــوردی لــە جێبەجێکردنــی ئــەو ئــەرک و ستراتیژانــەی پەیــوەستن بــە ئاسایشــی نیشــتمانییەوە کارا بێــت

## ڕاسپاردە و پێشنیا

- لــە ڕێگــەی وەزارەتــی ڕۆشــنبیری و ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانەوە، دیــداری بــەردەوام لــە نێــوان میدیــا و دامــەزراوە باڵاکانــی ئاســایش لــە هەرێمــی کوردســتان ڕێــک بخرێــن، بــۆ ئــەوەی زەمینــەی لێکتێگەیشــتنی دوولایەنــە دروســت ببێــت

- لــە پــاڵ جەختکردنــەوە لــە جێبەجێکردنــی یاســاکانی میدیــادا، دەبێــت لــە ڕێگەی هەمــوارکردنــەوەی یاســا بەرکارەکانــی میدیــا یــان لــە ڕێگــەی یاســایەکی نوێــی میدیــاوە کار لــە ســەر ڕێکخســتنی میدیــای ئەمنــی و میدیــای دیجیتاڵــی بکرێــت

- دوای دوورخســتنەوەی کارتێکــەرە سیاســییەکان؛ کار لە ســەر ئەنجوومەنی باڵای میدیــا بکرێــت، لــە پێنــاو کۆکردنــەوەی میدیــای کــوردی لــە ســەر ستراتیژیەتێکــی

میدیایی نیشتمانی، چاودێریکردنی ئاستی پابەندبوونیان بەو هێڵە نیشتمانییانە

- ناوەندە ئەکادیمییەکان لە ڕێگەی بابەتەکانی پەیوەست بە میدیای سیاییەوە، خوێندکارانی بەشەکانی میدیا ئاشنا بکەن بە سروشتی سیستمی سیاسیی هەرێم و ئەرکەکانی میدیا لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیدا

- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کاریگەریی میدیا لە سەر ڕەهەندە جیاجیاکانی ئاسایشی نیشتمانی، لەوانە: ئاسایشی فیکری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆراک و... هتد

- لێکۆڵینەوە لە بونیادی سیستمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی ژینگە و سیستمی میدیا لە هەرێمی کوردستان بەدەست کەموکوڕی و ئاڵنگارییەوە گیرۆدەیە و بووەتە بەربەست لەوەی وەک پێویست ئەرکەکانی بەرامبەر بە ئاسایشی نیشتمانی جێبەجێ بکات

- لێکۆڵینەوە لە ژینگەی یاسایی پەیوەست بە میدیا. لە هەرێمی کوردستان یاسا بەرکارەکانی میدیا پێویستیان بە هەموار و گونجاندن هەیە، تا لەگەڵ گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان یەک بگرنەوە و لێکەوتەکانی ڕێک بخرێن

- لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سروشت و گرفتی خاوەندارێتیی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، ئەویش بابەتێکی گرنگە و ئەو ڕایەڵەیە کە دەمانگەیەنێتە کارتێکەرە سیاسییەکان و سروشتی بنبڕکردنیان

## سەرچاوەکان

١. عومەر، کامیل، بەدەستهێنانی زانیاریی بنەما، ڕێکخستن، بایەخ و ئاستەنگەکانی لە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەوانیدا، چ١، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٠٩.

٢. د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، میدیای نوێ و ئاسایشی نیشتمانی، وەزارەتی پێشمەرگە، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٠٧-١٠٨.

3. Noelle-Neumann, «Return to the Concept of Powerful Mass Media,» pp. 102-123.

٤. مي العبدالله، الأتصال في عصر العولمة، الدور و التحديات الجديدة، الدار الجامعية، بيروت، ٢٠٠٩، ص ص٢٥٠-٢٥٣.

5. FAWKES, J. (2004) Public relations and communications, In: THEAKER, A. (ed) The Public Relations Handbook. (1st ed, pp.18-31), Routledge, London and New York, p.28

6. MOTION, J. HEATH, R. L. LEITCH, S. (2016) Social Media and Public Relations: Fake friends and powerful publics. Routledge, London and New York, , p.50

7. AUSTIN, E. W. PINKLETON, B. E. (2008) Strategic Public Relations Management: Planning and Managing Effective Communication Programs. Lawrence Erlbaum Associates, Mahwah and New Jersey, , pp.31-50.

8. AUSTIN, E. W. PINKLETON, B. E. (2008) Strategic Public Relations Management: Planning and Managing Effective Communication Programs. Lawrence Erlbaum Associates, Mahwah and New Jersey, pp.7-12.

9. 1- COOMBS, W.T. (2010) Parameters for Crisis Communication, In: COOMBS, W. T. HOLLADAY, S. J. The Handbook of Crisis Communication, (1st edn, pp. 17-54), Wiley – Blackwell, Malden, Oxford and Carlton, pp.17-20

10. O›Brien, C. (12-07-2017) 10 Digital Skills That Can Make Students Instantly, Available from: https://digitalmarketinginstitute.com/blog/12-07-17-10-digital-skills-that-can-make-students-instantly-employable [Accessed at October 29, 2019]

11. BOIN, A. EKENGREN, M. and RHINARD, M. (2010) The study of crisis management, In: CAVELTY, M. D. BALZACQ, T. (eds), Routledge Handbook of Security Studies, (1st ed, pp. 741-748), Routledge, New York and London, pp17-20.

12. NOSSEK, H. (2015) News, In Donsbach, W. (ed) The Concise Encyclopedia of Communication, (1st ed, pp.401-402), Malden, Oxford and Chichester: Wiley Blackwell, p.122.

١٣. عەبدولخالق ئیبراهیم، میدیای کوردی لە سەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢١٨-٢٢١.

# میدیا نێودەوڵەتییەکان؛
## نێوەندێک بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان



**د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا**
پسپۆڕ لە شیکاری گوتاری میدیایی

### بەرایی

لە ئێستادا میدیا نێودەوڵەتییەکان وەک نەرمەهێزێک هەژموونی بە تەواوی جیهاندا بڵاو بووەتەوە و پەیامەکانی توانایەکی بێوێنەیان هەیە لە داڕشتنی بیرۆکە و ئاراستەکردنی سیاسەت و گەڵاڵەکردنی ڕای گشتیی جیهانی. میدیا نێودەوڵەتییەکان هەروەک چۆن بوونەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی زانیاری و بڵاوکردنەوەی بەها و کولتووری تایبەت، ئاوهاش لە ڕێگەی بایەخبەندیی پەخش و بڵاوکردنەوەیانەوە ڕەوتی قەیرانە جیهانییەکان ئاراستە دەکەن و بوونەتە پلاتفۆڕمێک بۆ کارلێکی کولتووری و پەیوەندیی نێوان گەلان، کە لە کۆتاییشدا خزمەت بە بەرژەوەندیی زلهێزەکان و هەژموونی سیاسی و کولتووریی ئەوان دەکەن. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەریی میدیا نێودەوڵەتییەکان لە کۆنترۆڵکردنی جیهاندا، هەنگاوێکە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە دۆزەکانی پەیوەست بە میدیا نێودەوڵەتییەکان و ئایندەی ئەو میدیایە لە سایەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی بواری کۆمینیکەیشن

## چۆن لە میدیا نێودەوڵەتییەکان تێبگەین؟

میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بوونەتـە سیسـتمێکی چالاکـی میدیایـی کـە لـە سـەر ئاسـتی جیهانـی خۆیـان نمایـش دەکـەن. ئـەم سیسـتمە کار دەکات لـە سـەر گواسـتنەوەی هـەواڵ و زانیـاری و ناوەرۆکـی کولتـووری و کاتبەسـەربردن و دروسـتکردنی وێنـەی ئەرێنـی و نەرێنـی لـە نێـوان وڵاتـە جیاوازەکانـی جیهانـدا، بـە واتـای کاتێـک بـاس لـە میدیـا نێودەوڵەتییـەکان دەکرێـت، دەبەسترێتـەوە بـەو میدیایـەی ئاڕاسـتەی تـەواوی گەلانـی جیهـان دەکرێـت[1].

ئامانجـی ئـەم میدیایـە ڕووماڵکردنـی فراوانـی ڕووداوە نێودەوڵەتییـەکان و بەرزکردنـەوەی لێکتێگەیشـتنە لە نێوان گـەلان و کولتوورەکانـدا، هەروەها کار دەکات بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر پرسـە جیهانییـە جیـاوازەکان. بۆیـە میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بـەوە نـاسراون کـە سـنووری ناوخۆیـی دبەزێنـن و پەیامەکانانیـان لـە ڕێگـەی کەناڵـە ناسراوەکانـەوە ئاڕاسـتەی تـەواوی جیهـان دەکـەن، بـە واتایەکـی دیکـە: بریتییـە لـەو میدیایـەی کاریگەرییەکانـی بـواری ناوخۆیـی دەبەزێنێـت و بـەرەو تـەواوی جیهـان پـەل دەهاوێـت، بەمـەش لـە لایـەک جۆرێـک لـە خۆسـەپاندن و لـە لایەکـی دیکـەوە کارلێـک لـە نێـوان کولتـوورە جیاوازەکانـدا دروسـت دەکات

میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بـەو پێیـەی بـەردەوام لـە پێشـکەوتن و گۆڕانـدا بـوون، لەگـەڵ زۆر لقـی دیکـەی مەعریفـەی مرۆییـدا تێکـەڵ دەبن، وەک: زانسـتی سیاسـی، پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، یاسـای نێودەوڵەتـی، ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، ئابووریـی نێودەوڵەتـی، تەکنەلۆژیـا، کولتـووری جیهـان... تـا دوایـی. بۆیـە هـەر پێشـکەوتنێک کـە لـە یەکێـک لـەو بوارانـەدا دروسـت دەبێـت، بێگومـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان کاریگـەری دەکاتـە سـەر میدیـا نێودەوڵەتییەکانیـش[2].

میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بـۆ گەیاندنـی پەیامەکانیـان پشـت بـە چەنـد ئامـراز و جۆرێکـی میدیـا دەبـەستن، وەک: ئاژانسـە هەواڵییـە نێودەوڵەتییـەکان، ڕۆژنامـە و گۆڤـارە نێودەوڵەتییـەکان، تەلەڤزیـۆن و ڕادیـۆ نێودەوڵەتییـەکان، کۆمپانیـا نێودەوڵەتییەکانـی بەرهەمهێنانـی فیلـم، درامـا، گۆرانـی، ڕیـکلام، یارییـە ڤیدیۆییـەکان، ئینتەرنێـت و پلاتفۆڕمـە دیجیتاڵییـە جیهانییـەکان، هەمـوو ئەمانـەش لـە ئێسـتادا بوونەتـە بەشـێکی سـەرەکیی ژیانـی هاوچـەرخ، بەشـداری لـە بنیاتنانـی هۆشـیاریی جیهانـی سـەبارەت بـە چەندیـن پـرس دەکـەن، بوونەتـە پـردی

بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گەلان و سەپاندنی هەژموونی کولتووری، هاوشێوەی میدیا بە گشتی بە دیوە نێگەتیڤەکەیدا بووەتە چەکێکی مەترسیدار بە دەست زلهێزەکانەوە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤیان کۆنترۆڵ کردووە[٣].

## شۆڕشەکانی بەنێودەوڵەتیبوونی میدیا

بەنێودەوڵەتیبوونی میدیا لە بەرەنجامی ئەو شۆڕش و وەرچەرخانە تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و سەربازییانە هاتە ئارا، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا جیهانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. ئەم گۆڕانکارییە وایان کردووە میدیا سنووره جوگرافی و کولتوورییەکان تێپەڕێنێت و ببێتە ئامرازێکی کاریگەر لە سەرتاسەری جیهاندا. کە دەوترێت شۆڕشەکان، بەو مانایە دێت کە زیاد لە بوارێک ئاوێتەی یەکدی بوون و لە بەرەنجامی ئەو بوارانەدا میدیا بەرەو بەنێودەوڵەتیبوون هەنگاوی ناوە و چیدی میدیایەک نییە کاریگەرییەکانی لە چواچێوەی سنوورێکی لۆکاڵیدا بێت، بەڵکوو میدیایەکی نێودەوڵەتییە و پەیامەکانی چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە بێت یاخود زمانی پەخش و بڵاوکردنەوەی، تەواوی دانیشتووانی گۆی زەوی دەدوێنێت

دیارترین ئەو هۆکارانەی میدیای بەرەو نێودەوڵەتیبوون برد، بریتی بوو لە پێشکەوتنی هۆکانی گواستنەوە و تەکنەلۆژیای کۆمینیکەیشن. ئەگەر پەرەسەندنی چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و زانیاری لە سەر ئاستێکی بەرفراوان ڕێگەی خۆش کردبێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە مەودایەکی دووردا، ئەوا گەشەسەندنی هۆکانی گواستنەوە و گەیاندن بە تایبەتی پەرەسەندنی گواستنەوەی زەمینی و دەریایی وای کرد چیدی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە سنوورێکی دیاریکراودا خۆی قەتیس نەکات و پەیامەکانی بە تەواوی جیهاندا بڵاو بکاتەوە، بەمەش سەرهەڵدانی ئاژانسە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکانی لێ کەوتەوە کە بوونە نێوەندێک بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بە سەرتاسەری جیهاندا. بەدوای ئەواندا سەرهەڵدانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن وای کرد سنوورەکان لە سەرانسەری کیشوەرەکاندا واڵا بن لە بەردەم جەماوەری جیهانیدا. بەڵام هەموو ئەمانە لە لایەک و شۆڕشی ئینتەرنێت و پەخشی مانگی دەستکرد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لە لایەک، بە تایبەت شۆڕشی

پەخشی تەلەڤزیۆنیی مانگی دەستکرد بە کردەیی جیهانی کردە ئەو گوندەی کە بووە فاکتەری یەکلاکەرەوە و بەزاندنی بەربەستە جوگرافییەکان لە لایەن میدیاوە[٤].

لە پاڵ گەشەی تەلنەلۆژیای گەیاندن و پەیوەندیکردن، جەنگ و ململانێ جیهانییەکان و ئەو پرسانەی پرسی تەواوی دانیشتووانی جیهان بوون، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ گەشەکردنی میدیا نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوە ئیمپریالیزمییەکان و دەرکەوتنی ئەو هێزە پاوانخوازییانەی چاویان لە کۆنترۆڵکردنی سەرتاسەی جیهان بوو، میدیا بووە هێزێکی کاریگەر کە سنووری بەزاند و ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ڕەوایەتیدان بە سیاسەتی پاوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی گەلان لە لایەن ئەو هێزانەوە، هاوشێوەی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم کە وای کرد میدیا ڕووماڵی ڕووداوە جیهانییەکان بکات، ئەمەش پێویستیی ئاڵوگۆڕی زانیاریی لە نێوان وڵاتان زیاتر کرد. هەردوو جەنگی جیهانی بوونە بزوێنەری بنەڕەتیی گەشەسەندنی میدیای نێودەوڵەتی، بەو پێیەی میدیا بووە ئامرازێکی پڕوپاگەندە و کۆنترۆڵکردن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی. دوای هەردوو جەنگەکەش، بە تایبەت لە سەردەمی جەنگی سارد و دوای جەنگی سارد، پێشهاتە جیهانییەکان میدیایەکی نێودەوڵەتیی ئاڵۆزتر و کاریگەرتری داڕشت. ئەو چالاکییە میدیاییانە کە ناوی میدیای ئاڕاستەکراو یان میدیای نێودەوڵەتیی ئاڕاستەکراوی بۆ دانرا، ئامانجی سەرەکیی قسەکردن بوو لەگەڵ خەڵکی وڵاتانی دیکە و پێدانی زانیاری پێیان، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و قەناعەتپێکردنیان[٥].

شۆڕشی جیهانگیری و گەشەی ئابووریش وای کرد میدیا نێودەوڵەتییەکان ببنە یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی جیهانگیری، بەو پێیەی ڕاستەوخۆ بەشداریی لە کۆکردنەوەی کولتوورەکان و ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی جیهانگیری کرد، بە تایبەت فراوانبوونی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و پەرەسەندنی بازرگانیی نێودەوڵەتی بوونە هۆی زیادبوونی پانتایی بۆ ڕووماڵی میدیا نێودەوڵەتییەکان، بە واتایەکی دیکە: لە سەردەمی ئێستای جیهانگیریدا میدیا بووەتە نێوەندێکی ستراتیژی کاریگەر لە سەر ڕەوتی ئابووری و سیاسەت[٦].

## کێ خاوەنی میدیا نێودەوڵەتییەکانە؟

هەروەک چۆن لە سەر ئاستی سەربازی و ئابووری ژمارەیەک هێز کۆنترۆڵی جیهانیان کردووە، ئاوهاش لە سەر ئاستی میدیایی ئەو هێزانەی بوونە نێودەوڵەتی و جیهانیان لە ڕێگەی پەیامەوە کۆنترۆڵ کردووە؛ زیاتر لە چوارچێوەی چەند وڵاتێکی زلهێزدایە، بەڵام ناکرێت لە یەک دیدگاوە ئەو لایەنانە دیاری بکرێن کە جڵەوی میدیا نێودەوڵەتییەکانیان بەدەستە و بوونەتە خاوەنی میدیا نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەو بابەتە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە زۆر لایەن تیایدا بەشدارن، لەوانە: حکومەتەکان، کۆمپانیا گەورەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت کەسانی کاریگەر

دەکرێت حکومەت و وڵاتە زلهێزەکان میدیا وەک ئامرازێک بەکار بهێنن بۆ کاریگەری لە سەر ڕای گشتیی جیهانی، بە تایبەت هەندێک وڵات دارایی و بودجەیەکی زەبەلاح بۆ پلاتفۆڕمی میدیایی دابین دەکەن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان لە سەر پرسە جیهانییەکان، لە سەر ئەم بنەمایە میدیا نێودەوڵەتییەکان دەبنە ئامرازی سیاسی بەدەست ئەو دەوڵەت و حکومەتانەوە و هاوشێوەی بی بی سی (بەریتانیا)، ئار تی (ڕووسیا)، سی جی تی ئێن (چین) و دەنگی ئەمەریکا و سەوا و ئەلحورە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا). ئەگەرچی شێوازی بەڕێوەبردن و پارەدارکردنی ئەو میدیا نێودەوڵەتییانە چونیەک نین و بە گوێرەی سیستمە سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لە دەرئەنجامی کۆتاییدا ئەو میدیا نێودەوڵەتییانە بوونەتە ئامرازی ململانێ نێودەوڵەتییەکان، ڕکابەرە سیاسییەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە چاوی دوژمن دەڕواننە پەیامەکانی یەکدی. بۆ نموونە؛ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەرامبەر سەپاندنی سزا بەسەر کەناڵی ئار تی (ڕووسیا)، پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە گوایە ئەو کەناڵە جگە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕووسیاوە(٧).

بە هەمان شێوە، کۆمپانیا گەورەکانی میدیا یاریزانێکی دیارن لە بازاڕی میدیای نێودەوڵەتیدا، بە تایبەت چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاح کۆنترۆڵی زۆربەی میدیا نێودەوڵەتییەکانیان کردووە، لە نێو ئەو کۆمپانیایانەدا زۆر جار کۆمپانیا

ئەمەریکییەکان بە نموونە دەهێنرێنەوە کە چۆن دەستیان بەسەر بازاڕی میدیادا گرتووە نەک تەنها لە ئەمەریکا، بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا، لەوانە: «وارنەر میدیا»، «نیوز کۆرپ»، «کۆمپانیای واڵت دیزنی»، «سی بی ئێس»، «کۆمکاست» و «ڤیاکۆم»، کە دەستکەوتی ساڵانەی داراییان بە ٢٧٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. هەندێک لەو کۆمپانیایانەش خاوەنی دەزگای میدیایین لە وڵاتە کانی دیکەدا، بۆ نموونە؛ نیوز کۆرپ خاوەنی ٣ ڕۆژنامەیە لە ٣ وڵاتدا: ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ لە ئەمەریکا، زە سەن لە بەریتانیا و ڕۆژنامەی ئوسترالیا لە ئوسترالیا

هەروەک ئەو کۆپانیایانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پیشەسازییەکی فیلمدا کە ساڵانە نزیکەی ٢٠٠ فیلم بەرهەم دەهێنن و زۆربەیان لە سەرانسەری جیهاندا نمایش دەکرێن. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی ئەم کۆمپانیایانە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەسە ئەوە بزانین  لە ساڵی ٢٠١٩دا سینەمای ئەمەریکی کە بە «هۆڵیوود» ناسراوە ، ٤٢.٥ ملیار دۆلاری لە داهاتی بۆکس ئۆفیس قازانج کردووە. بە پێی خەمڵاندنەکان، لانی کەم ٣٥٪ی ئەو پارەیە لە نمایشەکانی وڵاتانی دیکەوە بێت. ئەم ڕێژەیەش لە پلاتفۆڕمەکانی ستریمینگی دیجیتاڵیدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، وەک نێتفلێکس و دیزنی پڵەس و ئەوانی تر کە کارەکانیان لە هەموو شوێنێکی جیهان پیشان دەدەن و زۆربەی پلاتفۆڕمەکانی ستریمینگ دیجیتاڵی یان خاوەندارێتیی بۆ یەکێک لەو شەش کۆمپانیا گەورانە دەگەڕێتەوە، یان بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایانە پیشان دەدەن(٨).

ئەم کۆمپانیایانە و چەند کۆمپانیایەکی دیکە کە بارەگا سەرەکییەکانیان لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا و ژاپۆنە، جگە لەوەی کۆنترۆڵی زانیارییەکان و بیروڕا و کاتبەسەربردنیان کردووە، دەسەڵاتێکی گەورەیشیان هەیە لە کارکردنە سەر ڕای گشتیی جیهان، هەروەک قازانجێکی ماددیی یەکجار زۆر لە بازاڕی میدیای نێودەوڵەتیدا بەدەست دەهێنن

لە پاڵ ئەو کۆمپانیایانەدا، کۆمپانیاکانی وەک: گوگڵ، یوتیوب، فەیسبوک و ئینستاگرام، ئێکس و تیکتۆک؛ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دیاریکردنی ئەوەی کە خەڵک چ هەواڵ و ناوەڕۆکێک دەبینن، بە تایبەت ئەلگۆریتمەکانی ئەم پلاتفۆڕمانە کۆنترۆڵی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان دەکەن، ئەمەش وای کردووە

ئـەو کۆمپانیایانـە کاریگەرییەکـی زۆریـان هەبێـت لـە داڕشـتنی کارنامـەی میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا. بـۆ نموونـە: یوتیـوب جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە زیاتـر لـە ٢٣٠ کەناڵـی لا بـردووە کـە پەیوەندییـان بـە میدیاکانـی سـەر بـە ڕووسـیاوە هەیـە. ئـەو بڕیارانـە دوای ئـەوە هـات کـە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا سـزای بەسـەر میدیـای دەوڵەتـی ڕووسـیادا سـەپاند و بـەوە تۆمەتبـاری کـردن کـە زانیاریـی ناڕاسـت سـەبارەت بـە شـەڕی ئۆکرایـن بڵاو دەکاتـەوە[٩].

هەندێـک ڕێکخـراو و دامـەزراوەی قازانجنەویسـت وەک: هیومـان ڕایتـس ووچ، ڕێکخـراوی لێبوردنـی نێودەوڵەتـی و پەیامنێرانـی بێسـنوور؛ بەشـدارن لـە ڕێنماییکردنـی مشـتومڕی میدیـا نێودەوڵەتییـەکان. لەگـەڵ گەشەسـەندنی ئەپەکانـی سۆشـیالمیدیا، هەندێـک لـە کەسـایەتییەکان لـە ڕۆژنامەنـووس و سیاسـی و ئەسـتێرەی بـوارە جیاجیـاکان توانییـان ببنـە بەشـدار لـە داڕێژەرانـی گوتـاری میدیـا نێودەوڵەتییـەکان، هەندێکیـان لـە پلاتفۆڕمـە بەدیلـەکان (وەک ویکیلیکس) زانیاریـی هەسـتیاریان ئاشـکرا کـرد کـە بوونـە بەربەسـت لـە بـەردەم گێڕانـەوەی فەرمیـی میدیـا باوەکانـدا[١٠].

لـە کـۆی هەموو ئـەو نێوەندانـەی کۆنترۆڵـی میدیـا نێودەوڵەتییەکانیـان کردووە، ناکرێـت ئـەو ڕاسـتییە بـەدوور بگیرێـت کـە بەرژەوەندییـە ئابـووری و سیاسـییەکان ڕۆڵیـان هەیـە لـە ئاڕاسـتەکردنی ڕووماڵکردنـی میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا، کـە پلـەی یەکـەم خزمەتکردنـە بـە ئەجێنـدای وڵاتـە ڕۆژئاواییـە سـەرمایەدارەکان، جـا لـە لایـەن حکومەتەکانـی ئـەو وڵاتانـەوە بێـت یـان کۆمپانیاکانیـان یـان گرووپەکانـی فشـار

## قۆرغکردنی بازاڕی میدیا نێودەوڵەتییەکان

وەک چـۆن لـە بـازاڕی ئابووریـی جیهانـدا کۆمەڵێـک یاریـزان بازاڕەکەیـان بـۆ خۆیـان قـۆرغ کـردووە و ململانێی ئـەو لایەنانە دەکەن لە سـایەی یاساوڕێسـاکانیان لا دەدەن کـە بێنـە نـاو ئـەو بـازاڕەوە، ئاوهـاش بـازاڕی میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بازاڕێکـی ئاڵـۆزە و هەمـوو میدیایـەک ناتوانێـت خـۆی وەک میدیایەکـی نێودەوڵەتی نمایـش بـکات

فۆڕنـەر وەک توێژەرێکـی بـواری میدیـای نێودەوڵەتـی کۆمەڵێـک خەسـڵەتی

دیـاری کردبـوو کـە میدیـا نێودەوڵەتییـەکان لـە ڕێگەیانـەوە دەناسرێنـەوە، وەک: مەبەسـتدارێتی، جـۆری کەناڵـەکان، تەکنیکـی پەخـش و بڵاوکردنـەوە، شـێوەی نـاوەڕۆک، کاریگەریـی کولتـووری و سروشـتی سیاسـی[11]، بـەڵام ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت کـۆی هەمـوو ئـەو خەسڵەتانە پەیوەستە بە هێـزی سیاسـی و ئابوورییەوە، بـە واتایەکـی تـر: ئـەو دەمـە میدیـا بتوانێـت سـنووری لۆکاڵـی ببەزێنێـت و بـەرەو نێودەوڵەتـی هەنـگاو بنێـت کـە پشـتیوانییەکی بەهێـزی سیاسـی و ئابووریـی هەبێـت لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی

دەکرێـت میدیـا بـە هێزێکـی سـەربازی بشـوبهێنرێت، هـەروەک چـۆن هەمـوو هێزێکـی سـەربازی توانـای ئـەوەی نییـە ببێتـە هێزێـک کـە لە سـەر شـانۆی جیهانی خـۆی نمایـش بـکات و ڕەنگـە توانـای جووڵـەی لـە چوارچێـوەی وڵاتێکـدا بێـت و لـە ئەگەرێکـی زۆردا توانـای دەسـتوەردانی لـە تخومێکـی هەرێمیـدا هەبێـت، ئاوهـاش هەمـوو میدیایـەک ناتوانێـک ببێتـە نێودەڵەتـی و کاریگەرییەکانـی بەسـەر کـۆی جیهانـدا بڵاو بکاتـەوە، ئـەو میدیایانـەی بوونەتـە نێودەوڵەتـی و کاریگەرییـان دروسـت کـردووە، گوزارشـت لـەو هێـزە تەقلیدیانـە دەکـەن کـە لـە سـەر ئاسـتی سیاسـی و سـەربازی توانـای کۆنترۆڵکردنـی جیهانیـان هەیـە

ئـەو میدیـا نێودەوڵەتییانـەی قۆرغـی بازاڕەکەیـان کـردووە، لـە بنەمـادا پاڵپشـتی و پشـتگیرییەکی بەهێـزی سیاسـی و ئابـووری و تەکنەلۆژییـان هەیـە. بازنەیەکـی بازاڕیـان دروسـت کـردووە، هـەر میدیایـەک بیەوێـت بچێتـە نێـو بازنەکـەوە دەبێـت لـە سـایەی ئەوانـدا کار بـکات و بـە فلتـەری ئەوانـدا بـڕوات. لـەم سـۆنگەیەوە میدیـای نێودەوڵەتـی تەنهـا ئامرازێـک نییـە بـۆ گەیاندنـی هـەواڵ و زانیـاری و ناوەڕۆکـە جۆراوجـۆرەکان، بەڵکـوو ئامرازێکـی ستراتیژییـە بـۆ کاریگەریدانـان لـە سـەر بیـروڕای گشـتی و پاراسـتنی بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی ئـەو لایەنانـەی لـە پشـت میدیاکـەوەن[12].

لـە بـازاڕی میدیـای نێودەوڵەتیـدا دەسـەڵاتی ئابـووری و سیاسـیی سـەرمایەدارییەکان ڕۆڵێکـی بنەڕەتـی دەگێـڕن لـە کۆنترۆڵکردنـدا، لـە ڕێگـەی چەنـد میکانیزمێکـەوە توانـای کۆنترۆڵکردنـی ڕەوتـی زانیـاری و داڕشـتنی ئەجێنـدا جیهانییەکانیـان هەیـە، بـە تایبـەت کۆمپانیـا گـەورەکان زاڵـن بەسـەر میدیـادا، چونکـە سـەرچاوەی دارایـی زۆریـان هەیـە، لـە بەرامبـەردا وڵاتـە زلهێـزەکان

سیاسەتی میدیایی خۆیان بەسەر میدیا نێودەوڵەتییەکاندا دەسەپێنن، حکومەتەکان میدیا نێودەوڵەتییەکان بەکار دەهێنن بۆ داڕشتنی سیاسەتی بیروڕای گشتی لە دەرەوەی وڵاتەکانیان، بۆیە ئەوەی دەبینرێت لە بازاڕەکەدا میدیای ئەو وڵاتانەن کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەژموونی سیاسی و ئابووری و سەربازییان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند میدیایەک دەرکەوتوون وەک میدیایەکی نێودەوڵەتی دەناسرێن و خاوەندارێتییان لە دەرەوەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە، لەوانە «ئەلجەزیرە ئینتەرناشناڵ» کە وەک یەکێک لە میدیا نێودەوڵەتییە دیارەکان دەناسرێت. هەر لە سەرەتای پەخشیەوە بە شێوازێکی جیاواز لە میدیای بینراوی عەرەبی خۆی نمایش کرد، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یاخود زمانی پەخشی کە سەرنجی زۆربەی بینەرانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، هەروەها لە ڕووی بەرنامە و شێوازی پێشکەشکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی پەخشەوە(١٣).

ئەگەرچی «ئەلجەزیرە» خۆی وەک میدیایەکی سەربەخۆ دوور لە هەژموونی گێڕانەوە میدیاییەکانی ڕۆژئاوا ناساند، بە تایبەت دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ چاوپێکەوتنی لەگەڵ «ئوسامە بن لادن» سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ئەنجام دا و بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان وای کرد ئازادانە بچێتە ئەفغانستان و ڕوومالی ڕووداوکان بکات(١٤). بەڵام ناتوانرێت بخرێتە نێو ئەو میدیایانەی لە دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و سیستمی سەرمایەداری کار دەکەن. هەروەک زۆرێک پێیان وایە میدیای ئەلجەزیرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چووەتە نێو بازنەی بەرژەوەندییەکانی هێزە سەرمایەدارەکان، چ لە ڕووی ئەو ئەو سامانە زۆروزەوەندەی تەرخانی کردووە بۆ کۆمانیاکانی دابینکاری تەکنەلۆژیای بەرمەمهێنان و پەخش، یاخود لە هێنانەپێشەوەی دەنگە ناڕازییەکانی دژی گەندەڵیی ڕژێمە سیاسییە عەرەبییەکان، بە تایبەت بابەتەکانی پەیوەست بە نەبوونی ئازادی و دیموکراسی(١٥) کە بە مانای بانگەشە دێت بۆ بەهاکانی سیستمە دیموکراسییە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا، هەروەک دەوڵەتی قەتەر کە سەرپەرشتیی کەناڵەکە دەکات بەردەوام پەیوەندییەکی ستراتیژیی لەگەڵ ئەمەریکادا هەبووە، واشنتن وەک هاوپەیمانێکی گرنگی خۆی تەماشای دەوحە دەکات، چ وەک سەرچاوەیەکی دابینکردنی وزە

بۆ وڵاتەکەی یاخود وەک شوێنێکی گرنگ بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە کردوویەتیە بنکەیەکی سەربازیی ستراتیژی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی[١٦].

بۆیە گەر ئەلجەزیرە ببێتە هەڕەشە بۆ سیستمی سەرمایەداریی جیهانی، یاخود بچێتە بەرەی دژ بە سیاسەتەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ئەوا بێگومان هاوشێوەی میدیاکانی ئێران و ڕووسیا لە نێو دنیای پەخشی دیجیتاڵیدا بلۆک دەکرێت و بەر بە پەیامەکانی دەگیرێت

جۆرێکی دیکەی ئەو قۆرغکارییەی لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا بەدی دەکرێت؛ هاوپەیمانیی ‹‹میدیا، ئابووری، سیاسەته››. هەندێک وڵات هاوکاریی کۆمپانیا گەورەکانی میدیا دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێک گێڕانەوە لە میدیا دەوڵەتییەکاندا، لە ڕوانگەیەوە ئەو ڕاستییە بەرجەستە بووە کە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی ڕێگە بە وڵاتان و کۆمپانیاکان دەدەن کە میدیا نێودەوڵەتییەکان کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش وا دەکات بیروڕای گشتی لە سەر ئاستی جیهان لەقاڵب بدەن و کاریگەرییان لە سەر پرسە جیهانییەکان هەبێت. ئەم کۆنترۆڵە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکان بەکار دەهێنرێت. ئەم ستراتیژە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت و میدیا بە چەندین شێوە کاریگەریی کردووەتە سەر سیاسەتی گشتی[١٧].

## تاکجەمسەری لە میدیای نێودەوڵەتیدا

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆشیالیستی، باس لەوە دەکرا کە میدیا نێودەوڵەتییەکان لە لایەن دوو جەمسەرەوە کۆنترۆڵ کراون کە بریتی بوون لە بلۆکی ‹‹ڕۆژهەڵاتی›› سۆشیالیستی بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی ‹‹ڕۆژئاوایی›› سەرمایەداری بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام بە نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی بەرەی سۆشیالیستی، چەمکی تاکجەمسەری لە نێو میدیای نێودەوڵەتیدا هاتە ئاراوە

لە ئێستادا لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیای پەخشدا، تاکجەمسەری لە میدیای نێودەوڵەتیدا تەنها بە واتای هەژموونی لایەنێک (وڵاتێک، کۆمەڵێک وڵات، یان

قـەوارەی میدیایـی) بەسـەر ڕەوتـی زانیـاری و گوتـار و ناوەرۆکـە میدیاییـەکان لـە سـەر ئاسـتی جیهانیـدا نایـەت، بەڵکـوو بـە مانـای هەژموونـی دیسکۆرسـی سـەمایەدارییە بەسـەر جەمـاوەردا بـە گشـتی[١٨]، کـە ئەمـەش کاریگەریـی لـە سـەر شـێوازی پێکهاتنـی بیـروڕای گشـتی و ئاڕاسـتەکردنی کارنامـەی میدیایـی بەجـێ دەهێڵێـت

هەژموونـی دیسکۆرسـی سـەرمایەداریی ڕۆژئاوایـی، بـە تایبەتـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا بەسـەر میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا، وای کـردووە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا و هاوپەیمانەکانـی بـە پێـی سروشـتی گۆڕانکارییـەکان ئاوێتـەی میدیـا نێودەوڵەتییـەکان ببن و وەک پێوەرێـک بـۆ سـەرکەوتن یـان شکسـت تەماشـای بکـەن، واتـە میدیـا بووەتـە بەشـێکی دانەبـڕاو و یەکێـک لـە پایـە گرنگەکانـی سیاسـەتی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا[١٩].

باڵادەسـتیی دەزگا میدیاییەکانیـان بەسـەر تـەواوی جیهانـدا وای کـردووە لـە یـەک دیـدگاوە ڕووداوەکانـی جیهـان بگوازرێتـەوە، هـەر ئـەو دەزگایانـەش بایەخبەندیـی میدیـا بـە ڕووداو و ڕوومـاڵی جیهانـی دیـاری بکـەن. لـەم سـۆنگەیەوە ڕەخنەگرانـی ئـەم تێرمـە پێیـان وایـە هـەواڵ و شـیکارییەکان لـە ڕوانگـەی یـەک جەمسـەرەوە کـە جەمسـەری ڕۆژئاواییـەوە هەنـاردە دەکرێـن بـۆ تـەواوی جیهـان، ئەمـەش لایەنگـری لـە گێڕانـەوەی میدیـادا دروسـت دەکات و هەندێـک بابـەت کـە خزمـەت بـە بەرژەوەندییەکانـی ڕۆژئـاوا ناکـەن؛ پشـتگوێ دەخرێـن یـان پەراوێـز دەخرێـن، سـەرەنجام کاریگەریـی لـە سـەر کارنامـەی سیاسـی و ئابـووری دەبێـت، بـە واتایەکـی دیکـە: میدیـای باڵادەسـت لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی تەنهـا هـەواڵ بڵاو ناکاتـەوە، بەڵکـوو کاریگـەری لـە سـەر سیاسـەت دروسـت دەکات بـە داڕشـتنی ڕای گشـتی لـە سـەر پرسـە گەورەکانـی وەک شـەڕ، سـزا، قەیـران، هەڵبـژاردن. بـۆ نموونـە میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بـۆ پاسـاوهێنانەوە بـۆ دەسـتتێوەردانی سـەربازی یـان سـزا بەسـەر هەندێـک وڵاتـدا بـەکار دەهێنرێـت، هـەروەک هەندێـک گرنگـی دەدرێـت بـە هەنـدێ پـرس، لـە کاتێکـدا پرسـەکانی دیکـەی هاوشـێوە پەراوێـز و پشـتگوێ دەخرێـن ئەگـەر لەگـەڵ بەرژەوەندییـە سیاسـی یـان ئابوورییەکانـی ئـەو جەمسـەرەدا نەگونجێـن کـە کۆنترۆڵـی میدیـا نێودەوڵەتییەکانیـان کـردووە

ئەگەرچـی لەگـەڵ گەشـەکردنی تەکنەلۆژیـا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، هەنـدێ

لە نووسەران پێیان وا بوو چیدی لایەنێک ناتوانێت قۆرغی بازاڕی میدیا بکات و دەرفەت بۆ هەمووان ڕەخساوە، واتە چەمکی تاکجەمسەری گۆڕاوە بۆ فرەجەمەسەری پەیامەکان بڵاو بکەنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونانەش جارێکی تر کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی هاوشێوەی گوگڵ، فەیسبوک، تۆڕی «X»، یوتیوب؛ دەستیان بەسەر ئەو بازاڕەشدا گرت، ئەمەش چەمکی تاکجەمسەری زیاتر خۆی زەق کردەوە، بە شێوەیەک هێزێکی زۆریان هەیە لە دیاریکردنی ئەوەی کە چ ناوەرۆکێک دەگاتە وەرگرەکان. ئەم پلاتفۆڕمانە دەتوانن بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان کۆنترۆڵ بکەن، تەنانەت هەندێک ناوەرۆک بە ناوی زانیاریی چەواشە (زانیاریی هەڵە)، یان بە پشتبەستن بە پێوەرە ناڕوونەکان بلۆک بکەن و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بگرن، لە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراین ئەم ستراتیژە بە ڕوونی بەرجەستە بووە کاتێک کەناڵە ڕووسییەکان بە تۆمەتی ئەوەی زانیاریی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە لە نێو سەکۆکانی سۆشیالمیدیادا بلۆک کران و بەر بە پەخشی پەیامەکانیان گیرا[٢٠].

تاکجەمسەری لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک ئاڵنگاریی هێناوەتە ئارا، لەوانە زاڵبوونی یەک گێڕانەوە لە سەر شانۆی جیهان وا دەکات هەمەجۆریی دیدگاکان کەم بێتەوە، دۆخێک بێتە ئاراوە لەگەڵ خۆیدا زانیاریی هەڵە و دەستکاریکردنی زانیاری بۆ خزمەتکردنی هەندێک ئەجێندای سیاسی و ئابووری دروست ببێت، سەرەنجام میدیای دژەڕۆژئاوا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پەراوێز بخرێت و توانای ململانێی نەمێنێت بە هۆی کۆنترۆڵی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان لە سەر ژێرخانی دیجیتاڵیی جیهانی

## میدیا نێودەوڵەتییەکان و لێشاوی بێقەیدومەرجی هەواڵ و زانیارییەکان

لێشاوی بێقەیدومەرجی هەواڵ و زانیارییەکان لە لایەن میدیا نێودەوڵەتییەکانەوە لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە قسەی لە سەر دەکرێت و تا ئێستا درێژەی هەیە، زۆر جار بووەتە جێگەی مشتومڕی زۆرێک لە وڵاتان و تەنانەت لە نێو کۆبوونەوەکانی یونسکۆدا قسەی لە سەر کراوە، بە تایبەت لە لایەن وڵاتانی تازەپێگەیشتووەوە بەردەوام جەختی لە سەر دەکرێتەوە. مەبەست لێی ئەوەیە کە وڵاتانی پێشکەوتوو لە سەر بنەمای

کارکـردن بـە تیـۆری لـیبراڵ کۆنترۆڵـی تـەواوی میدیـای نێودەوڵەتییـان کـردووە و لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان پەیامـەکان بـە بـێ قەیدومـەرج و بـە بـێ گوێدانــە تایبەتمەنــدی و پێداویســتیی گەلانــی دیکــە بڵاو دەکەنــەوە

لایەنگرانــی ئــەم تێرمــە ڕەخنــە لــە وڵاتانــی ئەمەریــکا و ئەورووپــای ڕۆژئــاوا دەگــرن و پێیــان وایــە ئێســتا ئــەو وڵاتانــە کۆنترۆڵــی میدیــای نێودەوڵەتییــان کــردووە، ئــەم ڕاســتییانەش دەکەنــە پاســاوی خۆیــان کــە ئــەو ئاژانســانەی هــەواڵ کــە کۆنترۆڵــی هەواڵەکانــی جیهــان دەکــەن بریتیــن لــە ئاژانســەکانی (ڕۆیتــەرز، فرانــس پرێــس، ئاسۆشــێتد پرێــس) کــە ســەنتەری ســەرەکییان لــە بەریتانیــا و فەڕەنســا و ئەمەریکایــە. لێکۆڵینەوەکانیــش دەریانخســتووە کــە ٩٠٪ی هەواڵەکانــی جیهــان لــە لایــەن ئــەو ئاژانســانەوە بەرهــەم دەهــێنرێ. دیارتریــن ئــەو ڕۆژنامــە و گۆڤارانــەی لــە ســەر ئاســتی جیهــان وەرگریــان هەیــە لــە ئەمەریــکا و وڵاتانــی ڕۆژئــاوای ئەورووپــا دەردەچــن، گرنگتریــن ماڵپــەڕ و ڕادیــۆ و کەناڵــی تەلەڤزیۆنــی کــە ئاڕاســتەی جیهــان دەکرێــن ئەمەریکــی و ئەورووپییــن. بــە هەمــان شــێوە دەوڵەتانــی ڕۆژئــاوا بــە تایبــەت ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا کۆنترۆڵــی ئــەو زنجیــرە و فیلمــە ســینەماییانە دەکــەن کــە ئاڕاســتەی جیهــان دەکرێــن و زۆرتریــن ئاژانســەکانی ڕیــکلام لــە ئەمەریــکا و ئەورووپــان و وڵاتەکانــی دیکــەش تەنهــا لقــی ئــەو ئاژانســانە و نووســینگەی بچووکــی ئــەو ئاژانســانەی تێدایــە

تیــۆرە ڕەخنەییەکانــی بــواری میدیــا بــە وردی لــە ســەر چەمکــە هەڵوەســتە دەکــەن و پێیــان وایــە وڵاتانــی ڕۆژئــاوا لــە ڕێگــەی کۆنترۆڵکردنــی زانیارییەکانــەوە هەوڵــی کۆنترۆڵکردنــی جیهــان دەدەن، ئــەم ڕاســتییەش لــە دوای جەنگــی دووەمــی جیهانییــەوە ســاڵ بــە ســاڵ زیاتــر بەرجەســتە دەبێــت کــە بــە هــۆی پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــای کۆمینیکەیشــن و میدیــاوە وڵاتــە ڕۆژئاواییــە پیشەســازییەکان توانیویانە لــەو بــوارەدا ســەرکەوتوو بــن(٢١).

دەوڵەتانــی تازەپێگەیشــتوو لــە ســەر بنەمــای ئــەو ڕاســتییانە ڕەخنــە لــە میدیــای ئەمەریکــی و ئەورووپــای ڕۆژئاوایــی دەگــرن، ڕەخنەکانیشــیان لــەوەدا چــڕ دەکەنــەوە کــە ئــەو میدیایانــە بــە مەبەســتەوە کار دەکــەن و زیاتــر گرنگــی دەدەن بــە بەرژەوەندیــی خۆیــان، بــە تایبــەت ئــەو هــەواڵ و زانیارییانــەی پەیــوەستن بــە وڵاتانــی تازەپێگەیشــتوو؛ بــە تــەواوی لــە لایــەن ئــەو کەناڵانــەوە ناخرێنــە ڕوو،

بەڵکوو کەموکوڕی تێدا هەیە، هەروەها گوزارشتێکی ڕاستەقینە نین لە خواستی دانیشتووانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو. لە بەرامبەردا میدیا نێودەوڵەتییەکان دژی ئەوەن گۆڕان لە شێوازی کاری خۆیاندا بکەن، وەڵامی ئەو ڕەخنانەش بەوە دەدەنەوە کە ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانە ڕێگرن و سانسۆر دادەنێن لە بەردەم کاری میدیاییدا، ئەمەش وای کردووە کارکردن لەو وڵاتانە ئاسان نەبێت.

## میدیا نێودەوڵەتییەکان و دروستکردنی وێنەی ئەرێنی و نەرێنی

بەو پێیەی میدیا نێودەوڵەتییەکان کۆنترۆڵی هەواڵ و زانیاریی گواستنەوەی بیروبۆچوونەکانیان کردووە و بوونەتە گوێزەرەوەی ڕووداو و گۆڕانکارییە جیهانییەکان، هەر ئەوانیش وێنای جەلاد و قوربانی، خێر و شەڕ، ستەمکار و ستەملێکراو دەکەن، لە سەر ئەم بنەمایە چەمکی دروستکردنی وێنەی میدیایی، جا وێنەی گەلان بێت یاخود وێنەی پرس و دۆزە جیهانییەکان، بووەتە بابەتێکی گرنگی توێژینەوەکانی پەیوەست بە میدیای نێودەوڵەتی. زۆرێک لە بیرمەندە ڕەخنەگرەکانی بواری میدیا، هاوشێوەی چۆمسکی و برنارد لویس و ئیدوارد سەعید، جەختیان لەوە کردووەتەوە کە چۆن میدیا توانای خولقاندنی دۆخێکی هەیە کە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی وەرگرەکان دەکات(٢٢).

وێنەی میدیایی بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە میدیا نێودەوڵەتییەکان لە مێشکی وەرگردا دروستی دەکەن، لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە ماناکانی پەیوەست بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکرێت. زۆر جار میدیا نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی ناوەرۆک و بەرنامەکانیەوە وێنەیەک بۆ وڵاتێک یان گەلێک دەنەخشێنن جا بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، لە بنەڕەتیشدا ئەوە وێنەیەکە ڕاستی نییە، بەڵکوو میدیاکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دروستیان کردووە(٢٣).

لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا هەندێک گەل و وڵات بە پشتبەستن بە بەرژەوەندییەکان، ململانێ، یان نزیکیی کولتووری، بە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی وێنا دەکرێن، ئەم وێناکردنانە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لە سەر شێوازی سەیرکردنیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بۆ نموونە؛ ڕەنگە هەندێک

گـەل لـە چوارچێـوەی مرۆیـی یـان کۆمەڵایەتیـدا وەک قوربانیـی ململانێـکان یـان وەک پاڵـەوان لـە بەرەنگاربوونـەوەی ستەمدا وێنـا بکرێـن، بـە پێچەوانـەوە، ڕەنگـە هەندێکـی دیکـە وەک سـتەمکار یـان شـێواو نیشـان بـدەن، ئەمـەش سروشـتی میدیایـە بـە گشـتی کـە لـە بنەڕەتـدا خزمـەت بـە سیاسـەت و ستراتیـژی ئـەو لایەنانـە دەکات کـە پـارەی بـۆ دابیـن دەکـەن، لێـرەوە ئەرکـی میدیـا دەبێتـە ئەرکێکـی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی[٢٤].

لـە ئێسـتادا توێژینـەوە زانسـتییەکانی پەیوەسـت بـە وێنـەی میدیایـی یەکێکـن لـە دیارتریـن ئـەو بابەتانـەی جێگـەی گرنگـی و بایەخـن، بـەو پێیـەی ڕۆڵـی میدیـا لـە داڕشـتنی وێنـەی گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان و دامـەزراوە جۆراوجـۆرەکان ڕوون دەکاتـەوە، بـە تایبەتـی دوای ئـەو پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییانـەی کـە لـە بـواری کۆمینیکەیشـندا هاتوونەتـە ئـارا[٢٥].

## میدیا نێودەوڵەتییەکان وەک ئامرازێکی دیپلۆماسیەتی گشتی

دیپلۆماسـیەتی گشـتی دەچێـتە خانـەی ئـەو هێـزە نەرمـەی (Soft Power) کـە زۆرێـک لـە وڵاتـان پەنـای بـۆ دەبـەن بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی گـەلان و وڵاتـان بـە لای خۆیانـدا، بـە واتایەکـی دیکـە: لـە بریـی بەکارهێنانـی هەڕەشـە و هێـزی سـەربازی، لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە دیپلۆماسـیەتەوە میللەتـان دەخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان و بـە سیاسـەت و کولتـوور و بەهـا و دابونەریـت و پرەنسـیپەکانی خۆیـان ئاشـنایان دەکـەن[٢٦].

لـە دیپلۆماسـیەتی گشـتیدا زیـاد لـە ئامرازێـک بـەکار دێـت بـۆ دروسـتکردنی پرۆسـەی پەیوەندیکـردن بـە گەلانـی دیکـەوە. یەکێـک لـە ئامـرازە دیارەکانـی میدیـای نێودەوڵەتییـە، بـەو پێیـەی میدیـای نێودەوڵەتـی ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە لـە بەرزکردنـەوەی پەیوەندیـی نێـوان گـەلان و فراوانکردنـی بازنـەی لێکتێگەیـشتن لـە دەرەوەی کەناڵـە فەرمییـە تەقلیدییـەکان و توانایەکـی کاریگـەری هەیـە لـە سـەر بیـروڕای گشـتیی بیانـی و پەیوەندیـی درێژخایـەن لەگـەڵ گەلانـی تـر

دیارتریـن ئـەو ڕۆڵـەی میدیا نێودەوڵەتییـەکان دەیگێـڕن لە بواری دیپلۆماسـیەتی گشـیدا، بریتییـە لـە خسـتنەڕووی وێنەیەکـی ڕوون و ڕاسـتگۆیانە لـە کولتـوور و بەهـا و ئامانجەکانـی وڵاتێـک، ئەمـەش یارمەتیـدەرە بـۆ دروسـتکردنی متمانـە و

کەمکردنـــەوەی لێکتێگەیشـــتنە هەڵـــەکان، بـــە تایبـــەت میدیـــا نێودەوڵەتییـــەکان لـــە کاتـــی قەیرانـــەکان یـــان ڕووداوە گەورەکانـــدا دەبێتـــە ئامـــرازی پەیوەندیـــی نێـــوان وڵاتـــە زلهێـــزەکان و گەلانـــی وڵاتانـــی دیکـــە، ئەمـــەش دەرفـــەت بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی هەڵوێســـت و سیاســـەتەکان دەڕەخســـێنێت، جگـــە لـــەوەی لـــە ڕێگـــەی بەرنامـــەی ڕۆشـــنبیری و پەروەردەیـــی، ئاڵوگـــۆڕی ئەکادیمـــی، فێســـتیڤاڵە کولتوورییـــەکان، میدیـــا نێودەوڵەتییەکانـــەوە دەتوانـــن ببنـــە ســـەکۆی بڵاوکردنـــەوەی پەیامـــی ئاشـــتی و پێکەوەژیـــان و بەرەوپێشبردنـــی چارەســـەری دیپلۆماســـی بـــۆ قەیرانـــەکان، ئەمـــەش ئـــەو توانایەیـــە کـــە میدیـــای نێودەوڵەتـــی هەیەتـــی و ڕەنگـــە دیپلۆماســـیەتی فەرمیـــی وڵاتـــان ئـــەو توانایەیـــان نەبێـــت، چونکـــە دیپلۆماســـیەتی تەقلیـــدی هـــەوڵ دەدات بـــە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ کاریگـــەری لەســـەر کارەکتـــەرە نێودەوڵەتییـــەکان دروســـت بـــکات، هـــەر چـــی دیپلۆماســـیەتی گشـــتییە لـــە ڕێگـــەی میدیـــا نێودەوڵەتییەکانـــەوە هـــەوڵ دەدات کاریگـــەری لەســـەر جەماوەرێکـــی بیانـــی دروســـت بـــکات کـــە ڕەنگـــە بـــە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ بێـــت و لـــە ئاینـــدەدا شـــوێنەوارەکانی دەربکەوێـــت[٢٧].

ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا بـــە یەکێـــک لـــەو وڵاتانـــە دادەنرێـــت کـــە زۆرتریـــن ســـوودی لـــە میدیـــای نێودەوڵەتـــی وەرگرتـــووە وەک ئامرازێکـــی کاریگـــەر لـــە خزمـــەت دیپلۆماســـیی گشـــتیدا. ئەمەریـــکا بـــە کەڵکوەرگرتـــن لـــە هێـــزی نـــەرم و ئامـــرازە جۆراوجۆرەکانـــی میدیـــا، توانیویەتـــی وێنەیەکـــی جیهانیـــی کاریگـــەر بنیـــات بنێـــت و کاریگـــەری لەســـەر بیـــروڕای گشـــتیی نێودەوڵەتـــی هەبێـــت بـــۆ گەیـــشتن بـــە ئامانجـــە سیاســـی و کولتـــووری و ئابوورییەکانـــی

دەنگـــی ئەمەریـــکا (VOA) هـــەر لـــە ســـەرەتای دامەزراندنیـــەوە وەک بەشـــێک لـــە چالاکیـــی دیپلۆماســـیەتی گشـــتیی ئەمەریـــکا دامـــەزراوە بـــۆ گواســـتنەوەی هـــەواڵ و زانیـــاری دەربـــارەی کولتـــوور و بەهاکانـــی ئەمەریـــکا بـــۆ جیهـــان بـــە چەندیـــن زمـــان. هـــەروەک کەناڵـــی «ســـی ئێـــن ئێـــن» یەکێکـــە لـــە دیارتریـــن کەناڵـــە هەواڵییـــە نێودەوڵەتییـــەکان کـــە گوتـــاری سیاســـیی ئەمەریکـــی بـــە تـــەواوی جیهانـــدا پەخـــش دەکات و پرســـە جیهانییـــەکان لـــە ڕوانگـــەی ئەمەریکییـــەوە ڕوومـــاڵ دەکات، ئەمـــە جگـــە لـــەوەی ســـینەمای ئەمەریکـــی ئامرازێکـــی کاریگـــەرە بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی بەهـــا ئەمەریکییـــەکان، وەک ئـــازادی و دیموکراســـی و مافـــی مـــرۆڤ. فیلـــم و بەرنامـــە تەلەڤزیۆنییـــەکان ڕۆڵێکـــی ســـەرەکی دەگێـــڕن لـــە بەرەوپێشبردنـــی وێنـــەی ئەمەریـــکا

وەک هێزێکی کولتووریی جیهانی

هەناردەکردنی مۆسیقای ئەمەریکی (وەک جاز و هیپ هۆپ) جگە لەوەی ڕەنگدانەوەی فرەچەشنی و کراوەیی کولتووری ئەمەریکیایی پیشان دەدات، پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ گەلانی دیکە دروست دەکات، لە ئێستاشدا کۆمپانیا ئەمەریکییەکانی وەک فەیسبوک و تۆڕی ئێکس و ئینستاگرام وەک پلاتفۆڕمێکی جیهانی کە کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرانی جیهاندا دەکات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرۆکە و سیاسەتی ئەمەریکا بەرەوپێش دەبەن، بە تایبەت بەکارهێنانی ئەکاونتی سۆشیالمیدیای باڵوێزخانەکان و بەرپرسانی ئەمەریکا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک بە زمانە جیاوازەکان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی ئەمەریکا. خستنەڕووی بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی کولتووری و پەروەردەیی وەک پرۆگرامی فولبرایت و پرۆگرامی «IVLP»، وای کردووە ئەمەریکا ببێتە پێشەنگی پەروەردە و هاوکاریی نێودەوڵەتی، ئەم گرنگییەش لە ڕاستییەوە سەرچاوی گرتووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە درێژایی ماوەی هەژموونی خۆی میدیا نێودەوڵەتییەکانی وەک یەکێک لە پایە گرنگەکانی سەرخستنی سیاسەتی دەرەوەی بەکار هێناوە[٢٨].

بەگەڕخستنی میدیا نێودەوڵەتییەکان وەک ئامرازێکی دیپلۆماسیەتی گشتی لە لایەن ئەمەریکاوە، وای کردووە وێنەی ئەمەریکا وەک وڵاتێکی بەرپرسیار لەسەر قەیرانە جیهانییەکان پیشان بدرێت، بە تایبەت لە بواری هاوکارییە مرۆییەکان و دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکان و سەرکردایەتیکردنی جیهان، ئەمەش بووەتە مایەی پێشخستنی بەها ئەمەریکییەکان وەک ئازادی، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. نموونەکانی بەکارهێنانی میدیای نێودەوڵەتی وەک بەشێک لە دیپلۆماسیەتی گشتی لە لایەن ئەمەریکاوە یەکجار زۆرن، لەوانە: لە سەردەمی جەنگی ساردا، ئەمەریکا لە ڕێگەی پەخشی ڕادیۆ نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکانی هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بەرپا کرد. لە دوای ١١ی سێپتەمبەریش، میدیا نێودەوڵەتییەکانی ئەمەریکا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە پرسەکانی تیرۆر و هەوڵدان بۆ باشترکردنی وێنەی خۆی لە جیهانی ئیسلامیدا[٢٩].

میدیا نێودەوڵەتییەکان وەک شێوازێکی نوێی ئیمپریالیزم

تێرمـی ئیمپریالیزمـی میدیایـی یاخـود تیـۆری ئیمپریالیزمـی ئەلکترۆنـی، لـە بەرەنجامـی توێژینەوەکانـی پەیوەسـت بـە سترەکتـوری میدیـا نێودەوڵەتییـەکان هاتووەتـە ئـارا. لایەنگرانـی ئـەم تێرمـە پێیـان وایـە لـە ئـەم قۆناغـەی ئێسـتای مرۆڤایەتیـدا میدیـا بووەتـە شـێوازێکی نوێـی ئیمپریالیـزم

ئیمپریالیزمـی میدیایـی جۆرێکـە لـە ئیمپریالیزمـی کولتـووری و فیکـری، کـە میدیـا وەک ئامرازێـک بـەکار دەهێنرێـت بـۆ کۆنترۆڵکردنـی هـزری جەمـاوەر و کاریگەریکردنـە سـەر کولتـوور و بەهـا و بیروباوەڕەکانیـان لـە سەرتاسـەری جیهانـدا. ئـەم جـۆرە ئیمپریالیزمـە ئامانجـی بڵاوکردنـەوەی باڵادەسـتیی کولتوورێـک یـان سیسـتمێکی فیکریـی تایبەتـە بەسـەر کولتـووره ناوخۆییەکانـی وڵاتانـی دیکـەدا، بـە تایبـەت لـە سـەردەمی جیهانگیریـدا بـە ڕوونـی بەرجەسـتە بـووە و هێـزە ئیمپریالیسـتییە میدیاییـەکان هەوڵـی سـڕینەوەی تایبەتمەندییـە کولتوورییـە ناوخۆییـەکان دەدەن و بـە بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان لـە ڕێگـەی میدیـا و پەیامەکانیـەوە دەسـەپێنن.

ئـەم شـێوازە نوێیـەی ئیمپریالیـزم کار بـۆ پێشخسـتنی بەهـا و بنەماکانـی زلهێـزەکان یـان کۆمپانیـا جیهانییـەکان دەکات، تـا بیرکردنـەوەی مـرۆڤ و ئاڕاسـتەکردنی بۆچوونەکانیـان بـە جۆرێـک بەگـەڕ بخـەن بـە بـێ ئـەوەی بـە خۆیان بزانـن بچنـە بازنـەی خزمەتکردنـی بەرژەوەندیـی ئابـووری و کولتووریـی وڵاتـە زلهێـزەکان، بـە تایبـەت ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکا، هەروەهـا لاوازکردنـی شوناسـە ناوخۆییـەکان و بچووککردنـەوەی کولتـوور و نەریتـە ناوخۆییەکانـی وڵاتانی دیکـە[٣٠].

لـە ئێسـتادا ئیمپریالیزمـی میدیـا لـە ڕێگـەی پەخشـی کەناڵەکانـی سـەتەلایت و ئینتەرنێـت و سۆشـیالمیدیا و بەکارهێنانـی بەرنامـەی تەلەڤزیۆنـی و فیلـم و گۆرانـی و ڕیـکلام، کار لـە سـەر بڵاوکردنـەوەی هەندێـک کولتـوور دەکات وەک ئامرازێـک بـۆ کاریگەریدانـان لـە سـەر توێـژی گەنجـان لـە سەرتاسـەری جیهانـدا. بۆیـە لایەنگرانـی ئـەم تێرمـە پێیـان وایـە ئـەم شـێوازە نوێیـەی ئیمپریالـزم بـە شـێوەیەکی نەرمونیـان و سـەرنجڕاکێش کار لـە سـەر شـێواندنی شوناسـی کولتووری زۆرێک لە وڵاتـان کـردووە، بـە تایبـەت تێکدانـی میراتـی کولتـووری و زمانەوانیـی زۆرێـک لـە

نەتەوەکانی دنیا، لە سەروویانەوە ئەو نەتەوانەی بە هۆی لاوازیی بەرهەمێنانی میدیاوە خۆیان ڕادەستی ئەو کولتوورە کردووە کە هێزەکانی ئیمپریالیزمی میدیایی بڵاوی دەکەنەوە. بە هۆی بەرکەوتنی بەردەوامیان بەو کولتوورە، بە خۆیان بزانن یا نەزانن لاسایی کولتووری ئیمپریالیستە میدیاییەکان دەکەنەوە و کولتووری ڕەسەنی خۆیان لەبیر دەکەن، یاخود بە چاوێکی کەم و بێبایەخ تەماشای دەکەن[٣١].

لە سەر ئاستی جیهان زۆر بیرمەندی بواری کۆمیونیکەیشن و میدیا بڕوایان بەم تێرمە هەیە و پێیان وایە کە داگیرکاریی وڵات و گەلان بەر لە زایین دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بە چەند شێوازێکی جیاواز: شێوازی یەکەم تا ساڵی هەزاری زایین بەردەوام بووە و بریتی بووە لە داگیرکاریی سەربازی، شێوازی دووەم لە هەزاری زایینەوە دەستی پێ کردووە و تا ساڵەکانی ١٦٠٠ی زایین بەردەوام بووە و بریتی بووە لە ئیمپریالیزمی تەبشیری یاخود مەسیحی، شێوازی سێیەمیش لە دوای ئیمپریالیزمی مەسیحی دەستی پێ کردووە و تا ساڵی ١٩٥٠ بەردەوام بووە کە بریتی بووە لە ئیمپریالیزمی بازرگانی، دوایین شێوازیش ئیمپریالیزمی ئەلکترۆنی و میدیاییە کە تا ئێستا بەردەوامە[٣٢].

تیۆرە ڕەخنەییەکانی بواری میدیا ئێستا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە ئایا میدیا خۆی بووەتە ئیمپریالیست، یاخود بوونەتە ئامرازێکی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش قسە لەسەر هەردوو فۆڕمەکە دەکرێت، بۆ نموونە میدیا نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکان کە لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن؛ دەبنە ئامرازێک بە دەست هێزە ئیمپریالیستەکانەوە، لە بەرامبەردا کۆمپانیا زەبەلاحەکانی میدیا، ئەوانەی سەرمایەکانیان زیاترە لە سەرمایەی چەند دەوڵەتێک، خۆیان بوونەتە هێزێکی ئیمپریالیستی بە جۆرێک خۆیان لە ئاستی حکومەت و دەوڵەتاندا دەبینن، یاخود هاوشێوەی نێوەندێکی ستراتیژیی سەربەخۆ ڕەفتار دەکەن کە ناچنە ژێر باری هیچ ڕێنماییەکەوە، بەڵام لە دەرەنجامی کۆتاییدا ئەو کۆمپانیایانە لەوە گەیشتوون کە مانەوە و قازانجیان بەندە بە بوونی ئەو سیستەمە سەرمایەدارییەی کۆنترۆڵی جیهانی کردووە، بۆیە لە پرسە

هەستیارەکاندا لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان و دەزگا هەواڵگیرییە هەستیارەکاندا هاوئاهەنگ دەبن و بە یەک ئاڕاستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان کار دەکەن. لەم سۆنگەیەوە بە هەردوو بارەکەدا وڵاتانی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بوونەتە ئیمپریالیزم لە بواری میدیادا. لە ڕێگەی بەرنامەکانیانەوە هەوڵ دەدەن بازاڕ بۆ کاڵا و بیری ئابووری بدۆزنەوە، هەروەها بۆچوونی سیاسیی خۆیان بسەپێنن و ڕوویەکی جوانی دابونەریتی ڕۆژئاوایی جێگیر بکەن. لە بەرامبەر ئەو هێزە گەورانەدا هەندێ لایەنی دیکە هاتوونەتە ئارا کە هەوڵ دەدەن بە ئاڕاستەیەکی دیکە کار بکەن و خۆیان وەک ئیمپریالیزمی میدیایی ناوچەیی بسەپێنن و ئەوانیش بە ئاڕاستەیەکی دیکە کار بکەن. بۆ نموونە تورکیا یاخود ئێران هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی دراماکانیانەوە کولتوور و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانیان بەسەر وڵاتانی نزیک خۆیاندا بسەپێنن، واتە لە ڕێگەی میدیاوە هەژموونگەریی کولتووری و سیاسییان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بڵاو بکەنەوە

لە پاڵ چەمکی ئیمپریالزمی میدیاییدا، چەمکی وابەستەیی هاتووەتە ئارا، بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم. ئەم چەمکە پێی وایە هەروەک چۆن پێشتر هێزە ئیمپریالیستییەکان هەندێ وڵاتی ژێردەستیان وابەستەی خۆیان کردووە، واتە چەند وڵاتێک وابەستەی ئیمپریالیزمە گەورەکان بوون، ئاوهاش هەندێ میدیا بوونەتە وابەستەی ئیمپریالیزمە میدیاییەکان، جا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت کە بە پێی ستراتیژێکی دیار و ئاشکرا خۆیان دەکەنە وابەستەی میدیا گەورەکان لەبەر بەرژەوەندیی یاخود قەناعەت بە پەیامەکانی، یاخود بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ واتە بە بێ ستراتیژ و بە بێ ئەوەی ئاگادار بن بە هۆی لێشاوی بابەتەکانەوە وابەستەیان دەبن و پەیامەکانیان دووبارە دەکەنەوە، ئەم دۆخەش ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و پەیوەستە بەو هەژموونەی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی بەسەر جیهانەوە هەیانبووە و هەوڵیان داوە کولتووری خۆیان بەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بسەپێنن[٣٣].

## نەتەوەی کورد لە ستراتیژی میدیا نێودەوڵەتییەکاندا

کـە بـاس لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان کـورد وەک نەتەوەیـەک لەگـەڵ میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا دەکرێـت، زیـاد لـە بوارێـک خـۆی دەورووژێنێـت، دیارترینیـان ئەوەیـە ئایـا میدیـای نێودەوڵەتیـی کـوردی هەیـە، یاخـود میدیـا نێودەوڵەتییـەکان چ وێنەیەکیـان بـۆ کـورد دروسـت کـردووە تـا بـە تـەواوی جیهانـی پیشـان بـدەن

نەتــەوەی کــورد وەک زۆرێــک لــە نەتــەوە بندەســت و بێدەوڵەتــەکان، ناتوانێــت لــە بــازاڕی میدیــا نێودەوڵەتییەکانــدا خــۆی نمایــش بــکات، ئەمــەش پەیوەســتە بــە خەسـڵەتەکانی میدیـای نێودەوڵەتـی کـە نـەک لای کـورد بگـرە لای زۆرێـک لـە دەوڵەتـە سـەربەخۆکان بوونـی نییـە. بۆیـە میدیـای کـوردی لـە باشتریـن دۆخـدا دەتوانێـت وەک میدیایەکـی نەتەوەیـی خـۆی نمایـش بـکات کـە پەیامەکانـی ئاڕاسـتەی هاوڵاتیـی کوردزمـان لـە پارچەکانـی کوردسـتان و جیهـان بـکات. بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت کـورد وەک گەلێـک لـە لایـەن میدیـا نێودەوڵەتییەکانـەوە فەرامـۆش کرابێـت، بەڵکـوو لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەوە میدیـا نێودەوڵەتییـەکان ئاوڕیـان لـە کـورد داوەتـەوە، بـە تایبـەت وەک بەشـێک لـە هەڵمەتـی دیپلۆماسـیەتی گشـتیان، لـە ئێستاشـدا دوو دامـەزراوەی گرنگـی میدیـای ئاڕاسـتەکراوی نێودەوڵەتـی کـە دەنگـی ئەمەریـکا و دەنگـی ڕووسـیایە، پەخشـی بەرنامەکانیـان بـە زمانـی کـوردی بڵاو دەکەنـەوە، بـەڵام هـەردوو میدیـا میدیـای نێودەوڵەتیـی کـوردی نیـن، بەڵکـوو میدیـای نێودەوڵەتیـی ئەمەریـکا و ڕووسـیان و وەک بەشـێک لە پرۆسـەی دیپلۆماسـیەتی گشـتی ئاڕاسـتەی کورد دەکرێت[٣٤].

پرسـی کـورد لـە میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا بـەردەوام وەک بابەتێکـی هەسـتیار و ئاڵـۆز تەماشـا کـراوە، بـەو پێیـەی پەیوەسـت بـووە بـە چوارچێوەیەکـی سیاسـی و کولتـووری و مرۆیـی نەتەوەیەکـی بێدەوڵـەت. زۆر جـار میدیـا نێودەوڵەتییـەکان لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەی کـوردی بەسـەردا دابـەش کـراوە مامەڵەیـان لەگـەڵ کـوردا کـردووە، واتـە ئاوڕدانەوەیـان لـە پرسـی نەتـەوەی کـورد لـە سـایەی بەرژەوەندییـە سیاسـییەکاندا بـووە، ئەمـەش زۆر جـار بووەتـە هـۆی پشتگوێخسـتنی پرسـی کـورد یـان شـێواندنی، ئـەم ڕاسـتییەش لـە ڕوومـاڵـی ڕووداوەکانـی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد (لـە تورکیـا، عێـراق، سـووریا، ئێـران)دا دەردەکەوێـت کـە لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەندیـی حکومەتـە ناوەنـدەکان چارەسـەر دەکرێـن، نـەک لـە ڕوانگـەی مافـە کولتـووری و نەتەوەییەکانـی کـوردەوە. بـۆ نموونە

خەباتـی چەکداریـی کـورد لـە تورکیـا لـە لایـەن میدیـا نێودەوڵەتییەکانـی ئەمەریکاوە فەرامـۆش کـراوە یاخـود وەک گرووپـی یاخـی یـان تیرۆرسـتی تەماشـا کـراوە، چونکـە تورکیـا وەک هاوپەیمانێکـی ستراتیـژی تەماشـا کـراوە، بـە هەمـان شـێوە میدیـا نێودەوڵەتییەکانـی ڕووسـیا بـۆ پاراسـتنی پەیوەندییـە ستراتیژییەکانـی لەگـەڵ ئێـران بـە لای پرسـی کـورد و مافـی کەمینەکانـی ئێرانـدا ناچێـت[٣٥]، کـە ئەمـەش وای کردبـوو بـە درێژایـی سـەدەیەک کـورد بـە هـۆی نەبوونـی نوێنەرایەتییەکـی دادپـەروەر و هاوسـەنگی میدیایـی لـە سـەر شـانۆی نێودەوڵەتـی بناڵێنێـت

ناوبەنـاو لـە میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا قەیرانـە مرۆییەکانـی پەیوەسـت بـە کـورد (وەک ئاوارەبـوون، شـەڕ و پاکتـاوی نەتەوەیـی) دەردەخـەن، بـەڵام وەک بەشـێک لـە ململانێـی بەرفـراوانتر لـە ناوچەکـەدا دەخرێنـە ڕوو. لـە مـاوەی جەنـگ دژ بـە ڕێکخـراوی داعشـدا، میدیـا نێودەوڵەتییـە ڕۆژئاواییـەکان بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی ڕوانییانـە کـورد، تیشـکیان خسـتبووە سـەر هەندێـک خەباتـی کـورد، وەک ڕۆڵـی هێـزە کوردییـەکان لـە بەرەنگاربوونـەوەی داعـش لـە عێـراق و سـووریادا، جەخـت لـە سـەر پرسـەکانی مافـی مـرۆڤ کرایـەوە کـە پەیوەندییـان بـە کـوردەوە هەیـە، بـە تایبەتـی لـە گۆشـەگیرییان لـە وڵاتانـی وەک تورکیـا و ئێـران، بـەڵام هەمـوو ئـەو پرسـانە لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندیـی وڵاتـە زلهێزەکانـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو[٣٦].

زۆر جـار میدیـا نێودەوڵەتییـەکان هێزە کوردییەکانی سـووریایان، بـە تایبەت پەیەدە، وەک شۆڕشـگێڕ دژی تێرۆرسـتان لەقەڵـەم دەدا، لـە بەرامبـەردا وەک ڕێکخراوێکـی تیرۆرسـتی تەماشـای پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و بزاوتـە چەکدارەکـەی دەکـەن لـە تورکیـا، لـە کاتێکـدا بنەچـەی ئایدۆلۆژیـی ئـەو دوو هێـزە یەکـن و لـە یـەک جـودا نیـن، ئەمـەش لـە بنەمـادا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پەیوەندییـە ستراتیژییانـەی زلهێـزە نێودەوڵەتییـەکان، بـە تایبەتـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لەگـەڵ تورکیـادا هەیانـە و زیـاد لـە بەرژەوەندییـەک پێکـەوە دەیانبەسـتێتەوە(٣٧)

بـەدەر لـە پاراسـتنی بەرژەوەندییـە سیاسـی و سـەربازییەکانی لەگـەڵ وڵاتـە زلهێـزەکان، بـۆ ئـەوەی کـورد وێنـەی لـە میدیـای نێودەوڵەتیـدا جـوان ببێـت؛ پێویسـتی بـە هەوڵێکـی ستراتیژیـی هەمەلایەنـە هەیـە کـە تیشـک بخاتـە سـەر بنیاتنانـی گێڕانەوەیەکـی ئەرێنـی و دادپەروەرانـە کـە ڕەنگدانـەوەی واقیـع و خواسـتەکانیان بێـت

بـەو پێیـەی کـورد خاوەنـی قەوارەیەکـی سیاسـیی سـەربەخۆ نییـە کـە

بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵ زلهێزەکاندا هەبێت و لە ڕێگەی زەبری ئەو بەرژەوەندییانەوە وێنەی خۆی لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا بە ئەرێنی پیشان بدات، پێویستی بە گرتنەبەری میکانیزمی جیاواز هەیە تا وێنەیەکی ئەرێنی بۆ خۆی لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا بخاتە ڕوو

بەدەر لە دەوڵەتان و کۆمپانیاکان، کارەکتەری سەرەکی لە دیاریکردنی گوتاری میدیا نێودەوڵەتییەکاندا بریتین لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەت هیومان ڕایتس ووچ و ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، بۆیە هەر ڕاپۆرتێکی ئەو ڕێکخراوانە بە ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کورد، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە نێو میدیا نێودەوڵەتییەکاندا. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەک ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەک نەرێنی لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان قسەیان کردووە(٣٨)، ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت بۆ حکومڕانیی کوردی، چونکە یەکێک لە میکانیزمەکان بۆ جوانکردنی وێنەی کورد لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا، داکۆکیکردنە لە مافی مرۆڤ و مافی ژنان و پاراستنی کەمینەکان

دەرکەوتنی کەسایەتییە ئاستبەرزەکان لە بواری هونەر، وەرزش، زانست، ئەدەب لەسەر ئاستی میدیا نێودەوڵەتییەکان؛ جێگەی گرنگی و بایەخن. بۆ نموونە ئەو گرنگیدانەی میدیا نێودەوڵەتییەکان بە کەسایەتییەکی وەک «کۆچەر بیرکار»ی دا، لە پای بەدەستهێنانی بەرزترین خەڵاتی نێودەوڵەتیی میدالیای فیڵدزە لە بواری بیرکاریدا کە هاوتای خەڵاتی نۆبڵە[٣٩]. ئەو ڕاستییەی بۆ تەواوی جیهان سەلماند کە کورد دەتوانێت هاوبەشی کاریگەر بێت لە گەیشتن بە ئاشتی و گەشەپێدان، هەروەها وەڵامدانەوەیەکی هەموو ئەو هەڵمەتە نەرێنییانە بوو کە کوردیان بە هەڕەشەی ئەمنی پیشان دەدا و وەک نەتەوەیەکی بێژیار و شارستانیەتیان دەشوبهاند

بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەری و سینەمایی نێودەوڵەتی، بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری و تایبەت بە مێژوو و کولتووری کورد، نمایشکردنی چیرۆکی مرۆیی بە شێوازێکی سینەمایی کە توانای ڕاکێشانی بینەری جیهانی هەبێت؛ بابەتگەلێکن کە میدیا نێودەوڵەتییەکان بە بایەخەوە تەماشای دەکەن، بە تایبەتی ناوچە کوردییەکان زەمینەیەکی لەبارن بۆ چەندین چیرۆکی سەرنجڕاکێش. بۆ

نموونـە؛ یەکێـک لـە زۆرتریـن ئـەو بابەتانەی لـە میدیـا نێودەوڵەتییەکانـدا گرنگیی پێ درا، دۆزینـەوەی کەللەسـەری ئـەو ژنـە نێردەتاڵـە بـوو کـە لـە ئەشـکەوتی شـانەدەری کوردسـتان دۆزرایـەوە(٤٠)، کـە بـە درێژایـی سـاڵی ٢٠٢٤ زۆرتریـن ڕووماڵـی لـە بـارەوە کـرا و وشـەی کوردسـتان چەنـد جارێـک دووبـارە بـووەوە. ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیـە کـە ستراتیـژی میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بـۆ گرنگیـدان بـە نەتـەوەی کـورد لـە سـەر زیـاد لـە ئاسـتێکە و ئەگـەر بـواری سیاسـی لەمپـەری لـە بەردەمـدا بێـت، ئـەوا چەندیـن بـواری تـر هەیـە کـە دەکرێـت ببێتـە جێگـەی گرنگییـان

## ئەنجامگیری

میدیـا نێودەوڵەتییـەکان بوونەتـە ئامرازێکـی هەژمـوون و کاریگـەری لـە سـەر ئاسـتی جیهـان، کـە زۆر جـار بەرژەوەندیـی وڵاتانـی گـەورە و کۆمپانیـا جیهانییەکان لـە پەیامەکانیـدا ڕەنـگ دەداتـەوە و وەک ئامرازێـک بـۆ کۆنترۆڵکردنـی فیکـری و کولتـووری و کاریگەریـی سیاسـی بەسـەر وڵاتـان و گەلانـدا بـەکار دەهێنرێـن

میدیـا نێودەوڵەتییـەکان لـە یـەک کاتـدا وەک چالاکییەکـی دیپلۆماسـیەتی گشـتی و وەک هێزێکـی نوێـی ئیمپریالیسـتی دەرکەوتـوون، ئەمـەش وای کـردووە وێنەیەکـی ئەرێنـی یـان نەرێنـی بـۆ هەندێـک گـەل یـان پـرس دروسـت بکـەن، جگـە لـەوەی گێڕانەوەکانـی زۆر جـار لـە لایـەن هێـزە باڵادەسـتە ڕۆژئاواییەکانـەوە بـە تایبـەت ئەمەریـکا کـۆنترۆڵ دەکرێـن، کـە مەیلیـان هەیـە ئـەو ڕووداوانە لـە پێشـینەدا دابنێن کـە پەیوەندییـان بـە وڵاتـە کاریگـەرەکان یـان ناوچەکانـی گرنگـی جیۆپۆلەتیکییـەوە هەیـە، لـە هەمـان کاتـدا ناوچەکانـی دیکـە پشـتگوێ دەخـەن

میدیـا نێودەوڵەتییـەکان توانایەکـی گەورەیـان هەیـە بـۆ داڕشـتنی ڕای گشـتیی جیهانـی، جـا چ لـە ڕێگـەی هەواڵـی خێـرا، فیلمـی دۆکیۆمێنتـاری یـان هەڵمەتـی میدیایـی بەرفراوانـەوە بێـت، یـان بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ پلاتفۆڕمـە دیجیتاڵییەکانی بـواری پەخشـی ئینتەرنێتـی. لـەو نێوەنـدەدا نەتـەوەی کـورد گـەر بیـەوێ وێنـەی خۆی لـە جیهانـدا باشـتر بـکات، ئەوا پێویسـتی بـە وەبەرهێنانـە لـە میدیـا نێودەوڵەتییەکاندا تـا گێڕانەوەیەکـی هاوسـەنگ و کاریگـەر بنیـات بنێـت، ئـەم وەبەرهێنانـەش تەنهـا لـە بـواری سیاسـیدا قەتیـس ناکرێـت، بەڵکـوو بـواری فەرهەنگـی و مرۆیـی بەرفـراوان هەیـە کـە دەکرێـت کـورد سـوودی لـێ ببینێـت

## سەرچاوەکان

١. د. فاروق خالد ، الاعلام الدولى و العولمة الجديدة، عمان، دار اسامه للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨، ص١٢.

٢. بطرس حلاق، الاعلام و الاتصال الدولى، دمشق، الجامعة الافتراضيه السوريه، ٢٠٢٠، ص١٠.

٣. عيسى موسى، عزام محمد الجويلي، جميل خليل محمد، الاعلام الدولى، عمان، دار المعتز للنشر و التوزيع، ٢٠٢٥، ص٢١٧.

٤. سامي الشريف، قضايا في الاعلام الدولي، القاهره، الناشر دار النهضة العربية، ٢٠٠٧، ص١٥

٥. لمام فتحية، الإعلام الدّولي الموجه للعالم العربي نموذج فرانس ٢٤ العربية البي بي سي العربية والحرة، الجزائر، مجلة الحوار الثقافي المجلد ٧، العدد ١، ٢٠١٧، ص١٠١.

6. Veton Zejnullahi, The Process of Globalization and Its Impact on Media, April 2016European Journal of Multidisciplinary Studies 1(4):150, p151.

7. Vittoria Elliott, Russia-Backed Media Outlets Are Under Fire in the US—but Still Trusted Worldwide https://www.wired.com/story/russia-backed-media-outlets-are-under-fire-in-the-us-but-still-trusted-worldwide/, SecuritySep 24, 2024.

٨. الستة الكبار ٦ شركات أمريكية تتحكم في ٩٠٪ من الإعلام في أمريكا، (٨ تشرين الأول، ٢٠٢٢)

https://www.alaalem.com/-%C2%AB%D8%A7%D9%84%D8%B3%D8%AA%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A8%D8%A7%D8%B1%C2%BB-6-

9. Vittoria Elliott, Russia-Backed Media Outlets Are Under Fire in the US—but Still Trusted Worldwide https://www.wired.com/story/russia-backed-media-outlets-are-under-fire-in-the-us-but-still-trusted-worldwide/, SecuritySep 24, 2024.

10. Alberto Quian and Carlos Elías, Strategies and Reasons for the Impact

of WikiLeaks on World Public Opinion, Esp.Investig.Sociol. ISSN-L: 0210-5233. Nº 162, April - June 2018, p. ٩٢.

١١. عبد الرزاق محمد الدليمي، الاعلام الدولي في القرن الحادي و العشرين، عمان: الاردن، دار المسيرة، ٢٠١١، ص٢٦٢.

١٢. سلام عبدالمهدي كريم الجبورى، دور قناتي الحرة و الـ (BBC) الفضائيتين الناطقتين باللغة العربية في اثارة الوعي السياسي لدى طلبة الجامعات في الاردن و الامارات، رسالة ماجستير، الاردن، جامعة الباترا، كلية العلوم و الاداب، قسم الصحافة و الاعلام،٢٠١٤، ص٤٣.

١٣. وسام فاضل راضي و د.شريف سعيد حميد، الاعلام الاذاعي والتلفويوني العربي، بغداد، دار الكتب والوثائق، ٢٠١٤، ص١٢٨.

١٤. عادل خالد الكساسبة، تقييم الاعلاميين الاردنيين لتغطية فضائية الجزيرة لاحداث مصر ٢٠١١-٢٠١٤، الاردن، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام، ٢٠١٥، ص٢٦.

١٥. فيصل صبحي مصباح اسليم، سياسة قناة الجزيرة في صناعة الإعلام العربي ودورها في ثورات الربيع العربي، المجلة العربية لدراسة السياسات و البيئة، لمجلد ٨، ملحق العدد الرابع، أكتوبر ٢٠١٧، ص٨٣.

١٦. موضي البوعينين، تأثير السياسة الخارجية الأمريكية على سلوك قطر الخارجي، المجلة العلمية لكلية الدراسات الاقتصادية و العلوم السياسية، المجلد ٨، العدد ١٦، يوليو ٢٠٢٣، ص٧٠.

١٧. ماهر داود درعاوي، دور الاعلام الامريكي في صنع السياسة الخارجية الامريكية: قناة الحرة الامريكية انموذجا، رسالة ماجستير، فلسطين، جامعة بير زيت، ٢٠١١، ص١٠.

١٨. محمد حسام الدين إسماعيل، الاتجاهات الحديثة فى مجال الإعلام الدولى والدراسات الثقافية، المجلة العلمية لبحوث الصحافة، العدد١، ٢٠٢٥، ص٢٤.

١٩. محمود سفيان رياض قنيطة، دور الاداة الاعلامية في تنفيذ السياسة الخارجية الامريكية تجاه القضية الفلسطينية ٢٠٠٩-٢٠١٧م، رسالة ماجستير، كلية الاداب و العلوم الانسانية، فلسطين، جامعة الاقصى. ٢٠٢٠، ص٨٥.

.20 Vittoria Elliott, Russia-Backed Media Outlets Are Under Fire in the US—but Still Trusted Worldwide https://www.wired.com/story/russia-

backed-media-outlets-are-under-fire-in-the-us-but-still-trusted-worldwide/, SecuritySep 24, 2024.

٢١. عبد الله ثاني قدور، ماهية التدفق الإعلامي الدولي و تطورات خطاباته، الجزائر، قاعدة بيانات الملخصات العلميه، ٢٠٠١، ص١.

٢٢. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

- نعوم تشومسكى، السيطرة على الإعلام الانجازات الهائله لپروباجندا، ترجمه اميمه عبداللطيف، القاهره، مكتبة الشروق الدولية، ٢٠٠٣.

- برنارد لويس و إدوارد سعيد، الإسلام الأصولي في وسائل الإعلام الغربية من وجهة نظر امريكية، بيروت، دار الجيل، ٢٠٠٨.

٢٣. وسام فاضل راضي ، دور القنوات الفضائية الإخبارية في تشكيل الصورة الإعلامية والسياسية عن العراق، مجلة الباحث الاعلامي، مجلة فصلية محكمة، كلية الاعلام جامعة بغداد، العدد٥، ٢٠٠٨، ص ص٥-٦.

.24 Robert E Gutsche Jr, Media Control: News as an Institution of Power and Social Control, Bloomsbury Publishing plc, London، 2015, p25.

.25 Babasaheb Bhimrao, Role and Impact of Media on Society a Sociological Approach with Respect to Demonetisation, International Journal of Research in Humanities, Arts and Literature. 2017, p127.

٢٦. حيدر احمد علو القطبي، دور قناة الحرة في الدبلوماسية الشعبية الامريكية، رسالة ماجستير، كلية الاعلام جامعة بغداد، ٢٠٠٦، ص١٩.

٢٧. د. ثريا احمد البدوي، الجهود التسويقية للدبلوماسية العامة الامريكية عبر شبكات التواصل الاجتماعي: دراسة تحليلية لخطابات القائمين بالاتصال والمستخدمين، مجلة رؤى استراتيجية، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ص٩٣.

٢٨. محمود سفيان رياض قنيطة، دور الاداة الاعلامية في تنفيذ السياسة الخارجية الامريكية تجاه القضية الفلسطينية ٢٠٠٩-٢٠١٧م، رسالة ماجستير، كلية الاداب و العلوم الانسانية، فلسطين، جامعة الاقصى، ٢٠٢٠، ص٨٥.

٢٩. منيرة بودردابن، الدبلوماسية العامة للولايات المتحدة الأمريكية: دراسة في دور الوكالة الأمريكية للتنمية، المجلة الجزائرية للأمن والتنمية، ٢٠١٦ ، ص١٢٣.

٣٠. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي،بغداد، دار الكتب للطباعه والنشر، ١٩٩٣، ص ص٥٨-٥٩.

٣١. حنـان عبـد الوهـاب عبـد الحميـد القـاضي، الاسـتعمار الالـكتروني وعلاقتـه بابعـاد الاغتراب لـدي الشـباب الجامعـي بالتطبيـق علي اسـتخدامات شـبكات التواصـل الاجتماعـي، المجلـة المصريـة لبحـوث الاتصـال الجماهيـري، المجلـد٥، العـدد، ٢، ٢٠٢٣، ص ص٢٦٩-٢٧٠.

٣٢. عبيـر الرحبانـى، الإسـتعمار الإلـكتروني والإعلام، عمان، دار الاسـامة للـنشر والتوزيـع، ٢٠١٥، ص ص٧٦-٧٧.

٣٣. مفيـدة الطايـر، النظريـة النقديـة كبراديغـم لتحليـل الزوايـا القاتمـة في العولمـة الإعلاميـة، مجلـة العلـوم الاجتماعيـة والإنسـانية، الجزائـر، العـدد العـاشر، ٢٠١٥، ص١٢٢.

٣٤. ئیبراهیـم سـەعید، كـورد لـه بازنـەی دیبلۆماسـیەتی میللیـی دەوڵەتـە زلهێزەكانـدا، سـلێمانی، زنجیـرە بڵاوكراوەكانـی ناوەنـدی كوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەكان، ٢٠١٨، ل٧.

٣٥. ابراهيـم سـعيد فتـح اللـه، الخطـاب الاعلامـي في الاذاعـات الدوليـة الموجهـة للكـورد، اطروحـة دكتـوراه، جامعـة السـليمانية، كليـة العلـوم الانسـانية، قسـم الاعلام، ٢٠١٢، ص٣٠٠.

٣٦. حسـون جاسـم العبيـدي ، حـزب الـعمال الكردسـتاني (PKK) وازمـة الهويـة، مجلـة السياسـة و الدوليـة، العـراق، جامعـة المسـتنصرية، العـدد ١٧، ٢٠١٠، ص٣٥.

٣٧. حنـان عـزو بهنـان، قضيـة حـزب الـعمال الكردسـتاني وانعكاسـاتها على العلاقـات العراقيـة-التركيـة ٢٠٠٧ -١٩٨٤، مجلـة دراسـات إقليميـة، العـراق، جامعـة موصـل، السـنة ٥، العـدد ١٢، ٢٠٠٨، ل٩٩.

٣٨. حقـوق الإنسـان وحريـة التعـبير: المحـاكمات في إقليـم كردسـتان العـراق، بعثـة الامـم المتحـدة لمسـاعدة العـراق، مكتـب مفوضيـة الامـم المتحـدة السـامية لحقوق الانسـان – العـراق، بغـداد، ٢٠٢١.

٣٩. جائـزة فيلـدز العالميـة في الرياضيـات تُسرق مـن لاجـئ كـردي (٢-٨-٢٠٢٨)، https://www.bbc.com/arabic/science-and-tech-٤٥٠٤٠٦٣٤

٤٠. الكشف عن وجه امرأة «نياندرتال»، عمرها ٧٥ ألف عام، (٢-٥-٢٠٢٤).
https://www.bbc.com/arabic/articles/cq5nyy28lleo#

# دەستوور و میدیا

## ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی دەستوورشکێنی



د. حەسەن مستەفا
پسپۆڕ لە هزری دەستووری



**بەرایی**

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان حوکمڕانیی دەستووری و ناوەندەکانی میدیا و ڕای گشتییدا هەیە، دەستوور وەك پەیمانی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەل و دەسەڵات، ئامرازێکە بۆ بونیادنانی حوکمڕانی لەسەر بنەمای سەروەریی گەل و ڕێگەگرتن لە درووستبوونی دەسەڵاتی ستەمکار، لەم ڕوانگەیەوە؛ گەل مافی چاودێری و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری دەسەڵاتی هەیە، کە لە وێنە گەورەکەیەدا پارێزگارییە لەو پەیمانی کۆمەڵایەتییە، کە دەستوورە و لە هەناوی ئیرادەی گشتی خەڵکدا دێتە بوون. بۆیە ئەگەر بەڵگەنامە دەستوورییەکان ڕێگە لە دروستبوونی دەسەڵاتی ستەمکار بگرێت و پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکان بکات، ئایا کێ پارێزگاری لە دەستوور دەکات؟ لەم نێوەندەدا؛ میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و کارا؛ وەك بەرگریکاری پاراستنی پرەنسیپەکانی حوکمڕانیی دەستووری و ماف و ئازادییە بنچینییەکان دەردەکەون. لە سیستەمی دەستووری هاوچەرخدا، دەسەڵاتداران و پارتە سیاسییەکان بە جۆرێك کۆنترۆڵی دامەزراوە دەستوورییەکان دەکەن، کە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و بۆ مانەوە و درێژەدان بە دەسەڵاتیان بێت، بەجۆرێك دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی سەردەم؛ کۆنترۆڵی پەرلەمان و حکومەت و دادگاکان دەکەن، تەنانەت دەزگا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان وەگەڕ دەخەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری پاشەکشێی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەرتەسکبوونی ئازادی گشتییەکان. لە بەرانبەردا؛ لە سیستەمی دەستووریی وڵاتانی دیموکراسی و گەلی هۆشیاردا، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەر لە پاسەوانیی زێدەڕۆییەکانی دەسەڵات و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان لە ڕێگەی جووڵاندنی ڕای گشتی دەگێڕن

## دەروازە

یەکێـك لـە ئامانجـە بنچینەییـەکانی دەسـتوور و حوکمڕانیـی دەسـتووری، وێـڕای بەخشـینی ڕەوایـەتی بـە دەسـەڵات، بریتییـە لـە ڕێگەگرتـن لـە دروسـتبوونی دەسـەڵاتی ڕەهـا (لیڤایەسـان)، لـەم بارەیـەوە «جەیمـس مادیسـۆن» نووسـەری سـەرەکیی دەسـتووری ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمەریـکا، جەخـت لـە پێویسـتیی حوکمڕانیـی دەسـتووری بـۆ پارێزگاریکـردن لـە مـاف و ئازادییـەکان دەکاتـەوە، چونکـە لـە دیـدی ئـەودا: «ئەگـەر مرۆڤـەکان فریشـتە بوونایـە، هیـچ حکومـەت و دەسـتوورێکیان پێویسـت نەدەبـوو. ئەگـەر فریشـتەکان حوکمـی مرۆڤیـان بکردبایـە، هیـچ جـۆرە چاودێرییـەکی نـاوەکی و دەرەکی لـە سـەر حکومـەت پێویسـت نەدەبـوو»(١). بـەڵام زۆر جـار کێشـەی دیزاینـی دەسـتووری و حکومـەتی دەسـتووری لـەوەدا دەردەکەوێـت کاتێـك دەسـەڵات و حکومـەت بـە جۆرێـک بەهێـز دەبێـت، کـە دەبێتـە هەڕەشـە و مەتـرسی بـۆ سـەر مـاف و ئازادییـەکانی هاوڵاتییـان، بۆیـە لێـرەدا دەسـتووری مۆدێـرن لـە بەرانبـەر دەسـەڵاتی ڕەهـای لیڤایەسـان دەوەسـتێتەوە کـە مادیسـۆن لـە ژێـر کاریگـەری و خوێندنـەوەی «تۆمـاس هۆبـز»دا تیۆریـزەی دەکات و بـە گەڕانـەوە بـۆ «مۆنتسـکیۆ» پێشـنیازی پرەنسـیپی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان و پشـکنین و هاوسـەنگی دەکات، تاوەکـوو دەسـەڵاتی ڕەهـا لـە چنگـی کەسـێک یاخـود دامەزراوەیەکـدا کـۆ نەبێتـەوە، بەڵکـوو دەسـەڵاتەکان بەسـەر یاسـادانان (پەرلەمـان)، ڕاپەرانـدن (حکومـەت) و دادوەریـدا دابـەش بکرێـت و چاودێریـی یـەکتر بکـەن و هاسـەنگیی هێـز لـە باڵادەسـتبوونی بەسـەر یـەکتردا بپارێـزن. لـەم ڕوانگەیـەوە، میدیـا و ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدن وەکـوو دەسـەڵاتی چـوارەم و چـاوی سـێیەم لـە دەرەوەی هەرسـێ دەسـەڵاتە دەسـتوورییەکە؛ ڕۆڵـی چاودێـری بەسـەر دەسـەڵات و دامـەزراوەکانی دەوڵـەت و ئەکتـەرە سیاسـییەکاندا دەگێـڕن

لـە نەریتـی کلاسـیکی ڕۆمانـدا گوزارشـتێکی بەناوبانـگ هەیـە کـە لـە دیالۆگـی کۆمـاری ئەفلاتوونـەوە وەرگیراوە، گوزارشـتەکە ئەوەیـە: «کـێ پاسـەوانی لـە پاسـەوانەکان دەکات» (Who guards the guardians)، ئـەم

دەربڕینە لە لایەن سکۆلەرانی هزری دەستووری بۆ ناو تیۆری دەستووری هاوچەرخ گوازراوەتەوە، بە جۆرێک ئەگەر دەستوور پاسەوانی لە دروستبوونی دەسەڵاتی ڕەها و گەرەنتیی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان دەکات، ئەی کێ پاسەوانی لە دەستوور دەکات؟ چونکە یەکێک لە کێشە و بەربەستەکانی بەردەم دەستوورە هاوچەرخەکان بریتییە لە چۆنیەتیی جێبەجێکردن و پاسەوانیکردن لە بنەماکانی حوکمڕانیی دەستووری. بۆ ئەم مەبەستە، توێژەرانی بواری هزری دەستووری کۆمەڵێک ئامرازی یاسایی و واقیعی وەک گەرەنتیی پاسەوانیکردنی لە دەستوور دەخەنە بەر باس، لە گرنگترین گەرەنتییە یاساییەکان بریتین لە سەربەخۆیی و کارابوونی دادگای دەستووری، هەروەها چاودێریی پەرلەمان لە سەر کارەکانی حکومەت، بەڵام کاتێک پەرلەمان و دادگاکان دەبنە دوو ئامراز بە دەستی دەسەڵات بۆ دەستخستنی بەرژەوەندیی تایبەتیی حیزب و کەس و بنەماڵەکان، ئەوا ئامرازە واقیعییەکان کاریگەرییان دەبێت بۆ بەرگریکردن لە دەستوور و حوکمڕانیی دەستووری. یەکێک لەو ئامرازانەی بەرگری و پاسەوانیکردن لە ماف و ئازادییە دەستوورییەکان، بریتییە لە ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتی و کاریگەریدانان لە سەر دەسەڵاتە دەستوورییەکانی وەکوو پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی دادوەری. بۆ ئەم مەبەستە دەستوورە هاوچەرخەکان دەستەبەری ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و گردبوونەوە و دروستکردنی ڕای گشتی دەکەن، تاوەکوو ببنە فاکتەرێک بۆ پارێزگاری و پاسەوانیکردن لە ماف و ئازادییەکان و پرەنسیپەکانی دەستووری. لە بەستێنی سیستەمە دەستوورە دیموکراسییەکاندا، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕادەبڕین و گردبوونەوە و یاخیبوونی مەدەنی دژ بە دەسەڵاتی ستەمکار و سەرپێچیکاری پەیمانی کۆمەڵایەتی (دەستوور) ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن، تەنانەت زۆر جار کارابوون و سەربەخۆبوونی دەزگاکانی میدیایی و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە هۆکاری گۆڕینی ڕژێم و دەسەڵاتداران و هەموارکردنەوەی دەستوورەکان، تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی یاسا و ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی دادگاکانی ئاسایی و دەستووری

## تەوەری یەکەم:

## ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی و حوکمڕانیی دەستووری

زانستی ڕۆژنامەگەری (جۆرنالیزم) کە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بە گشت جۆر و شێوەکانی دەگرێتەوە، پێناسەکردنی لە چوارچێوەیەکی یەکڕاو و هاوڕا کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش بۆ ئاڵۆزیی چەمکەکە و هاتنەکایەی میدیای ئەلکترۆنی و لەخۆگرتنی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. پسپۆڕان پێناسەی ناوەندەکانی میدیا دەکەن بەوەی بریتییە لە هونەری کۆکردنەوە و نووسین و بڵاوکردنەوەی هەواڵ، لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و میدیای ئەلکترۆنییەوە، بۆ ئاگادارکردنەوە و پەروەردەکردنی جەماوەر[٢]. ئەم ناساندنانەی میدیا تیشک دەخاتە سەر سروشتی فرەلایەنی ڕۆژنامەگەری و میدیا، ئاگادارکردنەوەی جەماوەر و داڕشتنی گوتاری کۆمەڵایەتی و کاریگەری لە سەر ژیانی سیاسی و کولتووری.

میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بە تەنها پردی گەیاندنی دەنگی هاوڵاتییان بە دەسەڵات نین، یاخود ئەرکەکەی بە تەنیا لە دروستکردنی چیرۆک و گەیاندنی زانیاری بە جەماوەر کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو ئەرکەکەی بۆ بەرگریکردن لە بنەماکانی حوکمڕانیی دەستووری، بە تایبەتی ماف و ئازادییەکان، شەفافیەتی کارگێڕی و دارایی درێژ دەبێتەوە، جا بەرگری و پاسەوانیکردنەکە چ لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی نووسراوەوە و بیستراوە و بینراوە بێت یاخود لە ڕێگەی پلاتفۆرمە ئەلکترۆنییەکانەوە بێت. زۆر جار ناوەندەکانی میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم و چاوی سێیەم وێنا دەکرێن، کە ئاماژەن بۆ دەسەڵاتێکی سەربەخۆی کارا و چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەی دەوڵەتەوە. ئەگەرچی ئەم ئامرازە لە چوارچێوەی بەڵگەنامەی دەستووریدا وەک دەسەڵاتی چوارەم پێناسە نەکراون، بەڵام ئەمە لە پێگە و ڕۆڵیان لە جووڵاندنی ڕای گشتی و کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی گشتی و سیاسەتی یاسادانان و پردی پەیوەندی لە گەیاندنی دەنگی هاوڵاتیان بە دەسەڵاتە دەستوورییەکان؛ کەم ناکاتەوە[٣].

بە گوێرەی توێژینەوەیەکی بانکی جیهانی بۆ پەرەپێدانی حوکمڕانی، ڕای

گشتی و فەزای گشتی (Public Sphere) دوو لە کاریگەرترین ئامرازن بۆ گەیشتن بە حکومەتێکی وەڵامدەرەوە (Responsive)، بۆیە لە چوارچێوەی پرۆسەی حوکمڕانیی دەستووریدا، ڕای گشتی وەک یەکێک لە گەرەنتی و ئامرازە کاریگەرەکانی دژ بە سەرپێچییەکانی دەستووری و ستەمکارییەکانی دەسەڵات دەردەکەوێت. بەم جۆرە، دەکرێت ڕای گشتی بە تێڕوانینی هاوڵاتییان لە سەر پرسێکی گشتی بناسێنرێت، دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دەخرێتە ڕوو. لە هەمان کاتدا، فەزای گشتیی دیموکراسی بریتییە لە پەیوەندیی دەوڵەت و هاوڵاتییانی ئازاد، کە بۆ هاوبەشکردنی زانیاری و گفتوگۆکردن لە سەر نیگەرانییە هاوبەشەکان کۆ دەبنەوە[٤]

چەمکی ڕای گشتی؛ چەمکێکی فرەواتا و فرەڕەهەندە، بۆیە هەر پسپۆڕێک لە دیدگا و تێگەیشتنی جیاوازەوە ناساندنی بۆ دەکات. سکۆلەری بەریتانی «مارک بیڤەر» (Mark Bevir) لە ئینسایکلۆپیدیای حوکمڕانیدا پێناسەی ڕای گشتی بەوە دەخاتە ڕوو، کە بریتییە لەو بیروباوەڕ و هەڵوێستانەی کە لەناو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا زاڵ دەبن، یاخود کۆکردنەوەی بۆچوونە تاکەکەسییەکانە کە هەماهەنگییەکی ڕێکخراوی ناوخۆییان لە نێوانیاندا نییە[٥]. هەندێکی تر چەمکی ڕای گشتی وەک چاوی گشتی (Public Eye) وێنا دەکەن، کە گوزارشتە لە کۆدەنگی و دونیابینیی دەستەجەمعی و دروستکردنی کاریگەری لە سەر حکومەت، ئەمەش جۆرێکە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لە ڕێگەی ناوەندەکانی میدیاوە بەگەڕ دەخرێت[٦]. لە ڕووی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە هەندێک لە توێژەران لەو بڕوایەدان کە ڕای گشتی بریتییە لە حوکمی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵگەیەکی بەئاگا و هۆشیار لە بارەی بابەتێک کە گرنگیی گشتیی هەیە، ئەم ئاگایی و هۆشیارییە بە شێوەیەکی ئاشکرا و دوای گفتوگۆکردن گوزارشتی لێ دەکرێت[٧].

ڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدانی چەمکی ڕای گشتی (publicus) بۆ میراتی سیاسیی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا شێوەیەک بوو لە گوزارشتی بەرژەوەندیی هاوبەش و چاکەی گشتیی هاووڵاتییان، دواتر ئەم چەمکە لە ناو تیۆرەکانی دیموکراسیی لیبراڵی سەدەی هەژدەیەمدا گەشە

دەكات. لە سەرەتای بەكارهێنانیدا زۆر جار بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەواژەی ‹‹ئیرادەی هاوبەش›› و ‹‹ویژدانی گشتی›› گوزارشتی لێ دەكرا، تاكوو ئەو كاتەی ئەم چەمكە لە كارەكانی فەیلەسووفانی فێرگەی ‹‹سوودگەرایی›› (Utilitarian) لە لایەن هەریەكە لە جۆن ستیوارت میل (Stuart Mill)، بینتام (Bentham) كە بانگەشەیان بۆ ئازادیی ڕادەبڕین دەكرد؛ جێگەی خۆی گرت. كاتێك جەختیان لەوە كردەوە چاكەی بەكۆمەڵ تەنیا لەو كاتەدا دەتوانرێت بەدی بهێنرێت؛ كاتێك تاكەكان لە ئاڵوگۆڕە كێبڕكێیەكاندا كارلێك بكەن و بە كەمترین دەستتێوەردانی دەوڵەت بەدوای سوودەكانیاندا بگەڕێن[٨].

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ڕای گشتی بریتییە لە گوزارشتی ویست و خواستی كۆمەڵێك كەس لە بارەی پرسێك یاخود كەیسێكی دیاریكراوی ناوخۆیی یاخود نێودەوڵەتی، كە كاریگەریی لە سەر سیاسەتی كاركردن و بڕیاردانی دەزگا و دەسەڵاتەكانی دەوڵەت دەبێت. پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان ڕای گشتی و دەستووردا هەیە، دەستووری وڵاتان كۆمەڵێك ئامراز دەستەبەر دەكەن كە بە هۆیەوە هاوڵاتییان گوزراشت لە بۆچوونەكانیان و پەیرەویكردن لە ئازادییەكانیان دەكەن. لە هەمان كاتدا، زۆر جار دەسەڵاتی یاسادانان دەكەوێتە ژێر فشاری ڕای گشتی لە دەركردن یاخود دەرنەكردنی یاسایەك كە پێچەوانەی دەستوور و خواستی گشتییە، یان كردەوەیەكی حكومەت كە ببێتە هۆی دەستوورشكێنی، ڕای گشتی بەدوای خۆیدا دێنێت، یانیش  زۆر جار دادگاكانی دەستووری لە ژێر كاریگەری و فشاری ڕای گشتی لە بڕیارەكانیان پاشگەز (عدول) دەبنەوە

لە سیستمی دیموكراسیی ویلاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، ڕای گشتی یەكێكە لە چەكە كاریگەرەكان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەكاندا كە زۆر جار بووەتە هۆی فشار دروستكردن و گۆڕینی هەڵوێست و بڕیار و تەنانەت هەمواری دەستووریش، بۆ نموونە: لە كەیسی ‹‹درێد سكۆت دژی ساندفۆرد›› لە ساڵی ١٨٥٧دا، دادگای باڵای فیدراڵیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بڕیارێكی سەبارەت بە ئەمەریكییە ئەفەریقییەكان دەركرد. لە بڕیارەكەدا

ئـەوانی بـە هاوڵاتـی هەژمـار نەکـرد و تەنانـەت لـەو مافـەش بێبەشـی کـردن کـە بتوانـن لـە دادگا سـکاڵا تۆمـار بکـەن. ئـەم بڕیـارە کاردانـەوەی ڕای گشـتیی دەوڵەتەکانـی باکـوور و لایەنگرانـی دژەکۆیلایەتیـی لـێ کەوتـەوە. بـە هـۆی فشـاری کاردانـەوەکان و هەڵویسـتی نەرێنیـی ڕای گشـتی، بڕیارەکـەی دادگا گرژییەکـەی توندتـر کـرد کـە دواتـر شـەڕی ناوخـۆی لـێ کەوتـەوە. لـە دەرئەنجامـی شـەڕی ناوخۆیـی و پەسـەندکردنی هەمـواری (١٣ و ١٤)ی دەسـتوور، بڕیارەکـەی پێچەوانـە کـردەوە. بۆیـە لـە سـەر بنەمـای ڕای گشـتی، دادگا بڕیـاری دا مافـی هاوڵاتیبـوون بـە هەمـوو ئـەو کەسـانە ببەخشـێت کـە لـە ئەمەریـکا لەدایـک بـوون، بـە بـێ لەبەرچاوگرتنـی ڕەگـەز و ڕەسـەنایەتی[٩].

هەروەهـا لـە کـەیسی قەدەغەکـردنی بەرهەمهێنـان و کڕیـن و فرۆشـتنی مـاددە کحولییـەکان (prohibited of alcohol)، کـە بـە کـەیسی «هەموارکردنـی هەژدەیـەم و بیسـت و یەکـەم» نـاو دەبرێـت، ڕای گشـتی ڕۆڵـی کاریگـەری لـەم نێوەنـدا بینـی. کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٢٠ بڕیـار درا بـە هەمـواری هەژدەیەمـی دەسـتوور، بـە هۆیـەوە بەرهەمهێنـان و فـرۆشتن و گواسـتنەوەی مـاددە کحولییـەکان قەدەغـە کرا. سـەرەتا لـە لایـەن بزووتنـەوەی میانـڕەوەکان و تەنانـەت خەڵکیشـەوە داکـۆکی لـەم هەمـوارە کـرا، بـەڵام دواتـر سـەرهەڵدانی تاوانـی ڕێکخـراو و بـازاڕی نایاسـایی مـاددە کحولییـەکان بـووە هـۆی پاشـگەزبوونەوە لـە سـەر هەموارکردنەوەکـە، بۆیـە ڕای گشـتی دژی قەدەغەکردنەکـە هەڵگەڕایـەوە و بـوو بـە هـۆی هەمـواری بیسـت و یەکەمیـن لـە سـاڵی ١٩٣٣ کـە هەمـواری هەژدەیەمـی هەڵوەشـاندەوە، ئەمـەش نموونەیەکـی دەگمەنـی پاشـگەزبوونەوەی هەمـواری دەسـتوورە لـە ژێـر فشـاری ڕای گشـتی[١٠].

بـە شـێوەیەکی گشـتی جووڵانـدنی ڕای گشـتی لـە بـواری سیاسـی و یاسـاییدا لـە ژێـر کاریگەریـی کۆمەڵێـک ئامـراز و میکانیزمدایـە. گرنگتریـن ئامـرازەکانی دروسـتکردنی ڕای گشـتییش بریـتین لـە: پـارتی سـیاسی، گرووپـەکانی فشـار، ناوەنـدەکانی میدیـای (بـینراو، بیـستراو، چاپکـراو و ئەلـکترۆنی)، دامـەزراوەکانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی سیستمی دەستووری ئەمەریکادا

ناوەنـــدەکانی میدیـا بـە گشـت شـێوەکانیەوە ڕۆڵـی کاریگەریـان لـە سـەر دەسـەڵاتە دەسـتوورییەکان و گەشـەپێدانی دیموکـراسی هەیـە. لـە بـارەی پێگـە و گرنگییـان؛ «تۆمـاس جێفرسـۆن» سـێیەمین سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمەریـکا، لـە گوزارشـتێکی بەناوبانگیـدا ئـەوەی خسـتووەتە ڕوو: «ئەگـەر لـە هەڵبـژاردنی نێـوان حکومەتـێکی بـێ ڕۆژنامەگـەری یـان ڕۆژنامەگەریـی بـێ حکومـەت سەرپشـک بکرێـم، بێگومـان ئـەوەی دووەمیـان هەڵدەبژێـرم[11].» هـەر بۆیـە دەسـتووری ئەمەریـکا سـاڵی ١٧٨٧ لـە هەمـواری یەکەمـدا پێگەیـەکی تایبـەتی بـۆ فـەزای گشـتی و دەبڕینـی ڕای گشـتی لە ڕێگـەی ئازادیـی ڕۆژنامەگەری و ناوەنـدەکانی میدیـادا بەخشـیوە. هـەروەک لـە دەقـی هەمـواری یەکەمـی (١٥-١٢-١٧٩١)دا هاتـووە: «کۆنگرێـس ئـەم بابەتانـە بـە یاسـا قەدەغـە نـاکات... سـنووردارکردنی ئازادیـی ڕادەربڕیـن و چاپەمەنـی، مافـی گـەل بـۆ کۆبوونـەوەی ئـارام و سـکاڵا تۆمارکـردن لـە دژی حکومـەت بـۆ قەرەبووکردنەوەیـان». ئەمـە دەقـێکی فراوانـە بـۆ بەخشـینی مـافی دابینکـردنی ئازادیـی میدیایـی بـە گشـت شـێوە و جـۆرەکانی، کـە ببێتـە هـۆی پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەکانی تـاک لـە لایەک و بەرگریکـردن لـە بنەمـاکانی دەسـتوور

دادگای بـاڵای فیدراڵیـی ئەمەریـکا لـە چەنـد کەیسـدا ئازادیـی ڕادەربڕیـن و ئازادیـی ڕۆژنامەگەریـی هاوتەریـب کـردوون، بـۆ نموونـە: لە دۆسـیەی «ئەسۆشـێتد پرێـس دژ بـە دەسـتەی نیشـتمانیی پەیوەندییەکانـی کار» ( Associated Press v. NLRB)، لـە سـاڵی ١٩٧٨، ئـەوەی خسـتووەتە ڕوو کـە دامـەزراوەکانی میدیـا شایسـتەی ئازادیـی بەرفـراوانترن، تەنانـەت لـە ئازادیـی گـرووپ و ڕێکخـراوە نامیدیاییـەکان. دادوەر «پۆتـەر سـتیوارت» (Potter Stewart) لـە بۆچوونێکیـدا ئـەوەی خسـتە ڕوو، مەبەسـت لـە هەمـواری یەکەمـی دەسـتوور دەسـتەبەرکردنی ئازادیـی ڕادەربڕیـن و ئازادیـی ڕۆژنامەگـەری، کارێکی دەسـتووریی بـە ڕێکـەوت نییـە، بەڵکـوو دانپێدانانـە بـە ڕۆڵـی گرنگـی میدیایـی لـە کۆمەڵگـەی ئەمەریکیـدا. هـەر بۆیـە زۆرینـەی بۆچوونـەکان گەیشـتنە ئـەو ئەنجامـەی کـە هەمـواری یەکەمـی

دەستوور مافی بەندکردنی ڕۆژنامەنووسانی بە دادگا و حکومەت نەداوە، ئەمەش گەرەنتییەکە بۆ سەربەخۆبوونی ناوەندەکانی میدیا بە گشت جۆرەکانییەوە تاوەکوو بتوانن ئازادانە چاودێریی حکومەت بکەن[١٢].

یەکێکی تر لە دۆسیە بەناوبانگەکانی ڕۆڵی میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە چاودێریکردنی حکومەت و هێنانەدیی شەفافیەت و بەرگری لە دەستوور، بریتییە لە دۆسیەی کۆمپانیای نیویۆرک تایمز دژی ئەمەریکا (New York Times Co. v. United States) لە ساڵی ١٩٧١، کە بە شێوەیەکی گشتی بە دۆسیەی پێنتاگۆن پێپەرز (The Pentagon Papers Case) ناسراوە. ئەم دۆسیەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی میدیا لە بەرزڕاگرتنی هەمواری یەکەم و بەرگریکردنی دادگا لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە بەرانبەر هەوڵەکانی حکومەت بۆ سنووردارکردن و سانسۆرکردنی ئازادیی ڕادەبڕین و ڕۆژنامەگەری

ناوەڕۆکی کەیسەکە بە جۆرێک بوو ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆست بەڵگەنامەی نهێنییان دەست کەوت، کە بە بەڵگەکانی پێنتاگۆن ناسرابوون. ئەم بەڵگەنامانە وردەکارییەکانی دەستوەردانی سەربازیی حکومەتی ئەمەریکایان لە ڤێتنامدا خستووەتە ڕوو. ئەم بەڵگەنامانە دەریانخست کە حکومەتی ئەمەریکا خەڵکی بەلاڕێدا بردووە سەبارەت بە ڕادە و سروشتی ڕۆڵی ئەمەریکا لە جەنگی ڤێتنامدا. ئیدارەی ڕیچارد نیکسۆن (Richard Nixon) کە سی و شەشەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٦٩) بوو، هەوڵی دا ڕێگری لە ڕۆژنامەکان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگانە بکات بە ئاماژەدان بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، کاتێک ئاماژەی بەوە دا بڵاوکردنەوە زیانێکی قەرەبوونەکراو بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەیەنێت. دادگای باڵای فیدراڵیی ئەمەریکا بە بڕیاری (٦-٣)، دۆسیەکەی لە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەکانی «نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆست» یەکلا کردەوە و ڕێگەی پێ دان بەردەوام بن لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان. دادگا ئەوەی خستە ڕوو حکومەت ئەو بارگرانییە قورسەی سەلماندنی لە ئەستۆدایە بۆ پاساوهێنانەوە، لە هەمان کاتدا هەموارکردنی یەکەمی دەستوور بە توندی ئازادیی ڕۆژنامەگەری

دەپارێزێت[١٣].

لە هەمان کەیسدا ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی لە سەرکۆنەکردنی هەوڵەکانی دەستوورشکێنی و سەرپێچیکردنی یاسا لە لایەن «ڕیچارد نیکسۆن»ەوە، لەژێر فشاری ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی، دووچاری لێپرسینەوەی یاساشکێنی بووەوە (Watergate Scandal)، کە سەرەنجام دەستپێکێشانەوەی لە پۆستەکەیدا لێ کەوتەوە، کە ئەمە یەکەمین نموونەی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەمەریکایە پێش تەواوبوونی ماوەکەی[١٤].

لە ئەنجامدا بڕیارەکەی دادگا جەختی لەسەر ڕۆڵی گرنگی میدیا لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا کردەوە، بە تایبەتی لە لێپرسینەوە لە حکومەت. لە بڕیارەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە میدیاکان وەک پشکنینێک بۆ دەسەڵاتی حکومەت لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی خەڵکەوە کار دەکەن، تەنانەت کاتێک حکومەت هەوڵی سەرکوتکردنی زانیاری دەدات، دادگا بەرگری لە مافی ئازادیی میدیایی بۆ ئاشکراکردنی هەوڵە چەواشەکارییەکانی حکومەت کرد. ئەم بڕیارە ڕۆڵی میدیای وەک پارێزەری بەهاکانی دیموکراسی و حوکمڕانیی دەستووری بەهێزتر کرد

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی سیستمی دەستووریی فەڕەنسادا

لە سیستمی دەستووریی فەڕەنسادا، ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری (la liberté de la presse) ڕۆڵ و پێگەیەکی دیار و کاریگەری لە دروستکردنی ڕای گشتی و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت هەیە. شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی ١٧٨٩ لە دەرەنجامی نەبوونی ئازادی و لە ژێر فشار و کاریگەریی ڕای گشتیی جەماوەر سەری هەڵدا، بۆیە لە چوارچێوەی سیستمی دەستووریی ئەم وڵاتەدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی یاسایی گرنگ؛ گەرەنتیی پەیڕەویکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و نووسین لە ڕێگەی ئامراز و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکەن. لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەش: مادەی (١١)ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیی ٢٦ی ئابی ١٧٨٩، کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە بلۆکی

دەستووری فەڕەنسا[١٥]، مادەی (١٩)ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨، مادەی (١٠)ی ڕێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٠، دواتر بە یاسای ٢٩ی تەمموزی ١٨٨١ ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە فەڕەنسا ناساندنی تایبەتی پێ درا. وێڕای بوونی چوارچێوەی دەستووری بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە، هاوکات دادگای ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگ لە فراوانکردنی پانتایی ئازادییەکان و چاودێریی دەسەڵات و بەرگری لە دەستوور دەگێڕن[١٦].

لە فەڕەنسا چەندین کەیسی پاراستن و بەرگریکردن لە بنەماکانی حوکمڕانیی دەستووری بوونیان هەیە، بۆ نموونە: ئەنجوومەنی دەستووری لە ژێر فشاری جەماوەر و میدیادا، لە ساڵی ٢٠٠٩دا چەند بڕگەیەکی لە یاسای بەرەودان بە بڵاوکردنەوە و پاراستنی داهێنان لە ئینتەرنێتدا هەڵوەشاندەوە[١٧]. بڕیارەکە جەختی لە سەر پاراستنی مافە بنچینەییەکان و سنووردارکردنی سەپاندنی یاسا کردەوە. ئەم بڕیارە دەیسەلمێنێت کە چۆن میدیا و گفتوگۆی گشتی دەتوانن ببنە هۆی بەرگریکردن لە مافە دەستوورییەکان. ئەنجوومەنی دەستووری بە لەبەرچاوگرتنی بڕگەی (١١) لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیی ساڵی ١٧٨٩، جەختی لەوە کردەوە کە گەیاندنی ئازادیی بیروڕا یەکێکە لە بەنرخترین مافەکانی مرۆڤ، بۆیە هەموو هاوڵاتییەک دەتوانێت قسە بکات و بنووسێت، چاپکردنی ئازادانە بڵاو بکاتەوە، جگە لە حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی ئەم ئازادییە لەو حاڵەتانەی کە یاسا دیاریی دەکات. لە دۆخی ئێستادا ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی بەربڵاوی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیی ئینتەرنێتی گشتی، گرنگیی ئەو خزمەتگوزارییانە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی دیموکراسی و دەربڕینی بیروڕاکاندا، ئەم مافە مانای دەستگەیشتنی ئازادییە بەو خزمەتگوزارییانە. بۆیە یاسای هەڵوەشاوە ناهاوسەنگی لە نێوان پاراستنی مافی چاپ و مافی ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت دروست دەکات. ئەو ئامانجەی یاسادانەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پێویستی بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاوڵاتییان و دامەزراندنی کۆنترۆڵی گشتی لە سەر پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان، ئەمەش بە پێچەوانەی مەرجە دەستوورییەکانی مافی ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتییە[١٨].

## تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی سیستمی دەستووری عێراقدا

سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، مادەی (٣٨)ی دەستوور گەرەنتیی ماف و ئازادیی ڕادەبڕین و دروستکردنی ڕای گشتی لە ڕێگەی میدیای چاپکراو و بیستراو و بڵاوکراوەکانی دیکە کردووە، ئەمە جگە لە ڕەخساندنی ئازادیی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە لە چوارچێوەی یاسا و ئادابی گشتی[١٩]. سەبارەت بە ئازادییەکانی بیروڕادەربڕین لە ڕێگەی ناوەندەکانی میدیای بینراو و بیسترا و چاپکراو، ئازادیی پێکهێنانی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتییانە، دەستووری کۆماری عێراقی ٢٠٠٥ لە مادەی (٣٨)دا، ئەو ئازادییانەی بە جۆرێک دەستەبەر کردوون کە پێچەوانەی سیستمی گشتی و ئادابی گشتی (نظام العام والاداب العام) نەبێت و شێوازی پەیڕەویکردنی بە یاسایەکی تایبەت گرێ داوە کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت[٢٠].

بە گوێرەی بۆچوونی ئێمە، ئەم شێوازەی ڕێکخستنی دەستووری جۆرێک لە سنووردارکردنی ئازادییەکان لەخۆ دەگرێت کە گریمانەی ئەوە لێ دەکرێت دەسەڵاتی یاسادانان بە پاساوی سیستم و ئادابی گشتی؛ دەست بۆ سانسۆر و سنووردارکردنی ئەم ئازادییانە ببات، چونکە چەمکی سیستمی گشتی و ئادابی گشتی دوو چەمکن ڕاجیایی فیقهی لە سەرە و هەڵگری شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازن و چوارچێوەکەیان ناڕوونە، بۆیە ئەم چەمکە پاساو بە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەدات کە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیستم و ئادابی گشتی لە ڕێگەی یاسا و ڕێنماییەوە پێشێلی مافە بنەڕەتییەکان بکەن. لەم بارەیەوە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق لە بڕیارێکی مەترسیداردا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە ئەگەر بێتوو لە یاسادا پرسی سیستمی گشتی و ئادابی گشتی ناڕوون بوو، ئەوا ئەرکی دادگایە بە گوێرەی کات و شوێن بڕیار لە سەر ماهیەتی سیستمی گشتی و ئادابی گشتی بدات[٢١]. بە گوێرەی تێگەیشتنی ئێمە، ئەم بڕیارە دەبێتە

هــۆی ئــەوەی کــە مانــای چەمکەکــە لــە دادوەرێکــەوە بــۆ دادوەرێــک، لــە شــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکی تــر، لــە زەمەنێکــەوە بــۆ زەمنــێکی تــر بگۆڕێــت. لــە لایەکــی دیکــەوە، ئــەم بڕیــارەی دادگا و مــادەی (٣٥)ی دەســتووری کۆمــاری فیدراڵیــی عێــراق لەگــەڵ مــادەی (٤٦)ی دەســتوورەکە ناکۆکــە، چونکــە لــە مــادەی (٤٦)دا جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە: «جێبەجێکــردنی هــەر یەکێــک لــەو مــاف و ئازادییانــەی لــەم دەســتوورەدا هاتــوون؛ نابێــت ســنووردار بکرێن تەنهــا بــە یاســا یــان بــە پشــتبەستن بە دەقــی یاســایی نەبێــت، بە مەرجێــک ئەو ســنووردارکردن و دیاریکردنــە کــرۆکی مــاف و ئازادییــەکان نەشــێوێنێت»[٢٢]. ئــەم مــادەی دەســتوور لــە ڕووی زمــانی داڕشــتنی دەســتوورییەوە لێــڵ و ناڕوونــە، چونکــە بــە دەســتەواژەی «لا یکــون» دەســت پــێ دەکات، لــە کاتێکــدا گونجاوتــر بــوو بــە دەســتەواژەی «لا یجــوز» دەســتی پــێ کردبــا، چونکــە ســیفەتی ڕێگریــی تــەواوەتی (مانعــا) لــە ســنووردارکردنی مــاف و ئازادییــەکان دەبــوو. لــە ڕوانگەیــەکی دیکــەوە ســنووردارکردنی مافــەکانی بــە یاســا گــرێ داوە (إلا بقانــون)، کــە لــە لایــەن دەســەڵاتی یاســادانانەوە دەردەچێــت، بــەڵام لــە هەمــان کاتــدا لــە ڕێگــەی دەســتەواژەی «أو بنــاء علیــە» مــافی داوەتــە دەســەڵاتی جێبەجێکــردن کــە لــە ڕێــگای ڕێنماییــەوە ئــەم مــاف و ئازادییانــە ســنووردار بــکات، بــە تایبــەتی بــە پاســاوی پێویســتی (ضرورة) بــۆ پاراســتنی سیســتم و ئــادابی گشــتی. بۆیــە ئــەم مادەیــە لەگــەڵ نــاوەرۆکی مــادەی «٢٠ - یەکــەم - ج» هــاودژە کــە تیایــدا هاتــووە: «نابێــت یاســایەک دابنرێــت کــە لەگــەڵ ئــەو مــاف و ئازادییــە بنەڕەتیانــەی کــە لــەم دەســتورەدا هاتــوون، ناکــۆک و ناتەبــا بێــت»

بــە شــێوەیەکی گشــتی میدیــای ئــازاد و ســەربەخۆ؛ بنچینــەی ســەرەکیی گەشــەی دیموکراســین، بــە پێچەوانەشــەوە دەشــێت میدیــا و ناوەندەکانــی ڕاگەیانــدن ببنــە فاکتــەری پاشەکشــەی دیموکراســی، چونکە گەشەســەندنی دیموکراســی و حوکمڕانیی بــاش تــا ئــەو کاتــە بەردەوامیــی دەبێــت کــە کۆمەڵگــە هۆشــیاریی سیاســیی هەبێت و میدیــا و دامــەزراوە مەدەنییــەکان ســەربەخۆیی خۆیــان بپارێــزن و نەبنــە پاشــکۆی پــارت و لایەنــە سیاســییەکان و ئازادانــە گوزارشــت لــە ڕای گشــتیی خەڵــک بکــەن

## تەوەری پێنجەم: ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان

دوای تێپەڕبوونی سی و ساڵ بەسەر حوکمی دیفاکتۆی بەرەی کوردستانی و بونیادنانی سیستمی پەرلەمانیی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، دواتر ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥، دەسەڵاتی سیاسیی کوردی نەیتوانی قۆناغی دەسەڵاتی نەریتی و حوکمی پارتۆکراسی بۆ قۆناغی حوکمڕانیی دەستووری و دامەزراوەیی تێپەڕ بکات. وەک ئەوەی سکۆلەری ئەمەریکی «بروس ئاکەرمان» لە پەرتووکی «ساتە دەستوورییەکان»دا ئاماژەی پێ دەکات، گواستنەوەی دەسەڵات لە قۆناغی حوکمی نەریتی و کەسییەوە بۆ حوکمی دەستووری دامەزراوەیی؛ ساتێکی مێژوویی گرنگە بۆ نەتەوەکان، بە تایبەتی لە ڕووی گەشەسەندنی دامەزراوە دەستوورییەکان و پەروەردەکردنی کولتووری دیموکراسی.

وێڕای نەبوونی دەستوورێک بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەخشینی بەهای باڵای دەستووری بە ماف و ئازادییەکان، بە تایبەتی ئازادیی میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و کاراکردنی ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕای گشتی لە سەر پرسە سیاسی و ئابووری و جڤاتییەکان، هاوکات یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەریی کردووە، بەڵام کێشەی گەورەی بەردەم ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی تەنها بە دەرکردنی یاسا چارەسەر نابێت، چونکە زۆر جار یاسا دەبێتە ئامرازێک لە دەستی ئەکتەرە سیاسی و پارتەکان بۆ بێبەشکردنی هاوڵاتییان لە ماف و ئازادییەکان، بەڵکوو بۆ دەستەبەری ئازادیی میدیایی، پێویستە ئیرادەیەکی سیاسیی ڕژد بۆ هەڵوەشاندنەوەی مێنتاڵیتی خێڵەکی و وەهمی سەرکردەی کاریزمای پۆپۆلیست، سەربەخۆبوونی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران ئامادەیی هەبێت

پسپۆڕانی یاسای دەستووری هاوچەرخ ئاماژە بە کۆمەڵێک دەرد و نەخۆشیی حوکمڕانیی دەستووری دیموکراسی دەکەن، کە دووچاری پرۆسەی حوکمڕانیی

وڵاتــان بوونەتــەوە، لەوانــەش ســەرهەڵدانی ســەرکردەی کاریزمــای پۆپۆلیســت، خــراپ بەکارهێنــانی دەســەڵات لــە لایــەن پارتــە سیاســییەکان، قۆســتنەوەی یاســا بــۆ پێشــلکردنی مــاف و ئازادییــەکان، چونکــە لــە ســەردەمی ئێســتادا دەســەڵاتداران خــاوەنی دادگا و دەزگاکانی بیرۆکــراسین، ئابــووری و دارایــی وڵات مۆنۆپــۆل دەکــەن، ســەرەنجام ئەمــە کاریگــەری و کاردانــەوەی دەبێــت بــۆ ســەر دەستەبەســەرداگرتنی فەرمانبــەرانی دامــودەزگاکانی وڵات. بــەشی زۆری ئــەم شــێوە لــە خــراپ بەکارهێنــانی دەســەڵاتەش لــە ڕێگــەی ناوەنــدەکانی ڕاگەیاندنــەوە مەیســەر دەبێــت، کــە بــە هۆیــەوە ڕای گشــتیی جەمــاوەر دەشــوێنن و بەلاڕێیــدا دەبــەن[٢٣].

پەرەســەندنی دیــاردەی کۆیلایەتیــی مۆدێــرن (Modern Slavery) وەک دیاردەیــەکی جیهــانی، کاریگەریــی نەرێنیــی گــەورەی لــە ســەر کاری میدیایــی و ئیرادەی گشــتیی خەڵــک دروســت کــردووە، بــە جۆرێــک زۆرێــک لەوانــەی لــە نێــو دەزگاکانی میدیایــی کار دەکــەن، بــە ناچاری و بێ ویســتی ئازادیی خۆیــان و لە پێناو داهــاتی ژیانیــان کار دەکــەن و تەنانــەت ئامــادەن بەرگــری لــە ســتەمکارییەکانی دەســەڵاتیش بکــەن، بۆیــە دەســەڵات لــە ڕێگــەی دەزگاکانی میدیایــی و میدیــاکاران هەوڵــی دروســتکردنی ســەرۆکی کاریزمــای ســاختە و پۆپۆلیســت و بەکەســیکردنی دەســەڵات دەدەن و بەرگــری لــە کار و پــڕۆژە سیاســییەکانیان دەکــەن[٢٤].

دیــاردەی کۆیلایەتیــی مۆدێــرن بــە شــێوەیەکی بەرچــاو لــە نێــو کاری میدیایــی لــە عێــراق و هەرێمــی کوردســتان بــەدی دەکرێــت، کــە ســەرنجام میدیــاکاران بوونەتــە بەشــێک لــە ڕەوایەتیــدان بــە دەســەڵاتی نەریتــی و بنەماڵەیــی و کــەسی، تەنانــەت زۆرێــک لــە دەزگاکانی میدیایــی و میدیــاکاران نــەک کاریگەرییــان لــە جووڵانــدنی ڕای گشــتی بــۆ داواکــردنی مافــی ســیاسی و ئابــووری و کۆمەڵایــەتی نییــە، تەنانــەت هــۆکاری ســەرەکین بــۆ لەباربــردنی دەنــگ و ئیرادەی گشــتی، بۆیــە کارکــردنی میدیــا و ناوەنــدەکانی ڕاگەیانــدن بــەم شــێوازە ناتوانــن ببنــە فاکتەرێــک بــۆ دروســتکردنی ڕای گشــتیی خۆڕســکانە و دوور لــە ویســتی پــارت و گرووپــە سیاســییەکان، بــەم جــۆرەش ڕیفۆرمــێکی ڕیشــەیی لــە بــواری حوکمــڕانی و بەرگــری لــە مافــەکان لــە هەرێمــی کوردســتان نایەتــە کایــەوە

## ئەنجامگیری

کاتێك کیانێکی سیاسی بڕیار لە سەر دەسەڵاتی مەدەنی و دامەزراوەیی دەدات، پێویستە شێواز و چوارچێوەی پیادەکردن و چۆنیەتیی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی دەستوورەوە ڕێک بخات، لەم ڕوانگەیەوە دەستوور وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نێوان گەل و دەسەڵات دەبێتە سەرچاوەی باڵای ڕەوایەتیی دەسەڵاتی سیاسی، لێرەدا دەسەڵات لە بریکاری کاتیی گەل بترازێت هیچی تر نییە. هەر کاتێکیش دەسەڵات سەرپێچیی لە بەندەکانی دەستوورەکە کرد، ئەوا گەل مافی بەرەنگاری و گۆڕینی دەسەڵاتی دەبێت. بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا، وێڕای بوونی دەستوور و یاسا و دەزگا و دامەزراوەکانی دەستووری وەکوو پەرلەمان و حکومەت و دادگاکان، بەڵام زۆر جار ئەکتەرە سیاسییەکان ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانە دەخەنە خزمەت ڕەوایەتیدان بە درێژکردنەوەی ماوەی حوکمڕانی لە دەرەوەی ماوەی دەستووری و یاسایی و پێشێلکردنی ماف و ئازادییە دەستوورییەکان کە لە چوارچێوەی هزری دەستووری پێی دەگوترێت «Abusive Constitutionalism». ئەم شێوە هەوڵانەی دەستوورشکێنی زیاتر لەو کۆمەڵگایانەدا سەر هەڵدەدات کە سروشتی دەسەڵات تیایدا دەسەڵاتی نەریتییە (Traditional Authority)، لەم ڕوانگەیەشەوە میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە بریی ئەوەی ببن بە فاکتەرێک بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و پاسەوانیکردن لە ماف و ئازادییەکان و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکارییەکانی دەسەڵات، دەبنە بەشێک لەو دەزگایانەی کە درێژە بە ستەمکارییەکانی دەسەڵات دەدەن.

لەم سۆنگەیەوە میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاریی دەسەڵات لە سیستمی دەستووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سیستمی دەستووریی فەڕەنسا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن، کە زۆر جار نەک تەنها کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتی یاسادانان بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای نادادپەروەر هەبووە، تەنانەت بوونەتە فاکتەرێک بۆ هەمووارکردنەوەی دەستوور و یاسا و تەنانەت لەکارلادانی سەرۆکی وڵاتیش، بە پێچەوانەوە میدیا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە عێراق و هەرێمی کوردستان نەک کاریگەرییان لە سەر دروستکردنی ڕای گشتی لە داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییە دەستوورییەکانی هاوڵاتییان و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی دەستوورشکێنی نییە، بەڵکوو بوونەتە ئامرازێک بە دەستی پارت و گرووپە سیاسییەکان و کارکردن لە پێناو خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی تایبەتی پارتە سیاسییەکان و ئەکتەرە سیاسییەکان و بەرگریکردن لە ستەمکارییەکانی دەسەڵات

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. James Madison, Federalist No. 51 (1788), "If men were angels, no government would be necessary. If angels were to govern men, neither external nor internal controls on government would be necessary".
2. JOHN HOHENBERG, THE PROFESSIONAL JOURNALIST A Guide to the Practices and Principles of the News Media, 4th Edition, New York, Chicago, 1983, pp 5-6.
٣. د. کەمال سەعدی، یاسای ڕۆژنامەگەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکانی پڕۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان، ژمارە (٦)، هەولێر، ٢٠٠٣، لا١٩.(O.P.L.C)
4. S Odugbemi, 'Public Opinion, the Public Sphere, and Quality of Governance: An Exploration' in S Odugbemi and T Jacobson (eds), Governance Reform under Real World Conditions (World Bank 2008) 15-37.
5. Mark Bevir, Encyclopedia of governance, ibid. pp, 772.
6. E. Noelle-Neumann, The Theory of Public Opinion: The Concept of the Spiral of Silence, Political Communication 2023, pp115-146.
٧. د. فتحى عبدالنبي الوحيدي، ضمانات نفاذ القواعد الدستورية، كلية الحقوق ، القاهرة، ١٩٨٢، ص٢٧٧.
8. Vincent Price, Public Opinion, SAGE Publications - University of Pennsylvania, USA, 1992, pp 10-50.
٩. Dred Scott v. Sandford (1857) https://www.archives.gov/milestone-documents/dred-scott-v-sandford#:~:text=In%20this%20ruling%2C%20the%20U.S.,slavery%20from%20a%20Federal%20territory accessed 2 February 2024.
١٠. هەر چەندە دەستووری ئەمەریکا (٢٧) جار بە فەرمی هەموار کراوەتەوە، بەڵام هەموارکردنی بیست و یەکەم (لە ساڵی ١٩٣٣ پەسەند

کــراوه) تاکــه هه‌موارکردنــه کــه هه‌موارکردنێکــی پێشــوو هه‌ڵده‌وه‌شــێنێته‌وه، ئه‌ویــش هه‌مــواری هه‌ژده‌یــه‌م (لــه ســاڵی ١٩١٩ په‌ســه‌ند کــراوه) کــه تایبــه‌ت بــوو بــه بابــه‌تی «دروســتکردن، فــرۆشتن، گواســتنه‌وه‌ی مه‌یــی سه‌رخۆشــکه‌ر».
بــۆ زانیاریــی زیاتــر بڕوانــه
Robert P. George, David A. J. Richards, The Twenty-First Amendment "Repeal of Prohibition", https://constitutioncenter.org/the-constitution/amendments/amendment-xxi/interpretations/151. last visited: 2-2-2024.

11. "Were it left to me to decide whether we should have a government without newspapers or newspapers without a government, I should not hesitate a moment to prefer the latter". Thomas Jefferson, The Works, vol. 5 (Correspondence 1786-1789), edited by Paul Leicester Ford in 1904-05, https://oll.libertyfund.org/quotes/jefferson-s-preference-for-newspapers-without-government-over-government-without-newspapers-1787.

12. U.S. Supreme Court: Associated Press v. NLRB, 301 U.S. 103, 130 (1937) (ruling that applying an antitrust law to the Associated Press did not violate either the freedom of speech or of the press).

13. "New York Times Company v. United States." Oyez, www.oyez.org/cases/1970/1873. Accessed 22 Oct. 2024.

14. Xi, Ning (2022) "The Downfall of a President: The Media Coverage of Richard Nixon's Resignation," Armstrong Undergraduate Journal of History: Vol. 12: Iss. 3, Article 6.

١٥. لــه مــاده‌ی ١١ی جاڕنامــه‌ی مافه‌کانــی مــرۆڤ و هاوڵاتیبووندا هاتــووه کــه «هــه‌ر هاوڵاتییــه‌ک ده‌توانێــت بــه ئــازادی قســه بــکات، بنووســێت، چــاپ بــکات، ته‌نهــا وه‌ڵامدانــه‌وه نه‌بێــت بــۆ خــراپ به‌کارهێنانــی ئــه‌م ئازادییه لــه‌و حاڵه‌تانه‌ی کــه یاســا دیاریــی کــردووه».

16. Bertrand de LAMY, La Constitution et la liberté de la presse, Nouveaux Cahiers du Conseil constitutionnel n° 36 (Dossier : La liberté d'expression et de communication) - juin 2012.
17. LOI la diffusion et la protection de la création sur internet.
18. Décision n° 2009-580 DC du 10 juin 2009, Lois relatives à l›informatique, aux fichiers et aux libertés 16.24.2.3. Loi favorisant la diffusion et la protection de la création sur internet (loi n° 2009-669 du 12 juin 2009).
١٩. مادەی (٣٨) لە دەستووری کۆماری عێراقی ٢٠٠٥: دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بە مەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ئادابی گشتی
یەکەم: ئازادیی دەربڕین بە هەموو شێوەکان.
دووەم: ئازادیی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و ئاگاداری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە
سێیەم: ئازادیی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێک دەخرێت.
٢٠. بڕوانە مادەی (٣٨) لە دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.
٢١. «إن مفهوم النظام العام والآداب العامة الواردين في الدستور من المفاهيم التي وردت في العديد من التشريعات وأن القضاء هو الذي يقرر ذلك وهي تختلف حسب الزمان والمكان»، رقم القرار :٦٣/إتحادية /٢٠١٢، تاريخ القرار: ٢٠١٢\١٠\١١.
٢٢. المادة (٤٦) من دستور جمهورية العراق ٢٠٠٥: «لايكون تقييد ممارسة أي من الحقوق والحريات الواردة في هذا الدستور أو تحديدها الا بقانون أو بناء عليه، على ألا يمس ذلك التحديد والتقييد جوهر الحق أو الحرية».
23. Tom Ginsburg and Aziz Z. Huq, "How to Save a Constitutional Democracy", University of Chicago Press, 2018.
24. Pupavac Drago, "Modern Slavery as a Global Phenomenon", Poslovne studije, 2020, pp 71.



# میدیای نیشتمانی و ئایندەی تەلەڤزیۆنە بازرگانییەکان لە ئوسترالیا

**سەروەت عەبدوڵا**

ماستەر لە زانستی مرۆڤایەتی و پەیوەندیکردن



## بەرایی

میدیا وەک «دەسەڵاتی چوارەم» کار دەکات و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەدان و چەسپاندی بنەماکانی دیموکراسی لە وڵاتدا، ئەویش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان، لێپرسینەوە لە دەسەڵات، ئاسانکاری بۆ دروستکردنی ڕای گشتی دەربارەی پرسە چارەنووسسازەکانی دیموکراسی و زەمینەسازی بۆ دەرکەوتنی میدیای فرەجەشن. ئازادیی ڕۆژنامەگەری و میدیای فرەجەشن لە نیشانە گرنگەکانی دیموکراسیی تەندروستن، شوێنێک کە هاوڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان بەبێ ترسی دەستوەردان و تۆڵەسەندنەوە لە لایەن حکومەت (هێزی)ی دەسەڵاتدارەوە بتوانن بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن و زانیاری وەربگرن و بڵاوی بکەنەوە؛ واتای ئامادەیی دیموکراسییە.

لە ئوسترالیاش وەک زۆرێک لە وڵاتانی دیموکراسی؛ زۆر جار میدیاکان لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا تێکەڵ دەبن، یان چەند میدیایەکی زەبەلاح دەست دەگرن بەسەر بازاڕی میدیادا و دەبنە هەڕەشە بۆ سەر فرەچەشنیی میدیایی لەو وڵاتەدا. یاخود دوو پارتە سیاسییە باڵادەستەکە (پارتی کرێکارانی ئوسترالیا (ALP) و هاوپەیمانیی لیبراڵ-نیشتمانی) لە مێژوودا کەڵکیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ ئەجێنداکانی خۆیان، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دیمەنی میدیایی لە ڕووی سیاسییەوە پارچەپارچە ببێت، بە جۆرێک زۆر جار پەیوەندی و بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژییەکان دەبن بە سێبەری ڕاپۆرت و بابەتە میدیاییەکان. بۆیە لەم کاتانەدا تەنها ئامادەبوونی میدیایەکی نیشتمانی دەتوانێت دیمکراسی و دەنگی هاوڵاتییان لە کپبوون و پەراوێزخستن و سەرکوتکردن بپارێزێت. میدیایەک کە دەنگ و ڕەنگی هاوڵاتییان بێت و هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسیی حیزبی یان بازرگانی نەتوانێت ئەجێنداکانی دیاری بکات و پەیامەکانی لەقاڵب بدات

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون دەکات بۆ ئەو دابەشبوونەی لە دونیای میدیای ئوسترالیدا بوونی هەیە، بە تایبەت خستنەڕووی میدیای نیشتمانیی ئوسترالی و ڕۆڵ و سەرچاوەی داهاتی و کاریگەریی لە زەمینەی بەشداریی هاوڵاتییان لە پرۆسەی میدیاییدا، کارکردن بۆ پاراستن و بەردەوامیدا بەو

فرەکولتووری و فرەزمانییەی لە ئوستراڵیادا هەیە و هەمووان شانازیی پێوە دەکەن، هەروەها کاریگەریی لە سەر لەقاڵبدانی ڕاپۆرتە میدیاییەکان. لە سەرەتادا چوارچێوەی مێژوویی میدیای ئوستراڵی خراوەتە ڕوو، پاشان باس لە هەردوو میدیای نیشتمانیی ئوستراڵی؛ ‹‹Australian Broadcasting Corporation (ABC›› و ‹‹Special Broadcasting Service (SBS)›› کراوە. لە دواتردا ئاماژە بە میدیا بازرگانییەکانی و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئوستراڵیا کراوە، دواتر ئایندەی میدیای باو باو لە ئوستراڵیا شی کراوەتەوە و باس لە چەمکی ‹‹media concentration›› کراوە و کاریگەریی لە سەر پرۆسەی بازرگانیی میدیایی لە ئوستراڵیا ڕوون کراوەتەوە. هەر لێرەشەوە ئایندەی میدیا و مەترسیی باڵادەستبوونی چەند کۆمپانیایەکی میدیایی خراوەتە بەر باس. ئەوە ڕوون کراوەتەوە ئەم قۆرخکارییە چۆن دەتوانێت ببێت بە هەڕەشە بۆ سەر پایەکانی دیمکراسی لە ئوستراڵیا و سڕینەوەی فرەڕنگی و فرەکولتووری لەو وڵاتە

## دیوە مێژوویەکەی ڕۆژنامەگەری ئوستراڵیا

کۆلۆنیالیزمی بەریتانی وەک زۆربەی بوارەکانی دیکە لە ئوستراڵیا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دەرکەوتن و گەشەسەندی ڕۆژنامەگەری و میدیا بەگشتی. مێژوو و ڕۆڵی میدیا لە ئوستراڵیادا ڕەگوڕیشەی لە قووڵیی میراتی کۆلۆنیالیزمیدا بدۆزرێتەوە، لە ئوستراڵیا میدیا بە ڕۆژنامەکانی حکومەت دەستی پێ کرد، وەکوو ‹‹سیدنی گەزێت›› (Sydney Gazette) لە ساڵی ١٨٠٣، کە خزمەتی بە بواری کارگێڕی دەکرد، بەڵام دواتر ڕۆژنامەگەریی ستانداردی بەرزیش بەرهەم هێنرا و بڵاو کرایەوە. بە تێپەڕبوونی کات دەست کرا بە دەرکردنی ڕۆژنامەگەلێک بۆ دەستخستنی قازانج لە ڕێگەی کۆمپانیاوە. جوگرافیا فراوانەکەی ئوستراڵیا کە بە «ستەمکاری دووری» ( the tyranny of distance) ناسراوە، بووە هۆی پەرەسەندنی «ناوەندە میدیاییە گەورەکان›› لە شارە گەورەکان و ‹‹دەزگا بچووک››ەکانی ناوچەیی، ئەمەش جیاوازیی لە ڕۆژنامەگەری لە نێوان شار و گوندەکاندا دروست کرد. دواتر سەندیکا دەردەکەوێت. کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ئوستراڵیا (Australian Journalists

(Association (AJA) ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە لە بەرەودان و پارێزگاریکردن لە میدیا و کاری ڕۆژنامەگەری. کۆمەڵەکە لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩١٠دا لە شاری مێلبۆرن دامەزراوە، وەک سەندیکایەکی کرێکاری کە نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەنووسانی دەکرد لە سەرانسەری ئوسترالیادا[١].

خاوەندارێتیی میدیا لە ئوسترالیا زۆر سنووردار بووە، کەسایەتییەکانی وەک «ڕوپەرت مەردۆک» و «کێری پاکەر» زۆرترین پشکیان بەر کەوتووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی گرژی و ناهاوسانگی لە نێوان پەخشکەرانی گشتی (public broadcasters)، وەک کۆمپانیای پەخشی ئوسترالیا و میدیای تایبەت. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بە تایبەتی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، مۆدێلی بازرگانیی باو گۆڕا و کاریگەریی زۆری لە سەر دانا، ئەمەش وای کرد ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە لێهاتوویی نوێ هەبێت بۆ ئەوەی بەسەر ئاستەنگەکانی بازاڕی کاردا سەر بکەون. سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانە، میدیای ئوسترالیا بەردەوامە لە هاوسەنگکردنی میراتی کۆلۆنیالیزم و ئەولەویەتەکانی ئابووری و گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا[٢]. جا لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندیی میدیا و سیاسەت لە ئوسترالیا ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. ڕۆژنامەگەریی ئوسترالی لە ژینگەیەکی دابەشکراودا پراکتیزە کراوە، کە لە لایەن کۆمەڵێک هێزەوە ئاراستە کراوە. یەکێک لەوانە دابەشبوونی مێژوویییە لە نێوان میدیای حکومی و ناحکومی. بۆیە ڕۆژنامەکان لە سەرەتادا بریتی بوون لە لاپەڕەی فەرمیی زانیاری کە خزمەتیان بە پێداویستییەکانی ئیدارەی شەش کۆلۆنیی بەریتانیا دەکرد، کە دواتر ئەم کۆلۆنییانە یەکیان گرت و نەتەوەی ئوسترالیایان پێک هێنا

لەگەڵ گەشەکردنی میدیا و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، پەیوەندیی دەزگا میدیاییەکان لەگەڵ سیاسەت و حیزبە سیاسییەکاندا گەشە دەکات و گۆڕانی بەسەردا دێت. ڕۆژنامەکانی وەکوو «زە ئەیج» (The Age) و «زە سیدنی مۆرنینگ هیرالد» (The Sydney Morning Herald)، سەرەتا هەڵوێستی بێلایەنیان هەبووە، بەڵام وردە وردە خواستیان بەرەو پەیوەندییە سیاسییەکان و نزیکبوونەوە لە حیزبەکان ڕۆیشت. لەگەڵ چڕبوونەوەی کێبڕکێکان و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی زانیاری، بازاڕی مامەڵەکردن زیاتر بووە، بە تایبەت

لەو کاتەوەی زانیاریی سیاسی دەبێتە خۆراکێکی گرنگی میدیا و لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی هێزی مانەوە و پارە پەیداکردن. هاتنەناوەوەی «ڕوپەرت مردۆک» (Rupert Murdoch) بۆ ناو گۆڕەپانی میدیای ئوسترالیا لە ساڵانی ١٩٥٠دا، خاڵێکی وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی. لەو کاتەوە «کۆمپانیای هەواڵی مردۆک» (Murdoch's News Corp) بووە هێزێکی باڵادەست، بە هۆی پشتگیری لە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی (Conservative) ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، بە تایبەتی دوای نزیکبوونەوەی لە هاوپەیمانیی لیبراڵ-نیشتمانی (Liberal-National Coalition). بە هەمان شێوە، پارتی کرێکارانی ئوسترالی (Australian Labor Party) (ALP) لە ڕووی مێژووییەوە سوودی لەو ڕۆژنامانە وەرگرتووە کە لە لایەن سەندیکاکان و دەزگا سەربەخۆ میدیاییەکانەوە پشتگیری کراون کە پاڵپشتیی سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە دەکەن. بۆ نموونە؛ ڕۆژنامەی «گاردیان»ی ئوسترالیا (The Guardian Australia) کە ساڵی ٢٠١٣ و دوابەدوای «گاردیان»ی ئەمەریکی لە ساڵی ٢٠١١ لە شێوەی ڕۆژنامەی ئۆنلاینیدا دەستی بە پەخش کرد، هەمیشە دەنگێکی دیار بووە بۆ خوێنەران و بینەرانی چەپ.

ئەگەر بێت و ئەم دابەشکارییە سیاسییە لە ڕێگەی میدیای نیشتمانییەوە هاوسەنگ نەکرێتەوە، ئەوکات هاوڵاتییان دەکەونە بەردەم شەپۆلێکی بەهێزی پەیامی میدیایی کە بارگاوییە بە ئایدۆلۆژیای حیزبەکان، بە جۆرێک بۆ هاوڵاتییان ئاسان نابێت هەواڵ و زانیارییە ڕاست و دروستەکان لە یەک جودا بکەنەوە، یان جیاوازی بکەن لە نێوان بەرژەوەندییە نیشتمانی و بەرژەوەندییە حیزبییەکاندا. هەر لە بەر ئەم هۆکارەیە هەمیشە میدیا لە سیستمێکی تۆتالیتاری و دیکتاتۆریدا دەبێتە یەکێک لە ترسناکترین دەزگاکانی سەرکوتکردن و ناهۆشیارکردنی هاوڵاتییان. خوێنەر بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم بابەتە، دەتوانێت سوود لە ڕۆمانی «١٩٨٤»ی جۆرج ئۆرێل وەربگرێت، کە بە جوانی کاریگەریی میدیا و نەبوونی میدیای فرەچەشن ڕوون دەکاتەوە، هەروەها چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە پاراستنی سیستمەکە و گەوجاندنی هاوڵاتیدا. لە ئوسترالیا لە بەر ئەوەی لە سەر بنەما و پایەکانی دیمکراسی دروست بووە و گەشە دەکات، هەر زوو پەی بەم مەترسییانە براوە، بۆیە دامەزراندنی دەزگای میدیای نیشتمانی دەکرێت بە مەرجی سەرەکی و حوکمەت ناچارد دەکرێت بە دابینکردنی بودجە بۆیان بە بێ

ئـەوەی بتوانێـت و ڕێگـەی پـێ بدرێـت هیـچ دەسـتتێوەردانێک ئەنجـام بـدات

## میدیای نیشتمانی لە ئوسترالیا

ئوسترالیـا بـە گشـتی خاوەنـی دوو کەناڵـی میدیایـی نەتەوەییـە کـە داهاتەکانیان لـە ڕێگـەی باجـەوە دابیـن دەکرێـت، ئەوانیـش: (Australian Broadcasting Corporation (ABC، Special Broadcasting Service (SBS). ئـەم دەزگایانـە لـە بـەر ئـەوەی بـە پـارەی هاوڵاتییـان بودجەیـان بـۆ دابیـن دەکرێـت، بەرپرسـن لـە داواکاری و گەیاندنـی داخـوازی و خواسـتی هاوڵاتییانی ئوسترالـی و پارێزگاریکردن لـە بەرژەوەندییەکانـی هاوڵاتییـان، لـە هەمـان کاتـدا هۆشـیارکردنەوەی هاوڵاتییانی ئوسترالـی لـە پرسـەکان، پاراسـتنی ئـەو فرەکولتوورییـەی لـە وڵاتەکـەدا هەیـە. جـا مەبەسـت لـە پـارەی هاوڵاتییـان، بەشـێکی لـەو بـاج (Tax)یـە کـە هاوڵاتییـان سـاڵانە دەیـدەن بـە دەزگای باجـی ئوسترالـی (Taxation office) لـە بەرامبـەر ئـەو خزمەتـەی حکومـەت پێشکەشـی هاوڵاتییانـی دەکات. لـەم باجـە هـەروەک چـۆن نەخۆشـخانە، قوتابخانـە، ڕێگاوبـان، پـارەی سۆشـیال و پەنابەرانـی پـێ دابیـن دەکـەن، بـە هەمـان شـێوەش کەمێـک لـە بودجـەی ئـەو دوو دەزگا میدیاییـەش لـە پرۆسـەیەکی تایبەتـدا دابیـن دەکات

میدیـای نەتەوەیـی لـە ئوسترالیـا بـەو میدیایـە دەوترێـت وەک هـەر دەزگایەکـی دیکـە خزمـەت بـە بەرژەوەندیـی گشـتی دەکات. ئـەم دەزگایانـە بەرپـرس و دامـەزراون بـۆ گەیاندنـی زانیاریـی ورد و ڕاسـت بـە کۆمەڵگـە، لـە بـەر ئـەوە دەبێـت خزمەتگوزارییـە هەواڵییەکانیـان هاوسـەنگ، قابیلـی باوەڕپێکـردن و لـە ڕووی بەڕێوەبـەر و دەسـتەی نووسـەرانەوە سـەربەخۆ بێـت. کۆمپانیـای پەخشـی ئوسترالـی (ABC)بـە پێـی گەڵاڵەنامـە یـەک کار دەکات کـە لـە یاسـای کۆمپانیـای پەخشـی ئوسترالیـا سـاڵی ١٩٨٣دا پێناسـە کـراوە. ئەرکـە سـەرەکییەکانی بریتیـن لـە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی پەخشـی هەمەچەشـن (فرەلایەنـی) و داهێنەرانـە کـە ڕەنگدانـەوەی فرەکولتـووری و ناسـنامەی نیشـتمانیی ئوسترالیایـە و گەیاندنـی ناوەڕۆکـی پەروەردەیـی[٣]. واتـە ئەرکـەکان خۆیـان دەبیننـەوە لـە ئاگادارکردنـەوە، پەروەردەکـردن و سـەرقاڵکردنی هەمـوو ئوسترالییـەکان. کەناڵەکـە ڕەنگدانـەوەی جۆراوجـۆری بەرژەوەندییەکانـی کۆمەڵگـەی ئوسترالیایـە لـە ڕێگـەی کۆمەڵێـک

بەرنامــەی جیــاوازەوە کــە ســوودبەخش و سەرنجڕاکێشــن. هەروەهــا حکومەتــی ئوستراليـا ســاڵانە ئـەم بـڕە پارەیـە وەک بەشـێک لـە بودجـەی حوکمەتـی فیـدراڵ دابینــی دەکات. بودجەکــەش لــە لایــەن دامــەزراوەی نیشــتمانی (DITRDCA) (ژێرخــان، گواســتنەوە، گەشــەپێدانی ناوچەیــی، پەیوەندییــەکان و هونــەر)ەوە تەرخـان کـراوە و چاودێـری دەکرێـت. واتـە پارەکـە لـە داهاتـی گشـتیی حکومەتـەوە دێـت کـە باجیـش لەخـۆ دەگرێـت، بـەڵام ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن دامـەزراوەی باجـەوە (ATO) بەڕێـوە ناچێـت. ئـەم پارەیـە بـۆ تێچـووی کارکردنـی ئاسـایی، کارە سـەرمایەییەکان و پـڕۆژە تایبەتەکانـە. لـە بەرمبەریشـدا حکومەتـی ئوسترالیـا هیـچ جـۆرە دەسـتتێوەردان و ئاڕاسـتەکردن و بەرنامەسـازییەک لـە کەناڵەکـەدا نـەکات، بەڵکـوو پەرلەمـان گەرەنتـی سـەربەخۆیی ئـەم میدیـا نیشـتیمانییەی کـردووە بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی بەرنامـە و زانیارییـە پەخشـکراوەکان دوورە لـە دەسـتتێوەردانی سیاســی[٤].

وەک ئامــاژەی بــۆ کــرا، دابینکردنــی بودجــە بــۆ «ABC» بــە شــێوەیەکی ســەرەکی لــە تەرخانکردنــی حکومەتــەوە دێــت، لەگــەڵ بودجــەی کارکــردن کــە لــە ســاڵی (١٩٨٩)ەوە لـە سـەر بنەمـای سـێ سـاڵە دیـاری کـراوە. واتـە ئـەو بودجـەی بـۆی تەرخـان دەکرێـت؛ بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵە و هـەر سـێ سـاڵ جارێـک بودجـەی بـۆ تەرخـان دەکەنـەوە، کـە ئەمـەش یارمەتیـی دەزگاکـە دەدات پلانـی درێژخایـەن دابنێـت، بـە تایبـەت بـۆ ئـەو بەرنامانـەی پێویسـتیان بـە پلانـی درێژخایـەن هەیـە، وەک هەندێــک بەرنامــەی دێکیۆمێنتــاری. بــۆ نموونــە: لــە بودجــەی (٢٠١٩-٢٠)، کەناڵەکـە ٤٣,٧ ملیـۆن دۆلاری ئوسترالیـی لـە مـاوەی سـێ سـاڵدا وەرگرتـووە بـۆ بەرزکردنـەوەی خزمەتگوزارییـە هەواڵییـە ناوچەییـەکان و پرسـی گەنجـان. هەروەها پـارەی زیاتـر بـۆ دابەشـکردنی گواسـتنەوە، چالاکییـە بازرگانییـەکان و بەرهەمهێنانی بەرنامـەی دیکـە لـە کاتـی پێویسـتدا دابین دەکرێـت[٥]. تێچـووی گواسـتنەوەی پارە بۆ سـەر هەژمـاری کەناڵەکـە وەک هەمـوو پرۆسـەیەکی دیکـەی پـارەدان لـە ئوسترالیـا لـە ڕێگـەی پرۆسـەیەکی وردەوە دەبێـت، ئەویـش بـەو شـێوەیەی کـە لایەنـی سـێیەم دێتـە نـاو مامەڵەکـەوە، واتـە لـە ڕێگـەی گرێبەسـتێکەوە دەبێـت لـە نێـوان «ABC» لەگـەڵ دابینکەرانــی لایەنــی ســێیەم، بــە جۆرێــک پارەکــە ڕاســتەوخۆ ناچێتــە نــاو هەژمـاری دامەزراوەکـەوە، بەڵکـوو لایەنـی سـێیەم پارەکـە وەردەگرێـت و لـە ڕێگـەی

بەرنامەیەکــی وردەوە پارەکــە بــۆ دامــەزراوە میدیاییەکــە دەگوازرێتــەوە

پێــوەرە ســەرەکییەکانی تەرخانکردنــی بودجــە بریتیــن لــە توانــای «ABC» بــۆ جێبەجێکردنــی ئەرکەکانــی نــاو میســاقەکە. پابەندبــوون بــە میســاقی «ABC»، بــەو مانایەیــە کــە کۆمپانیــای پەخشــی ئوســترالی (ABC) دەبێــت بــە هاوئاهەنگــی لەگەڵ ئــەو بنەمــا، بەرپرســیارێتی و ئامانجەکانــی کــە لــە میســاقەکەیدا هاتــووە کار بــکات، وەک لــە یاســای کۆمپانیــای پەخشــی ئوســترالیا ســاڵی ١٩٨٣دا دیــاری کــراوە.

بــە کورتــی، میســاقەکە ئەرکــە ســەرەکییەکانی «ABC»ی بــەم شــێوەیە دیــاری کــردووە[٦]:

١. پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاریــی داهێنەرانــە و گشــتگیر کــە ڕەنگدانــەوەی فرەکولتــووری و ناســنامەی نیشــتمانی و بەهاکانــی ئوســترالیا بێــت

٢. ئامادەکــردن و پێشکەشــکردنی ئــەو بەرنامانــەی کــە دەبنــە هــۆی هۆشــیار کردنــەوەی بینــەران وەک بەرنامــەی؛ پــەروەردەی و کات بەســەربردن چ لــە ناوخــۆی ئوســترالیــا و چ لــە ئاســتی نێودەوڵەتیــدا

٣. پشــتگیریکردن لــە هونــەرە نمایشــییەکان و پێشکەشــکردنی ناوەرۆکــی پەروەردەیــی و کولتــووری

٤. دروســتکردنی هاوســەنگی لــە نێــوان ئــەو بەرنامانــەی کــە سەرنجڕاکێشــییەکی زۆریــان هەیــە لەگــەڵ ئــەو بەرنامانــەی کــە خزمــەت بــە بینەرانــی تایبــەت و چینێکی دیاریکــراو دەکــەن، بــۆ نموونــە چینــی خــاوەن پێداویســتیی تایبــەت

هــەر چــی لــە بــارەی خزمەتگوزاریــی پەخشــی «SBS» (The Special Broadcasting Service)ە، لــە ســاڵی ١٩٧٥ وەک وێســتگەی ڕادیۆیــی تاقیکاریــی «٢EA» لــە ســیدنی و «٣EA» لــە مێلبــۆرن دەســتی پــێ کــردووە. لــەو کاتــەدا بــە حــەوت بــۆ هەشــت زمــان بەرنامەکانــی پەخــش کــردووە، ئەویــش بــە مەبەســتی پێدانــی زانیــاری بــە کۆمەڵگــە کۆچبــەرەکان ســەبارەت بــە گۆڕانکارییەکانــی سیســتمی تەندروســتی و ناســاندنی پلانــی مێدیبانــک. جــا لــە بــەر ئــەوەی توانیــی ببێتــە وێســتگەیەکی جەمــاوەری و وەرگرانێکــی زۆری بــە لای خۆیــدا ڕاکێشــا، ئەمــە بــووە هــۆی ئــەوەی حکومەتــی ئوســترالی لــە ســاڵی ١٩٧٨دا بــە فەرمــی

«SBS» دابمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە ڕادیۆییەکانی تایبەت بە فرەکولتووری. دواتر و لە ساڵی ١٩٨٠، خزمەتگوزاریی تەلەڤزیۆنیی «SBS» دەستبەکار بوو. ئەم دەزگا میدیاییە ساڵانە لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا بودجەی خۆی دەخاتە دەرەوە*. زۆربەی پارەی «SBS» لە حکومەتی ئوسترالییەوە تەرخان دەکرێت. باقیی بودجەکەی لەو چالاکییە بازرگانییانەوە دێت کە کەناڵەکە ئەنجامیان دەدات، لەوانەش ڕیکلام و سپۆنسەر[٧]. لە ساڵی ٢٠٢٣ و لە چوارچێوەی تەرخانکردنی بودجەی دەزگاکا میدیاییەکاندا و لە «پلانی پێنج ساڵەی بودجە تەرخانکردن»دا، لە دارایی ساڵی (٢٠٢٣-٢٤) یەکەم ساڵی ڕێکخستنی پێنج ساڵەی بودجەی «SBS» (٢٠٢٣-٢٤ تا ٢٠٢٧-٢٨) تەرخان کرا، ئەمەش لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣دا ڕاگەیەنرا. بە پێی ڕاپۆرتی دارایی دامەزراوەکە، کۆی گشتیی بودجەی تەرخانکراوی حکومەتی ئوسترالی لە ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)دا بۆ دامەزراوەی «SBS» بریتی بووە لە (٣٣٤.٩ ملیۆن دۆلاری ئوسترالی)، هەروەها لە سەددا (٣٠.٥٪) داهاتەکەی لە ڕێگەی ڕیکلامەوە بەدەست هێناوە[٨]

هەروەک چۆن «ABC» خاوەنی میساقێکی نیشتمانی بوو، «SBS» بە هەمان شێوە میساقێکی نیشتمانیی واژۆ کردووە کە گرنگترین خاڵەکانی خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە

یەکەم: ئەکی سەرەکیی «SBS» بریتییە لە پێشکەشکردن و پەخشکردنی بەرنامەی فرەزمانی (multilingual) و فرەکولتووری (multicultural) و میدیای دیجیتاڵی، کە لە ڕێگەیەوە زانیاریی پەروەردەیی و فێرکاری، سەرگەرمی و کاتبەسەربردن بە بێ جیاوازی بگەیەنێتە هەموو هاوڵاتییەکی ئوسترالی. لە ئەنجامی ئەم ئەرک و کارەشدا، ڕەنگدانەوەی هەبێت لە کۆمەڵگەی فرەکولتووریی ئوسترالیدا

دووەم: «SBS» لە ئەنجامدانی بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرەکیی خۆیدا، دەبێت[٩]:

١. بەشداریکردن لە دابینکردنی «پێداویستییەکانی پەیوەندیکردن»ی کۆمەڵگەی فرەکولتووریی ئوسترالیا، لەوانەش کۆمیونیتی نەتەوە جیاوازەکان،

کۆمیونیتـــی ئەبۆرجینـــال (Aboriginal) و تۆریـــس ئایلەندەکانـــی (Torres Strait Islander) ئوسترالیـــا

٢. بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی هاوڵاتییـان بـۆ بەشـداریکردن لـە چالاکییە جۆراوجـۆرە کولتوورییـەکان بـۆ گەشەسـەندنی بەردەوامیـی کۆمەڵگـەی ئوسترالیا

٣. بەرەوپێشبردنـــی ئاســـتی تێگەیـــشتن و قبووڵکردنـــی جیاوازییـــە کولتـــووری، زمانەوانـــی و نەتەوەیـــی خەڵکـــی ئوستراليـــا

٤. بەشـــداریکردن لـــە مانـــەوە و بەردەوامیـــی پەرەپێدانـــی فرەزمانـــی و کارامەییەکانـــی کولتوورەکانـــی دیکـــە

٥. تـــا ئـــەو جێگایـــەی کـــە دەتوانرێـــت؛ ئاگادارکردنـــەوە، زانیـــاری پێـــدان، پەروەردەکـــردن و مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ ئوسترالییـــەکان بـــەو زمانـــەی دڵخـــوازی خۆیانـــە

٦. سوود لە سەرچاوە داهێنەرە جۆراوجۆرەکانی ئوستراليا وەربگرێت.

٧. بەشـــداریکردن لـــە جۆراوجۆریـــی گشـــتیی خزمەتگوزارییەکانـــی پەخـــش و میدیـــای دیجیتاڵیـــی ئوسترالیـــا، بـــە تایبەتـــی بـــە لەبەرچاوگرتنـــی بەشـــداریکردنی کۆمپانیـــای پەخشـــی ئوسترالیـــا (ABC) و کەرتـــی پەخشـــی کۆمەڵایەتـــی

٨. بەشـــداریکردن لـــە درێژکردنـــەوەی مـــەودای خزمەتگوزارییەکانـــی پەخـــش و میدیـــای دیجیتاڵیـــی ئوسترالیـــا و ڕەنگدانـــەوەی گۆڕانـــی سروشـــتیی کۆمەڵگـــەی ئوسترالیـــا، بـــە خســـتنەڕووی چەندیـــن دیـــدگای جیـــاواز و بەکارهێنانـــی شـــێوازی داهێنەرانـــە لـــە دەربڕیـــن و خســـتنەڕووەکاندا

وەک دەردەکەوێـــت، لـــەم میســـاقەدا کۆمەڵێـــک ئەرکـــی گرنگـــی بـــۆ میدیـــای نیشـــتمانی دیـــاری کـــردووە. بـــۆ نموونـــە ئەرکـــی بەهێزکردنـــی گوتـــاری گشـــتی و دابینکردنـــی ســـەکۆیەک بـــۆ دەنگـــە جۆراوجـــۆرەکان، هەروەهـــا شـــێوازی بەرنامەســـازی کـــە ڕەنگدانـــەوەی پێداویســـتی و ڕوانگـــە جیاوازەکانی کۆمەڵگـە بێـت. ئـەوەی لـە میدیـای نەتەوەییـدا زۆر گرنگـە، بریتییـە لـە پرسـی پاراسـتنی ئـەو سـەربەخۆییەی کـە هەیانـە و بـۆ ئـەوەی ئەمـەش ڕوو بـدات، پێویسـتە ڕێکخسـتن و ڕێنمایـی بـۆ پاراسـتنی ئـەم سـەربەخۆییە هەبێـت. بـۆ نموونـە وەزیـری پەیوەندییـەکان کۆنترۆڵـی ڕاسـتەوخۆی بەسـەر ئـەو دەزگا ڕاگەیاندنانـەدا نییـە.

لــە کاتێکــدا لــەو شــوێنانەی کــە میدیــای کۆنترۆڵکــراوی حکومــەت هەیــە، ئــەوە وەزیــری پەیوەندییەکانــە کــە دەتوانێــت ڕێنمایــی ڕاســتەوخۆ بــدات و ئەجێنــدای میدیــا دیــاری بــکات. کارێکــی دیکــەی میدیــای نەتەوەیــی بریتییــە لــە بوونــی نووســینگە و پەیوەندیــی بەرفــراوان لــە ســەر ئاســتی نێودەوڵەتــی، واتــە کردنــەوەی نووســینگە لــە دەوڵەتــان و گواســتنەوەی هــەواڵ و زانیاریــی باوەڕپێکــراو؛ لــە ئەرکــە گرنگەکانــی میدیــای نەتەوەییــن. دەزگایەکــی وەک «ABC» لەگــەڵ ئــەوەی لــە دەوڵەتــان نووســینگەی هەیــە، لــە ســەر ئاســتی ناوخــۆی ئوســترالیــاش، لــە ناوچــە و شــارە دوورەدەســتەکانیش نووســینگە و ســتافی هەیــە، کــە دەتوانــن دەنگــی ئــەو ناوچــە کەناراوییانــە بگەیەننــە ســەنتەرەکان و ناوەندەکانــی دەســەڵات. لــە هەمــان کاتــدا کەناڵێکــی نەتەوەیــی وەک «SBS» کەناڵێکــی هەیــە بــە نــاوی «NITV»، تەلەڤزیۆنــی نیشــتمانیی ڕەســەنی (Indigenous) ئوسترالیایــە، پەیــام و ناوەرۆکــی میدیایــی لــە ڕوانگــەی گەلانــی ڕەســەنی ئوســترالیــاوە پیشــان دەدات. ئەمــە جگــە لــەوەی هەواڵەڕادیۆیــی و پۆدکاســتەکانی بــە ٦٠ زمــان پێشــکەش دەکرێــت

میدیــای نیشــتمانیی ئوسترالیا لــە ڕووی کولتوورســازییەوە گرنگتریــن ڕۆڵ دەبینن. ئوســترالیــا بــە ناونیشــانی یەکێــک لــەو دەوڵەتانــەی کــە خــاوەن فرەکولتــوورە و خــۆی زۆر شــانازیی پێــوە دەکات، لــە هەمــان کاتــدا لــە ڕێگــەی میدیــاوە کار دەکات بــۆ پاراســتنی ئــەم فرەکولتوورییــە، هــەروەک ئامــاژەی بــۆ کــرا. پەخشــکرنی بەرنامــەکان بــەو زمانــە جیاوازانــە، یەکێکە لــە گرنگتریــن ئامانجەکانی پاراســتنی ئــەو فرەڕەنگییە. هەروەهــا کارکــردن بــۆ کولتوورســازی و شــانازیکردن بــە ئوسترالیبوونــەوە. ئامانجــی لەپێشــینەی ئــەم میدیایانــە؛ بەرهەمهێنانــی کولتوورییــە نــەک دەستخســتنی داهــات. میدیــای نیشــتمانیی ئوسترالــی زیاتــر گرنگیــی بــە بەرژەوەندییــە نیشــتمانییەکان داوە نــەک ڕیکلامــی بازرگانــی و قازانــج. بۆیــە گرنگیدانــی تایبــەت بــە هونــەر و هونەرمەنــدان لــە ئوســترالیــا؛ هەمیشــە جێگــەی بایــەخ بــووە و وەک ئامرازێــک بــۆ بەرەوپێــشبردن و بەهێزکردنــی ناســنامەی نەتەوەیــی تەماشــا دەکرێــت. هەروەهــا لــە ســەردەمی کۆرۆنــادا ئــەم دەزگا میدیاییــە توانیــی بەرنامــە ڕادیــۆ و تەلەڤزیۆنییــە ناوخۆییەکانــی بــە شــێوەیەک پێشــکەش بــکات کــە جێگــەی ڕەزامەندیــی هاوڵاتییانــی ئوســترالیــا بێــت، ئەویــش بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــارەزووی وەرگــران. ئــەم دەرفەتــە بەنرخــەش کاریگەرییەکــی زۆری لــە ســەر دروســتکردنی متمانــە لــە نێــوان هاوڵاتییان

و دەزگاکانـــی میدیـــادا هەبـــوو [١٠].بـــەم شـــێوەیە دەردەکەوێـــت کـــە ئوســترالیـــا لـــە ڕێگـــەی حکومەتـــی فیدراڵیـــی ئوســتراڵییـــەوە بودجـــە و پـــارەی دوو دەزگای گـــەورەی میدیایـــی دابیـــن دەکات بـــۆ گەیاندنـــی زانیـــاری بـــە هاوڵاتییانـــی ئوســترالـــی بـــە بـــێ ئـــەوەی هیـــچ دەســـتتێوەردانێت لـــە بەرنامەڕێژیـــی دەزگاکانـــدا ئەنجـــام بـــدات. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دەبێـــت ڕێگـــە بدرێـــت ڕۆژنامەنووســـانی میدیـــای نیشـــتمانی بەدواداچـــوون بـــۆ پرســـەکان بکـــەن، پرســـیار بکـــەن، یـــان ڕەخنـــە لـــە حکومـــەت و هەمـــوو لایەنـــە سیاســـییەکان بگـــرن. هەروەهـــا میدیـــای نیشـــتمانی بۆخۆیـــان بڕیـــار دەدەن چ هەواڵێـــک بڵاو بکەنـــەوە و چـــۆن ڕووماڵـــی ڕووداوەکان بکـــەن. وەک کریســـتیان پۆرتێر؛ بەڕێوەبـــەری جێبەجێـــکاری هاوپەیمانیـــی جیهانیـــی میدیـــای گشـــتی (Global Public Media Alliance) دەڵێـــت: «بـــۆ ئـــەوەی متمانـــە بـــە [میدیـــای نیشـــتمانی] بکرێـــت، دەبێـــت ئـــەوە نیشـــان بـــدەن کـــە بـــە شـــێوەیەکی دادپەروەرانـــە و بێلایـــەن ڕووماڵـــی هەواڵـــەکان دەکـــەن و لێکـــی دەدەنـــەوە و ڕاپۆرتیـــان لـــە ســـەر دەکـــەن[١١]. بـــە گوێـــرەی دوایيـــن ڕاپرســـی، بـــە بەراورد لەگـــەڵ کەناڵـــە بازرگانییـــەکان و کۆمپانیـــا زەبەلاحەکانی میدیایـــی وەک نێتفلێکـــس و پرایـــم ڤیدیـــۆ، میدیـــای فەرمیـــی ئوســترالیـــا وەک «ABC» لـــە ســـەرووی لیســـتی ئـــەو دەزگا میدیاییانەوەیـــە کـــە بینـــەران متمانەیـــان پێیەتـــی، ٨٤٪ی خەڵکـــی ئوســترالیـــا ئـــەو دەزگا هەواڵانـــە بـــە گرنـــگ دەزانـــن بـــۆ وڵاتەکەیـــان[١٢].

## میدیای دەوڵەتی

ئـــەم جـــۆرەی میدیـــا جیـــاوازە لـــە میدیـــای نیشـــتمانی، ڕاســـتە ســـەرچاوەی داهاتـــی هەردووکیـــان حکومەتەکانـــن، بـــەڵام وەک لـــە ســـەرەوە ئامـــاژەی بـــۆ کـــرا حکومەتـــی ئوســترالـــی هیـــچ جـــۆرە دەســـتتێوەردانێکی نییـــە لـــە ئەجێنـــدای ئـــەو دوو میدیایـــەدا کـــە بودجەیـــان بـــۆ دابیـــن دەکات، ئەمـــە لـــە کاتێکـــدا میدیـــای دەوڵەتـــی لەگـــەڵ ئـــەوەی بودجـــەی حکومـــەت و هاوڵاتییانـــە، بـــەڵام دەوڵـــەت ڕاســـتەوخۆ دەســـتوەردان دەکات و میدیـــا دەبێـــت بـــەو پلان و بەرنامـــە بـــڕوات بەڕێـــوە کـــە ئـــەوان مەبەســـتیانە، بۆیـــە ئـــەم جـــۆرە میدیایـــە زیاتـــر لـــە سیســـتمە ســـەرکوتکەرەکاندا برەویـــان پـــێ دەدرێـــت و ڕاســـتەوخۆ لـــە بەرژەوەندیـــی دەســـەڵاتەکەدان. بـــۆ زیاتـــر تێگەیـــشتن لـــەم میدیایانـــە، دەتوانرێـــت ســـوود لـــەو تیۆرانـــە وەربگیرێـــت کـــە بـــە تیـــۆرە نۆرمەتیڤەکانـــی میدیـــا نـــاسراون و خۆیـــان لـــە شـــەش جـــۆر تیـــۆردا دەبیننـــەوە، کـــە هەندێـــک جـــار بـــە تیـــۆری دەســـەڵاتیش

باس دەکرێن. لەناو ئەو شەش تیۆرەدا چەند دانەیەکیان باس لەو پەیوەندییە دەکەن کە لە نێوان دامەزراوەیەکی میدیا و دەسەڵاتدا هەیە، کە چۆن دەسەڵات سەرلەبەری چالاکییەکانی میدیا دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیای خۆی و حیزبەکەیەوە بە بێ ئەوەی گوێ بداتە فرەڕەنگی، کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی

بۆ نموونە تیۆری پاوانخوازی (Authoritarian Theory) کار لە سەر ئەوە دەکات کە چۆن میدیا لە لایەن دەوڵەت یان نوخبەی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و ڕۆژنامەگەری بە جۆرێک ڕێک دەخرێت و سانسۆر دەکرێت کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی حکومەت و دەسەڵات بکات، ئەویش بۆ ڕێگریکردن لە ڕەخنەگرتن. ئەم مۆدێلە لە کاری میدیایی زیاتر لە سیستمی پادشایەتی و دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکاندا بوونی هەیە. هەروەها تیۆری کۆمۆنیستی سۆڤیەت (Soviet Communist Theory) جۆرێکی دیکەیە لە تیۆری پاوانخوازی، بەڵام کەمێک گەشەکردوو، کە لە سەر بنەمای تێگەیشتنی مارکسیست-لینینیستەکان بۆ دەسەڵات و میدیا و ئازادی دامەزراوە. میدیا لە لایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت و بۆ بەرەوپێشبردنی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی کار دەکات. هیچ چاپەمەنییەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی کاریگەریی پارتی دەسەڵاتدار بوونی نییە. ئەم جۆرە میدیایە لە مێژوودا دەتوانرێت نموونەی لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی تردا ببینرێت[١٣].

وەک پرۆفیسۆر وێندی بیکۆن؛ بەرپرسی پێشووی پرۆگرامی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی تەکنەلۆژیای سیدنی (UTS) دەڵێت: «ئامانج لەو دەزگا میدیاییانە ئەوەیە کە دەنگێک بن بۆ هەر حکومەتێک کە کۆمەڵگاکەی کۆنترۆڵ بکات». هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لەم دۆخانەدا میدیا ڕاستەخۆ لە خزمەتی سیستمەکەدایە نەک هاوڵاتییەکان، سیستمەکەش خۆراک لەو ئایدۆلۆژیاوە وەردەگرێت کە حیزبی باڵادەست ئاڕاستەی دەکات، بۆیە دەبینیت لەم سیستمانەدا ئەجێندای گشتی (Public Agenda) هیچ ڕۆڵێک نابینێت لە ئەجێنداسازیی ئەجێندای میدیایدا (Media agenda)

لێرەدا گرنگە بە کورتی ئاماژە بکرێت بۆ ئەو سێ جۆر ئەجێندایەی کە پێویستە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئامادەیی هەبێت، بۆ ئەوەی میدیا دواجار بتوانێت کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، بە تایبەت دوو ئەجێندای کۆتایی؛ ئەوانیش بریتین

لـە ئەجێنـدای میدیـا، ئەجێنـدای گشـتی، ئەجێنـدای سیاسـی (policy agenda)

ئێڤێـرت ڕۆجـەرز و جەیمـس دیرینـگ (Everett Rogers and James Dearing) باوەڕیـان وایـە تیـۆری ئەجێنداسـازی لـە پەیوەسـت بـە میدیـاوە، لەگـەڵ سـێ ئەجێنـدای دیکـەدا لـە پەیوەندیدایـە کـە بریتیـن لـە ئەجێنـدای میدیـا (Meida Agenda)، ئەجێنـدای گشـتی (Public Agenda)، ئەجێنـدای سیاسـی (policy agenda)

جـا ئەجێندای سیاسـی ئـەو ئەجێندایانەن کە حکومەت و لایەنـە پەیوەندیدارەکانی بـواری دەوڵەتـداری یـان هـەر لایەنێـک کـە سیاسەتسـازی دەکات، دەتوانێـت ڕۆڵـی هەبێـت لـە دیاریکردنیـدا. بـۆ زیاتـر تێگـەشتن لـە ئەجێنـدای سیاسـی (policy agenda) و پەیوەندیـی لەگـەڵ دوو ئەجێنداکـەی دیکـە، دەتوانرێـت بـەم شـێوەیە ڕوون بکرێتـەوە: ڕۆجـەرز و دیرینـگ جەخـت لـەوە دەکەنـەوە ئەجێنـدای سیاسـی واتـە لیسـتی ئـەو پرسـانەیە کـە حکومەتـەکان و داڕێژەرانـی سیاسـەت سـەرنجیان لـە سـەریەتی. ئەمـەش یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ ئـەوەی ڕوون بکرێتـەوە کـە چـۆن ڕای گشـتی، ڕووماڵکردنـی میدیـا و ئەولەویەتەکانـی حکومـەت کارلێـک دەکـەن. بـۆ نموونـە ئەگـەر میدیـاکان تیشـک بخەنـە سـەر گۆڕانـی کەشـوهەوا (ئەجێنـدای میدیـا) و داواکاری و پێداویسـتییەکانی خەڵکـی (ئەجێنـدای گشـتی)، حکومەتەکانیـش لەوانەیـە لـە وەڵامـدا دروسـتکردنی سیاسـەتی ژینگەیـی (ئەجێنـدای سیاسـەت) لـە پێشـینەی کارەکانیـان بێـت. ئـەم پەیوەندییـە لـە نێـوان ئـەم سـێ ئەجێندایـەدا، ئـەوە لەقاڵـب دەدات کـە کام پـرس لـەو سـێ پرسـە چارەسـەر دەکرێـن[١٤].

### میدیای بازرگانی لە ئوستralیا

لـە پەیوەندیـی نێـوان میدیـا و دیموکراسـیدا بابەتێکـی دیکـە هەیـە کـە دووبـارە دەبێـت بـە یەکێـک لـە پایەکانـی پێوانـی دیموکراسـی لـە وڵاتـدا، ئەویـش بوونـی میدیـای جۆراوجـۆر و فرەڕەنگـە. واتـە بـۆ ئـەوەی سیسـتمێکی دیموکراسـی پایـەدار بێـت، تەنهـا بوونـی میدیـا لـەو سیسـتمەدا گرنـگ نییـە، بەڵکـوو ئـەوەش گرنگـە کـە ئـەم میدیایـە تـا چەنـد لـە جۆرایەتـی و ئامانجیانـدا جیـاوازن. ڕاسـتە میدیـای نیشـتمانی پایەیەکـی گرنگـە و دەوڵـەت بـە بـێ دەسـتتێوەردان لـە ئامانـج و بەرنامەیانـدا بودجەیـان بـۆ دابیـن دەکات، بـەڵام کۆمەڵـە میدیایەکـی دیکـەش

پێویستن کە سەرچاوەی داهاتیان لە ڕێگەی دیکەی وەک ڕیکلامەوە پەیدا دەکەن و پەیامەکانیان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، ئەمانەش ئەو دەزگایانەن کە بە میدیای بازرگانی ناو دەبرێن

## ئایندەی تەلەڤزیۆنە بازرگانییەکان لە ئوسترالیا

«پیشەسازیی پەخشی بازرگانی لە ئوسترالیا» ڕووبەڕووی دابەزینێکی بەرچاو بووەتەوە، ئەمەش بە هۆی سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و گۆڕانی ڕەوتی ڕیکلامەوە. بۆ دەیان ساڵ ناوەندەکان کێبڕکێکانیان لە بەرژەوەندیی خۆیان سنووردار کردبوو. ئەم ناوەندانە بەردەوام گەشەیان دەکرد، ئەویش بە قۆرخکردنی سەرنجی بینەر و سوودوەرگرتن لەو سنووردارکردنانەی حکومەت لە ڕێگەی ڕێنماییەکانیەوە ئاراستەی دەکرد. بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە داهاتەکانیان بە شێوەیەکی بەردەوام کەمی کردووە، چونکە ڕیکلامکەران (ئەو کۆمپانیا و ناوەندانەی پێویستیان بە ڕیکلام هەیە) لە بریی ئەوەی ڕیکلامەکانیان بەم ناوەندانە بکەن، خەرجییەکانیان ئاراستەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی وەک سۆشیالمیدیا کردووە. لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٦ و ٢٠٢٢)، پشکی پەخشکەرانی بازرگانی (commercial broadcasters) لە بازاڕی ڕیکلامی ئوسترالیا لە (٤٣٪ بۆ ١٧٪) دابەزی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە سەر خواستی ڕیکلام هاتووەتە پێشەوە

ئەم دابەزینە داراییە بە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بەرنامەسازییەوە (programming) ئاڵۆزتر بووە، کە ساڵانە بە ڕێژەی ١,١٪ زیادی کردووە. سەرەڕای بەڕێوەبردنی چەندین کەناڵ، پەخشکەران نەیانتوانیوە گەشەی داهاتی دەستەبەر بکەن. لە ئەنجامدا بەرهەمهێنانی پەیامی ناوخۆیی زیانێکی زۆری بەر کەوتووە. لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ بۆ ٢٠٢٣)، خەرجییەکان بۆ درامای ئوسترالی بە ڕێژەی ٧٢٪ دابەزین و بودجەی درامای مندالان بە تەواوی نەهێڵرا. بۆ کەمکردنەوەی تێچوونەکان، پەخشکەران خشتەکانیان پڕ کردووەتەوە بە بەرنامەی هەرزانتر، بەڵام ئەمە بینەرانی بەرەو پلاتفۆرمە بەدیلەکان بردووە، لە نێوانیاندا خزمەتگوزارییەکانی وەک نێتفلێکس. لە بەرامبەر ئەم کورتهێنانەدا، دەزگاکانی پەخشکردن ڕوویان کردووەتە «ڕیکلامی قومار»

(Gambling advertisements) وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهات و

دەستخستنی داهات. لە ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)دا (١٦٢ ملیۆن دۆلار) بەشداریی کردووە، واتە کەمتر لە ٥٪ی کۆی بازاڕی ڕیکلامی تەلەڤزیۆنی. لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە ڕیکلامانە هەندێک یارمەتیی دارایی دەدەن، بەڵام ئەم خەرجییە بە «تێچووی کۆمەڵایەتی» هەژمار دەکرێت، واتە لە گیرفانی خەڵکی دێتە دەرەوە. ئوسترالیا لە سەر ئاستی جیهان بە پێشەنگ دادەنرێت لە «زیانەکانی قومارکردن» کە ساڵانە (٢٤ ملیار دۆلارە). هەر بۆیە حکومەتی ئوسترالی بیر لەوە دەکاتەوە کە ڕیکلامەکانی قومار لە تەلەڤزیۆندا سنووردار بکات، دوا جار ئەمەش زیاتر دەبێتە مەترسی و ئاڵنگاریی دارایی بۆ سەر ناوەندەکانی ڕیکلام و پەخشکردن

هەروەها لە لایەکی دیکەوە پرسە کولتووری و پێکهاتەییەکان؛ پیشەسازیی ڕیکلام تووشی کێشە دەکات. تۆڕەکانی وەک «ناین» و «سێڤن» ڕووبەڕووی تێکچوونی کارکردن و ناسەقامگیریی دارایی بوونەتەوە. ئێستا قەرزەکانی سەر «کەناڵ سێڤن» ئاستی ئاسایی تێپەڕاندووە. ئەم ئاڵنگارییە ئەو پرسیارە دەورووژێنن کە ئایا هەندێک تۆڕ و ناوەندی پەخشکردن وەک بازرگانییەکی بەردەوام دەمێننەوە یان تەنها بە هۆی مۆڵەتی پەخشەکانیان (Broadcast licenses)ەوە دەتوانن پارە پەیدا بکەن؟ چونکە «مۆڵەتی پەخش» لە زۆر بارودۆخدا دەتوانرێت بفرۆشرێت یان بدرێتە کرێ بە کەناڵێکی دیکە و بەو شێوەیە دەرامەتێک بۆ پەخشکردن پەیدا بکرێت و بەردەوامی بدرێت بە کارکردن. جگە لەوەش، پەخشکەران کاریان بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیارێتییە گشتییەکانیان کردووە، سەرەڕای بەکارهێنانی سەرچاوە گشتییەکانی وەک «سپێکتریمی کارۆموگناتیسی»، ئەمیش هەر لە ڕێگەی بەکرێدانەوە دەبێت بۆ دەستخستنی داهات

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، داهاتووی پەخشی بازرگانی (commercial broadcasting) لە ئوسترالیا نادیارە. لە کاتێکدا هەندێک پەیامی وەک وەرزش و هەواڵ توانیویانە خۆیان لەگەڵ پلاتفۆرمە بەدیلەکاندا بگونجێنن، هەر چەندە ئەمەش بە دیوێکی دیکەدا لەوانەیە بەکارهێنەرانی ئەو کەناڵانە ڕووبەڕووی تێچووی زیاتر بکاتەوە، یان پێویستیان بە پشتیوانیی زیاتری حکومەت هەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەنگە چیتر مۆدێلی تەقلیدیی پیشەسازی کە لە لایەن ڕێکلامکەرەوە بەڕێوە دەبرێت؛ نەتوانێت بەردەوام بێت، بەڵام ئەم

گۆڕانکارییە دەتوانێت ببێتە هۆی دەرکەوتنی ناوەرۆکێکی باشتر کە خزمەت بە بەرژەوەندییە گشتییەکان بکات، ئەویش بە ئەولەویەت دان بە پێداویستییەکانی بەکاربەر نەک داواکارییەکانی ڕیکلامکەر[١٥].

## چڕبوونەوەی میدیای ئوسترالیا (Australia's media concentration) و ئایندەی میدیا لە ئوسترالیا

چڕبوونەوەی میدیای ئوسترالیا ئاماژەیە بۆ ئەو ڕادەیەی کە ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیا یان لایەنەکان زاڵن بەسەر میدیادا لە وڵاتەکەدا. ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە ئەم لایەنانە چەندە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و خاوەندارێتیی ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و میدیای دیجیتاڵییان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی چڕبوونەوەی میدیا بەو مانایەیە کە چەند دامەزراوەیەک زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ دەکەن، ئەمەش هەمەچەشنی لە ڕوانگە و کێبڕکێ و سەربەخۆیی لە ڕاپۆرتکردنی هەواڵدا سنووردار دەکات[١٦]. لە ئێستادا چڕبوونەوەی میدیای ئوسترالیا پرسێکی گرنگ و بەرچاوە، ئاستێکی بەرزی خاوەندارێتی لە نێوان چەند کارەکتەرێکی سەرەکیدا چڕ بووەتەوە. ئەم چڕبوونەوەیەش بووەتە هۆی وروژاندنی نیگەرانیی جددی لە بارەی چەند پرسێکی گرنگی وەک هەمەجۆری، کێبڕکێ و کاریگەرییە ئەگەرییەکان لە سەر گوتاری دیموکراسی. بە پێی توێژینەوەکەی «مایکل پوسی»، دەڵێت ئوسترالیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەرزترین ئاستی چڕبوونەوەی خاوەندارێتیی میدیای لە جیهاندا تۆمار کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی سنووردارکردنی هەمەچەشنی لە دیدگاکاندا. ئەم چڕبوونەوەیە «ڕێگە دەدات بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، نەبوونی فرەچەشنیی بیروڕا و سەرکوتکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری»[١٧].

کەواتە ئاستی بەرزی چڕبوونەوە بەو مانایەیە کە ژمارەیەکی کەم لە کۆمپانیاکان پشکێکی زۆر لە بازاڕی میدیادا کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش دەتوانێت فرەدیدگایی سنووردار بکات و مەودای زانیارییەکانی بەردەست بۆ خەڵک کەم بکاتەوە. هەروەک ئاماژەی بۆ کرا، کاریگەرییەکی نەرێنیی دەبێت لە سەر پرۆسەی دیموکراسی، چونکە چاپەمەنییەکی ئازاد و هەمەچەشن بۆ دیموکراسییەکی تەندروست پێویستە. چڕبوونەوەی بەرزی میدیا دەتوانێت

ئەمـە تێـک بـدات، ئەویـش بـە کەمکردنـەوەی ژمـارەی دەنگـە سـەربەخۆکان و بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە ببێتـە هـۆی یـەک ڕەنگکردنـی ڕووماڵکردنـی هەواڵـەکان

## لایەنە سەرەکییەکانی چڕبوونەوەی میدیا:

١. زاڵبوونـی خاوەندارێتـی: لـە ئوسترالیـا کۆمپانیاکانـی وەک نیـوز کـۆرپ، نایـن ئینتەرتەینمەنـت و سـێڤن وێسـت میدیـا؛ پشـکێکی بەرچاویـان بـەر دەکەوێـت لـە کۆنترۆڵکردنـی ڕۆژنامـەکان، تەلەڤزیۆنـی پەخشـکراو و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان

٢. کۆنترۆڵـی بـازاڕ: بـۆ نموونـە چـوار کۆمپانیـا ٨٤٪ی بـازاڕی میدیـا لـە ئوسترالیـا کـۆنترۆڵ دەکـەن، کـە لـە بەرزتریـن پلـەی چڕبوونـەوەدا دێـت لـە سـەر ئاسـتی جیهـان

٣. کاریگەریـی لـە سـەر هەمەجـۆری: خاوەندارێتیـی کـەمتر، واتـە هەمەجۆریـی کـەمتر لـە هـەواڵ و بۆچوونەکانـدا. ئەمـەش دەتوانێـت کاریگەریـی لـە سـەر گوتـاری گشـتی هەبێـت و دیـدگا و بۆچوونـە جۆراوجـۆرەکان سـنووردار بـکات

٤. بەراوردکاریـی جیهانـی: لـە دوای «بەڕازیـل»ەوە؛ ئوسترالیـا لـە پلـەی دووەمدایـە کـە چڕتریـن بـازاڕی میدیایـی هەیـە لـە جیهانـدا، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە کۆمەڵەیەکـی بچووکـی کۆمپانیـاکان بازاڕەکەیـان قـۆرخ کـردووە و باڵادەسـتییان هەیـە

## ئـەو چـوار کۆمپانیایـە کـە ٨٤٪ی بـازاڕی ڕۆژنامـەکان لـە ئوسترالیا کـۆنترۆڵ دەکـەن؛ بریتیـن لە

**نیـوز کـۆرپ (News Corp)**: خاوەنەکـەی «ڕوپـەرت مـردۆک»ە، گەورەتریـن یاریزانـە، پشـکێکی بەرچـاوی لـە ڕۆژنامەکانـدا هەیـە، لـە نێویانـدا بڵاوکـراوە گەورەکانـی وەک: زە ئوسترالـی، دەیلـی تەلەگـراف و زە هیرالـد سـەن

**نایـن ئینتەرتینمنـت (Nine Entertainment)**: ئـەم کۆمپانیایـە خاوەنـی ڕۆژنامـەی(The Sydney Morning Herald) (The Age) و (The Australia Financial Review)،لەگـەڵ سـەروەت و سـامانی میدیایـی دیکەیـە لە سەرانسـەری

تەلەڤزیـۆن و ڕادیـۆدا

**سێڤن میدیـای ڕۆژئـاوا (Seven West Media)**: بـە خاوەندارێتیـی ڕۆژنامـەی ڕۆژئـاوای ئوسترالــی و بڵاوکــراوە ناوچەییەکانــی دیکــە نــاسراوە، شانبەشــانی کارەکانــی تەلەڤزیۆنــی

**میدیــای کۆمەڵایەتیــی ئوسترالیــا (Australian Community Media) (ACM)**: کـە گرنگـی بـە ڕۆژنامـە ناوچەیـی و کۆمەڵایەتییـەکان دەدات. ‹‹ACM›› خاوەنــی ژمارەیەکــی زۆر لــە بڵاوکــراوە ناوخۆییەکانــە لــە سەرانســەری وڵاتــدا

بـە پێـی توێژینەوەکانـی ئـەم دواییـە کـە لـە لایـەن توێژەرانـی چەنـد زانکۆیەکـی ئوستراليــاوە ئەنجــام دراوە، ئوستراليــا لــە پلــەی دووەمــی ‹‹چڕبوونــەوەی میدیا››دایـە لـە سـەر ئاسـتی جیهانـدا. ڕاپۆرتەکـە جەخـت لـە سـەر باڵادەسـتیی ژمارەیەکـی کەمـی کارەکتەرەکانـی بـواری میدیایـی دەکاتـەوە، کـە ئەمانـە داوای بـاج لـە کۆمپانیـا زەبەلاحەکانـی تەکنەلۆژیـی دەکـەن وەک گـوگڵ و مێتـا دەکـەن بـۆ ئـەوەی لـەم ڕێگەیـەوە داهـات و بودجـەی میدیایـی بەرژەوەندیـی گشـتی دابیـن بکـەن. لـە نێـوان سـاڵانی (٢٠١٩ و ٢٠٢٢)، چڕبوونـەوەی خاوەندارێتیـی میدیـا لـە ئوستراليـا زیـادی کـردووە. ئـەو چـوار کۆمپانیـا گـەورەی لـە سـەرەوە ئاماژەیـان بـۆ کـرا؛ لـە ٨٤٪ی بـازاڕی میدیایـان کـۆنترۆڵ کـردووە، لـە کاتێکدا لـە سـاڵی ٢٠١٩دا ٧٨٪ بـووە، لـە هەمـان کاتـدا گـوگڵ و مێتـا توانیویانـە دەسـت بگـرن بەسـەر ٧٠٪ی بـازاڕی ڕیکلامـی دیجیتاڵیـدا، هەروەهـا لـە ئوستراليـا لـە ڕیزبەندیـی ‹‹دووەم و هەشـتەم››ی گەورەتریـن کۆمپانیـای پەیوەندیکردنـدان دێـن

جـا بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـی ئاینـدەی میدیـا لە ئوستراليـا، ئـەو توێژینەوانەی لـەم بـوارەدا ئەنجـام دراون پێشـنیاری ئـەوە دەکـەن کـە لـە (٢٪) لە داهاتـی ڕیکلامی دیجیتاڵــی وەربگیرێــت و بــۆ دەزگا میدیاییەکانــی دیکــەی بــواری میدیــای گشــتی خــەرج بکرێـت، چونکـە وا دەردەکەوێـت ئـەم یارمەتییـە لـەو بـڕە پارانـە زیاتـر بێـت کـە ئێسـتا بـە پێـی یاسـای زیادکردنـی (موزایـەدە) میدیـای هـەواڵ (News Media Bargaining Code) دابیـن دەکرێـت. پرۆفیسـۆر تێری ڤلـۆ (Terry Flew) لە زانکۆی سـیدنی بـاس لـەوە دەکات کـە باجێکـی لـەو شـێوەیە دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە بەردەوامبوونـی میدیـای بەرژەوەندیـی گشـتی و ڕێگریکـردن لـە دابەزینـی بەردەوامی

میدیـای بـاو (وەک لـە بەشـی پێشـوودا ئامـاژەی بـۆ کـرا). باڵادەسـتیی کۆمپانیـا جیهانییەکانـی بـواری تەکنەلۆژیـا و ڕێکخسـتنەوەی بازاڕەکانـی میدیـا، چڕبوونـەوەی میدیـای بـەرەو ئاسـتێکی خـراپتر بـردووە، ئەمـەش مەترسـییەکی بەرچـاوی لـە سـەر ڕۆژنامەگەریـی ناوخۆیـی دروسـت کـردووە و توانـای ڕێکخسـتنی وردبینیـی هەواڵەکانیشـی خسـتووەتە مەترسـییەوە. جگـە لـەوەش، سـەرهەڵدانی «بیابانەکانـی هـەواڵ» -(news deserts) واتـە ئـەو ناوچانـەی کـە ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان تێیـدا نەمـاون و هەواڵەکانیـان ناگوازرێنـەوە- لەگـەڵ ئامرازەکانـی گـەڕان کـە لـە لایـەن‹‹AI››ەوە بەڕێـوە دەبرێـن، زیاتـر پیشەسـازییەکەیان خسـتووەتە مەترسـییەوە. لـە سـەردەمی پەتـای کۆڤیـد-١٩، نیـوز کـۆڕپ (١٠٠) ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی داخسـت، تۆڕەکانـی وەک سـێڤن و نایـن ڕووماڵـی هـەواڵ و کاروبـاری هەنووکەییەکانیـان بـە ڕێـژەی (٨٠٪) کـەم کـردەوە بـە بـەراورد بـە سـەرەتای سـاڵانی (٢٠٠٠)[18]

هەروەهـا زیادبوونـی چڕبوونـەوەی خاوەندارێتیـی میدیـا (concentration of media ownership) ڕەنگدانـەوەی ڕەوتێکـی جیهانییـە، کـە مەترسـی لـە سـەر گوتـاری دیموکراسـی دروسـت دەکات. لەگـەڵ ئـەوەی بینـەران زیاتـر ڕوو لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان دەکـەن، کاریگەریـی میدیـای تەقلیـدی کـەم دەبێتـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی وەسـتاندنی ڕۆژنامەگەریـی ناوخۆیـی، چونکـە وەک وتـرا چـوار کۆمپانیـای سـەرەکی لـە بـواری پەخشـی تەلەڤزیۆنیـدا پشـکی لـە (٧٩٪ بـۆ ٨٧٪)ی بازاڕیـان بـەرز کردووەتـەوە، لـە کاتێکـدا کارەکتـەرە پێشـەنگەکانی بـواری ڕادیـۆ خاوەندارێتیـی تەنهـا لـە (٥٧٪ بـۆ ٧٧٪) زیـاد کـردووە. لـەم کاتـەدا تەنهـا ‹‹نیـوز کـۆڕپ›› وەک گەورەتریـن کۆمپانیـای میدیایـی لـە ئوسترالیـا دەمێنێتـەوە، کـە پشـکی بەرچـاوی لـە ڕۆژنامـە و خزمەتگوزارییەکانـی ‹‹ستریمینـگ و تیڤـی›› بـە پـارە هەیـە، سـەرەڕای ئـەوەی خاوەندارێتیـی ناوخۆیـی نییـە. لـە بەرامبـەردا کۆمپانیـای ‹‹نایـن ئینتەرتەینمەنـت›› گەورەتریـن کۆمپانیـای میدیاییـە کـە خاوەنەکـەی (خاوەنـداری) ئوسترالیایـە و سـەرووەت و سـامانەکەی تەلەڤزیـۆن و ڕادیـۆ و میدیـای دیجیتاڵـی دەگرێتـەوە. بـە سـەرنجدان لـەم ڕەوتانـە، لـە کۆتاییـدا ئـەوە پشتڕاسـت دەبێتـەوە کـە میدیا و بـازاڕی میدیایـی ڕووبـەڕووی قۆرخکارییەکی مەترسـیدار بووەتـەوە کـە دواجـار ئەمـە کاریگەریـی دەبێـت لـە سـەر کەمبوونەوەی ژمـارە و فرەچەشـنیی میدیـا لـە ئوسترالیـا، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە سـەرچاوەکانی

زانیاری بۆ هاوڵاتییان کەمڕەنگ دەبێتەوە، دواجار هاوڵاتییان دەکەونە بەر شەپۆلی ئەو زانیارییانەی کە تەنها کۆمپانیا قۆرخکارە گەورەکان مەبەستیانە. لە لایەکی دیکەوە پرۆسەی دیمکراسی دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە، چونکە دوا جار هاوڵاتییان بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسی و خستنەڕووی بۆچوونەکانیان لە ڕێگەی میدیاوە کەم و سنووردار دەکرێتەوە. بۆیە لە ئێستادا دۆخەکە ئەوە دەخوازێت کە دەستتێوەردانێکی ڕێکخراوەیی دەست پێ بکات بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامبوونی مانەوەی ڕۆژنامەگەریی بەرژەوەندیی گشتی لە ئوسترالیا[١٩]

## ئەنجامگیری

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بەوە دەگەین کە میدیا لە وڵات و سیستمێکی وەک ئوسترالیادا ڕۆڵێکی قووڵ و کاریگەری هەیە بۆ پاراستنی سیستمەکە و ئەو فرەکولتوورییەی وڵاتەکەی پێ ناسراوە. پاراستنی هاوسەنگی لە لایەکەوە و گرنگیدان و بەردەوامی بە «فرەڕەنگیی ئوسترالیا»، لە ئەرکە لەپێشینەکانی حکومەتی ئوسترالیایە بە هەموو ئاراستە جیاوازە سیاسییەکانیشەوە. واتە یەکێک لە گرنگترین ئەجێندا نیشتمانییەکانی دەوڵەت بریتییە لە بەرەودان بەم فرەکولتوورییە، لە هەمان کاتدا پاراستنی. جا بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت ئەم کارە بە باشترین شێوە ئەنجام بدات، هاتووە بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ دوو گرنگترین و گەورەترین دامەزراوەی میدیایی؛ «ABC» و «SBS» دابین کردووە و لە ڕێگەی گەڵاڵەنامە ناچاریکردووە بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەرکی نیشتمانی کە هەموویان دەچنەوە سەبەتەی خزمەتکردن بە فرەکولتووری و پاراستنی کۆمەڵگەی ئوسترالی. ئەم دامەزراوە نیشتمانییە میدیاییانە بە هیچ جۆرێک لە لایەن حکومەتی ئوسترالییەوە دەستتێوەردانیان تێدا ناکرێت، بە جۆرێکیش بودجەکەیان لە پرۆسەیەکی سێ یان پێنج ساڵیدا بۆ دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی لایەنی سێیەمەوە کە حکومەت نەتوانێت گرفتیان بۆ دروست بکات، تەنها ئەوەندە هەیە پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی کە لە خەمی هاوڵاتییانی ئوسترالیدایە و لە هاوڵاتیانەوە بۆ هاوڵاتیان هەڵبژێردراوە، چاودێریی ئەم دەزگایانە دەکات کە لە پرەنسیپ و میساقەکان لا نەدەن کە لە

بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی ئوسترالیدایە بە هەموو ڕەنگەکانیەوە

لە لایەکی دیکەوە دۆخێکی ئازاد بونیاد نراوە بۆ ئەو میدیایانەی دەیانەوێت کار بە ئەجێندای خۆیان بکەن و لە چوارچێوەی بازرگانیدا و بە ڕیکلام پارە پەیدا بکەن. لەم توێژینەوەدا هەوڵمان داوە کار لە سەر ئەو جۆرە میدیایانە بکەین و ئەو ئاڵنگارییانە بخەینە ڕوو کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. پرسێکی وەک زیادبوونی چڕبوونەوەی خاوەندارێتیی میدیا (concentration of media ownership) لە دەستی چەند کۆمپانیایەکدا بووەتە مەترسییەکی جددی بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا. لە کاتی ئێستادا ئوسترالیا بە دووەم دەوڵەت دادەنرێت کە ڕێژەی بەرزترین «چڕبوونەوەی خاوەندارێتیی میدیا»، واتە کۆبوونەوە و کورتبوونەوەی دەزگا میدیاییەکان لە دەستی چەند کۆمپانیایەکدا کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر ناوەندەکانی دیکەی میدیا، بە جۆرێک هەندێک دەزگا ناتوانن لە ڕێگەی ڕیکلامەوە بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن. جا ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فرەڕەنگی و فرەدەنگی لە ئوسترالیا و لە کۆتاییدا حکومەت دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی نوێوە بۆ پاراستنی فرەکولتوورییەکە.

## سەرچاوەکان

1 Media, Entertainment & Arts Alliance. (2017, December 8). A proud history at the forefront of Australian journalism. MEAA. https://www.meaa.org/news/meaa-media-aja-history/
2 Josephi, B., & Richards, I. (2012). The Australian journalist in the 21st century. In D. H. Weaver & L. Willnat (Eds.), The global journalist in the 21st century (pp. 115-116). Routledge.
3 Wils, T. (2019). Funding the Australian Broadcasting Corporation [Research paper series, 2019–20]. Parliamentary Library.
4 Infrastructure Australia. (n.d.). Australian Broadcasting Corporation (ABC). Retrieved January 24, 2024, from https://www.infrastructure.gov.au/media-communications-arts/national-broadcasters/australian-broadcasting-corporation-abc
5 Wils, T. (2019). Funding the Australian Broadcasting Corporation [Research paper series, 2019–20]. Parliamentary Library.

6 Wils, T. (2019). Funding the Australian Broadcasting Corporation [Research paper series, 2019–20]. Parliamentary Library.

7 Special Broadcasting Service (SBS). (n.d.). رسانه ها در استرالیا چگونه کار می کنند؟ Retrieved January 24, 2025, from https://www.sbs.com.au/language/persian/fa/podcast-episode/how-does-media-in-australia-work/xdgzkdqcf

8 Special Broadcasting Service (SBS). (n.d.). FAQs. Retrieved January 24, 2025, from https://www.sbs.com.au/aboutus/contact-us/faqs

9 Special Broadcasting Service (SBS). (2024). SBS 2024 annual report. Retrieved January 24, 2025, from https://www.sbs.com.au/aboutus/wp-content/uploads/2024/10/SBS_2024_Annual_Report_DIGITAL.pdf

10 شریفیان، ا. (۱۴۰۳، تیر ۱۹). نقش خبرگزاری رسمی استرالیا در توسعه فرهنگ و هویت ملی. دریافت‌شده از https://cgtt.ir

11 Special Broadcasting Service. (2024). SBS annual report 2024. Special Broadcasting Service. https://www.sbs.com.au

12 شریفیان، ا. (۱۴۰۳، تیر ۱۹). نقش خبرگزاری رسمی استرالیا در توسعه فرهنگ و هویت ملی. دریافت‌شده از https://cgtt.ir

13 Siebert, F. S., Peterson, T., & Schramm, W. (1956). Four theories of the press: The authoritarian, libertarian, social responsibility, and Soviet communist concepts of what the press should be and do. University of Illinois Press.

14 Mohd Zain, N. R. (2014). Agenda setting theory. Retrieved from https://www.researchgate.net/publication/321698436

15 Lotz, A. (2024, September 11). The commercial broadcasters' crisis can no longer be ignored. What's next for TV? The Conversation. Retrieved from https://theconversation.com

16 Meade, A. (2024, October 3). Australia's media concentration ranked second-worst in the world as experts call for levy on tech firms. The Guardian. https://www.theguardian.com/australia-news/2024/oct/03

17 Pusey, M., & McCutcheon, M. (2010). The concentration of media ownership in Australia — From the media moguls to the money men? Record of the Communications Policy & Research Forum 2010, 211-225, P.2.

18 Meade, A. (2024, October 3). Australia's media concentration ranked second-worst in the world as experts call for levy on tech firms. The Guardian. https://www.theguardian.com/australia-news/2024/oct/03

19 Meade, A. (2024, October 3). Australia's media concentration ranked second-worst in the world as experts call for levy on tech firms. The Guardian. https://www.theguardian.com/australia-news/2024/oct/03

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# سیاسەتی میدیایی؛ چوارچێوەی سیاسی بۆ بارودۆخی ڕۆژنامەوانی

## (Journalismus; Eine praktische Einführung)

د. یانیس بریکمان
وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: عەلی ئەکبەر مەجیدی




سەرچاوە: کتێبی ڕۆژنامەوانی؛ بنەمایەکی پراکتیکی، چاپی دووەم، ٢٠٢٤، ل ٥٣-٧٨.

ڕۆژنامەوانی و سیاسەت پەیوەندییەکی دوو لایەنەیان پێکەوە هەیە: هەردووکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان پێویستیان بە یەکتر هەیە. تا ڕادەیەک گرێدراوی یەکترن و تا ئاستێکی بەرچاو یەکتر کۆنترۆڵ دەکەن. ڕۆژنامەوانی لە ڕێگەی ئەرکە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانیەوە دەجووڵێتەوە، بۆ نموونە ڕەخنەگرتن و کۆنترۆڵکردنی کەسایەتییە بەهێزەکان (لە ڕووی سیاسییەوە). هەروەها دەربڕینی بۆچوونەکان و هەڵبژاردن و ڕێکخستنی بابەتەکان بەشێکن لە ئەرکی ڕۆژنامەوانی. دروستکردنی بانگەشە و پێکهێنانی بۆچوون لە نێوان کەسایەتییە سیاسییەکان و کۆمەڵگەدا. ئەگەر لە لایەک ببێتە هۆی دەربڕینی بیروڕای گشتی، وە داواکاری و بەرژەوەندیی هاوڵاتییان بگەیەنێتە بەردەم سیاسییەکان، ئەوا ڕۆژنامەوانی بە واتای نێوانجی لە نێوان بڕیاردانەکانی خەڵک و بەرژەوەندیی سیاسیدایە. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بەرنامەی کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ کۆمەڵگە بگوازێتەوە و ڕووداو و پەیامە سیاسییەکان بۆ ڕای گشتی بخاتە ڕوو، ئەوا هەمان ڕۆڵی نێوانجیی لە نێوان کۆمەڵگە و کەسایەتییە سیاسییەکاندا هەیە.

کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ ئەوەی پەیامەکانیان بە کۆمەڵگە بگەیەنن و خەڵک لە بەرنامە گشتگیرەکانیان تێبگەن؛ پشت بە میدیا و ڕۆژنامەگەری دەبەستن، لەو ئاراستەیەشدا ڕۆژنامەگەری (هەواڵەکان و... هتد) لەسەر بنەمای زانیاریی سیاسی گەشە دەکات. مەیدانی بەرفراوانی ڕۆژنامەگەریی سیاسی کە ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی دەدات و ئەوانە بە پێی شیکارییەکان پۆلێن دەکرێن و بەرامبەر بە بۆچوونەکان هەڵوێست دەگرن، زۆر جار وەکوو کرۆکی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری ڕەچاو دەکرێن. بە ڕێکەوت نییە کە ئەرکە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان بە پێچەوانەی ئەرکە کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکان وەکوو یەکگرتن یان کاتبەسەربردن، لە مشتومڕی گشتیدا بە شێوەیەکی بەرچاو باس دەکرێن و دەبنە جێی ئاماژە بۆ بەرجەستەکردنی گرنگیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەوانی بۆ دیموکراسی و بەو ئاراستەدا بەرەوپێش دەڕوات. بەڵام دەکرێ «سەروەریی سیاسەت»ێکی لەو شێوە لە ڕۆژنامەوانیدا نەک هەر لە ڕووی کارابوونەوە چاودێری بکرێت، بەڵکوو توێژینەوە جۆراجۆرەکان پیشان دەدەن کە سیاسەت لە ڕوانگەی بابەتییەوە بەسەر ڕۆژنامەوانیدا زاڵە. لە حاڵێکدا

بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر جار زاڵن بەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی کە پەراوێز خراون یان بە سیاسی کراون، واتە یان پەراوێز خراون، یاخود لە بواری سیاسییەوە باسی لە سەر کراوە و گرنگیی پێ دراوە.

تیوری بە ناو بەمیدیاییکردنی سیاسەت وایە کە لەم ساڵانەی دواییدا میدیای گشتی ئەوەندە بە لای سیاسەتەوە گرنگ بووەتەوە، کە سیاسەت لە «دیموکراسیی میدیاییدا»، یان لە «کۆمەڵگەی میدیاییدا» بە شێوەیەکی بەرچاو بە پێی «یاسا و ڕێسای میدیا و سیاسەت» هاتووەتە کایەوە. میدیاکان ئەگەر بیانەوێ دەنگیان بگاتە گوێی خەڵک، هەندێ جار تەنانەت لە هەندێ بەرنامەدا وەکوو ‹‹بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی پرۆگرامی ئەمشەو›› (Heute Show) دەکرێ وەکوو دەربڕینی میدیاییبوونی سیاسەت دابنرێت، بە تایبەت بەرنامەکە کە دانرابوو بۆ سەرۆککۆماری ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ. لە بەرنامەیەکی چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنیدا شێوازی دابینکردنی پەیوەندیی سیاسی زۆر جار لە ڕێگەی تویتەر (X)ەوە پەرە پێ بدرێت. ڕۆژنامەگەری کاتێک بەهێزە کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ببێتە باو و هەروەها ئەو سیستمە سیاسییەی کە ڕێساکان بۆ میدیا دادەنێت و مەودای ڕۆژنامەنووسان دیار و بەرچاوە و ئازادی تیایدا بەدی کراوە. بەم شێوەیە سیستمی میدیایی تایبەت بە وڵاتێک وەک بنەما دادەنرێت

ئامرازی سیاسیی کاریگەر لەسەر میدیا و ڕۆژنامەگەری، سیاسەتی میدیاییە. تەنانەت ئەگەر ئەو چوارچێوە سیاسییەش سیستمێکی زۆر ئاڵۆز بێ کە تیایدا میدیای تاکەکەسی لە ڕێگەی زۆرێک لە پەیوەندییەکانی ناو بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە بە یەکترەوە بەسترابێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی میدیایی، پێویستە زیاتر لە ڕووی تیۆری کردارەوە تێبگەین و هەر بۆیەش بە شێوەیەکی پراکتیکتر سیاسەتی میدیا ئەو کردارەیە کە لە بەرهەمهێنان و جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارە پابەندکەرەکان سەبارەت بە ڕێکخراوە میدیاییەکان و میدیای گشتی دێتە دی. بۆیە سیاسەتی میدیا کاتێک ڕێکوپێکە کە ئەو پێکهاتە و هەلومەرجانە دروست دەکات وا لە ژێر هەژموونی ڕۆژنامەگەریدا، حزبە سیاسییەکان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان (کەرتی

تایبەت یان حکومی)، کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و ئەنجوومەنی ڕۆژنامەنووسان؛ بوونەتە بەشێک لەو شەڕانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی میدیاییدا هەن. کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان لە ئەڵمانیادا تەنها نموونەی ئەو شەڕانەی دوایین لە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕاگەیاندنن وەکوو تەلەڤزیۆنی «ARD»

لێرەدا نموونەیەک لە یاسای ڕاگەیاندن دەهێنینەوە: یاسای یاریدەدەری مافی لەبەرگرتنەوە بۆ بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی بۆ بەدەستهێنانی یاسایەک بە مەبەستی بەشداریکردنی دارایی دێتە گۆڕێ بۆ کەڵکوەرگرتنی بازرگانی لە میدیای ئۆنلاین لە لایەن کۆکەرەوەی هەواڵەکان وەکوو گۆگڵ نیوز. هەروەها کەمکردنەوەی باجی زیاتر لەسەر بەرهەمە ڕۆژنامەییەکان لە دونیای جیهانگیری و داگیرکاریدا. زۆرێک لەم ململانێیانە تەنها لەسەر ئاستی نیشتمانیدان، ئەوەش بە زەحمەت دەتوانرێت چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە پرسی ڕێکخستنی ئەڵمانیا بۆ کۆمپانیا میدیاییەکانی ئەمەریکی وەکوو فەیسبوک. هەر بۆیە بە بەردەوامی دەچنە ئاستی سیاسەتی میدیای ئەوروپییەوە کە یەکێتیی ئەورووپا لەو سۆنگەیەوە وەکوو بەرەیەکی نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت. لێرەدا کەسایەتییە سیاسییەکان لە پاڵ کاربەدەستانی داڕێژەری سیاسەتی میدیای نەتەوەییدا دادەنرێن. هەروەها چەمک و دۆخی بە هەمان شێوە باو، بەڵام گشتگیرتر لە سیاسەتی پەیوەندیکردندا؛ ئامانجی هەموو جۆرە پەیوەندییەکە. واتە نەک تەنها میدیای گشتی، بەڵکوو بۆ نموونە پەیوەندیی تاکەکەسی یان گرووپی تایبەت. کۆمەڵگە لیبراڵ و دیموکراسییەکان بە سیستمێکی میدیایی ئازاد و کراوە و سیاسەتێکی میدیایی و پەیوەندیی سنووردار دەناسرێنەوە کە تیایدا میدیا و پەیوەندیکردن بە زەحمەت سنووردار دەکرێن و سەربەخۆن لە دەوڵەتدا. دەوڵەتە خۆسەپێنەکان و سیستمە تۆتالیتارەکان زۆر جار سیاسەتی میدیایی بە شێوەیەکی زۆر سەرکوتکەرتر وەک ئامرازێک بۆ کاریگەریی دەوڵەت یان تەنانەت سنووردارکردنی کاری میدیا و ڕۆژنامەنووسان بەکار دەهێنن. پلەی ئازادیی میدیا، یان پەیوەندیکردنە کە لە ئەڵمانیا تا ئێستاش بە شێوەیەکی نەریتی بە ئازادیی ڕۆژنامەگەری ناو دەبرێت. سنووردار هەر ڕاگەیاندنی لەچاپدراو نییە، بەڵکوو هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەخۆ دەگرێت. لە ئەڵمانیادا ئازادیی ڕاگەیاندن پێگەیەکی باشی هەیە. ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە مادەی

پێنجەمـی یاسـای بنەڕەتیـدا لـە بڕگـەی یەکەمـدا هاتـووە و ئامـاژەی بـەوەش کـردووە: «هـەر کەسـێک مافـی ئـەوەی هەیـە ئازادانـە بیروبۆچوونـی خـۆی بـە قسـەکردن، نووسـین یاخـود لـە ڕێـگای وێنەکانـەوە دەرببڕێـت و بڵاوی بکاتـەوە و لـە هەمـان حاڵیشـدا دەتوانـێ بێبەربەسـت لـەو سـەرچاوانەی دەسـت پێیـان ڕادەگات؛ زانیـاری وەربگرێـت. ئازادیـی ڕۆژنامەوانـی و ئازادیـی ڕاپۆرتکـردن لـە ڕێـگای ڕادیـۆ و فیلمـەوە مسـۆگەرە و هیـچ سانسـۆرێکی لەسـەر نییـە.»

ڕسـتەی یەکەمـی ئـەم بڕگەیـە؛ ئازادیـی ڕادەربڕیـن و زانیاریـی هەمـوو هاوڵاتییـەک لـە ئەڵمانیـادا گەرەنتـی دەکات. ئـەو جـۆرە ئازادییـە تاکەکەسـییانە بـۆ هەمـووان مسـۆگەر کـراوە. ڕسـتەی دووەم؛ ئازادیـی ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە مسـۆگەر دەکات. ئـەوەش مافـی زیاتـر بـۆ ئـەو ڕۆژنامەنووسـانەی کـە تـەواوی وەخـت کار دەکـەن، دەسـتەبەر دەکات، وەک: مافـی وەرگرتنـی زانیـاری لـە دەسـەڵات، یـان ئـەو مافـە بـە ڕۆژنامەنووسـان دەدات کـە ئەگـەر بەڵگەیەکیـان لایـە؛ بۆیـان هەبێـت نەیـدەن بـە کەسـێک. ئـەو مافـە و هەروەهـا پابەندبوونـی پەیوەسـت بـە ڕۆژنامەنووسـان و سـنووری ئازادیـی ڕۆژنامەگـەری. لـە بڕگـەی دووەمـی مـادەی پێنجەمـدا دەڵێـت: «ئـەو مافانـە سـنووری خۆیـان لـە بڕگەکانـی یاسـا گشـتییەکاندا دەبیننـەوە و بڕگـە یاسـاییەکان بـۆ پاراسـتنی گەنجـان و مافـی کەسـایەتیی تاکەکـەس داڕێـژراوە.»

بـە گوێـرەی لێکدانەوەکانـی پۆتکـەر (Potker)، ئازادیـی ڕاگەیانـدن دەسـتەواژەیەکی ڕێژەییـە، چونکـە تەنانـەت ئەگـەر دەسـەڵات مافـی سانسـۆرکردنی ڕۆژنامەگەریـی نەبووبێـت، ئـەوە تەنهـا بـەو واتایـە دێـت کـە ڕاگەیانـدن مافـی ئـەوەی هەیـە لـە بەرامبـەر دەسـەڵاتدا بەرگـری لـە خـۆی بـکات، «ئـەوەش بـەو واتایـە دێـت کـە پەیوەندییـەکان بەرتەسـک نەکرێنـەوە»

ئەگـەر چاوێـک بـە مێـژوودا بخشـێنین، ئازادیـی ڕاگەیانـدن لـە ئەڵمانیـادا بـە بـەراورد لەگـەڵ ئەمەریـکا، بەریتانیـا و فەڕەنسـا؛ بـە هێواشـی پـەرەی سـەند و ئـەوەش لـە سـەردەمی دوای شـەڕی جیهانیـی دووەم و داڕووخانـی وڵاتـدا بەدەسـتمان هێنـا. سۆسیالیسـت لـە لایـەن هاوپەیمانانـەوە کـە لـە یاسـای بنەڕەتیـدا چەسـپاوە: پێدانـی مۆڵەتـی ڕۆژنامەوانـی و دامەزراندنـی بڵاوکردنـەوەی گشـتی

لەسەر بنەما و نموونەی «بی بی سی»ی بەریتانیا، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بۆ ئازادیی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆکەی ئەڵمانیا بوو. هەر چەند دەسەڵات لە سەرەتاوە هێرشی دەکردە سەر ڕاگەیاندنەکان، بەڵام لە کۆتاییدا ئازادیی ڕاگەیاندن هاتە کایەوە. نموونەی بەرچاو؛ ڕۆژنامەی شپیگل (Spiegel) بوو

## ڕووداوی شپیگل و بڕیارەکەی

هۆکاری ئەوەی کە پێی دەوترێت «کاروباری شپیگل»، ئەو وتارە بوو کە بە ناوی «بە مەرج ئامادەیە بۆ بەرگری»، لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢دا دەرکەوت کە تیایدا دوو سەرنووسەر بە ناوی «کۆنراد ئەهلەرز» و «بێرند شمێلز» بە پشتبەستن بە زانیاریی ورد، گومانیان هەبوو ئاخۆ کۆماری ئەڵمانیا دەبێتە فیدراڵی یان نا. بە هۆی کەمبوونی ئامێرە سەربازییەکانی لە ئەگەری هێرشی سەربازانی پەیمانی وارشۆ، توانیی بەرگریی پێشوەختە لەسەر دەستی ناتۆ دابین بکات. لە قۆناغی شەڕی سارددا، کاریگەرییەکەی وەکوو تەقینەوەی بۆمبێک وا بوو: لە ڕێکەوتی (٢٦)ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٢، «فرانتس یۆزێف شتراوس»؛ وەزیری بەرگریی فیدراڵی ئەڵمانیا، بە هاندانی ئەفسەرەکانی فەرمانگەی پۆلیسی بەشی تاوانی فیدراڵ، نووسینگەی ڕۆژنامەی «شپیگل»یان لە شاری هامبۆرگ پشکنی و دەستیان بەسەر هەموو کەلوپەل و لێکۆڵینەوەکانی ناو نووسینگەکەدا گرت. لە هەمان کاتدا سەرنووسەرەکەش (ڕودۆڵف ئاگشتاین) و کارمەندانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە و هەڵەگرەکانیشیان دەستبەسەر کرد و خستیاننە زیندان. بەرپرسانی فیدراڵی کە دەیانزانی وەزیری بەرگری (فرانتس یۆزێف شتراوس) دوژمنیایەتیی لەگەڵ سەرنووسەری شپیگل (ڕودۆڵف ئاگشتاین)دا هەیە و چەندین جار لە بەشی ڕەخنەی ڕۆژنامەکەیدا ڕەخنەی لە وەزیری بەرگری گرتووە، بە تۆمەتی خیانەت و بەرتیل تاوانباریان کرد. بەڵام بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە، فایلی تایبەت بە شپیگل لە دادگادا ئیتر نەکرایەوە و بە داخراوی مایەوە. لەو کاتەدا یاسای ڕۆژنامەوانی و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان بەهێزتر بوون: نەک هەر ناڕەزایەتییەکی بەرفراوان لە لایەن خوێندکارانەوە دژی ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادیی ڕۆژنامەگەری هاتە ئاراوە، بەڵکوو زۆرینەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا و هەروەها

ڕێکخراوەکانیش هاوسۆزیی خۆیان بۆ ڕۆژنامەی شپیگل دەربڕی. بۆ نموونە؛ ڕێکخراوەکان دەرگای نووسینگەکانیان بە ڕووی ڕۆژنامەنووساندا کردەوە تا لەوێ درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن.

دادگای دەستووری فیدراڵی لە «بڕیار و حوکم بەسەر شپیگل»دا، لە (٥)ی ئابی ١٩٩٦دا ڕایگەیاندووە کە ڕۆژنامەگەری ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بەجێ دەگەیەنێت کە لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی گشتی ڕێگەی پێ نادرێت دەستتێوەردان بکات. پۆتکەر لە ساڵی (٢٠١٢)دا ئەو بڕیار و حوکمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە «گرنگییەکی بنەڕەتی» لەئارادایە بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە ئەڵمانیادا، چونکە بە شێوەی پێشەنگ گرنگیی ڕۆژنامەوانیی لە دانوستاندنی کۆمەڵایەتیدا پێک هێنا و دواتر بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر یاسای ڕاگەیاندن دانا و سەلماندی کە پێشەنگە. ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ پەرەپێدانی دیموکراسیی کارای ڕۆژنامەگەری لە ئەڵمانیادا. ڕێکخراوە ناحکومییەکان وەکوو «ماڵی ئازادی» (Freedom House) و «پەیامنێرانی بێسنوور» (Reporters Without Borders)، لە ڕیزبەندی و ڕاپۆرتی ساڵانەیاندا ڕۆژنامەوانیی سنووردارکراو و بەربەستەکانی ڕۆژنامەوانی لە سەرانسەری جیهاندا بەڵگەنامەیی دەکەن. ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور لە (١٨٠) وڵاتدا چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەکات و سەبارەت بە دۆخی ئێستای کارکردنیان گفتوگۆ دەکات و پرسەکانی ڕۆژنامەوانی تاوتوێ دەکەن. بۆ نموونە؛ کار دەکەن لەسەر ڕێژەی هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنووسان و توندوتیژی بەرامبەریان و سەپاندنی زیندان بەسەریاندا، بە مەبەستی پۆلێنێکی نێودەوڵەتی بۆ پێواندنی بایەخی ئازادیی ڕۆژنامەوانی. ساڵی ٢٠٠٨، «پەیامنێرانی بێسنوور» بابەتێکیان بڵاو کردەوە لە ژێر ناوی «هاندان دژ بە پسپۆڕانی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی ترس و توندوتیژی» و ڕاپۆرتیان کرد کە ئازادیی ڕاگەیاندن بە تایبەت لە ئەورووپا سنووردار کراوە. دەبووایە ڕۆژنامەنووسان زیاتر هەست بە دڵنیایی حاڵ و ماڵ و گیانی خۆیان بکەن، تەنانەت لە ئەورووپاش ڕۆژنامەنووسان دەکەونە بەر تۆمەتی ئامانجدار و کەمپینی هێرشبەرانە لە لایەن سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستەکانەوە. لەو جۆرە نموونانە لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا زۆرن. هەروەها دۆخی ڕۆژنامەنووسان لە هەندێ وڵاتی ئەفەریقی و وڵاتانی عەرەبی و

ئەمەریکای باشووردا بە شێوەی نەریتیی زۆر دژوار پۆلێن کراون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕیزبەندیی ڕاگەیاندندا بۆ پلەی (٤٨) دابەزیوە. ئەوە هەمان ئەو بارودۆخەیە وا «پەیامنێرانی بێسنوور» دۆخەکە دەگەڕێننەوە بۆ سەرۆککۆماری ئەمەریکا (دۆناڵد ترەمپ) کە لەو کاتەوە سەرۆکایەتیی گرتە دەست و دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر ڕاگەیاندنی ڕەخنەگر. ترەمپ هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرەکان و بە «دوژمنی خەڵک» دەیچوواندن. هەر چەندە ئەڵمانیا لە ڕیزبەندیی ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا دوو پلە بەرز نرخێنرا و بە پلەی سێزدەیەم دانرا، بەڵام پەیامنێرانی بێسنوور ئەوە بە ڕەوتێکی ئەرێنی دانانێن.

بە پێی ڕاپۆرتی «پەیامنێرانی بێسنوور»، دۆخی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی دیکە بە شێوەیەکی بەرفراوان تێک چووە، بۆیە ئەڵمانیا لەچاو ئەو وڵاتانەدا بە باش دادەنرێت. ڕێژەی هێرشی جەستەیی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانی بە (١٥) کەس هەژمار دەکرێت و ئەو ڕێژەیە بەرز بووەتەوە بۆ (٢٢) کەس. ڕێکخراوی «پەیامنێرانی بێسنوور» لە ڕێپێوانە پۆپۆلیستییەکانی بەرەی ڕاستگەرادا، توندوتیژیی دژ بە ڕۆژنامەنووسان ڕوو لە زیادبوون پیشان دەدات: لە خۆپیشاندانەکانی شاری ‹›کمینتس‹›، لە هاوینی (٢٠١٨)دا، خۆپیشاندەران بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە سەر ڕۆژنامەنووسان و پەلاماری کامێرا و مۆبایلەکانیان دەدان و کەلوپەلەکانیان شکاندن و هێرشی جەستەییان دەکردە سەریان و تۆمەتی «ڕاگەیاندنی درۆزن»یان دەدایە پاڵ ڕۆژنامەوانان. «پەیامنێرانی بێسنوور» بەو ئەنجامە گەیشتوون کەشوهەوای ڕۆژنامەوانی لە ئەڵمانیادا لە سەردەمی ‹›بزووتنەوەی پگیدا‹› لە ساڵی ٢٠١٥ یەکسان نەبووە. خۆپیشاندانەکانی ‹›بزووتنەوەی پگیدا‹› لە شاری درێسدێن لە پاییزی ساڵی ٢٠١٤دا لە ڕاسترەوی توندڕەوەوە بۆ توێژی مامناوەندی کۆمەڵگە گوازراوەتەوە و لە ژێر دەسەڵاتی پۆپۆلیستە ڕاستگەراکان و کۆنزێرڤاتیڤەکاندایە و بە دروشمی «ترس لە بێگانە و ترس لە ئیسلام» هەنگاو دەنێت. ڕووداوەکەی شەوی سەری ساڵی ٢٠١٨ لە کۆڵن «کە دەیانوت پیاوانی پەنابەر؛ ژنانی ئەڵمانیایان بێزار کردووە» و قەیرانی ئۆکراین، ببوونە گورزێک بە دەست کۆنزێرڤاتیڤەکانەوە تاکوو بتوانن هێرش بکەنە سەر ڕوژنامەنووسان و هەروەها پەنابەران.

قەیرانێکی متمانە لە ڕۆژنامەوانیدا کە ئێستا لەئارادایە، پڕوپاگەندەیەکە بە ناوی «ڕاگەیاندنی درۆ» لە لایەن سیستمی دەسەڵاتەوە بۆ سەر ڕاگەیاندنی گشتی و سەربەخۆ. لە ڕاپرسییەکدا بە ناوی «توێژینەوەی درێژخایەن لە بارەی متمانەی ڕاگەیاندنەکان» کە هێمای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیبوونی بەهێزە، لە زانکۆی یۆهانس گوتێنبێرگ لە شاری ماین بەڕێوە چوو و بەو ئەنجامە گەیشتن: متمانەی خەڵک بە ڕاگەیاندنەکان ئەو پێناسانە دەسەلمێنێت وەکوو «ڕاگەیاندنەکان لە کۆماری فیدراڵدا بە تەواوی کەرەستەیەکە بە دەست دەسەڵاتدارەکانەوە»، یان «ڕاگەیاندنەکان و سیاسەت دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ تێکدانی بیروڕای خەڵک»

کاتێک باسی «ڕاگەیاندنی درۆ» دێتە ئاراوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵک بایەخ بە ڕوانگە و ئەولەویەتی سیاسیی خۆیان نادەن. لە نێوان خەڵک و نوخبەدا ناکۆکیی بیروڕا لەئارادایە، نەک هەر لە نێوان ئەواندا، بەڵکوو لە نێوان کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسانیشدا، بە تایبەت کاتێک سەبارەت بە پرسی سیاسیی جیۆپۆلەتیک و هاوپەیمانی، یان هەڵوێستی ئەڵمانیا بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یان ڕووسیا و کێشمەکێشی وڵاتان گفتوگۆ دەکرێت.

بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەریی جیاوازیی سیاسەتی ڕاگەیاندن لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هەڵبسەنگێنین، ڕوانگەیەکی پێوانەیی نێونەتەوەیی لە بارەی سیستمی ڕاگەیاندن پێویستە بوونی هەبێت. چەمکێک هەیە کە لە ئێستادا لە توێژینەوەی پەیوەندییەکاندا باوە. بۆ یەکەمین جار وەکوو «چوار بیرۆکەی ڕاگەیاندن» لە لایەن ئەم کەسانەوە؛ سیبێرت، پیتەرسۆن و شرام  لە ساڵی (١٩٥٦) پەرەی سەند و سیستمی ڕاگەیاندنی بەسەر چوار بەشدا دابەش کرد: سیستمی میدیایی تۆتالیتار، پاوانخواز، بەرپرسیار لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان لە ڕووی ئابوورییەوە. ئەوەش لە مێژە بە مۆدێلی باڵادەست دادەنرا وەکوو سیستمی میدیای نێودەوڵەتی. چەمکی «بەراوردکردنی سیستمی میدیا» ڕێبازێکی نوێیە و پەسەند کراوە بۆ بەراوردکردنی سیستمی میدیایی ڕۆژئاوا کە دواتر فراوانتر و زیاتر پەرەی پێ درا بۆ ئەوەی ناوچەکانی دیکەی جیهان بگرێتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی دوو کەس بە ناوەکانی «هالین» و «مانچینی» لە بارەی میدیا و سیاسەت، ڕەوتێکی سیاسەتی میدیایی دەگرێتە بەر و جیاوازی لە نێوان چوار سیستمی میدیایی دادەنێت: ڕەهەندەکانی میدیا-پێگەی ڕۆژنامەوانی، هاوتەریبیی سیاسی، پلەی پیشەییبوون و کونترۆڵی دەوڵەت. هەروەها چوار ڕەهەندی سیاسییش دادەنێت: شێوازی ململانێ، شێوازی حوکمڕانی، ئاستی ڕێکخستن و ڕۆڵی دەوڵەت.

## مۆدێلی دیموکراسی-کۆمپانیا لە ڕاگەیاندندا

مۆدێلی دیموکرسی-کۆمپانیا لە باکوور یان ناوەڕاستی ئەورووپا، بۆ سیستمی میدیایی ڕوویان لە گەشەکردنە، چونکە بە شێوەیەکی نەریتی هەژمار و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان زۆرن و پەخشی ڕیکلامی بازرگانییش هاتووەتە ئاراوە. لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا، ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا و هۆڵەندا، ڕۆژنامەوانی بە پیشە دادەنرێت، وە میکانیزمەکانی خۆبەڕێوەبردن و شەفافیەت لە ڕووی دامەزراوەییەوە چەسپێنراون. میدیا بە تەنها وەک کۆمپانیای تایبەت سەیر ناکرێت، بەڵکوو ئەرکە کۆمەڵایەتی-سیاسییە سەرەکییەکانیان بەجێ دەهێنن. پێگەی پەخش و وەشانی گشتی لەو وڵاتانەدا کە ئاماژەمان پێ دان، بەهێزە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، بەریتانیا و ئێرلەندا؛ لە ڕووی سیستمی ڕاگەیاندن تەرخان کراون بۆ مۆدێلی لیبراڵ یان ئەتلانتیکی باکوور. لەم وڵاتانەدا هەواڵی ئاڕاستەکراو لە لایەن لایەنێکەوە بۆ ناو ڕۆژنامەوان زاڵە بەسەر کولتووری ڕۆژنامەوانیدا. ڕۆژنامەوانی لە بەریتانیا بە شێوازی حزبی مامەڵە دەکات و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی گشتی وەکوو کەنەدا و ئێرلەندا دوور لە ویلایەتەکان ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت. واتە هەر ویلایەتە و سەربەست نییە بڕیار لەسەر چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بدات. هەر چەند ڕاگەیاندنەکان سەربەخۆن، بەڵام سیستمی بڵاوکردنەوەی گشتی لەناو چووە. ئەو شێوە ڕاگەیاندنە بە لیبراڵ پێناسە دەکرێت، چونکە بە دژواری لە لایەن دەسەڵاتەوە جڵەو دەکرێت. لە بواری ناوەرۆک و ئابوورییەوە، ڕاگەیاندنەکان لە سیستمی لیبراڵدا بە تەواوی سەربەخۆن.

## مۆدێلی جەمسەرگیری-فرەیی لە ڕاگەیاندندا

مۆدێلـی جەمسـەرگیری-فرەیی، یـان مۆدێلـی سیسـتمی میدیـای دەریـای ناوەڕاسـت، بـە تایبەتمەندیـی سیسـتمی میدیـا و کولتـووری ڕۆژنامەوانـی لـە باشـووری ئەورووپـادا دێتـە هەژمـار. ئـەم وڵاتانـە لـە ئەورووپـادا: یۆنـان، ئیتاڵیـا، ئیسـپانیا، پرتـوگال و فەڕەنسـا؛ بـە هەنـدێ سـنووردارکردنەوەی میدیایـی، بـە مۆدێلـی ڕاگەیاندنـی دەریـای ناوەڕاسـت دەناسرێنـەوە و بـە میدیـای نزیـک لـە دەوڵـەت و پشتئەسـتوور بـە سیاسـەت هەژمـار دەکرێـن. ئـەو ڕۆژنامانـەی وا بـە ڕاگەیاندنـی نوخبـە نـاسراون، چـاپ و هەژماریـان کـەمترە لەچـاو ڕۆژنامەکانـی تر. چوارچێـوەی سیاسـی و یاسـایی بـۆ ڕۆژنامەوانـی؛ دۆخێکـی هەڵپەسێردراوی هەیـە و هـەردوو چوارچێوەکـە گرێـدراوی یـەکترن. پلانـی تایبـەت بـە یاسـای ڕاگەیانـدن لـە ئەسـتۆی سیاسـەتە و دەبـێ لـە یاسـادانانی پەرلەمانیـدا، دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن ڕۆڵیـان هەبێـت. لێـرەدا مەبەسـت لـەو مافانـەن کـە ڕۆژنامەنووسـی سـەربەخۆ دەبـێ دڵنیایـی هەبـێ لـە کارەکـەی. ئـەوەش بـە شـێوەیەکی پراگماتیـک بـە یاسـای میدیـا نـاو دەبرێـت. هـەر چەنـدە ئـەو زاراوەیـە لـە هیـچ جـۆرە یاسـایەکدا نادۆزرێتـەوە. پێویسـتە هەنـدێ لـە نۆرمـەکان لـە یاسـا جیاوازەکانـدا کـۆ بکرێنـەوە، وەک یاسـای دەسـتووری کـە ئازادیـی ڕۆژنامەوانـی دیـاری دەکات. بـۆ نموونـە؛ وەکـوو یاسـای کارگێـڕی کـە داواکاری ڕۆژنامەوانـی بـۆ گواسـتنەوەی زانیـاری ڕێـک دەخـات. نموونەیەکـی تـر، یاسـای مەدەنـی کـە مافـی لەبەرگرتنـەوە هەمـوار دەکات و هەروەهـا یاسـای تاوانـکاری کـە مافـی پاراسـتنی مافـی تاکەکەسـی دەستنیشـان دەکات. نموونەیەکـی دیکـەش، یاسـای ڕێکارەکانـە بـە مەبەسـتی ئـەوەی تاکـەکان یـان ڕۆژنامەنووسـان مافـی ئەوەیـان هەبێـت شـایەتحاڵبوون ڕەت بکەنـەوە. ئـەم یاسـایانە کە بە نموونـە هێنامانـەوە، چوارچێوەی یاسـایی بـۆ میدیـا لـە ئەڵمانیـادا دیـاری دەکـەن. لـە ڕاسـتیدا چوارچێـوەی یاسـا و ڕێسـاکان زیاتـر لـە خوێندنـی وانـەی بەشـی یاسـا دەچـن تاکـوو ڕۆژنامەوانـی. دەتوانیـن لـەم دۆخـەدا وەڵامێکـی سـاکار بدەینـەوە: ڕۆژنامەنووسـان تـا دێـت زیاتـر بەرپرسـیار دەبـن لـە دەرئەنجامـی کارەکانیـان ئەگـەر بێـت و خەڵـک یـان کۆمپانیـاکان لـە ئەنجامـی ڕاپۆرتەکانیانـدا زیانیـان پـێ بـگات، کـە نـەک تەنهـا پێویسـتی بـە پێدانـی قەرەبـوو هەیـە، بەڵکـوو لـە بارودۆخـی دژواردا دەتوانـێ ببێتـە

هـۆی سـزای زیندانیکـردن. بـە مەبەسـتی دوورەپەرێـزی لـە وەهـا ڕووداوگەلێکـی ڕۆژنامەوانـی، یاسـای تایبـەت بـە ڕۆژنامەوانـان لـە کاتـی ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە و بـواری چالاکییەکانیـان لــە بەرژەوەندیــی گشــتیدا؛ بــە بنەمایەکــی گرنــگ دادەنرێـت و زانسـتی یاسـای ڕاگەیانـدن دەبێتـە ئامـرازی ڕۆژنامەوانـی. یاسـای بنەڕەتـی وەک بنەمـای یاسـایی بـۆ کاری ڕۆژنامەوانـی لـە ئەڵمانیـادا، نـەک هـەر ئازادیــی گشــتیی زانیــاری و ڕادەربڕیــن لــە مــادەی پێنجەمــدا مســۆگەر دەکات، بەڵکـوو ئازادیـی تایبەتیـی ڕۆژنامەوانـی و بـەو پێیـەش قەدەغەکردنـی سانسـۆری دەوڵەتیـش مسـۆگەر دەکات. هەروەهـا لێـرەدا ئاماژەیەکـی ڕوون بـەوە دەدەیـن کـە ئازادیـی ڕۆژنامەوانـی بێسـنوور نییـە، بەڵکـوو سـنوورەکانی خـۆی لـە بڕگەکانـی یاسـا گشـتییەکان و بڕگەکانـی یاسـایی بـۆ پاراسـتنی گەنجـان و لـە مافـی شـەرەفی کەسـیدا دەدۆزێتـەوە.

لــە یاســای بنەڕەتیــدا خــۆی مــادەی زیاتــری تێدایــە کــە ڕۆژنامەوانــان ڕێگەیـان پـێ نادرێـت لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا پێشـێلکاری بکـەن: وەکـوو کەرامەتـی مـرۆڤ لـە مـادەی یەکەمـدا، مافـە کەسـییە گشـتییەکان لـە مـادەی دووەمـدا، مامەڵـەی یەکسـان لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی ڕەچەڵـەک و زمـان و هەڵوێسـتی ئایینـی و سیاســیی جیاوازیــان هەیــە کــە لــە مــادەی ســێیەمدا هاتــووە. بــەم پێیــەش بەشـداریی ڕۆژنامەوانـی ڕێگەپێـدراوە ئەگـەر ڕێـز لـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی هـەر تاکێـک بگرێـت و جیـاکاری نـەکات لـە نێـوان هیـچ کەسـێکدا، ئـەوەش لـە مـادەی (١٠)دا هاتـووە کـە نهێنیـی نامـە و پەیوەندییـەکان دەپارێزێـت. بـە پێـی مــادەی دەیــەم، ڕۆژنامەوانیــش وەک هــەر هاوڵاتییەکــی دیکــە ئەگــەر تــاوان ئەنجـام بـدات، لێپێچینەوەیـان لەگەڵـدا دەکرێـت. لـە یاسـای تاوانەکانـدا (StGB) یاسـایەک ڕێـک خـراوە بـۆ تاوانـی ڕۆژنامەنووسـان هـەروەک چـۆن ئـەو یاسـایە بـۆ هــەر هاوڵاتییەکــی دیکــەش جێبەجــێ دەکرێـت. قەدەغەیــە ڕۆژنامەنووســان دەنـگ و گفتوگـۆی نهێنیـی کەسـێک بڵاو بکەنـەوە، یـان ڕێگـە بـە ڕۆژنامەوانـان نـەدراوە سـیخوڕی بەسـەر کەسـێکەوە بکـەن. بـۆ ڕۆژنامەنووسـان هەنـدێ شـت سـنووردار کـراوە، بـۆ نموونـە: لێکۆڵینـەوە لـە کاری نایاسـایی (گەندەڵـی)، بردنـی بەڵگەنامـەکان، بەشـداری لـە هەنـدێ تـاوان وەکـوو خیانەتکـردن و دزینـی بەڵگـە نهێنییـەکان لـە لایـەن بەرپرسـانی حکومییـەوە کـە ڕۆژنامەنووسـان ڕاپۆرتـی لـە

سەر دەنووسن. لە وەها دۆخێکدا، دەبێ ڕۆژنامەوان چاوەڕێ بکات تاکوو وەزارەتەکان یان فەرمانگەکان بۆخۆیان بەڵگەکان بدەنە دەستیان. هەم ڕۆژنامەوانانی سەرەتایی و هەمیش ڕۆژنامەوانانی بەئەزموون، بتوانن مامەڵە لەگەڵ یاسادا بکەن و بە وردییەوە ئاگاداری پەیوەندییەکانیان بن و پرسیارە گرنگەکان بخەنە ڕوو. لە ساڵی ٢٠١٦دا دوو کەس بە ناوی «فێچنەر» و «ڤۆسنەر»، ڕێنماییەکیان بۆ پیشەی میدیایی نووسیوە و پێی دەوترێت «یاسای ڕۆژنامەوانی»، واتە ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە بە تایبەتی کاریگەرییان لەسەر کاری ڕۆژنامەوانیی کرداری (پراکتیکی و مەیدانی) هەیە. هەروەها «جۆلیان ویدمان» لە وتارێکیدا هەشت ڕێسای بنەڕەتی دەخاتە ڕوو کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە ڕووی یاساییەوە پابەندی بن، بەمەش پێشەکییەکی کردەیی بۆ بابەتەکە دابین دەکات. لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت ڕۆژنامەنووسان پارە یان پاداشتی دیکە پێشکەش بکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، بە پێچەوانەوە لەوانەیە تاوانبار بن بە بەرتیلدان. هەروەها هەڕەشەکردن لە زانیاریدەر دەتوانێت ببێتە تاوانی زۆرەملێ. جگە لە ڕێسا جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە یاسای تاوان کە بە تایبەتی ڤیدیۆ تۆمارکردن و وێنەگرتنی خەڵک و موڵک و دامەزراوە سەربازییەکان سنووردار دەکەن، لە هەمان کاتیشدا یاسای تاوان هەر جۆرە نمایشێک بە مەبەستی هاندان بۆ توندوتیژی قەدەغە دەکات. جگە لەوەش، یاسای تاوان پێشێلکارییەکانی مافی ئابڕووی کەسێتی ڕێک دەخات کە لە یاسای بنەڕەتیدا وەک بەربەستێک لە بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی پێ کراوە و تاوانەکانی بریتین لە سووکایەتیپێکردن و خستنەڕووی لێدوانی ڕاست و دروستی ناوزڕێنەر

لە ڕوانگەی توێژەرێک بە ناوی «براناڵ»ەوە، زۆر جار ڕۆژنامەنووسان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە گوایە زۆر لە ژیانی کەسێک ورد دەبنەوە، ئەوەش تۆمەتی «شکاندنی چوارچێوەی کەسی» لە لایەن کۆمپانیا یان کەسێکی ناودار دەخرێتە پاڵیان، گوایە ڕۆژنامەنووسێک بە لێوردبوونەوە زیانی پێ گەیاندووون.

هەندێ یاسا و ڕێسای دیکەی سنووردار بۆ کاری ڕۆژنامەوانی لە لایەن یاسای پاڵپشتی لە منداڵانی ژێر هەژدە ساڵ دانراوە ،کە لەسەر ئەو

بنەمایانە ڕاگەیاندنەکان دەبێ لە «ناوەرۆکی نائەخلاقی و توندئاژۆ، تاوان یان قێزکردنەوە لە نەتەوەیەکی تر» دوورەپەرێز بن. ڕێسای تایبەت بە مافی چاپ لە ڕۆژنامەوانیی دیجیتاڵ لەئارادایە کە خاوەندارێتیی مەعنەوی دەپارێزێت، ئەوەش دوو پەیامی تێدایە بۆ ڕۆژنامەنووسان: یەکەم ئەوەیە ڕۆژنامەوانان ناتوانن ئازادانە کەڵک لە تێکست و بابەت و ڤیدۆ و وێنەی کەسێک بگرن. لە لایەکی ترەوە مافی ڕۆژنامەنووسان دەپارێزرێت کە خۆیان وەکوو بەرهەمهێنەری بابەتەکانیان لە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەوانیدا چالاکی دەکەن

## هەندێ لە بڕگە یاساییەکان بۆ ڕۆژنامەوانان لە ئەڵمانیا

جیا لەو یاسا و ڕێسا سنووردارانە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەنووسان کۆمەڵێک مافی تایبەتیان هەیە کە لە بەرامبەردا پەیوەستن بە ئەرکە جۆراوجۆرەکان و جگە لە یاسای بنەڕەتی؛ بە شێوەی سەرەکی لە یاساکانی ڕۆژنامەوانی لە ویلایەتە فیدراڵەکاندا ڕێک دەخرێن. بەو پێیەی یاسای ڕۆژنامەنووسی لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر جیاوازە، بەڵام بڕگە ناوەندییەکان بە هەمان شێوە داڕێژراون. ئەو بڕگانەی پەیوەندییان بە پراکتیکی ڕۆژنامەوانییەوە هەیە، بە بەکارهێنانی نموونەی یاسای ڕۆژنامەوانیی ویلایەتی ‹‹نۆردڕاین وێستفاڵین›› (SGV NRW ٢٠٢٠)ی فیدراڵیی ئەڵمانیا زیاترین شرۆڤەی ڕاگەیاندنیان بۆ کراوە:

**بڕگەی یەکەم:** ئەوە مسۆگەر دەکات کە ڕۆژنامەوانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تەنانەت لەسەر ئاستی دەوڵەتیش ئازادە و پابەندە بە بناغەی سەرەکیی دیموکراسییەوە. لە ڕاستیدا ڕۆژنامەوانان ئەندامی «زۆرەملێ» نین، چونکە ڕۆژنامەوانی دەبێ ڕێکخراوێکی کارامە و پسپۆڕ بێ. لە حاڵێکدا ڕۆژنامەوانی نەبووەتە «پیشەی ڕێگەپێدراوی پسپۆڕانە».

**بڕگەی دووەم:** دەبێ چالاکیی ڕۆژنامەوانی و ئابووریی ڕاگەیاندن ڕێگەپێدراو بێت

**بڕگەی سێیەم:** ئەرکی گشتیی ڕاگەیاندن دەستنیشان دەکات: ڕۆژنامەنووسان دەبێ هەواڵەکان بەدەست بێنن و بڵاوی بکەنەوە، هەڵوێستیان هەبێ و ڕەخنە

بگـرن و لـە پێکهێنانـی بیروبۆچوونـدا بەشـدار بـن.

**بڕگـەی چـوارەم:** مافـی ڕۆژنامەوانـی و ڕاگەیانـدن بـۆ زانیـاری پێـدان و زانیـاری وەرگرتـن ڕێـک دەخـات کـە بـە تایبەتـی بـۆ لێکۆڵینـەوە گرنگـە. بـەو پێیـە هەمـوو دەسـەڵاتدارانی وڵات پابەنـدن بـە پێشکەشـکردنی «زانیارییـەکان کـە خزمـەت بـە جێبەجێکردنـی ئەرکـە گشـتییەکان دەکات و لـە خزمـەت خەڵکـدا بێـت»، کـە لـە یاسـای کەیسـەکاندا بـە تـەواوی پەیوەسـت بـە نـاوەڕۆک دادەنرێـت و بـە ڕوونـی و بـە وردی پێناسـە کـراون.

**بڕگـەی پێنجـەم:** بـە هـۆی مافـە تایبەتەکانـی زانیـاری بـۆ ڕۆژنامەنووسـان کـە لـە یاسـاکانی ڕۆژنامەوانیـی ویلایەتەکانـدا هاتـووە بـۆ هەمـوو هاوڵاتییـان و هـەر بۆیـە ڕۆژنامەنووسـانیش زانیاریـی زیاتریـان هەیـە لـە بەرامبـەر دەسـەڵاتە فیدراڵییەکانـدا، وەک یاسـای ئازادیـی زانیـاری (IFG) کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٦) ەوە کاری پـێ کـراوە. هەروەهـا یاسـای بەکارهێنـەر (VIG) و یاسـای زانیاریـی ژینگەیـی (UIG)

**بڕگـەی شەشـەم:** بـاس لـە «ئەرکـی چاپەمەنیـی چاودێـری دەکات»، کـە بـە پێـی ئـەو بڕگەیـە ڕۆژنامەنووسـان دەبـێ هەمـوو هەواڵـەکان چاودێـری بکـەن و لـە ڕاسـتی و دروسـتییان دڵنیـا ببنـەوە و پشـکنین بـۆ سـەرچاوەی هەواڵـەکان بکـەن پێـش بڵاوکردنەوەیـان. ئەرکـی چاودێـری دەکـرێ وەکـوو هاوتایـەک بـۆ مافـی زانیاریـی ڕۆژنامەوانـی سـەیر بکرێـت.

**بڕگـەی هەفتـەم:** ڕۆژنامەنووسـان ئەرکـی خۆیـان جێبەجـێ دەکـەن ئەگـەر پێش بڵاوکردنـەوەی زانیارییـەکان هەمـوو ئـەو سـەرچاوانەی لـە بـەر دەسـتیاندایە بـەکاری بهێنـن و هەروەهـا دەرفـەت بـەو کەسـانەش بـدەن کـە زیانیـان بـەر کەوتـووە تاکـوو پێـش بڵاوبوونـەوەی زانیارییەکانیـان؛ بیـروڕای خۆیـان دەرببـڕن. ڕۆژنامەنووسـان دەبـێ تـا ئـەو ڕادەیـە بۆیان دەکرێ ڕاسـتگۆ بـن. لە سۆشـیالمیدیادا دەبـێ زۆر وریـا بـن و بـە وردی لێکۆڵینـەوە لـە سـەرچاوەی هەواڵـەکان بکـەن

**بڕگـەی هەشـتەم:** ڕۆژنامـەکان دەبێـت لـە چاپـدا؛ نـاو و ناونیشـانی بڵاوکـەرەوە و سەرنووسـەرێک بنووسـن کـە وەک بەرپرسـیار لـە چوارچێـوەی یاسـای چاپەمەنیـدا مامەڵـە دەکات. مافـی ڕەتکردنـەوەی ئیفـادە کـە بـە تایبەتـی

بـۆ ڕۆژنامەنووسـان لـە کاتـی ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوی ڕەخنەگرانـەدا بەسـوودە، هەڵبـەت نـەک لـە یاسـاکانی ڕۆژنامەوانیـی حکومیـدا، بەڵکـوو لـە یاسـای ڕێـکاری تاوانکاریـدا لەنگـەری گرتـووە. ئـەوەش بـەو مانایەیە کـە کارمەندانی میدیای گشـتی پێویسـت نـاکات وەک شـایەتحاڵ ئیفـادە بـدەن سـەبارەت بـەوەی چ زانیارییەکیـان لـە کام زانیاریـدەر وەرگرتـووە. بـە پێـی ئـەو مافـە، کەسـانی ناوخـۆی کۆمپانیـاکان، دەسـەڵاتداران یـان ڕێکخراوەکانـی دیکـە کـە زانیـاری یـان بەڵگەنامـەی ناوخۆیـی دەدەنـە ڕۆژنامەنووسـان و بـە زانیاریـدەر نـاو دەبرێـن، دەبێـت چاوەڕێـی سـزا بـن ئەگـەر وەک نووسـەری زانیاریـی نهێنـی ئاشـکرا بکرێـن

## بەرپرسیارێتی لە ڕاگەیاندندا

جگـە لـەو پرسـیارەی کـە ڕۆژنامەنووسـان چـۆن خۆیـان لـە دەرەنجامـە یاسـاییە نەخوازراوەکانـی ڕاپۆرتکردنیـان بـەدوور دەگـرن، وەک پرسـیاری کۆتایـی و چارەنووسسـاز بـە ئەخلاقـی میدیایـی؛ پرسـیارێکە کـە کـێ لـە ڕووی یاسـاییەوە بەرپرسـیارە لـەو بابـەت و بڵاوکراوانـەی کێشـەیان هەیـە. ئـەو کەسـانەی بەرپرسـیارێتییان لـە ئەسـتۆدایە: سەرنووسـەر، ئـەو کەسـانەی خـاوەن مۆڵەتـی ڕادیـۆ یـان تەلەڤزیـۆن و ڕۆژنامـە و گۆڤـار و هـەر جـۆرە بڵاوکراوەیەکـن. جیـا لـە بەرپرسـیارێتیی یاسـایی، پرسـیارێکی تـر دێتـە گـۆڕێ: کـێ لـە بەرامبـەر هەڵـە و کەموکورییەکانـی ڕاپۆرتکـردن و نووسـین و بڵاوکردنـەوەدا بەرپرسـیارێتیی هەیـە وەکـوو ڕۆژنامەوانێـک؟ وەڵامـی ئـەو پرسـیارە لـە ئەخلاقـی ڕۆژنامەوانـی و ڕاگەیاندنـدا دەدۆزرێتـەوە.

## ئەخلاقی ڕاگەیاندن: چوارچێوەی ئەخلاق بۆ ڕۆژنامەوانی

چەندیـن نموونـەی بەرچـاو و پراکتیکـی وەکـوو ڕاپۆرتـی گومانـاوی و هەڵـە، یاخـود بابەتێکـی ناڕاسـت لـە سۆشـیالمیدیادا، وا دەکات دەیتاکانمـان بپارێزیـن. بـۆ نموونـە؛ کاتێـک دیزاینـەری ڕۆژنامـە یـان ڕۆژنامـەوان وێنـەی کەسـگەلێک دەدۆزنـەوە کـە مـردوون، لـە لاپـەڕەی یەکەمـدا دایدەنێـن یـان چاپـی دەکـەن، پرسـیار لەسـەر ئەخلاقـی ڕاگەیانـدن دروسـت دەکات. یـان لـە شـوێنێکدا تەقـە کـراوە، یـان لـە جێیەکـدا پێکدادانـی ئۆتۆمبێـل هەبـووە و بـە بـێ ڕەزامەندیـی کەسـوکاری قوربانییـان؛ وێنـە و ڤیدیۆکانیـان دادەنێـن. ڕەنگـە هەنـدێ جـار ڕوو

بدات ڕۆژنامەوانان گرنگی بە سنووری تایبەتی کەسێک نەدەن و خۆیان وەکوو ڕاوچییەک مەڵاس بدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری یان وتارێک یان وێنەیەک. بۆ نموونە: کاتێک شازادە دیانا لە ساڵی ١٩٩٧ لە پێکدادانی ئۆتۆمبێلدا مرد. یان لە کاتی بەبارمتەگرتنی گلادبێک (Gladbeck) لە ساڵی ١٩٨٨. ڕەنگە هەندێ جار پێشدادوەری بکەن و ڕاستییەکان لەبەرچاو نەگرن وەکوو تۆمەتی گەندەڵی دژ بە سەرۆککۆماری پێشووی فیدراڵ کریستین وۆلف. ڕۆژنامەوانان دەبێ بە جوانی بیر لە کار و دەرەنجامەکانیان بکەنەوە. کاری ڕۆژنامەوانی چ ڕێنمایی و پێوەرێک پەیڕەو دەکات؟ پابەندە بە چ بنەمایەکەوە؟ کێ بەرپرسیارە لە بابەتی هەڵە، یان ڕاپۆرتکردنێک کە لایەنی کەسێک یان بەرەیەک دەگرێت؟ ئەم پرسیارانە تایبەتە بە بواری ئەخلاقیی ڕاگەیاندن کە ئاماژە بە کێشەی ئەخلاقیی ڕۆژنامەوانی دەکات.

## ڕۆژنامەوانی بڕیارە چی بکات؟

هەموو شتێک کە لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەپێدراوە، ناتوانێ لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕەوا یان بەرپرسیار بێت. لێرەدا جەخت لەسەر بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووس لە ئاست ئەو ناوەرۆکە دەکرێتەوە کە بەرهەمی دەهێنێت. ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی لە ڕێبازێکی تاکئەخلاقی پەیڕەوی دەکات کە بەردەوام پیشەی میدیایی لە ناوەندی «ئەخلاقی پسپۆڕانەدا» دادەنێت. جگە لە ڕاهێنانی تەکنیکیی باش، دەبێت جەمسەرێکی ئەخلاقیی باش بوونی هەبێت. «ماکس ڤێبەر» دووڕێیانێکی ئەخلاقیی میدیایی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەخاتە ڕوو کە چۆنایی دەبێ بڕیارەکانیان بنیات بنێن. کردەی ئەخلاقی لە ململانێ ئەخلاقییەکاندا لەسەر بنەما و بەها ئەخلاقییەکان دامەزراوە و دەرەنجامی کردەوەکانی مرۆڤ پشتگوێ دەخات. کردەی ئەخلاقیی بەرپرسیارانە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای دەرەنجامەکانە و ئەگەری پێشێلکردنی یاسا ئەخلاقییە بنەڕەتییەکان قبووڵ دەکات.

نموونە: شەوی سەر ساڵی نوێ لە شاری کۆڵن (Köln) لە ئەڵمانیا وەک کێشەیەکی ئەخلاقیی میدیا

بە کەڵکوەرگرتن لە نموونەی ئەو ڕووداوانەی کە لە دوایین شەوی سەری

ساڵی ٢٠١٥ بۆ سەری ساڵی ٢٠١٦ زۆر بانگەشەی بۆ کراوە، کە تیایدا چەندین دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان لە لایەن پیاوانی باکووری ئەفەریقا و عەرەبەوە لە ناوچەی دەوروبەری ناوچەی کاتراڵی شاری کۆڵن و هەروەها لە وێستگەی سەرەکیی شەمەندەفەردا ڕووی دا، لە وەها دۆخێکی قەیراناویدا دەبینرێت ڕۆژنامەوانان بە زەحمەت دەتوانن بە شێوەیەکی بابەتیانە «بە دروستی» مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن. واتە هەر ڕۆژنامەنووسێک کە پابەندە بە ڕاستییەکانەوە، دەبێ ئاماژە بە وڵاتی ئەو پەنابەرانە بکەن کە لێوەی هاتوون و باسی جوگرافیاکەی بکەن، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی وروژاندنی خەڵک دژ بە پەنابەران. ئەگەر ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتیان نەکردبا، ئەوا بە تۆمەتی سەرکوتکردنی ڕاستییەکان تاوانبار دەکران، کە لەم دۆخە تایبەتەدا ‹‹The case even›› وەک گریمانەیەک گەیشتە لوتکە کە میدیای گشتی وریا بوون. بەڵام مەرج نییە ڕۆژنامەوانان یاسا و ستانداردە ئەخلاقییە سەرەتاییەکان بۆ چالاکیی ڕۆژنامەوانی بە تاک پەرە پێ بدەن، بەڵام دەبێ هەڵوێستی خۆیان پەرە پێ بدەن. چ لە ئەڵمانیا و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ستانداردی سەرتاسەریی پیشەسازی بۆ نوێنەرایەتیکردنی گرووپی پیشەیی ڕۆژنامەوانان دامەزراون کە بە شێوەی سەرەکی لە لایەن کۆمەڵانی ڕۆژنامەنووسانەوە تۆمار کراون. کۆدی ڕۆژنامەوانیی سەر بە ئەنجوومەنی ڕۆژنامەوانیی ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٩٧٣دا هاتە ئاراوە، لەم بارودۆخانەدا دەسەڵاتدارە. ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان و بڵاوکردنەوە، هەم وەک ڕێکخراوی لۆبی بۆ ڕۆژنامەگەری کار دەکات، هەمیش بە پێی کۆدی پرەنسیپی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕێسای بازرگانیی ڕۆژنامەوانی بە شێوەی ڕێنمایی کردار و ئەخلاقی میدیایی کار دەکات. بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووسان و کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندن خۆیان پابەند دەکەن بە ڕاپۆرتکردنی ڕاستەقینە و بێلایەن: بە لێکۆڵینەوەی شەفاف و ورد، جیاکردنەوەی ناوەرۆکی ڕیکلام و ڕۆژنامەوانی و هەروەها بەرژەوەندییە ئابووری و ڕۆژنامەوانییەکان. ئەوان نەک هەر زانیاریدەرەکانیان دەپارێزن، بەڵکوو مافی ئەو کەس و گرووپانەش دەپارێزن کە ڕاپۆرتیان لە سەر دەدەن.

## وەشانی یاسای ڕۆژنامەوانی

وەشـانی ئێسـتای یاسـای ڕۆژنامەوانـی لـە وەشـانی ڕێکەوتـی (٢٢)ی ئـازاری سـاڵی ٢٠١٧دا لـە (١٦) بڕگـە پێـک هاتـووە و بنەمـای ڕۆژنامەوانـی لەخـۆ دەگرێـت کـە لێدوانـە سـەرەکییەکانی لـە لای خـوارەوە هاتـووە

ئازادیــی ڕۆژنامەوانــی لــە یاســای بنەڕەتیــی کۆمــاری فیدراڵیــدا گەرەنتــی کـراوە لـە سـەربەخۆیی و ئازادیـی زانیـاری پێـدان و زانیـاری وەرگرتـن، هەروەهـا دەربڕینــی بیروبۆچــوون و ڕەخنــە لەخــۆ دەگرێــت. ناوەنــدی بڵاوکردنــەوە، سەرنووسـەر و ڕۆژنامەوانـەکان دەبـێ ئـاگادار بـن کـە بەرپرسـیارن لـە بەرامبـەر خەڵکـدا ئەخلاقـی ڕاگەیانـدن بپارێـزن. دەبـێ ئەرکەکانیـان بـە شـێوەی دادوەرانـە و لــە ئاســتی زانســت و بیروبۆچوونــی خۆیانــدا ئەنجــام بــدەن و نەکەونــە ژێــر کاریگەریـی بەرژەوەندیـی کەسـی و پاڵنـەرە دەرەکییـەکان. بنەمـای ڕۆژنامەوانـی؛ ئەخلاقـی پیشـەیی ڕاگەیانـدن دیـاری دەکات. ئـەوەش بەڵێن بـۆ پاراسـتنی ئابڕووی ڕاگەیانـدن و بەرگـری لـە ئازادیـی ڕاگەیانـدن لـە چوارچێـوەی یاسـای بنەڕەتیدایـە. ئـەو ڕێسـایانەی پەیـوەستن بـە پاراسـتنی زانیاریـی نووسـین، تـا ئـەو ڕادەیە لەسـەر شــانی ڕاگەیاندنــە کــە زانیاریــی تاکەکەســی نەکەوێتــە ژێــر ڕکێفــی دەرەکییــەوە

## ژیانی تایبەت بە ڕاگەیاندن و چوارچێوەی کەسێتی و مافی ڕاگەیاندن

١. ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەوانـان پێویسـتە ڕێـز لـە مافـی خەڵـک بگـرن و ئاگایـان لـە چوارچێـوەی ژیانـی خەڵـک بێـت. دەیتـاکان بابەتێکـی گرنگـن کـە ڕۆژنامەوانـان دەبــێ بیپارێــزن، هــەر لــە لێکۆڵینــەوە بگــرە هەتــا هەڵەگــری و بڵاوکردنــەوە و بەڵگەسـازی و ئەرشـیف؛ شـایانی گرنگیپێدانـن.

٢. ڕێزگرتـن لـە ڕاسـتییەکان، شـکۆمەندیی خەڵـک و زانیـاری پێدانـی ڕاسـتەقینە و ڕاسـت و دروسـت؛ ئەولەویەتـی سـەرەکیی ڕاگەیاندنەکانـە. توێژینـەوە ئامرازێکـی پێویسـتە بـۆ چاودێریـی ڕۆژنامەوانـی. ئـەو زانیارییانـەی کـە بـۆ بڵاوکردنـەوە بـە وشـە و وێنـە و گرافیـک دانـراون، دەبـێ بـەو وردبینییـەی کـە لـە ژێـر بارودۆخەکەدا پێویسـتە؛ پشـکنینیان بـۆ بکرێـت لـە سـۆنگەی ڕاسـتی و دروسـتییەوە

٣. لـە ڕاگەیاندندا دەبێ ڕاپۆرتەکان، پڕوپاگەندە و بیرۆکە جەختلەسـەرنەکراوەکان

دەستنیشـان بکرێـن و بـۆ خەڵـک بڵاو نەکرێنـەوە. ئەگەر هـەواڵ و زانیاریی ناڕاسـت لـە لایـەن ڕاگەیاندنێکـەوە بڵاو ببێتـەوە، دەبـێ لـە لایـەن هەمـان ڕاگەیاندنـەوە چـاک بکرێتـەوە و لەگـەڵ کورتەڕوونکردنەوەیـەک کـە هەڵـە ڕووی دا؛ شـێوە دروسـتەکەی بڵاو بکرێتـەوە.

٤. لـە کاتـی وەرگرتنـی زانیاریـی کەسـی و هـەواڵ و وێنـەدا نابـێ هیـچ جـۆرە شـێوازێکی نادادپەروەرانـە بـەکار بهێنرێـت.

٥. ڕۆژنامەوانـان و ناوەنـدی بڵاوکردنـەوە نابێـت بـە لای چالاکییەکـدا بـڕۆن کـە متمانـەی ڕاگەیاندن خەوشـدار دەکات

٦. بەرپەرسـیارێتیی ڕاگەیانـدن لـە بەرامبـەر خەڵکـدا وا دەخوازێـت کـە ئـەو بڵاوکراوانـەی لـە لایـەن سەرنووسـەرەکانە؛ لـە ژێـر کاریگەریـی بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکان یـان بازرگانیـی لایەنـی سـێیەم یـان بەرژەوەندییـە ئابوورییـە کەسـییەکانی ڕۆژنامەنووسـاندا نەبـن. بڵاوکـەرەوە و سەرنووسـەران ئـەم جـۆرە هەوڵانـە ڕەت دەکەنـەوە و جیاکردنـەوەی ڕوون لـە نێـوان دەقـی سەرنووسـەری و بڵاوکـراوەکان بـە مەبەسـتی ڕیـکلام مسـۆگەر دەکـەن.

٧. ئـەوە پێچەوانـەی ئەخلاقـی ڕۆژنامەوانییـە کـە بـە وێناکردنـی نەشـیاو بـە وشـە و وێنـە؛ زیـان بـە کەسـێتیی خەڵـک بگەیەنـن

٨. ڕۆژنامەوانـی ڕێـز لـە ژیانـی تایبەتیـی خەڵـک و چارەنووسـی زانیارییەکانیـان دەگرێـت. ئەگـەر کـردەوە و وتووێـژی کەسـێک لـە بەرژەوەندیـی گشـتیدا بێـت، ئـەوا دەکـرێ لـە ڕۆژنامەکانـدا باسـی لێـوە بکرێـت. لـە دەستنیشـانکردنی ڕاپۆرتەکانـدا، بەرژەوەندیـی گشـتی بـۆ زانیارییـەکان دەبـێ لـە بەرژەوەندیـی ڕەوای ئـەو کەسـانە زیاتـر بـێ کـە کاریگەرییـان لەسـەرە.

٩. چاپەمەنییـەکان و ڕۆژنامەوانـان خۆیـان لـە سـووکایەتیکردن بـە ئاییـن و ڕوانگـەکان و جیهانبینییـەکان دەپارێـزن و هێـرش ناکەنـە سـەر ئـەو لایەنانـە

١٠ ڕۆژنامەوانـان دەبـێ دوورەپەرێـز بـن لـە توندوتیـژی و ئـازار و دڕندەیـی. لەبـەر ئـەوە ڕۆژنامەوانـان گرنگـی بـە پاراسـتنی منداڵانـی خـوار تەمەنـی یاسـایی دەدەن

١١. نابـێ جیـاکاری بکرێـت لـە نێـوان هیـچ کەسـێ بـە هـۆی ڕەگـەز و

کەمئەندامــی، یــان ئەندامێتــی لــە گرووپێکــی نەتەوەیــی، ئایینــی، کۆمەڵایەتــی

١٢. ڕاپۆرتـدان لەسـەر لێکۆڵینـەوەکان و ڕێوشـوێنە تاوانکارییـەکان و ڕێوشـوێنە فەرمییەکانــی تــر، دەبێــت دوور بــێ لــە دادوەریــی پێشــوەختە.

١٣. لـە کاتـی ڕاپۆرتکـردن لەسـەر بابەتـی پزیشـکی، پێویسـتە ڕۆژنامـەوان دوور بکەوێتـەوە لـە نوێنەرایەتییـە هەسـتیارەکانی نـاڕەوا کـە دەتوانێـت تـرس یـان هیوای بێبنەمـا لـە لای خوێنـەر بورووژێنێـت

١٤. نابـێ ڕۆژنامـەوان بـۆ بڵاوکردنـەوەی بابەتێـک بەرتیـل وەربگرێـت، چونکـە ئـەوە کردەوەیەکـی نامرۆڤانـە و ناپسـپۆڕانەیە

پەسـەندکردنی ئـەو ئیمتیازاتانـە بـە هـەر جۆرێـک کـە بتوانێـت کاریگەریـی لەســەر ئازادیــی بڕیاردانــی تیمــی بڵاوکــەرەوە و سەرنووســەر هەبێــت، لەگــەڵ ناوبانــگ و ســەربەخۆیی و ئەرکــی چاپەمەنیــدا ناگونجێــت.

## ئەخلاقی پیشەیی

ئەخلاقــی پیشــەیی لــە ڕۆژنامەوانیــدا مافــی ســکاڵاکردن بــە هەمــوو کەسێک دەدات. ســکاڵاکان کاتێــک ڕەوا دەبــن کــە ئەخلاقــی پیشــەیی پێشــێل بکرێــت، ئــەوکات ئەنجوومەنــی ڕۆژنامەوانــان بڕیــار لەســەر ئــەو ســکاڵایانە دەدات و بــە پێــی ئـەو پرەنسـیپانە هەڵسـوکەوتیان لەگەڵـدا دەکرێـت. ئەنجوومەنـی ڕۆژنامەوانان بەرپرســیارە لــە بڵاوکردنــەوەی ڕۆژنامــە و گۆڤــاری ئەڵمانــی و بڵاوکــراوە ئۆنلاینییــەکان، کــە زۆرینەیــان پابەنــدن بــە ناســاندنی یاســای ڕۆژنامەوانــی وەک کەتەلۆگــی پابەندکــەری ڕێســا ئەخلاقییەکانــی میدیــا و بــەو پێیــەش وەک بنەمایــەک بــۆ چالاکییــە ڕۆژنامەوانییەکانیــان. لیژنــەی ســکاڵاکانی ئەنجوومەنــی ڕۆژنامەوانــی بەدواداچــوون بــۆ ســکاڵا وەرگیــراوەکان دەکات و لــە دۆخــی پێشــێلکاریی ڕەوادا دەتوانێــت یەکێــک لــەو ڕێوشــوێنانەی خــوارەوە لــە دژی کۆمپانیــای میدیایــی بەرپرســیار بگرێتــە بــەر

١. لــە دۆخــی پێشــێلکارییەکی ســادەی یاســای ڕۆژنامەوانیــدا، ئەنجوومەنــی ڕۆژنامەوانــی ئاگادارییەکــی ســاکار بــۆ تیمــی سەرنووســەر دەردەکات کــە شــتێکی گشــتگیر نییــە

٢. لە ئەگەری پێشێلکارییەکی جددیدا، ئەنجوومەنی ڕۆژنامەوانی دەتوانێت سەرزەنشتێک دەربکات کە دەبێ لە لایەن تیمی سەرنووسەرەوە بڵاو بکرێتەوە.

بو نموونە؛ ڕێژەی سەرزەنشتکردنی ڕۆژنامەی «بیلد» (Bild)ی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە؛ (٢٠٢) جار بووە.

## ئابووریی میدیا، مەرجی چوارچێوەی ئابووری بۆ ڕۆژنامەوانی

سەیر نییە کە ئەنجوومەنی ڕۆژنامەوانیی ئەڵمانیا هێشتا ناوبانگی «پڵنگێکی بێ ددان»ی هەیە، بەو واتایە کە دەسەڵاتی نییە نارەزایەتییە ئەخلاقییەکانی میدیایی بنەبڕ بکات. بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەنجوومەنی ڕاگەیاندنی وڵاتانی تری ئەورووپاییدا وەکوو فەرەنسا و ئیتاڵیا و نەمسا پێوانەی بکەین، ئەوە ئەڵمانیا جێگەی بەهێزی لە سیستمی ڕاگەیاندندا هەیە. کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندن چوارچێوەی ڕێکخراوەیی بۆ ڕۆژنامەوانی پێشکەش دەکەن. بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و دابینکەرانی ئۆنلاین، یان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەهلی ؛ دەبێ لە ڕێگەی ڕیکلام و فرۆشتنەوە پارە پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن مووچە بە ڕۆژنامەوانان بدەن، ژووری نووسین دابین بکەن و کەرەستەی پێویست بکڕن. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەوانی لە سۆنگەی ئابوورییەوە دەبێتە مۆدێلی بازرگانی و بایەخی کارەکەش پەیوەستە بە بارودۆخی تایبەت بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە. بازاڕ و کۆمپانیا و بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن چ تایبەتمەندییەکی ئابوورییان هەیە؟ لە پیشەی ڕاگەیاندندا چ ناکۆکییەک و کێشە و بەرووداچوونەوەیەک ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە بۆچی ڕاگەیاندنەکان وەکوو شتومەک و کەرەستەکانی تر نین؟

ڕاگەیاندن دەتوانێ ڕیکلام بکات، ئەوەش هەم شتومەکی ئابووری و هەمیش شتومەکی کولتووری. واتە نەک هەر ئامانجی ئابووری، بەڵکوو ئامانجی کولتووری لەخۆ ئەگرێت. ڕاگەیاندنەکان ڕیکلام دەکەن و ڕیکلامکردن زانیاریی لەگەڵدایە و ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی بیرۆکە. ڕاگەیاندنەکان ئەرکی بڵاوکردنەوەی گشتی ئەنجام دەدەن و هاوکات ئامانجی ئابووریش لەبەرچاو دەگرن. کۆمپانیای ڕاگەیاندن؛ تێکست و بابەت لە چوارچێوەی زانیاری و سەرقاڵکردن دەخەنە ڕوو و دەیفرۆشن و داهات دابین دەکەن. ڕیکلامکردن لە

بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنیدا سەرچاوەی داهاتە بۆ ڕاگەیاندن. ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی لە بازاڕی ڕیکلامدا سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو بێ، دەبێ زۆرترین بەکارهێنەر بدۆزنەوە کە بە شێوەیەکی ئایدیاڵ پارە دەدەن. بەرهەمی ڕیکلامی میدیایی دەبێ لە ڕووی کواڵتییەوە تایبەت و جیاواز بێت.

کۆمپانیای ڕاگەیاندنە کلاسیکییەکان وەک بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامە، یاسایەکیان هەبوو بە ناوی ‹‹یاسای زێڕین››. بە پێی ئەو یاسایە یەک لەسەر سێی داهاتەکەیان ئەو پارەیە بوو کە خستبوویانە ناو بازاڕەوە کاریان پێ دەکرد و دوو لەسەر سێی دیکەی داهاتەکەیان لە بازاڕی ڕیکلامەوە بە هۆی کڕیار و پەیوەندییەکانیانەوە بەدەستیان دەهێنا. داواکاری بۆ ڕیکلام کاریگەری لەسەر بازاڕ دادەنێت و کێبڕکێی ئابووری بۆ پارەی ڕیکلام و کێبڕکێی ڕۆژنامەوانی بۆ سەرنجی بینەر پەیوەستن بەیەکەوە. ئەگەر کۆمپانیایەکی میدیایی سەرکەوتوو بێ لە زیادکردنی هەژمار بە بێ ئەوەی تێچووەکانی زیاد بکات، داواکاری بۆ ڕیکلام لە لایەن خوازیارانی ڕیکلامەوە ڕوو لە زیادبوون دەکات. بابەتە ئۆنلاینییەکان و هەروەها ڕۆژنامە ئەنالۆگەکان یان بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، تێچووی کۆپیی یەکەمیان زۆرە. بەشێکی زۆری تێچووەکان بۆ نموونە بۆ لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردن و داڕشتن لە کاتی بەرهەمهێنانی وەشانی یەکەمدا ڕوو دەدەن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە تێچووی کاغەز یان ڕەنگ پاش یەکەم کۆپی، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە و سوودی ئابووری گەشە دەکات. لە ئەنجامدا بازاڕەکانی میدیا مەیلێکی بەهێزیان دەبێت بۆ چڕبوونەوەی قەبارەی ئابووری و ڕۆژنامەوانی. بە پێی توێژەری ‹‹میدیا هۆرست ڕۆپەر››، بازاڕەکان تا دێت لە لایەن «کۆمەڵە فرەنەتەوەییەکانی میدیا»ی گەورەوە زاڵ دەبن بەسەر بازاڕی ڕیکلامی میدیادا. پشکی گەورەترین گرووپەکانی بڵاوکردنەوەی میدیایی (٦١.٦٪) بووە. بۆ نموونە؛ ئەو گرووپە گەورانە بریتین لە: ئەکسێڵ سپرینگەر، مێدین هۆڵدینگ، زویدڤێست دۆیچ (Südwestdeutsche Medienholding)، گرووپی میدیایی فونکە، گرووپەکانی بڵاوکردنەوەی ئیپێن (Ippen) و مادساک (Madsack). بازاڕی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانیا بە شێوەی کاریگەر زاڵن بەسەر کۆمەڵگەدا کە پێک هاتووە لە وەشان و پەخشی گشتی وەکو: ‹‹ZDF، ARD، Sat ١.RTL Group، Kabel ١، ProSieben، RTL و VOX››

# ڕۆڵی میدیا لە بەڕێوەبردنی ململانێکان (شیکارییەکی لاوەکی[1] و ڕەخنەگرانە)

**ئیمان محەمەد محەمەد زەهرا**
**پرۆفیسۆری یاریدەدەری «CMI» لە فاکەڵتیی ماس کۆمونیکەیشن - زانکۆی قاهیرە**

**وەرگێڕان: بەهرە مەهدی میکە**

**سەرچاوە:**
Arab Journal of Media & Communication Research, Vol. 47, October/December 2024.

---

١. شیکاری لاوەکی (A secondary analysis) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی شیکردنەوەی ئەو زانیاری و داتایانەی کە پێشتر لەلایەن کەسێکی ترەوە بۆ مەبەستێکی جیاواز کۆکراونەتەوە. لەبری ئەوەی توێژەران داتای نوێ کۆبکەنەوە، دێن سود لە کۆمەڵە داتاکانی ئێستا وەردەگرن و بەکاریان دەهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە گریمانە و پرسیارە نوێیەکانی توێژینەوەکەیان، سەلماندن و خستنەڕووی دۆزینەوەکان، یان بەدەستهێنانی تێگەیشتنی زیاتر و دەربارەی پرس و گریمانەی توێژینەوەکەیان

## پوختە

گـەر سـەرنج بدەیـن لـە ڕژێمـی سـووریا لـە نێـوان سـاڵانی ٢٠١١ تـا لەکارلادانـی لـە ٢٠٢٤/١٢/٨، چەمکـی بەڕێوەبردنـی ململانێـکان (conflict management) لـە میدیاکانـی سـووریادا لـە مـاوەی ئـەو ١٣ سـاڵەدا جەختێکـی زۆری لەسـەر کراوەتـەوە. لـە بـەر ئـەوەی چەمکێکـی تـا ڕادەیـەک نوێیـە لـە توێژینەوەکانـی میدیادا، بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە ڕێبازێکـی دوولایەنـە دەگرێتـە بـەر: یەکـەم: پێداچوونـەوەی گشـتگیر بـە توێژینەوەکانـی پێشـووتر لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی شـیکاری لاوەکییـەوە (secondary analysis)، کـە لـە ڕوانگـەی جۆراوجۆرەوە لە چەمکەکـە دەکۆڵێتـەوە. میدیـا، لـە نێویـدا سۆشـیالمیدیاش وەک دەرچەیـەک بـەکار هـێنراوە بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان، ئەویـش لـە ڕێگـەی: پەرەپێدانـی گفتوگـۆ، نێوەندگیـری و پڕۆسـەکانی ئاشـتەوایی. ئـەم جـۆرە باسـە میدیاییانـە ڕۆڵێکـی سـەرەکییان هەبـووە لـە داڕشـتنی ڕای گشـتی لـە کاتـی ڕووداوە ڕەخنەگرانەکانـدا، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا میدیـا سـەلماندوویەتی کـە دەتوانێـت ڕۆڵـی هەبێـت بـە یەکسـانی لـە بەرەوپێشبردنـی پڕۆسـەی پەیوەندییـە ستراتیژییـەکان لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە تـازە جەنـگ تیایانـدا کۆتایـی هاتـووە. بەشـی دووەمـی توێژینەوەکـە شـیکاری ڕەخنەگرانـە بـەکار دەهێنێـت بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بەڕێوەبردنـی ململانێـکان وەک ئامرازێـک بـۆ جێبەجێکردنـی کارنامـەی ڕژێمـی پێشـووی سـووریا. دۆزینـەوەکان چـوار دیـدگای توێژینـەوە لەسـەر چەمکەکـە ئاشـکرا دەکـەن. باسـی گریمانەکانـی سـەر داهاتـووی نادیـاری میدیاکانـی سـووریا دەکات، بـە هەمـان شـێوە ناڕوونیـی بارودۆخـە سیاسـییەکە

## بەرایی

میدیا بە درێژایی مێژوو هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەدا بووە کە کاری کردووە لە دروستکردن و ڕێکخستنی ڕای گشتیی جیهان لە ڕێگەی سیاسەتە کاریگەرەکانەوە لە کاتی ململانێ یان قەیرانەکاندا. کەناڵەکانی میدیا دەسەڵاتێکی بێوێنەیان هەیە لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە گوتارە سیاسییەکان لە چوارچێوە دەدەن و نیشاندەری ڕاستییەکانن لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا (Taylor, 1995). ڕۆڵی میدیا لە چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی ململانێکاندا گرنگیی خۆی هەیە، چونکە زانیاری بڵاو دەکاتەوە و پشتگیری لە هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتی دەکات. هەر چەندە بە پێچەوانەوە توانای ئاڵۆزترکردنی ململانێکانیشی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا توانایەکی بێئەندازەی هەیە وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی ململانێکان. سەکۆیەکە بۆ گفتوگۆ، هانی لێبوردەیی دەدات و لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکاندا پەرە پێ دەدات. ئەمەش دووپاتی ئەو ڕۆڵە گرنگەی میدیا دەکاتەوە لە پەرەپێدانی ئاشتی، هەر چەندە هەوڵی زیاتر پێویستە بۆ زاڵکردنی ئاشتی بەسەر ململانێدا (Hassan،2023).

لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆڵی میدیا لە چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی ململانێکاندا لە سەدەی بیستەمەوە زیاتر دەبینرێت و بەتایبەتییش لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە. لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، حکومەتەکان توانای میدیایان بۆ دەرکەوت لە بەدەستهێنانی پشتیوانیی جەماوەر و پاساوهێنانەوە بۆ کارەکانیان (Bratic, 2006). هەڵمەتە پڕوپاگەندەئامێزەکان و پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە کاتی پێوستیدا وەک ئامرازێک بەکار دەهاتن بۆ نمایشکردنی کارەکانی حکومەت، لە ئاسایشی نیشتمانی و دەستەبەرکردنی دڵسۆزی و پابەندبوونی جەماوەر (Le, ٢٠١٦). هەر چەندە ئەم هاوکێشەیە لە کاتی جەنگی ڤێتنامدا گۆڕانکاریی بەسەردا هات، کاتێک ڕووماڵی میدیایی بێ سانسۆر و پەردەپۆشکردن؛ ڕووی ڕاستەقینەی بارودۆخەکە و سەختیی ململانێکانی ئاشکرا کرد. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی نارەزایەتییەکی بەرفراوانی جەماوەر و کەمبوونەوەی متمانەیان بە پەیامەکانی حکومەت، لە بنەڕەتیشەوە بووە هۆی گۆڕینی سروشتی پەیوەندییە میدیاییەکان (Porch, 2002).

میدیا لە سەدەی بیست و یەکدا هێشتا وەک ئامرازێکی هەمیشە پێشکەوتوو بە بەردەوامی بۆ مەبەستی سیاسی بەکار دەهێنرێت، ئەمەش بە هۆی گەیشتنی میدیایە بە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان. جگە لەوەش، میدیا ئێستا کار لەسەر خێرایی دەکات، دروستکردنی پەیوەندییەکی خێرای بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و نادروست بۆ هاوڵاتییان بە شێوەیەکی بەرفراوان (Acampa, 2024). لە سەردەمی مۆدێرندا هەموو هێزەکان زیاتر پشت بە پلاتفۆرمەکانی وەک ئێکس، فەیسبوک و یوتیوب دەبەستن بۆ گەیاندنی پەیامە ستراتیژییەکان و کاریگەریدانان لەسەر ڕای گشتی و بەرپەرچدانەوەی زانیارییە هەڵەکان (Mangat, 2018). سەرەڕای ئەوەش، ئەم جۆرە پشتبەستنانە ئەخلاقیاتی ئەم لایەنانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە تایبەتی کاتێک ئەم پلاتفۆرمانە بەکار دەهێنرێن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست و دەستکاریکردنی تێڕوانینی ڕای گشتی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە باس لە ڕۆڵی دوو لایەنەی میدیا دەکات وەک ئامرازێکی ململانێ، هێزێک بۆ ڕێکخستنی ململانێکان و دەستەبەرکردنی ئاشتی. شیکاری لاوەکی تیشک دەخاتە سەر پرسە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ململانێکان و کاریگەرییەکانی لەسەر حوکمڕانی، چارەسەرکردنی ململانێکان و لێپرسینەوەی دیموکراسی

سووریا نموونەیەکی دیارترە لە بەکارهێنانی میدیا بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان بە بەراورد بە وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەی وەک سۆماڵ و چەند وڵاتێکی بیانی (Hassan, 2023) . دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١، سووریا سوودی لە میدیاکان وەرگرت بۆ پاراستنی دەسەڵات لە ڕێگەی دەستبەسەراگرتنی ئاڕاستەی زانیارییەکان و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ بەردەوامیدان بە فەرمانڕەواییەکەی. ڕێوشوێنی زۆر گیرانە بەر بۆ سەرکوتکردنی خودی میدیا ((Raise 2004 و سنووردارکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری (ئەلمونس، ٢٠٢٤). لە کاتێکدا کە چەواشەکاری (propaganda) لە مێژە ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان، هەروەها لایەنێکی دانەبڕاو بووە لە شەڕدا (Stern, ٢٠١٥). سووریا لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی هەردوو ئاستەنگەکە بوویەوە: بەڕێوەبردنی ململانێکان و جەنگی مەدەنی. کە بە دڵنیاییشەوە چەواشەکارییەکان ((propaganda بوون بە چەکی بەرهەڵستی

## خستنەڕووی کێشە

بەڕێوەبـردن و چارەسـەرکردنی ململانـێ لـە ڕێگـەی میدیـاوە بـە بەردەوامـی وەک چەمکێکـی دوو لایەنـەی نێـوان زانسـتەکان وێنـا کـراوە. پەیامـە میدیاییـە مێژووییـەکان جەختیـان لـە پشـتبەستن بـە میدیـا کردووەتـەوە لـە قۆناغـە ناسـەقامگیرەکاندا بـۆ دارشـتنی بیـروڕای گشـتی لـە ڕووداوە گرینگەکانـی وەک جەنگـی جیهانیـی دووەم، جەنگـی ڤێتنـام، جەنگـی عێـراق و ئـەو جەنگانـەی ئێسـتاش بەردەوامـن، بـە تایبەتییـش جەنگـی هـایبرد (ووزە)

لـە هەمـان کاتـدا میدیـا سـەلماندی کـە دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی یەکسـان ڕۆڵ بگێرێـت لـە بەرەوپێشبردنـی پرۆسـەی ئاشـتەوایی لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە شـەڕ تیایانـدا کۆتایـی هاتـووە، وەک بنیادنانـی زەمینـەی گفتوگـۆ و پرۆسـەی پەیوەندییـە ستراتیژییـەکان. پـرۆژەی ڕۆژنامەگـەری بـۆ ئاشـتی و جووڵانـەوە سـەرەتاییەکان لـە سـەردەمی بەهـاری عەرەبیـدا نموونـەی ئـەوە بـوون کـە میدیـا چـۆن دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە چارەسـەرکردنی لێکترازانـی کۆمەڵگـەکان و گرنگیـدان بـە بەهـا دیموکراتییـەکان

ئامانجـی توێژینەوەکانـی ئێسـتا بریتیـن لـە وردبوونـەوە لـە چەمکـی «بەڕێوەبردنـی ململانێـکان لـە ڕێگـەی میدیـاوە» لـە مـاوەی سـێ دەیـەدا لـە نـاو ئەدەبیاتـی میدیـای نێودەوڵەتیـدا، بـۆ ئـەوەی دەرئەنجامـە ئەرێنـی و نەرێنییەکانـی بەڕێوەبـردن و چارەسـەرکردنی ململانێیـان بـۆ ڕوون بێتـەوە. توێژینەوەکـە سـەرنج دەخاتـە سـەر میدیاکانـی حکومەتـی سـووریا لە مـاوەی ١٣ سـاڵ دوای ڕووداوەکانی بەهـاری عەرەبـی، ئەمـەش هەوڵێکـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕۆڵـی پڕوپاگەنـدەی میدیایـی لـە مـاوەی سـاڵانی ٢٠١١ تـا ٢٠٢٤

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـی داوە بـۆ شـیکردنەوەی چەمکـی نێـوان زانسـتەکانی بەڕێوەبـردن و چارەسـەرکردنی ململانێـکان لـە ڕێگەی میدیـاوە لە توێژینـەوە ئەزموونییە نێودەوڵەتییـە جیاوازەکانـدا لـە چوارچێـوەی شـیکاری لاوەکیـدا لـە زانسـتە مرۆڤایەتـی و کردارییەکانـدا (Condray, ٢٠٠١). بـەم شـێوەیە پێناسـەی شـیکاری لاوەکیـی کـردووە: بریتییـە لـە میتۆدۆلۆژیایەکـی چەندایەتـی و چۆنایەتـی کـە دەیتـا هەبـووەکان لـە توێژینـەوەدا بـەکار دەهێنێـت، بـە شـیکردنەوەی ئـەو زانیارییانـەی کـە لـە لایـەن

کەسانی دیکەوە کۆ کراونەتەوە، پاشان خستنەڕووی بە شێوازێکی ناوازەی لۆژیکی و ئەخلاقی، سەرەڕای هەبوونی لێکچوونەکان لەگەڵ شیکارە سەرەکییەکەدا

پاش شیکردنەوە و ناساندنی ئەدەبیاتی نێودەوڵەتی بۆ چەمکەکە، توێژەرەکە لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەیدا شیکاری ڕەخنەیی بەکار هێناوە بۆ پیشاندانی دۆخی میدیای سووریا لە دوای ساڵی ٢٠١١. شیکاری ڕەخنەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: میتۆدێکە کە ڕوومـاڵ و ئاڵنگاریی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی خۆسەپێن دەکات و تێڕوانینی جێگرەوە دەخاتە سەر زانیارییەکان، بنیاتنانی تیۆری و واقیعی کۆمەڵایەتی. شیکاری ڕەخنەیی بەردەوامە لە بەدەستهێنانی گرنگییەکی بەرچاو لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە هۆی گرنگبوونی لە نێو زانستەکان و بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوەی کولتووری، وتار و توێژینەوە بەبایەخەکاندا بە گشتی (Holland & Novak, 2017)

## پرۆسەی نموونە هێنانەوە

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی گشتگیر بە وەرگرتنی نموونەی مەبەست لە ٧٠ توێژینەوەی ئەزموونی کە لە گۆڤارە ئەکادیمییە بەناوبانگەکان، ڕاپۆرتەکان لە بواری بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ململانێ، میدیا و پڕوپاگەندەی دەوڵەتدا بڵاو کراونەتەوە. ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گیراونەتە بەر بۆ دیاریکردنی شوێنی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ئەو پێوەرانەی پێشتر دانراون

• توێژەرەکە پشتی بەستووە بە کتێبخانەی جۆراوجۆری ئۆنلاین و دەیتابەیس بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوە و وتارانە لە توێژینەوە ئەدەبییەکەیدا بەکار بهێنێت کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، بەو مەرجەی تایتڵ یان چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە وشەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ، چارەسەرکردنی ململانێ یان دەستەبەرکردنی ئاشتیی تێدا بێت. ئەو دەیتابەیس و کتێبخانانەی کە بەکار هێنران بریتی بوون لە: سپرینگەر، بڵاوکراوەکانی سەیج، «JSTOR»، زانکۆی کامبریج، زانکۆی ئۆکسفۆرد، ئێلسێڤێر، پرۆکوێست، ساینس دایرێکت، «EKB»، کتێبخانەکانی «NGU» و کتێبخانەکانی «AUC»

• دوای وردبوونـەوەو ڕەچاوکردنێکـی ورد، مـاوەی توێژینـەوە نموونەییـەکان بـۆ کاتێکـی تـا ڕادەیـەک درێـژ دانـرا، کـە سـێ دەیەیـە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٥ تـا ٢٠٢٤.

• توێژەرەکـە سـەری سـوڕما کـە ئـەم چەمکانـە بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە سەرانسـەری وڵات و ناوچـە جیاوازەکانـدا بڵاو بوونەتـەوە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو داینامیکـە نێودەوڵەتییانـەی کـە کاریگـەری دەکەنـە سـەر ڕۆڵـی میدیـا لـە بەڕێوەبردنـی ململانێـکان. ئـەم شـوێنانە بریتـی بـوون لـە ئەمەریـکا، بەریتانیـا، ڕووسـیا، ئوسترالیـا، کەنـەدا، ئۆکرایـن، ئەڵمانیـا، هیندسـتان، تایلەنـد، ئیسـڕائیل، پاکسـتان، میانمـار، فلیپیـن، بۆرمـا، ڕوانـدا، باشـووری ئەفەریقـا، لیبریـا، کەمبۆدیـا، ڤێتنـام، بەڕازیـل، کۆلۆمبیـا، مەکسـیک، سـۆماڵ، هایتـی و چەندانـی تـر

## دۆزینەوەکان پەیوەست بە شیکارە لاوەکییەکە

پێداچوونـەوەی ئەدەبـی شـیکردنەوەیەکی بابەتییانـەی کۆمەڵێـک پرسـی لاوەکیی فراوانـە، کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە پێداچوونـەوەی مێژوویـی، پلاتفۆڕمـی سۆشـیالمیدیا و هـەردوو بەشـدارییە ئەرێنـی و نەرێنییەکانـی بەڕێوەبردنـی ململانێکانـەوە هەیـە. ئەمـەش لـە ڕێگـەی توانـای میدیـاوە بـۆ ڕێگریکـردن لـە توندوتیـژی و پێشخسـتنی ئاشـتی لـە ڕێگـەی بەرزکردنـەوی ئاسـتی هۆشـیاری، پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـی نـاو کۆمەڵگـە، دەسـتەبەرکردنی چالاکییـە بنەڕەتییەکان، گرنگیـدان بـە گفتوگـۆ، نێوەندگیـری و ئاشـتەوایی )٢٠٢٤ (james,، کـە بـەم شـێوەیە پۆلێـن دەکرێـن بـۆ ڕەوتـە جیاوازەکانـی توێژینـەوە

## ڕەوتـی توێژینـەوەی یەکـەم: بەڕێوەبردنـی ململانێـکان لـە ڕێگەی میدیـاوە: چوارچێـوە مێژوویـی و داینامیکـە نوێیەکان

ئـەم ڕەوتـە ئاماژەیـە بـۆ ڕێکخسـتنی بەمەبەسـتی پلاتفۆڕمـی پەیوەندیکـردن لەگـەڵ چالاکییەکانـی سـەر بـە حکومـەت کـە کاریگەرییـان لـە سـەر بیرکردنـەوەی کۆمەڵـگا هەیـە سـەبارەت بـە شـەڕ و ئاشـتی، فەرمانڕەوایـی و ئاسایشـی نیشـتمانی لـە ڕووی مـاددی و سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە. ئـەم جۆرە ڕێکخسـتنە ئاڕاسـتەی نوێیـی وەرگرتووە بـە پێـی پەرەسـەندنی سروشـتیی ململانـێ و میدیـا بـە تێپەڕبوونـی کات (Bayer et al., 2023). ئـەم ڕەوتـە سـەرەکییە؛ ئـەم ڕەوتـە لاوەکییانـەی خـوارەوە دەگرێتـەوە

## بەڕێوەبردنی ململانێی ماددی

بەڕێوەبردنی ململانێی ماددی بریتییە لە ستراتیژی بەکارهێنانی میدیا بۆ ڕێکخستنی بودجە و دابەشکردنی سەرچاوەکان لە ڕێگەی دیاریکردنی بودجە بۆ خەرجییەکانی حکومەت، لە پێناو ئاسایشی نەتەوەیی. هەواڵە میدیاییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەریتانیا هەندێک جار جەخت لەسەر مەترسییەکان دەکەنەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە فشار خستنەسەر هاوڵاتییان، زیادکردنی خەرجییەکانی حکومەت و ڕێگریکردن و سنووردانان لە دەستتێوەردانەکانی بودجە (Lewis, ٢٠٠٨). ئەم جۆرە دابەشکردنە هەندێ جار لە ڕێگەی کەمکردنەوەی داهاتی کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک تەندروستی و پەروەردەوە دەبێت

ئەم کولتوورە تا سەدەی بیست و یەک بە باشی بەردەوام بوو. ڕووماڵی میدیایی ململانێکانی سەردەمی مۆدێرن، وەک شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین، پێویستییە خەرجییەکانیانی زیاتر کرد و وای کرد ببێتە پێویستییەکی گرنگی مانەوەی سەروەریی نەتەوەیی. زۆر جار ڕووماڵکردنەکان تیشک دەخەنە سەر خراپیی بارودۆخی دەوڵەتەکان، لە کاتێکدا جەخت لەسەر دەستپێوەگرتنی ماددی و باڵادەستیی تەکنەلۆژی دەکاتەوە (Lystvak et al., ٢٠٢٤). ئەم ڕەوتە جەخت لە سەر ڕۆڵی میدیا دەکاتەوە لە شەرعیەتدان بە پڕکردنەوەی پێویستییەکانی دەوڵەت، لە کاتێکدا گفتوگۆکان لەسەر جێگرەوەکانی پرۆسەی دیپلۆماسی یان مرۆیی پەراوێز دەخات (Baloyi et al., ٢٠٢٣).

دەسەڵاتداران و میدیا پێکەوە کار دەکەن لە داڕشتنی ئەو پەیامە هەواڵیانەی کە پڕۆژەکانی حکومەت لە چوارچێوە دەدەن لە پێناو ئاسایشی نەتەوەیی (Jackson et al., 2020)

## بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی

گوتاری دروستکراوی دەوڵەت کە کار لە سەر تێڕوانینەکانی هاوڵاتییان دەکات بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئامانجەکانی حکومەت بگونجێت، وەک ڕێنیشادەر کار دەکات بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکان. ئەم پرۆسەیە بە تایبەتی لە کاتی «جەنگی دژی تیرۆر»دا زیاتر بەدیار کەوت، کە میدیاکانی ئەمەریکا بە تەواوەتی ڕەنگدەرەوەی گوتاری فەرمیی حکومەت بوون، دەستتێوەردانەکانیان

لە عێراق و ئەفغانستان وەک وەڵامێکی پێویست بۆ تیرۆر نیشان دەدا (Schulzk, ٢٠١١). بەم شێوەیە وا پیشانی دەدات کە وڵاتێکە خەمخۆری دیموکراسییە

پۆڵ و کیم (Paul and Kim, 2004) باس لە گەشەسەندنی مێژوویی پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەگەری و ململانێکان دەکەن، جەختیان لەوە کردووە کە چۆن سیستمی چاپەمەنی وەک وەڵامێک بۆ ئاستەنگەکانی ڕاپۆرتکردن بەکار هێنراوە لە کاتی ململانێکاندا. ورووژاندنی پرسیاری ئەخلاقیی گرنگ سەبارەت بە سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەری، هەروەها چ ڕۆڵێک پێویستە بگێڕێت بۆ دڵنیاکردنەوەی لێپرسینەوەی گشتی لە کاتی ململانێکاندا

ڕاپۆرتی میدیاکان چۆن لەسەر ململانێی ڕووسیا و ئۆکراین بە هەمان شێوە لەسەر سەروەری، خۆڕاگری، و یەکگرتن چڕ بوونەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گشتی بۆ کردەوەکانی حکومەت (Lystvak et al., 2024). دەرەنجامی ئەمەش دوورکەوتنەوەی هاوڵاتییانە لە مشتومڕە سیاسییەکان و بەدەستهێنانی پشتگیری بێ هیچ ڕەخنەیەک بۆ پشتگیریی چارەسەری ململانێکان

پۆرچ (Porch, ٢٠٠٢) گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەم گرژییە ڕەنگدەرەوەی حاڵەتێکی ئەخلاقیی گەورەترە کە تێیدا جیاوازیی نێوان ڕاستییەکان و پڕوپاگەندە لە ململانێ مۆدێرنەکاندا تا دێت زیاتر جێی پرسیارە. جگە لەوەش، ململانێکان ڕۆژنامەنووسان دەخەنە دۆخێکی هەستیارەوە، چونکە ڕاپۆرتە ڕەخنەییەکانیان دەتوانێت ببێتە هۆی سانسۆر یان تەنانەت تۆمەتبارکردنی بە نادڵسۆزی

مالتبی ((Maltby, 2012 پێی وایە ئەم زیاد پشتبەستنە بە میدیا بۆ ڕێکخستنی ململانێکان، وردە وردە گۆڕانکاریی بەسەر تێڕوانینەکاندا هێناوە، لە بەر ئەوەی گێرانەوەی میدیایی ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە شەرعیەتدان بە هەڵمەتەکانی دەوڵەت و دارشتنی ڕای گشتی. ئەم داینامیکانە ڕۆڵی دوو لایەنەی میدیا دەخەنە ڕوو: وەک ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە و وەک سەکۆیەکی سەرەکی بۆ لێپرسینەوە، ئەمەش چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ئاڵۆز دەکات

## بەڕێوەبردنی ململانێی کۆمەڵایەتی

مەبەست لە «بەڕێوەبردنی ململانێی کۆمەڵایەتی» ئەوەیە کە توێژەر مەبەستیەتی بەها و ئایدۆلۆژیاکانی پەیوەست بە ململانێکانی ژیانی ڕۆژانە بخاتە ڕوو، کە زۆر جار لە ڕێگەی میدیاکانەوە دەردەبڕدرێت (Jackson et al., ٢٠٢٠). ڕێگە باوەکانی میدیا، لەوانەش فیلم و زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان و يارییە ڤیدیۆییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بەهێزکردنی گێڕانەوەی ململانێکاندا. بەم شێوەیەش کاریگەریی بەهێزیان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، بە تایبەتییش لای نەوەی نوێ و هەستی سەرسامییان بە ململانێکان لا دروست دەکەن (تایلۆر، ١٩٩٥)

بروتن (٢٠١١) ئاماژەی بەوە داوە کە لە چوارچێوەیەکی ڕێگەپێدراودا سوود لە میدیا وەگیراوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ململانێکان لە فلیپین هاوشێوەی تایلەند .(Laungaramsri, 2016) ئەم دوو نموونەیە ئەوە دەردەخەن کە چۆن میدیا دەتوانێت هەم وەک ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە و هەم وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کار بکات

سەردەمی دیجیتاڵی؛ ململانێکانی ناو کۆمەڵگەی زیاتر ئاڵۆز کردووە. ئەلگۆریتمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جار ناوەرۆکی هەستیار و کاریگەر گەورە دەکەن، جەخت لە گێڕانەوەی ململانێ دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا دیدگاکانی دژەململانێکە پەراوێز دەخەن (Acampa,٢٠٢٤). بەم شێوەیە حکومەتەکان کۆنترۆڵی ڕای گشتی سەبارەت بە قبووڵکردنی ململانێکان دەکەن و دەستتێوەردانەکانیان لە ژیانی مەدەنی ئاسایی دەکەنەوە

## ڕەوتی توێژینەوەی دووەم: شەڕ وەک چوارچێوەیەک بۆ قەیران و ململانێکان - وەڵامدانەوەی میدیاکان بۆ کۆڤید-١٩ لە ژینگە جیاوازەکاند

بە درێژایی مێژوو حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی قەیرانەکانیش وەک جەنگ بە مەترسیدار نیشان بدەن، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دانیشتووانیان بکەن و پاساوێکیش

بێـت بـۆ ڕێوشـوێنە ناپێویسـتەکانیان. لـە سـەردەمی پەتـای کۆڤیـد-١٩دا، زۆرێـک لـە سـەرکردە سیاسـییەکان ئـەو قەیرانەیـان وەک «جەنـگ» لـە دژی دوژمنێکـی نەبینراو پیشـان دا. دەربڕینەکانـی وەک «کارکەرانـی هێڵی پێشـەوە»، «کۆکردنەوەی سـەربازەکان» و «شکسـتهێنان بـە ڤایرۆسـەکە» لـە وتـارە فەرمییـەکان و ڕووماڵـی میدیاکانــدا بــاو بــوون (Accioly & Macedo, 2021)

ئـەم سیاسـەتە بـە شـێوەیەکی کاریگـەر هەمـوو سـەرچاوەکانی کـۆ کـردەوە و دانیشتووانیشـی لـە ژێـر سـایەی بارودۆخێکـی هاوبەشـی فریاگوزاریدا یەک خست. هـەر چەنـدە ئـەم لەقاڵبدانـە سـنوورەکانی ململانێکـەی ئاسـایی کـردەوە، لەوانـە: بەرزکردنــەوەی چاودێــری، ســنووردارکردنی ئازادییــە مەدەنییــەکان و گوێگرتــن لـە ڕێوشـوێنەکانی دەسـەڵات. بـۆ نموونـە لـە ئەمەریـکا زۆر جـار وەڵامدانـەوەی پەتاکـە وەک ئۆپەراسـیۆنێکی جەنـگ پیشـان دەدرا، بەرپرسـانی حکومـەت هەمـان کەرەسـتەکانی سـەردەمی جەنگیـان بـەکار دەهێنـا بـۆ پاساوهێنانەوە بـۆ سیاسـەتە گوماناوییەکانیـان

ئــەم چوارچێوەیــە بــە شــێوەیەکی کاریگــەر ســەرچاوەکانی کــۆ کــردەوە و دانیشــتووانەکانی لــە ژێــر هەســتێکی هاوبەشــی بەپەلــەدا کــۆ کــردەوە. بــەڵام هەروەهـا ڕێوشـوێنی ململانێـی ئاسـایی کـردەوە، لەوانـە: بەرزکردنـەوەی چاودێری، سـنووردارکردنی ئازادییـە مەدەنییـەکان و ناوەندکردنـی دەسـەڵات. بـۆ نموونـە لـە ئەمەریـکادا زۆر جـار وەڵامدانـەوەی پەتاکـە وەک ئۆپەراسـیۆنێکی جەنـگ لـە چوارچێوەیەکـدا دەخرایـە ڕوو، بەرپرسـانی حکومەت بانگەشـەیان بـۆ مەتافۆرەکانی سـەردەمی جەنـگ دەکـرد بـۆ پاسـاوهێنانەوە بـۆ سیاسـەتە مشـتومڕاوییەکان

ڕیتۆریـک لەسـەر شـەڕ ئـارەزوو دەکات کـە هـۆکارە سیستماتیکییەکانی قەیران و ململانێـکان نـاڕوون بـکات، سـەرنجەکان لەسـەر چارەسـەرە درێژخایەنـەکان لا ببات و سـەرنج بـۆ چارەسـەری خێـرا ڕابکێشـێت، کـە ئەمـەش ڕەنگە ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو هەوڵانـە تێـک بشـکێنرێن کـە بـۆ چارەسـەرکردنی نایەکسـانیی پێکهاتەیـی یـان شکسـتەکانی حکومـەت کـە قەیرانـەکان ئاڵۆزتـر دەکـەن و سـووڕێکی ململانـێ لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکاندا درێـژە پـێ دەدەن (Accioly & Macedo, 2021)

کۆڤیـد-١٩ ئـەم ڕەوتـەی زیاتـر هێنایـە بەرچـاو، چونکـە زۆرێـک لـە وڵاتـان

ڕێوشوێنی چاودێریکردنی هاووڵاتییانیان جێبەجێ کرد. بۆ نموونە؛ لە ئیسرائیل، دەزگای ئاسایشی ناوخۆ بەدواداچوونی مۆبایلی بەکار هێناوە بۆ چاودێریکردنی ئەو کەسانەی کە گومان دەکرێت یاساکانی کەرەنتینە پێشێل بکەن (Marciano & Yadlin, ٢٠٢١). هەرچەندە ئەم ڕێوشوێنانە پێویست بوون بۆ پاراستنی تەندروستیی هاووڵاتییان، بەڵام لە هەمان کاتدا مشتومڕێکی زۆریشیان دروست کرد سەبارەت بە پاراستنی نهێنی و ئاسایشی دەیتا و خستنە ژێر پرسیاری دیموکراسی. ڕووماڵکردنەکانی میدیا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە چوارچێوەی ئەم باسانەدا، هەندێک لە دەزگاکان جەختیان لەسەر کاریگەریی ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە کردەوە لە کۆنترۆڵکردنی پەتاکەدا، لە کاتێکدا هەندێکی تر تیشکیان خستە سەر زیادەڕەوی و هەڕەشەکانی سەر ئازادییە مەدەنییەکان (Thankachan & Thomas, ٢٠٢١). زۆر جار پەیامە میدیاییەکان ئەم کردارانەیان بە پێویست دەزانی بۆ سەقامگیریی نیشتمانی و ڕاپۆرتکردنیان زۆر نایەکسان بوو (Acácio, ٢٠٢١)، کە جارێکی تر لە بەهای بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ململانێکانی کەم کردەوە

## ڕەوتی توێژینەوە سێیەم: پڕوپاگەندە، ململانێ، دنیای ئەلکترۆنی، جەنگی هایبرید و زانیاریی ناڕاست

سەردەمی دیجیتاڵی بووە هۆی لەدایکبوونی دنیایەکی ئەلکترۆنی وەک یەکێک لە گرینگترین دەستکەوتەکانی بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ململانێکان، کە شەڕی زانیاری لەگەڵ پڕوپاگەندە (چەواشەکاری) و چاودێریکردندا تێکەڵ دەکرێن. هەر لە داڕشتنی ڕای گشتی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە (چەواشەکاری) هەتا سەرکوتکردنی جموجووڵەکانی نەیاران، حکومەتەکان و کەسایەتییە نادەوڵەتییەکان زیاتر پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان بە شێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنن بۆ ئامانجە ستراتیژییەکانیان (فۆڕێست، ٢٠٢١)

ستراتیژەکانی جەنگی هایبرید (وزە) کە تاکتیکە ئاساییەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ تێکەڵ دەکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنە ئەلکترۆنییەکان، بووەتە دیاردەیەکی باو لە ململانێ مۆدێرنەکان. جەنگی هایبریدی ڕووسیا وەک نموونەیەکی ڕوونی ئەم بۆچوونەیە کاتێک دەبینین پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیا و بۆت و

ترۆڵەکان بەکار دەهێنرێن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست و تۆمەتبارکردنی نەیاران (Acampa, 2024)

سۆشیالمیدیا بووەتە ئامرازێکی پێویست لە پڕوپاگەندەکاندا، ڕێگەخۆشکەرە بۆ حکومەتەکان پەیامەکانیان بگەیەنن بەو کەسانەی کە مەبەستیانە لە سەرانسەری کیشوەرەکاندا بە خێرایی و بە بێ بوونی هیچ بەربەستێک. پەیامەکان بەو شێوەیە دادەڕێژرێن کە لای دەوڵەت پەسەندن و لە هەڵمەتە پڕوپاگەندەییە سەرتاسەرییەکاندا لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانی وەک یوتیوب، ئێکس و ئینستاگرامەوە بڵاو دەکرێنەوە، زۆر جار بە شێوەیەکی وا کاریگەرن کە بە زەحمەت لە پەیامە ڕەسەنەکە جیا بکرێنەوە (Zittrain, 2017). لەوێشەوە ڕژێمەکان ژینگەی ئەلکترۆنییان چەک کردووە بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان و کۆنترۆڵکردنی زانیارییەکان لە بریی ئەوەی ئامرازێک بن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان (Laungaramsri, 2016)

پڕوپاگەندەی مێژوویی ئامرازێکی سەرەکیی بەڕێوەبردنی ململانێکان بوو کە لە ڕێگەیەوە ڕای گشتی دروست دەبوو. لە جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەڵمانیای نازی بە شێوەیەکی فراوان میدیای بەکار هێنا بۆ بانگەشەی باڵادەستیی ڕەگەزی ئارییەکان، زاڵکردنی دەسەڵاتی نازییەکان و سەرکوتکردنی کەمینەکان و کارکردن لە تێڕوانینی ڕای گشتی، کە بوونە هۆی ڕوودانی یەکێک لە ترسناکترین ململانێکان کە جیهان تا ئێستا بەخۆیەوە بینیوە ((Jowett & O'Donnell, 1999. نموونەیەکی تر، لە جەنگی عێراقدا هەواڵە میدیاییەکانی چەکی کۆمەڵکوژ (WMDs) بۆ کاریگەریدانان لەسەر ڕای نێودەوڵەتی و پاساوهێنانەوە بۆ دەستتێوەردانەکانی ئەمەریکا بەکار هێنرا. هەر چەندە دواتر سەلمێنرا کە چەکی کۆمەڵکوژ نەبوو، بەڵام میدیاکان بەردەوام بوون لە ڕۆڵگێڕان لە کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ شەڕ لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانیانەوە دوور لە هەموو ڕەخنەیەک .(Abraham, 2012) سەردەمی شەڕی سارد ڕۆڵی پڕوپاگەندەی لە زیادکردنی ململانێکان زیاتر کرد. ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت میدیایان بەکار هێنا بۆ پیشاندانی ترساندنی نەیارەکانیان و لە هەمان کاتدا ئایدۆلۆژیاکانی خۆیان باڵاتر نیشان دەدا. ئەمەش نەک هەر بۆچوونی جیهانی خستە لاوە، بەڵکوو هەوڵەکانی بۆ گفتوگۆی ئاشتییانە پەراوێز خست (Taylor , 1995.)

## ڕەوتی توێژینەوەی چوارەم: کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەڕێوەبردنی ململانێکان لە ڕێگەی میدیاوە

ئـەم ڕەوتـی توێژینەوەیـە سروشـتی دوو لایەنـەی ئامـرازی بەڕێوەبردنـی ململانێکانـی لـە ڕێگـەی چەمکـی میدیـاوە سـەلماندووە. جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە چەمکەکـە واتـای ئەرێنـی و نەرێنییشـی هەیـە. کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی کـە لـە لایـەن ئەدەبیاتـەوە ڕووبـەڕووی بوونەتـەوە، بریتـی بـوون لـە پەرەسـەندنی ململانێـکان و زانیاریـی ناڕاسـتی دیجیتاڵـی و پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ، لـە کاتێکـدا کاریگەرییـە ئەرێنییـەکان بریتـی بـوون لـە ڕاپـۆرت سـەبارەت بـە ئاشـتی و بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ پەرەپێدانـی بەهـا دیموکراسـییەکان و پێشکەشـکردنی یارمەتیـی مرۆیـی. وردەکاریـی زیاتـر بـەم شـێوەیەی خـوارەوە

### کاریگەریـی نەرێنـی: پەرەسـەندنی ململانێـکان نموونەیەکـی کاریگەرییـە نەرێنییـەکان

مەبەسـتی زانیارییـەکان شـیکردنەوەی ئاڵۆزییەکانـە بـە دوو ڕێگـەی شـیکاریی سـادە، بـۆ نموونـە «باشـە و خراپـە». هەروەهـا بۆچوونـەکان لەسـەر ململانـێ نێودەوڵەتییـەکان پەراوێـز دەخـات و هەمـوو دەرکەوتنەکانیـان دەشـارێتەوە. جووڵاندنـی هەسـتی خەڵـک، بـە «کاریگەریـی سـی ئێـن ئێن»یـش نـاو دەبرێـت، بەکارهـێنراوە بـۆ ئاڕاسـتەکردنی حکومەتـەکان لـە دەسـتتێوەردان بـە پشـتبەستن بـە ڕووماڵکردنـی مدیایـی زۆر کارتێکـەر و هەسـتیار. ویتمـۆر (١٩٩٠) نموونەیـەک دەخاتـە ڕوو کـە چـۆن ڕووماڵـە تۆقێنـەرەکان هۆشـیاریی هاوڵاتییـان لـە بـارەی قەیرانـە مرۆییەکانـەوە بـەرز دەکەنـەوە، بـەڵام دەبنـە هـۆی دەسـتتێوەردان بـە بـێ پێشـینە یـان پلانـی درێژخایـەن

کاریگەرتریـن نموونـەی ڕادیۆیـی کینـەدار لـە کاتـی جینۆسـایدی «ڕوانـدا» لـە سـاڵی ١٩٩٤دا بوو،کـە سـیناریۆیەکە پیشـانی دەدات چـۆن میدیـا دەتوانێـت کاریگەریـی لەسـەر هاندانـی توندوتیـژی هەبێـت. ڕادیـۆ و تەلەڤزیۆنـی «لـیبرە» وتـاری کینەئامێـزی بـە ئاشـکرا دەگواسـتەوە و داوای دەکـرد لـە میلیشـیاکانی

‹‹هوتـۆی›› ئەندامانــی هۆزەکانــی ‹‹توتســی›› دەســتگیر بکــەن و بیانکــوژن، کــە گەیشــتە نزیکــەی یــەک ملیــۆن کــەس لــە مــاوەی شــەش مانگــدا. ئــەم نموونــە تایبەتـە ئەوەمـان نیشـان دەدات کـە چـۆن میدیـا گـڕی نـا بـە ململانێـی نەتەوەیـی و سیاســییەکانەوە و کردیــە ســیناریۆیەکی کوشــندە (Metzl, 1997)

ئەگـەر بێـت و میدیـا بـەوە تاوانبـار بکرێـت کـە بووەتـە هـۆی سـەختترکردنی ململانێـکان، ئـەوا جەنگـی ڤێتنـام زۆر بـە سـادەیی ڕوویەکـی تـری میدیـا ئاشـکرا دەکات، کاتێــک دیمەنــە تۆقێنەرەکانــی جەنــگ بــێ سانســۆر وردە وردە کاریــان کـردە سـەر بڕینـی هاوکارییـە گشـتییەکان بـۆ حکومەتـی ئەمەریکا بـۆ ململانێکـە، لــە کاتێکــدا لــە چەنــد ســاڵی ســەرەتای جەنگەکــەدا بــە بیانــووی بەربەســت بــۆ پرۆســەی دیموکراســی دژی کۆمۆنیــزم؛ هاوکاریــی گشــتی دەکــرا

لــە ڕاســتیدا برێکــی بەرچــاو لــە ئەدەبیــات ئــەوە دەســەلمێنن کــە میدیــا ڕۆڵێکــی گرنــگ دەگێڕێــت لــە پەرەســەندنی ناکۆکییــەکان نــەک بــە پێچەوانــەوە. بـە پێـی میلـەر و بۆکێمپـەر (٢٠١٦)، چوارچێـوەدان و چڕیـی ڕووماڵکردنـی میدیـا دەتوانێـت فشـاری گشـتی لەسـەر حکومەتـەکان دروسـت بـکات بـۆ وەڵامدانـەوەی شــەڕانگێزانە، بەمــەش ئەگــەری پەرەســەندنی ململانێیــەک زیــاد دەکات. لــە ڕاســتیدا توێژینەوەکانیــان دەربــارەی ناکۆکییــەکان، ئاماژەیــان بــەوە کــردووە کــە ڕووماڵـی هەسـتیارانە یـان چەواشـەکارانە ژینگەیـەک دروسـت دەکات کـە زۆر جـار چارەســەرە دیپلۆماســییەکان پشــتگوێ بخرێــن بــۆ داواکاریــی دەســتبەجێی کارکــردن و چارەســەرکردن

## زانیاریی ناڕاست وەک نموونەیەکی نەرێنی

ســەرهەڵدانی تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان بــووە هــۆی زیاتــر بڵاوبوونــەوەی زانیاریی ناڕاســت و  ناســەقامگیریی دامــەزراوە دیموکراسییەکان و نەمانــی متمانــە لــە نێــو هاوڵاتییانــدا. پلاتفۆرمەکانــی وەک فەیســبوک و ئێکــس لــە لایــەن بــۆت و ترۆلــەوە قــۆرغ کــران و کامپینــە فرەلایەنــەکان دروســت کــران بــۆ بڵاوکردنــەوەی زانیاریــی ناڕاســت بــە مەبەســتی گۆڕینــی ڕای گشــتی و چاندنــی دووبەرەکــی لــە کۆمەڵگــەدا. لــە کاتــی هەڵبژاردنــی ســەرۆکایەتیی ئەمەریــکا لــە ســاڵی ٢٠١٦، کارمەندانــی ڕووســیا سۆشــیالمیدیایان بــەکار هێنــا بــۆ بڵاوکردنــەوەی ناوەرۆکــی دابەشــکاری،

بەمەش پرۆسەی دیموکراسییان خستە ژێر پرسیارەوە (Zeigler, 2018)

زانیاریی نادروست ڕۆڵی لە ململانێکانی ئەم دواییەشدا کەم نەبووەوە. لە کاتی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرایندا کاربەدەستە حکومی و ناحکومییەکان پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیایان بەکار هێنا بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەکانیان و ناوبردنی نەیارەکانیان بە پێشێلکار و کۆکردنەوەی کۆمەک لە گۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەم کارەش نەک هەر جیاوازییەکانیان فراوانتر کرد، بەڵکوو دۆخی ڕاستەقینەی سەر زەوییشیان تەمومژاوی کرد کە بووە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە مرۆییەکان (Acampa, ٢٠٢٤).

## پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ نموونەیەکی کاریگەریی نەرێنی

زۆر جار پەیامە میدیاییەکان شەرعیەت بەو کردارانە دەدەن کە ئازادییە مەدەنییەکان پێشێل دەکەن، وەک: چاودێریکردن، سانسۆرکردن و سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین. بۆ نموونە لە سەردەمی کۆڤید-١٩، زۆرێک لە حکومەتەکان شێوازی چاودێریی نائاساییان ڕاگەیاند و بە پێویستیان دەزانی بۆ تەندروستیی گشتی. وەک مارسیانۆ و یادلین (٢٠٢١) سەرنجیان داوە، ئەمەش مشتومڕی زۆری لێ کەوتەوە دەربارەی پاراستنی تایبەتمەندیی کەسی و لەناوچوونی دیموکراسی

وەڵامدانەوەی پەتاکە بووە هۆی پێشێلکردنی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری ئەمەریکای لاتین و بەئامانجگرتنی کەمینەکانی کۆمەڵگە. ڕاپۆرتەکانی بەڕازیل دەربارەی توندوتیژیی پۆلیس دژی گەڕەکە هەژارنشینەکان، نموونەیەکن لە زیادبوونی نایەکسانی لە سیستمی حکومڕانی. لەمەوە دەردەکەوێت کە لە پەیامە هەواڵەکانیاندا زیاتر جەختیان لەسەر ئاسایش کردووەتەوە نەک مافەکانی مرۆڤ (Acácio, 2021).

## کاریگەریی ئەرێنی: ڕاپۆرتی ئاشتی نموونەیەکی کاریگەرییە ئەرێنییەکان

میدیا دەتوانێت وەک کەناڵێک کار بکات بۆ ئاشتەوایی بە پێشخستنی لێکتێگەیشتن و ڕێگری لە دابەشبوون

هێزی میدیا لە ئاشتیدا سەرەتا لە ڕادیۆیەکی وەک «ستۆدیۆ ئیجامبۆ» لە

ڕوانـدا هاتـە کایـەوە. ئـەم ڕادیۆیـە لـە ڕێگـەی بەرنامەکانیـەوە دوای ململانـێ و کۆمەڵکوژییەکـەی ڕوانـدا، دەرفەتـی گفتوگـۆی بـۆ هوتـۆ و توتسـییەکان ڕەخسـاند و یارمەتیـی گەڕاندنـەوەی متمانـەی دا بـۆ هاوڵاتییـان و هەوڵـی یەکگرتوویـی کۆمەڵگـەی دا (Bratic, 2006). بـە هەمـان شـێوە، ڕادیـۆی «UNTAC» ڕۆڵـی سـەرەکیی هەبـوو لـە هۆشـیارکردنەوەی دەنگـدەران و پێشخسـتنی بەشـداریی دیموکراسـی دوای ململانێکانـی کەمبۆدیـا (Puddephatt, 2006).

میدیـا ڕۆڵێکـی زۆر گرنـگ دەگێڕێـت لـە پرۆسـەی بنیاتنانی ئاشـتیدا، بـە تایبەتی لـە کۆمەڵگاکانـی دوای ململانێـدا کـە متمانـە و پەیوەندیکـردن بـە تەواوەتـی تیایانـدا لاواز بـووە. سـوندار (٢٠١٠) باسـی ڕۆڵـی میدیـای کـردووە لـە پێشخسـتنی گفتوگـۆ و ئاشـتەوایی لـە هیندسـتان دوای ململانێـکان. ئـەوەی دەستنیشـان کـردووە کـە چـۆن هەوڵەکانـی ڕۆژنامەگـەری بـۆ ئاشـتی دەتوانـن یارمەتیـدەر بـن لـە چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان و دووبـارە بنیاتنانـەوەی یەکگرتوویـی کۆمەڵایەتـی. پلاتفۆرمـە میدیاییـەکان دەتوانـن دەرفەتـی دەربڕینـی ڕاوبۆچـوون بـۆ هەمـووان بڕەخسـێنن و پەیامـی هیوابەخـش و یەکدەنگـی بڵاو بکەنـەوە کـە یارمەتیـدەرن لـە ڕێکخسـتنەوەی کۆمەڵگـە لێکترازاوەکان. ئەمـەش شـێوازێکی ئەرێنیـی بەکارهێنانـی میدیایـە لـە بەشـداریکردن لـە بنیاتنانـی ئاشـتیدا کاتێـک بـە شـێوەیەکی ئەخلاقـی و ستراتیـژی بـەکار دەهێنرێـت.

میدیـا بـە ڕاسـتی سـەلماندوویەتی کـە ئامرازێکـی پێویسـتە لـە پرۆسـەی دادپەروەریـدا، بـە تایبـەت لـە کۆمەڵگەکانـی دوای ململانێـدا کـە پێویسـتی بـە دووبـارە بنیاتنانـەوەی متمانەیـە. تۆمپسـۆن (٢٠١٤) باسـی لـە ڕۆڵـی ڕادیـۆ کـردووە لـە پێشخسـتنی دادپەروەریـی لیبێریـا لـە قۆناغـی ناجێگیریـی دادپەروەریـدا کـە چـۆن بەرنامـە ڕادیۆییـەکان دەرفەتـی گفتوگۆیـان دەربـارەی ئاشـتەوایی و پرسـەکانی خەڵـک دەڕەخسـاند.

ئـەم بەرنامانـە دەرفەتـی دەربڕینـی ڕاوبۆچوونیـان بەخشـی بـە کەسـایەتییە پشـتگوێخراوەکان و هەسـتیان بـە بەرپرسـیارێتیی بەکۆمـەڵ کـرد بـۆ بنیادنانـەوەی وڵات دوای دەیـان سـاڵ لـە جەنگـی ناوخـۆ. کەیسـی لیبێریـا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە میدیـا دەتوانێـت چ ڕۆڵێکـی هەبێـت لـە پرۆسـەی چارەسـەرکردن و

دادپەروەریدا و هاوبەشیکردنی هاوسۆزیی هاوبەش لەگەڵ شوێنەکانی دیکە بە پڕۆژە ئاشتییەکانی ڕۆژنامەگەری، لەوانەش ستۆدیۆی ئیجامبۆ لە ڕواندا (براتیک، ٢٠٠٦) و ئەوانەی تری دوای جەنگی کەمبۆدیا (Puddephatt, ٢٠٠٦)

ڕاپۆرتی ئاشتی جۆرێکی هاوسەنگکردنی ڕاپۆرتی ململانێکانە کە گرنگی بە بەرقەراربوونی ئاشتی دەدات نەک هەستیارترکردنی ئاڵۆزییەکان. ئەم ڕێکارانە لە کۆمەڵگەکانی دوای ململانێ کاریگەر بوون کە بە پشتبەستن بە میدیا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بنیادی نەتەوە و چەسپاندنی دیموکراسیدا

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک کاریگەرییەکی ئەرێنی

دەزگاکانی ڕاگەیاندن شەفافیەت بەرەوپێش دەبەن و متمانەی خەڵک دەپارێزن و زانیاریی هەڵە کەم دەکەنەوە. میدیای «CAF»ی کەنەدی بە شێوەیەکی ستراتیژی «X»ی بەکار هێنا بۆ گەیاندنی پەیامی ئۆپەراسیۆنە مرۆییە جیاوازەکان، لە ڕێگەی ئەمەوە دەزگاکە دڵنیایی بەخشییە هەمووان کە پەیامەکانی ناسیاسی و شەفافن (Mangat, ٢٠١٨). بە هەمان شێوە، «ISPR»ی پاکستانیش لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە کاتی جەنگی دۆڵی سوات بەشداریی کرد لە بەرەنگاربوونەوەی پڕوپاگەندەی توندڕەوەکان. «ISPR» بەرپەرچی زانیارییە ناڕاستەکانی دایەوە بە گێڕانەوەی چیرۆکی کاریگەر بۆ ملیۆنان بەکارهێنەر و پشتگیریی کۆ کردەوە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دژەتیرۆر بە شێوەیەکی کاریگەر (Khan & Pratt, ٢٠٢٠).

لە لایەکی دیکەوە تۆڕە کۆمەڵایەکان سەکۆیەکی هەمیشە ئامادەن بۆ چالاکی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان. بۆ نموونە؛ لە سەردەمی بەهاری عەرەبیدا، سایتەکانی سۆشیالمیدیای وەک فەیسبوک و ئێکس بوونە ئامرازێکی گرنگ بۆ ڕێکخستنەکانی خۆپیشاندەران و گەورەکردنی دەنگە پەراوێزخراوەکان و ئاڵنگاریی ڕژێمە تاکڕەوەکان (گرەیسن و دەیڤس، ٢٠١٧). بە هۆی سروشتە ناسەنتەرییەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چالاکوانان توانییان جێگرەوەیەکیان هەبێت بۆ میدیاکانی سەر بە دەسەڵاتی دەوڵەت و هەلی بەشداریی بۆ

هاوڵاتییـــان دەرەخســـاند

بـە هـۆی کاریگەریـی بەهێـزی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە پرۆسـەی ئاشـتیدا، لایەنەکانـی ململانێکـەی کۆلۆمبیـا کەوتنـە گفتوگـۆ. هەڵمەتـە ئۆنلاینە سـەرەتاییەکان دەرفەتـی بیرۆکـە دەربڕینـی ڕەخسـاند و بـووە هـۆی داخسـتنی کەلێنەکانـی نێـوان لایەنەکانــی ململانێکــە کــە توانــای پلاتفۆڕمــە دیجیتاڵییەکانــی دەرخســت لــە هاوبەشـبوون لـە پرۆسـەکانی بنیاتنانـی ئاشـتی (Baron, ٢٠١٨)

## پێشکەوتنی بەها دیموکراسییەکان وەک کاریگەرییەکی ئەرێنی

میدیــای تاراوگــە هەمیشــە ئاڵنگاریــی ڕژێمــە تاکڕەوەکانــی کــردووە لــە ڕێگــەی دەرخســتنی ڕووی ڕاســتەقینەیان و داوای لێپرســینەوەیان. لــە دۆخــی بۆرمـادا، میدیـای سـەربەخۆی تاراوگـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو لـە بەبەڵگەکردنـی درندەییـەکان و هاندانـی بنچینەکانـی دیموکراسـی (Brooten, ٢٠١١)، هەمـان ئـەو شـتەی کـە دەزگای هەواڵگریـی سـووریا لـە تاراوگـە کردیـان (Issa, ٢٠١٦). ئـەم هەوڵانـە دەریدەخـەن کـە میدیـا دەتوانێـت وەک چاودێرێـک بێـت لـە لێپرسـینەوەی دەسـەڵات تەنانـەت لـە ژینگـەی سەرکوتکەریشـدا

بـۆ نموونـە: لـە باشـووری ئەفەریقـا، لـە سـەردەمی دوای «ئاپارتایـد»دا (سیسـتمێکی حکومڕانـی بـوو کـە هەمـوو ڕەگـەزە جیاوازەکانـی ئەفەریقـای لـە یـەکتر جیـا کـردەوە)، میدیـا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو لـە ئاسـانکاری بـۆ ئاشـتەوایی و بنیاتنانـەوەی متمانـە. لـە ڕێگـەی ڕەخسـاندنی دەرفـەت بـۆ گفتوگـۆی گشـتی و پـەردە لابـردن لەسـەر نادادپەروەرییـەکان، میدیـا بەشـداریی کـرد لـە گواسـتنەوەی دۆخـی وڵات بـەرەو سیسـتمی دیموکراسـی (Teer-Tomaselli, ٢٠٠١)

## هاوکاریی مرۆیی وەک کاریگەرییەکی ئەرێنی

میدیـا خزمەتـی ئامانجـە گـەورەکان دەکات لـە کاتـی کارەسـاتە مرۆییـەکان لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی سـەرچاوەکان و پێدانـی زانیـاری. ڕووماڵکردنـی کۆمەڵێـک کارەسـات، لەوانـە: تسـونامیی ئۆقیانووسـی هینـدی لـە سـاڵی ٢٠٠٤ و بوومەلەرزەکـەی هایتـی سـاڵی ٢٠١٠، یارمەتیـدەر بـوو لـە گۆڕینـی پشـتیوانیی نێودەوڵەتـی لـە گوتـارەوە بـۆ کـردار. میدیـا بـەم جـۆرە خزمەتـی کارەسـاتەکان دەکـەن بـە نـاوی ئـەو کۆمەڵگایانـەی کـە بـە دەسـت کارەسـاتەکەوە دەناڵێنـن. جگـە لـەوەش، ئـەم هەسـتی

بەرپرسیارێتیی جیهانی لە ڕێگەی ڕووماڵە میدیاییەکانەوە بەرز دەکاتەوە

بە هەمان شێوە، بەرکەوتنی میدیا لەگەڵ پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ لە ناوچەی ململانێکاندا، یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناچار بن بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانیان. ڕووماڵکردنی ململانێکان توانای میدیاکان دەردەخات لە دروستکردنی پردێک لە نێوان سەرچاوە جیهانییەکان و دانیشتووانی کەمدەرامەتدا (Adamson, ٢٠٢٤)

## دۆزینەوەکانی پەیوەست بە شیکاری ڕەخنەگرانە

سەرەتاکانی ململانێکانی سووریا و میدیا و پڕوپاگەندەی شکۆمەندی

هەر لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤، کە دەکاتە ڕۆژێک بەر لە ڕژێمی کەوتووی سووریا، ڕاپۆرتی «بی بی سی» لەسەر میدیای سووریا دەرکەوت (بی بی سی، ٢٠٢٤/١٢/٩). جەختی لەوە کردەوە کە لە سەردەمی ڕژێمی سووریادا، میدیا بە توندی لە لایەن حکومەتەوە بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کرابوو. سانسۆرکردنی میدیا لە سووریا زۆر زیاتر بوو بە بەراورد بە وڵاتانی جۆراوجۆری دیکەی جیهان. یەکێک لە لایەنە دیارەکان بریتی بوو لە بەکارهێنانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی ڕژێم. بە دڵنیاییەوە سووریا بە نموونەیەکی ڕوونی ناسەرکەوتوویی بەڕێوەبردنی ململانێکان دادەنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی تێوەگلانی بەرفراوانی حکومەت لە کۆنترۆڵکردنی میدیادا

ڕژێم لە ڕێگەی کۆنترۆڵی دزەکردنی زانیارییەکان و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی، میدیای بەکار هێنا. تەنانەت ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشی گرتەوە. ڕژێم چاودێری و سانسۆری ناوەرۆکی میدیاکانی دەکرد. هەروەها میدیای بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی ڕژێم بەکار دەهێنرا، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی مەزهەبیی وڵات (Al-Mounes, ٢٠٢٤). بڕیاری بنچینەیی بۆ سەرکوتکردنی ڕۆڵی میدیا لە بەڕێوەبردنی ململانێکان درا، وەک لە ساڵی ٢٠٠٤دا بینرا کاتێک هەموو پارتە سیاسییە نافەرمییەکان و کۆمەڵە کولتووری و میدیاییەکان لە سووریا لە لایەن ڕژێمەوە قەدەغە کران (Rais, ٢٠٠٤)

لە جیاتیی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی ململانێکان، میدیای گشتی بۆ

کارکردنـــە ســـەر تـــاک و کۆمەڵـــگا و جیهانـــی دەرەوە بـــەکار دەهـــێنرا (Chams Eddin, ٢٠١٣: ٢٠). ســـووریا پشـــتی بـــە یەکـــە متمانەپێکـــراوەکان دەبەســـت و دڵســـۆزترین ســـوپای بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی وڵاتەکـــە کار پـــێ کـــرد، ئـــەم بەکارهێنانـــە میدیاکانیشـــی گرتـــەوە (Holliday, ٢٠١٣). دەزگاکانـــی ڕاگەیانـــدن بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی پڕوپاگەنـــدە کاریـــان دەکـــرد نـــەک ئاشـــتەوایی، هەوڵـــی تێکـــدان و گۆڕینـــی بۆچوونـــە پێچەوانەکانـــی خەڵکیـــان دەدا. لـــە هەمـــان کاتـــدا پڕوپاگەنـــدەکان بـــۆ بابەتـــە هەســـتیارەکان و مەبەســـتە تایبەتییـــەکان بـــەکار هـــێنرا. لـــە هەنـــگاوی دواتریانـــدا ناچـــار بـــوون بـــە پێـــی گرنگیـــی پەیامەکـــە، ئامـــرازە شـــەڕانگێزەکان وەک زمانـــی تونـــدڕەوی و شـــەڕانگێزی بـــەکار بهێنـــن (Chams Eddin, ٢٠١٣: ٢٦)

## میدیا دوای ساڵی ٢٠١١

بـەدران (٢٠٢١) تیشـکی خسـتە سـەر دیمەنـی لێکترازانـی میدیـا لـە دوای سـاڵی ٢٠١١، چونکـە پارچەپارچەبوونـی خـاک بـووە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی ژینگـەی زانیاریـی تونـد و کۆنترۆڵکـراو کـە پێـش ململانێـکان هەبـوو. لـە کاتێکـدا ئـەو ناوچانـەی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەندیـدا مابوونـەوە، درێژەیـان دابـوو بـە لۆژیکەکانـی پێـش سـاڵی ٢٠١١. ئـەو ناوچانـەی کـە لـە لایـەن هێـزە کوردییـەکان و هێـزە یاخیبووەکانـی پەیوەسـت بـە ئۆپۆزسـیۆنەوە کـۆنترۆڵ کرابوون، ژینگەیەکـی ڕاگەیاندنـی ڕیشـەیی جیـاواز ئەگەرچـی ناسەقامگیریشـیان هەبـوو

لیژنـەی پاراسـتنی ڕۆژنامەنووسـان (Stern) (CPJ, ٢٠١٥) تیشـکی خسـتە سـەر هەمـان کەیـس و جەختـی لـەوە کردەوە کـە تێکەڵبوونـی ڕۆژنامەگـەری لەگەڵ جەنگ شـتێکی نـوێ نییـە بـۆ سـووریا، کـە شـەڕڤانان کایـەی میدیـا وەک سـەنگەرێکی دیکـەی شـەڕی ناوخـۆ ببینـن.

بـە پێـی زانیارییەکانـی «CPJ»، کاریگەرییەکانـی سـەر پرۆسـەی کۆکردنـەوەی هـەواڵ و توانـای تێگەیشـتن لـە ململانێـکان ڕوونـن. هـەر هەمـان ئـەو گرووپانـەی لـە هەمـوو لایەنەکانـی ململانێـدا ماندووناسـانە کاریـان کـردووە بـۆ سانسـۆرکردنی میدیـا، لـە بەرامبـەردا بوونەتـە بەشـێک لـە بەرهەمهێنـەر و هەنـاردەکاری پێشـەنگی زانیـاری

لـە کاتێکـدا پڕوپاگەنـدە هەمیشـە بەشـێک بـووە لـە میدیـا، بـەڵام هەمیشـە

بەشێک بووە لە شەڕیش (Stern, ٢٠١٥) و سووریا بە هەردووکیدا تێدەپەڕی -شەڕێکی ناوخۆیی کە پڕوپاگەندە یەکێک لە چەکەکانی ڕژێم بوو. بە پێچەوانەی گێڕانەوەی ماڵتبی لە ساڵی (٢٠١٢)، ئەم جۆرە داینامیکیانە جەخت لەسەر تاکە ڕۆڵی میدیا دەکەنەوە: وەک ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە، نەک وەک سەکۆیەکی گرنگ بۆ لێپرسینەوە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان

## گۆڕانی ڕژێمەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر میدیا

لەگەڵ ئەوەشدا، بە لەناوچوونی ڕژێمی سووریا سەردەمێکی نادیار بۆ میدیاکانی سووریاش دەست پێ دەکات، بە تایبەتییش ئەوانەی لە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێمەکەدا بوون. یەکێک لەو ڕاپۆرتە گرنگانەی کە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی بڵاو کردەوە، ڕاپۆرتی «ئەل مۆنس» بوو (٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤) کە ڕایگەیاند دەزگا میدیاییەکەیان چیتر سەر بە ڕژێمە کۆنەکە نییە

بە گوێرەی ئەلمونس (٢٠٢٤)، میدیای سووریا کە سەردەمانێک سەر بە دەسەڵاتداران بوون، وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. کاتێک خۆپیشاندەران لە ٨ی کانوونی دووەم و دوای هێرشێکی ١١ ڕۆژە دیمەشقیان گرت و ڕووخانی ئەسەدیان ڕاگەیاند، دەربەدەریان کرد لە حوکمڕانی، ئاژانسی هەواڵی «سانا» کە سەر بە حکومەت بوو، بۆ زیاتر لە ٢٤ کاتژمێر بێدەنگ بوو

کەناڵە تەلەڤزیۆنییە دەوڵەتییەکان لە بریی ڕووداوە خێراکان، بەرنامە کۆنەکانیان پەخش دەکرد. پاشان کۆمەڵێک پیاو لە ستۆدیۆی هەواڵدا بەیاننامەیەکیان لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنی دیمەشق خوێندەوە و «ئازادکردنی شاری دیمەشق»یان ڕاگەیاند، پاشان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک کەناڵەکە پەیامێکی لە سەر شاشە و باکگراوندێکی سوور پەخش دەکرد دەربارەی «سەرکەوتنی شۆڕش».

هەتا ئێستا داهاتووی میدیاکانی سووریا بڕیاری یەکلایی لەسەر نەدراوە، بە هەمان شێوەی بارودۆخە سیاسییەکە. ئایا میدیا پشت بە پڕوپاگەندە دەبەستێت، یان پارێزگاری لە سیستمی سەربەخۆی ڕاگەیاندن دەکات وەک عیسا (٢٠٠٦) باسی دەکات، یان دەبێتە دەوڵەتی؟ هێشتا زووە بۆ بڕیاردان، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مەزهەبیی دانیشتووان

## گفتوگۆ

بەڕێوەبردنی ململانێکان لە ڕێگەی میدیاوە نیشانەی گەشەکردنی ئاڵۆزییەکانە کە حکومەتە گلۆباڵییەکان و چارەسەرکردن و ئاشتی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەست دەکات بە یەکەوە. پێناسەکردنی بەڕێوەبردنی ململانێکان بەوەی کە ڕێبازێکە بۆ ناسین و مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێکان بە شێوەیەکی گونجاو و دادپەروەرانە و شارەزایانە (Haidarravy and Anshori, ٢٠٢٣)، ئەوا لە گۆشەنیگای میدیاوە بەم شێوەیە دەرناکەوێت، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو میدیا هەم وەک چەکێکی پڕوپاگەندە و هەم وەک سەکۆیەک بۆ ئاشتەوایی کاری کردووە، لە هەردوو بوارەکەشدا توانای خۆی پیشان داوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە سەرهەڵدانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی زیاتری ڕەخساند بۆ پەیوەندیی ستراتیژی و بنیاتنانی ئاشتی. بەڵام هەمان سەرهەڵدان بووە هۆی ئاڵنگاریی گەورەی وەک زانیاریی ناڕاست و لێکترازان و کەوتنی پێوەرە گشتییەکانی دیموکراسی

میدیا، لەوانەش سۆشیالمیدیا، پێویستە وەک ڕێڕەوێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی بەکار بهێنرێت لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی گفتوگۆ و بێلایەنبوون و کارکردن لەسەر پرۆسەی ئاشتەوایی. ئەم پەیامە میدیاییانە کاریگەر بوون لەسەر ڕای گشتی لە کاتی ڕووداوە سەختەکاندا، بەڵام لە هەمان کاتدا میدیا دەبێت بیسەلمێت کە بە هەمان شێوە ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەیوەندیی ستراتیژی لە کۆمەڵگەکانی دوای ململانێدا

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی لاوەکیی ٧٠ توێژینەوەی زانستییە لە ناو ئەو توێژینەوانەی کە لە زیاتر لە بیست وڵاتی دنیادا نووسراون، کە باسی بەڕێوەبردن و چارەسەری ململانێیان لە ڕێگەی میدیاوە ورووژاندووە بە تێڕوانینی جیاواز

شیکارە لاوەکییەکان ئەوەیان نیشان داوە کە چۆن حکومەتەکان پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانیان بەکار هێناوە لە جەنگی هایبرید (وزە) و کۆنترۆڵی کۆمەڵگەکان وەک بەشێک لە هەوڵەکانیان بۆ داڕشتنی ڕای گشتی بەو شێوەی خۆیان مەبەستیانە. شیکارییە لاوەکییەکان چوار ڕەوتی توێژینەوەی گشتگیری لێ بوویەوە

کە هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ململانێ لە ڕێگەی میدیاوە لەخۆ دەگرێت بە هەردوو دەرئەنجامە نەرێنی و ئەرێنییەکانەوە. توێژینەوەکە چەمکی سروشتیی دوو لایەنەی بەڕێوەبردنی ململانێکانی سەلماندووە

سەرەڕای ئەوەش، پێداچوونەوەکە ئاماژەی بەوەش دەکات کە چۆن ڕۆڵی میدیا لە ململانێکاندا دەربڕی ئاڵەنگارییەکی ئەخلاقییە، بەڵام جگە لە پڕوپاگەندە و بانگەشەکردن بۆ شەڕانگێزی؛ ڕۆڵێکی دیاریش دەگێڕێت لە دەرخستنی ڕاستییەکان و لێپرسینەوەی دیموکراسی و ئاشتیی جیهانی وەک کاریگەرییەکی ئەرێنی. بۆیە ئەم پێداچوونەوەیە پێویستیی هاوسەنگکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکان لەگەڵ ئەخلاقیاتی بەکارهێنانی میدیا لە کاتی ململانێکاندا دیاری دەکات

شیکارە ڕەخنەگرانەکە جەختی لەسەر تاکە ڕۆڵی میدیای سووریا کردەوە: وەک ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە، نەک وەک سەکۆیەک بۆ لێپرسینەوە و بەڕێوەبردنی ململانێکان. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕژێمانەی کە وەک ڕژێمی سووریا قۆناغی سیاسی و میدیایی ئەزموون دەکەن و دڵنیابوونەوە لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی گوتاری دیموکراسی و ئاشتەوایی دوور لە پڕوپاگەندە

توێژەرانی بەڕێوەبردنی ململانێ وەک «حەیدەرراقی» و «ئەنشۆری» (٢٠٢٣)، لە نێو ئەوانی تردا پێشنیاریان کرد کە چوارچێوەیەکی چەمکی دابنێن کە پەیوەندیی نێوان سەرەتاکان و دەرئەنجامەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ باس بکات، بەڵام ئەم چوارچێوەیە پێویستی بە پەرەپێدان و ئاماژەدان بە زەمینە و کەیسەکانی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکانی پێشتر سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ململانێ هەیە. ئەم بابەتە پێویستە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی بنیاتەکانی توێژینەوەدا ئەنجام بدرێت کە بە پێی چەندین حاڵەت جۆراوجۆر بێت نەک تەنها یەک حاڵەت

## سەرچاوەکان

1. Abraham, R. (2012). Media and National Security. New Delhi: Knowledge World and Centre for Air Power Studies.

2. Acácio, I. (2021). The militarization of responses to COVID-19 in democratic Latin America. Revista de Administração Pública, 55(1), https://doi.org/10.1590/0034-761220200475.

3. Acampa, S. (2024). From Military Strategy to the Militarization of Information. In: From Dezinformatsiya to Disinformation. Springer, https://doi.org/10.1007/978-3-031-48435-3_1.

4. Accioly, I., & Macedo, D. (Eds.). (2021). Education, equality and justice in the new normal: Global responses to the COVID-19 pandemic. Bloomsbury Publishing, https://shorturl.at/jYTx6.

5. Adamson, J. (2024). I've never seen anything like this before—or since: Reflections on the Boxing Day tsunami. The Adelaide Now, retrieved from https://www.adelaidenow.com.au/news/opinion/boxing-day-tsunami-adelaide-journalist-jessica-adamson-recalls-indonesia-disaster-20-years-later/news-story/4750d6b-8d2e9f3d42b8bdfb28e676860.

6. Al Mounes, M. (December 20th, 2024). No longer Assad's mouthpiece: Syrian media face uncertainty. Al-Monitor, retrieved from: https://www.al-monitor.com/originals/2024/12/no – longer -assads- mouthpiece: syrian -media - face uncertainty?form=mg0av3.

7. Badran, Y. (2021). Syria: A Fragmented Media System. In Arab Media Systems. Edited, Open Book Publishers, pp.19-36, DOI:10.11647/obp.0238.02.

8. Baloyi, M. et al. (2023). The role of social media in the Russia-Ukraine conflict. Journal of Cyberwarfare, 19(3), pp. 200-215.

9. Barón, L. F. (2018). Media and humanitarianism: Coverage, global responsibility, and mobilization in crises. Journal of Humanitarian Communication, 5(1), pp. 34–50.

10. Bayer, M., Croissant, A., Izadi, R., & Scheeder, N. (2023). Multidimensional measures of militarization (M3): A global dataset. Armed Forces & Society, 1(25), https://doi.org/10.1177/0095327X231215295.

11. BBC (December 9th, 2024). Syria Media Guide, retrieved from https://www.bbc.com/news/world-middle-east-14703914?form=MG0AV3.

12. Bratic, V. (2006). Peace-oriented media in post-conflict regions. Peace and Conflict Studies, 13(2), pp. 3–25.

13. Brooten, L. (2011). Media, militarization, and human rights: Comparing media

reform in the Philippines and Burma. Communication, Culture & Critique, 4(3), pp. 229–249, https://doi.org/10.1111/j.1753-9137.2011.01107.

14. Chams Eddin, B. A. (2013). The Assad Regime's propaganda: Manipulation through messaging at the beginning of The Arab Spring in Syria. Unpublished M.A. Thesis, The Graduate School of Arts and Sciences, Georgetown University.

15. Cordray, D. S. (2001). Secondary Analysis: Methodology. International Encyclopedia of the Social & Behavioral Sciences, pp. 13777-13780, retrieved from https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/B0080430767007579.

16. Crilley, R. & Manor, I. (2024). Militarization 2.0: Social media and strategic communication. International Studies Review, 23(3), pp. 1046-1064.

17. Forest, J. J. F. (2021). Political Warfare and Propaganda: An Introduction. Journal of Advanced Military Studies, 12(1), pp. 13-33, www.usmcu.edu/mcupress https://doi.org/10.21140/mcuj.20211201001

18. Grayson, K. & Davies, M. (2017). Tweeting strategy: Military social media use. Armed Forces & Society, 43(4), pp. 745-764.

19. Haidarravy, S. and Anshori, M. I. (July 2023). Conflict Management: A Systematic Literature Review (SLR). Indonesian Journal of Contemporary Multidisciplinary Research, 2(4), pp. 577-592, DOI:10.55927/modern.v2i4.4706

20. Hallin, D. (1989). The uncensored war: The media and Vietnam. California: University of California Press.

21. Hassan, B. K. (August 2023). The Role of the Media in Conflict Resolution and Management in Somalia. International Journal of Science and Research (IJSR), 12(8), pp. 40-50, DOI:10.21275/SR23722160333

22. Holland, S.L. and Novak, D.R. (2017). Critical Analysis. The SAGE Encyclopedia of Communication Research Methods, https://doi.org/10.4135/9781483381411.n109, retrieved from: https://methods.sagepub.com/ency/edvol/the-sage-encyclopedia-of-communication-research-methods/chpt/critical-analysis.

23. Holliday, J. (2013). The Assad Regime: From Counterinsurgency to Civil War. Middle East Security Project. Institute For the Study of War (ISW), retrieved from: https:// www.understandingwar.org/report/assad-regime?form=MG0AV3.

24. Issa, A. (December 2016). Syria's New Media Landscape Independent Media Born Out of War. Policy Paper 2016-9, Middle East Institute (MEI).

25. Jackson, S. T., Crilley, R., Manor, I., Baker, C., Oshikoya, M., Joachim, J., Robin-

son, N., Schneiker, A., Grove, N. S. & Enloe, C. (2020). Militarization 2.0: Communication and the normalization of political violence in the digital age. International Studies Review, 23(3), pp. 1046–1071, https://doi.org/10.1093/isr/viaa035.

26. James, A. B. (April 2024). The Role of Social Media In Peacebuilding And Conflict Resolution. International Journal of Current Sciences (IJCSPUB), 14(2), pp. 770-776.

27. Jowett, G. S. & O'Donnell, V. (1999). Propaganda and persuasion. Sage.

28. Khan, M. K. & Pratt, C. B. (2020). Strategic communications: The Pakistan military's use of social media against terrorism. Media, War & Conflict, 1(36). https://doi.org/10.1177/1750635220972127.

29. Laungaramsri, P. (2016). Mass surveillance and the militarization of cyberspace in post-coup Thailand. ASEAS – Austrian Journal of South-East Asian Studies, 9(2), pp. 195-214.

30. Le, S. (2016). The relationship between the media and the military. Unpublished MA thesis. Harvard Extension School, retrieved from http://nrs.harvard.edu/urn-3:HUL.InstRepos:33797376.

31. Lewis, J. (2008). The role of the media in boosting military spending. Media, War & Conflict, 1(1), pp. 108–117.

32. Lystvak, H. and Levytska, O. (2024). Militarization of the Ukrainian publishing market during the Russo-Ukrainian war since 2014. Horyzonty Polityki, 15(51), pp. 143–160, https://doi.org/10.35765/HP.2493.144.

33. Maltby, S. (2012). The mediatization of the military. Media, War & Conflict, 5(3), pp. 255–268. https://doi.org/10.1177/1750635212447908.

34. Mangat, R. K. (2018). Tweeting Strategy: Military social media use as strategic communication. Unpublished Doctoral Dissertation. Wilfrid Laurier University, retrieved from https://scholars.wlu.ca/etd/2071.

35. Marciano, A. & Yadlin, A. (2021). Media coverage of COVID-19 state surveillance in Israel: The securitization and militarization of a civil-medical crisis. Media, Culture & Society, 44(3), pp. 445–463. https://doi.org/10.1177/01634437211037008.

36. Metzl, J. (1997). Rwandan genocide and the international law of jamming. American Journal of International Law, 91(4), pp. 628-651.

37. Miller, R. A. & Bokemper, S. E. (2016). Media coverage and the escalation of militarized interstate disputes, 1992–2001. Media, War & Conflict, 9(2), pp. 162–179, https://doi.org/10.1177/1750635216648116.

38. Paul, C. & Kim, J. J. (2004). The Relationship Between the Press and the Military: A Starting Point. In Reporters on the Battlefield: The Embedded Press System in Historical Context. RAND Corporation, retrieved from https://www.jstor.org/stable/10.7249/mg200rc.9.

39. Porch, D. (2002). No bad stories: The American Media – Military relationship. Naval War College Review, 55(1), pp. 85-107, retrieved from: https://digital-commons.usnwc.edu/nwc-review/vol55/iss1/6.

40. Puddephatt, A. (2006). Media, youth, and identity in the age of globalization. Sage Publications.

41. Rais, F.R. (Autumn 2004). Syria under Bashar Al Assad: A profile of power. Strategic Studies, 24(3), pp. 144-168.

42. Schulzke, M. (2011). Creating an enemy: Social militarization in the war on terror. Canadian Political Science Review, 5(2), pp. 157–164, retrieved from https://ojs.unbc.ca/index.php/cpsr/article/view/257/353.

43. Stern, J. (December 2015). The militarization of the press in Syria - Committee to Protect Journalists, retrieved from https://cpj.org/2015/12/militarization-of-the-press-in-syria-journalists-killed/?form=MG0AV3.

44. Sundar, K. (2010). Media's role in peacebuilding: Perspectives from post-conflict India. Global Media Journal, 6(1), pp. 40-57.

45. Taylor, P. M. (1995). Munitions of the mind: A history of propaganda from the ancient world to the present day. Manchester University Press.

46. Teer-Tomaselli, R. (2001). The role of South African media in post-apartheid reconciliation. Media Studies Journal, 15(2), pp. 120–138.

47. Thankachan, K. & Thomas, P. E. (2021). Media framing and its effects on conflict: A thematic approach to framing as a means of control. International Journal of Advanced Academic Studies, 3(4), pp. 6-13.

48. Thompson, K. (2014). Transitional justice and the role of radio in Liberia. Journal of African Media Studies, 6(3), pp. 245-260.

49. Whittemore, L. (1990). CNN and the shaping of U.S. foreign policy. Journal of Mass Media Studies, 12(3), pp. 22–31.

50. Zeigler, C. E. (2018). International dimensions of the electoral processes: Russia, The USA, and the 2016 elections. International Politics, 55, pp. 557-574.

51. Zittrain, J. (2017). "Netwar": The unwelcome militarization of the Internet has arrived. Bulletin of the Atomic Scientists, 73(5), pp 300–304, https://doi.org/10.1080/00963402.2017.1362907.

# ڕۆڵی تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە پەرەپێدانی میدیای دیجیتاڵیدا

## (دیدێکی ئایندەیی)


**محەمەد غەباری**

بەڕێوەبەری پێشووی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی، ئەکادیمیای سەربازی بۆ توێژینەوەی باڵا و ستراتیژی - میسڕ.

**باسل یوسری عەبدولفەتاح عوسمان**

خوێندکاری دکتۆرا لە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی، ئەکادیمیای سەربازی بۆ توێژینەوەی باڵا و ستراتیژی - میسڕ.


**وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: بارام سوبحی شکور**




**سەرچاوە:**

المجلة العربية لبحوث الاعلام و الاتصال، العدد ٤٣، أكتوبر/ديسمبر ٢٠٢٣.

## پێشه‌كی

زیره‌كیـی ده‌سـتكرد وه‌ک شۆڕشـێک لـه‌ بـواری ته‌كنه‌لۆژیـادا سـه‌یر ده‌كرێـت، كـه‌ بـه‌ شـێوه‌یه‌كی گشـتی گۆڕانكاریـی به‌سـه‌ر زۆرێـک لـه‌ چه‌مـک و گریمانه‌كانـی په‌یوه‌سـت بـه‌ پیشه‌سـازیی میدیـا بـه‌دوای خۆیـدا هێنـاوه‌. ته‌كنه‌لۆژیـای زیـره‌ک واقیعێكـی نوێـی به‌سـه‌ر میدیـای دیجیتاڵیـدا سـه‌پاندووه‌، گۆڕانكاریـی لـه‌ چه‌ندیـن بـواردا هێناوه‌تـه‌ ئـاراوه‌، بـواره‌كانی چوارچێـوه‌ پیشـه‌ییه‌كان و سروشـتی ڕۆڵـی ئـه‌و كه‌سـانه‌ی كـه‌ به‌رپرسـن لـه‌ په‌یوه‌ندیكـردن و خـودی جه‌مـاوه‌ر؛ گۆڕانكاریـی به‌سـه‌ردا هاتـووه‌، بـه‌ جۆرێـک جه‌مـاوه‌ر ته‌نهـا وه‌رگـری نـاوه‌رۆک نییـه‌، به‌ڵكـوو لـه‌ میدیـای دیجیتاڵیـدا بووه‌تـه‌ به‌كاربه‌رێكـی ئه‌رێنـی و دروسـتكه‌ر و كارلێككـه‌ر له‌گـه‌ڵ تۆڕه‌كانـی سۆشـیالمیدیادا.

ئێسـتا سیسـتمی میدیایـی تاكلایه‌نـه‌ نه‌مـاوه‌، چونكـه‌ لـه‌ به‌رهه‌مهێنـان و ئاڵوگۆڕكـردن و بڵاوكردنـه‌وه‌ی په‌یامـی میدیاییـدا جه‌مـاوه‌ر چـالاكتر بـووه‌ و بووه‌تـه‌ بڕیـارده‌ر لـه‌ قه‌بـاره‌ یـان چه‌ندایـه‌تی، یاخـود لـه‌ جـۆری ئـه‌و په‌یامانـه‌ی كـه‌ لـه‌ هـه‌ر شـوێنێک بێـت؛ له‌ ڕێگـه‌ی مۆبایلـه‌ زیره‌كـه‌كان و لاپتۆپه‌كانـه‌وه‌ ده‌گاته‌ ده‌ستی.

زیره‌كیـی ده‌سـتكرد لـه‌ میدیـادا ڕه‌هه‌نـدی كرده‌یـی به‌رهـه‌م هێنـاوه‌ كـه‌ توێژینه‌وه‌كانـی بـواری میدیـا وه‌ک شۆڕشـێكی میدیایـی و ته‌كنیكـی سـه‌یری ده‌كـه‌ن كـه‌ پێویسـتی بـه‌ لێكۆڵینـه‌وه‌ و به‌دواداچـوونی زیاتـر هه‌یـه‌، تاوه‌كـوو بناغـه‌ی زانسـتی تایبه‌تمه‌نـد و تیـۆری نـوێ دابمه‌زرێنـن كـه‌ له‌گـه‌ڵ سروشـت و تایبه‌تمه‌ندی و خه‌سـڵه‌ته‌كانی میدیـای زیره‌كـدا بگونجێـت

هـه‌ر چه‌نـده‌ كۆده‌نگییـه‌ک هه‌یـه‌ لـه‌ سـه‌ر ئـه‌وه‌ی كـه‌ به‌كارهێنانـی زیره‌كیـی ده‌سـتكرد یارمه‌تیـده‌ر بـووه‌ لـه‌وه‌ی میدیـا ڕۆڵێكـی بـاشتر بگێڕێـت، بـه‌ هـۆی زیادبوونـی بڵاوبوونـه‌وه‌ی هه‌واڵـه‌كان بـه‌ چـڕی و خێراتـر، بـه‌ڵام سـه‌لماندنی ناوه‌رۆكـی په‌یامـه‌كان یـان سـه‌رچاوه‌كانیان ئه‌سـته‌م بـووه‌، ئه‌مـه‌ش بووه‌تـه‌ هـۆی دروسـتبوونی جیـاوازی لـه‌ نێـوان زانایانـی په‌یوه‌نـدی و پراكتیـزه‌كاران و ڕای گشـتیدا سـه‌باره‌ت بـه‌ ڕاده‌ی سـه‌ركه‌وتنی به‌كارهێنانـی ته‌كنه‌لۆژیـای زیـره‌ک لـه‌ كاری میدیاییـدا، هه‌روه‌هـا لـه‌ سروشـتی ڕۆڵه‌كـه‌ی و تێگه‌یشـتنی جه‌مـاوه‌ر لێیـان، هه‌روه‌هـا تاكـوو چ ئاسـتێک متمانـه‌ بـه‌ ڕاسـتیی په‌یامـه‌كان ده‌كـه‌ن

لە بارەی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیا مۆدێرنەوە، ڕەوتێکی نەیار سەری هەڵداوە، لەبەر چەندین هۆکار، لەوانە: ئامادەنەکردنی کارمەندان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، هەندێکی دیکەش وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دامەزراندنی مرۆڤ دەیبینن

## تەوەری یەکەم:

## چوارچێوەی تیۆری بۆ پەرەپێدانی زیرەکیی دەستکرد لە میدیاکاندا

زیرەکیی دەستکرد بە لقێکی زانستی کۆمپیوتەر پێناسە دەکرێت کە ئامانجی دروستکردنی ئامێری زیرەکە، هەروەها بووەتە بەشێکی سەرەکی لە پیشەسازیی تەکنەلۆژیادا. ئامانجی هاوشێوەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤە، بە تێگەیشتن لێی و دیاریکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە و گۆڕینی بۆ بەرنامەی کۆمپیوتەری، ئەمەش وا دەکات ئەو ئەپڵیکەیشنانەی کە لە میدیای دیجیتاڵیدا کار دەکەن، پرۆسەی دیاریکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان و بڕیاردان لە سەریان پەرە پێ بدەن. هەروەها لە ڕێگەی چەند پرۆسەیەکی کۆمپیوتەرییەوە دەتوانێت پرۆسەکانی فیدباک بپێویت و شیکاری بکات. لە دیارترین پێناسەکانیشی ئەمانەی خوارەوەن

١. مینسکی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ئەو زانستەیە وا لە ئامێرەکان دەکات ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە پێویستی بە زیرەکی هەیە کاتێک لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێن (Minsky,٢٠١٠)

٢. مارتن ویک بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: توانای ئامێرەکانە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێویستی بە زیرەکیی مرۆڤە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی وەک: ئەنجامگیریی لۆژیکی، فێربوون و داهێنان (عبدالله الفاخری، ٢٠١٨)

لە بواری میدیادا؛ بەو میدیایانە دەوترێت کە میدیای زیرەک (Media Smart) بەکار دەهێنن. زاراوەکە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنان و گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان، ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگەی سیستمی زیرەکیی بەرنامەبۆدارێژراوەوە ئەنجام دەدرێت کە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەیتا و زانیاری بەکار دەهێنرێت، پاش فێربوونی ئامێر و تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیی دەستکرد

زیرەکیی دەستکرد بووەتە هۆی دەرکەوتنی چەمکی نوێ لە بواری میدیادا، وەک میدیای ئەلگۆریتم (Algorithmic Media)، بەئەلیکترۆنیکردنی میدیا (Media Automated) واتە کارپێکردنی ئۆتۆماتیکی، یان میدیای ڕۆبۆت (media Robot).

ئەو پەرەسەندنانەی کە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی زیرەکیی دەستکرد لە کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی هەواڵەکاندا هێناویەتیە ئاراوە، جگە لە شیکردنەوە و پرۆسێسکردنی دەیتا گەورەکان بە زاراوەی ڕۆژنامەوانی، گۆڕانکاریی گەورەی لە پێکهاتەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و شێوازی کارکردنیان بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمەش بووەتە هۆی وەرچەرخانی گرنگ لە چەمکی میدیای دیجیتاڵی و تایبەتمەندییەکانی و میکانیزمەکانی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیدا

ئەگەر سەیری دۆخی ئێستای زیرەکیی دەستکرد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمپانیا گەورەکانی بواری پیشەسازیی تەکنەلۆژیا وەک گوگڵ، مایکرۆسۆفت، ئای بی ئێم و فەیسبوک؛ قووڵبوونەوەیان لە توێژینەوەکانی زیرەکیی دەستکردا کردووە و چاوەڕوانیی زیاتریان لەم بوارەدا هەیە. ئەوان پارەکانیان لە بواری توێژینەوە و پەرەپێدان لە بواری فێربوونی قووڵ (mind deep) وەبەر دەهێنن. هەر یەکێک لەو کۆمپانیا زەبەلاحانە تاقیگەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە تێیدا نوێترین توێژینەوە لە بواری زیرەکیی دەستکرد ئەنجام دەدەن، ساڵانەش ئەم توێژینەوانە بڵاو دەکەنەوە (امیت، ٢٠١٤)

## زیرەکیی دەستکرد لە میدیادا

ئامانجی میدیای زیرەک ئاسانکاری و باشترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەر و هەمەچەشنکردنی پلاتفۆڕم و ناوەڕۆکی میدیایە بە پێی ئارەزوو و پێویستیی تاکەکان، جگە لە پێدانی زانیاریی دروست بە تاک و ئەو گرووپانەی کە ئارەزووی بابەتگەلی تایبەتیان هەیە. دیارترین تایبەتمەندییەکانی میدیای زیرەک بریتین لە (Westlund, Lewis& ٢٠١٥)

١. خێرایی لە کۆکردنەوەی دەیتاکان و نووسینەوەی وتارەکان.
٢. هەڵەی کەمتر لە بەرهەمەکاندا.
٣. کەمکردنەوەی تێچوونەکان.

هەندێک لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان قۆناغی داهاتووی میدیا بە سەردەمێک

دەزانن کە تێیدا هیچ بوارێک بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان نییە، چونکە میدیاکان کار لەسەر ئەو ئامرازانە دەکەن کە دەیان جار لە سۆشیالمیدیا خێراترن، لە گواستنەوەی ڕووداوەکانیشدا لە میدیای نەریتی و نوێ وردتر و چڕوپڕترن

لە بارەی بەئەلیکترۆنیکردنی هەواڵەکان، لە ڕووی واقیعی و سوود و مەترسییەکانیەوە کۆمەڵێک بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری میدیادا باس دەکرێن کە دیارترینیان بریتین لە (Lindén ٢٠١٩,Tuulonen&)

١. گرنگیدان بە هەواڵ و خێرایی بڵاوکردنەوەی و داڕشتنەوەی قەبارەیەکی زۆر لە ناوەڕۆک

٢. بایەخدان بە بەهای هەواڵەکان لە بریی گرنگیدان بە گۆشەی چارەسەرکردن کە بۆ هەمووان گرنگە

٣. کواڵتیی نووسین کە وا دەکات هەواڵەکە بۆ بە خێرایی بڵاوکردنەوەی گونجاو بێت (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەلگۆریتمەکان لەسەر بنەمای باشترین پراکتیزە مرۆییەکان لە بواری نووسین و داڕشتنەوەدا پرۆگرام دەکرێن)

٤. توانای ئامێرەکان بۆ بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی نوێ کە توانای ڕاکێشانی کۆمەڵێک ڕیکلامکەری هەبێت، ئەمەش وا لە وەرگری پەیامەکان دەکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پارە بدەن

٥. ئۆتۆماتیکیکردن هاندەرە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی سوودوەرگرتن لە ڕۆژنامەنووسان

٦. سیستمی ئۆتۆماتیکی دەتوانێت سەبارەت بە ڕووداوە نوێیەکان ئاگادارکردنەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان بنێرێت، لەبەر ئەوەی ئەلگۆریتمەکان بە شێوەیەک داڕێژراون کە باشتر دەتوانن پێشبینیی پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان زانیارییەکان بکەن

تا ئێستا بابەتەکە پەیوەستە بە متمانەکردن بە بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد لە میدیاکاندا کە لە کۆدە ئەلگۆریتمییە سادەکانەوە دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی ژمارەکان لە دەیتابەیسەکانەوە دەردەهێنێت و لە ناو سندووقەکاندا دەیخاتە ناو قاڵبێکی هەواڵی پێشوەختە ئامادەکراوەوە، بە ڕێبازێکی پێشکەوتوو

لە بواری بەکارهێنانی دەیتاکاندا، بە ئامانجی بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی زیاتر و نووسینی چیرۆکی هەواڵی قەناعەتپێکەرتر (Graefe ٢٠١٦,)

کێشەکە لەوەدایە کە ئەلگۆریتمەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە ڕاستەقینەیەدا ناکەن کە ڕووداوەکان تیایدا ڕوو دەدەن، بەڵکوو مامەڵە لەگەڵ دەیتا کۆدکراوە دیجیتاڵییەکاندا دەکەن. هەروەها لەو شوێنانەی کە زیرەکیی دەستکرد کار دەکات، جێگەی توانا مەعریفی و پیشەییەکانی میدیا دەگرێتەوە، چونکە زانیارییەکان بە شێوەی ئەلگۆریتم کۆد دەکات، پاشان دەیتابەیسەکان دادەمەزرێنێت و بنەما بۆ دروستکردنی ئەلگۆریتمەکان دروست دەکات. ئەم بابەتە جگە لە ئاشکراکردنی تێوەگلانی ڕۆبۆتەکان لە ئەگەری دروستکردنی هەواڵی ساختەدا، ئاماژە بە ئەگەرێکی زۆر گرنگ دەکات کە تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد کاریگەریی گریمانەکراوی لەسەر بیروڕای گشتی دەبێت، چ جیهانی بێت یان ناوخۆیی وڵاتان، کە ڕەنگە مەترسی لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵگەکان دروست بکات. ئەگەر هاتوو لە لایەن ئەکتەرە نەناسراوەکانەوە بەکار بهێنرێت و ئاڕاستە بکرێت، بە نموونە بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی سۆزدارییانەی بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی دەنگدەران و ئاڕاستەکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن، چونکە ئەپڵیکەیشنەکانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری چوارچێوەدانانی ئایدیۆلۆژی و پڕوپاگەندەی کۆکردنەوە و جەمسەرگیریدا کار دەکەن کە لە ڕێگەیەوە پڕوپاگەندەکار دەتوانێت بە ئاسانی میدیای زیرەک بەکار بهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بازنە و گرووپە سیاسییەکان، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و بۆچوون و هەڵوێستەکانی، پاشان فراوانکردنی بنکە جەماوەرییەکەی لە ڕێگەی ڕاکێشانی لایەنگر یان هاوسۆزیی زیاترەوە.

پڕوپاگەندەی چوارچێوەدانانی ئایدیۆلۆژی و کۆکردنەوە و جەمسەرگیری، لەسەر بنەمای ئامادەکردنی پلانێکی پڕوپاگەندەییە کە بە پێی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان یان بازنەکان ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگەی زانینی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری هەریەکەیان، پاشان دیاریکردنی باشترین ئامرازی پەیوەندیکردن، کە توانای زۆرترین کاریگەریی لەسەر هەر چین یان توێژێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش پێی دەوترێت ئامادەکاریی کۆمەڵناسیی پڕوپاگەندە

(Cunningham,2002). بەڵام ئەو بابەتەی لەگەڵیدا سەری هەڵدا، دوو ئاڕاستەی هەیە:(Túñez-López,2019)

یەکەم: ڕەوتی یەکەم پێی وایە کە ڕەنگە لایەنگری لە ڕێکخستنی ئەو زانیارییانەدا هەبێت کە پێشکەش بە جەماوەر دەکرێن، چونکە دوای لەبێژنگدانیان ئینجا پێشکەش دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی ناوەرۆکێکی چەواشەکارانە لە بریی هەواڵێکی واقیعی و هاوسەنگ، چونکە ئامێرەکانی ئەلگۆریتم وا ڕاهێنراون تەنها ئەو گۆڕاوانە لەبەرچاو بگرن کە وردیی پێشبینیکردنیان باشتر دەکات لەسەر ئەو زانیارییانەی کە بەکار هێنراون، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەگەری بێلایەنبوونی ڕۆژنامەگەریی ئۆتۆماتیکی لە ڕووی ناوەرۆکی زانیاری و مانای فەرهەنگیی وشەکانی دەقەکە؛ پێویستی بە بنیاتنان هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی زانینی ئەو میکانیزمانەوە دەبێت کە ڕێگە بە لایەنگریی مرۆڤ دەدات، تاوەکوو کاریگەریی لەسەر ڕۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو دەیتایانەی کە سیستەمەکە کاریان لە سەر دەکات بێلایەن بێت (Leppänen et al,2020).

دووەم: ڕەوتی دووەم وا گریمانە دەکات کە تیۆری دانانی کارنامە کە پەیوەندیی بە ئەولەویەتدان بە بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە هەیە، لە گریمانەکانیدا سەبارەت بە پرسەکانی میدیا، بە هۆی کاریگەریی ئاشکرای پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیا و بزوێنەری گەڕانی گوگڵ و یاهوو لە سەر پرۆسەی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لە ناو جەماوەردا، ڕەنگە پێداچوونەوە بە ڕەوایەتیی گریمانەکانی لە میدیادا بکرێتەوە. جەخت لەوەش دەکاتەوە ئەگەر ئێستا جەماوەر بتوانن ئەو سەرچاوانە هەڵبژێرن کە ناوەرۆکەکەیان پێ باشترە، ئەوا ئاسانە خۆی لە سەرچاوە نەخوازراوەکانیش بەدوور بگرێت، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر بەو مانایەیە کە کارنامە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕای گشتی نییە. بەڵام تەنها خاڵ کە لەم ئەنجامگیرییە بەدەر دەکرێت، ئەوەیە کە ئەلگۆریتمەکانی پلاتفۆڕمی سۆشیالمیدیا بە شێوەیەکی فراوان بەشدارن لە گەیاندنی ناوەرۆکی میدیای جەماوەری بە بەکاربەران، تاوەکوو بتوانن بە بێ مەبەست سەیری ناوەرۆکەکەی بکەن ,(Feezell. 2018)

## دیارترین تایبەتمەندییەکانی پەرەسەندنی زیرەکیی دەستکرد لە میدیاکاند

### یەکەم: شیکاری دەیتا گەورەکان

پڕۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و پرۆسێسکردن و دەرهێنانی زانیاری لە ناو دامەزراوە گەورەکانی میدیا و کەرتە حکومییەکاندا کە پشت بە سیاسەتی شیکردنەوەی دەیتا گەورە و ئاڵۆزەکان دەبەستن، لە بواری بەڕێوەبردن و شیکردنەوەی دەیتاکاندا پێویستی بە بەرنامەی تایبەتمەند هەیە، چونکە لە سایەی تەکنەلۆژیای زیرەکدا پڕۆسەی بڕیاردان سەبارەت بە شیکردنەوەی هەست و بیری گشتی، ئامادەکردنی ناوەڕۆک، زانینی کاتی گونجاو بۆ بڵاوکردنەوە و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی؛ بە کارێکی بنەڕەتی دادەنرێت.

لە نێو ئەو پێناسانەی بۆ دەیتا گەورەکان کراوە، پێناسەکەی پەیمانگای نێودەوڵەتیی ماکینزییە کە بەم جۆرە پێناسەی دەکات: کۆمەڵێک دەیتان کە زۆر گەورەن و هەر لە وەرگرتنی دەیتاکانەوە هەتا هاوبەشیکردن، گواستنەوە، هەڵگرتن، بەڕێوەبردن و شیکردنەوەیان لە ماوەیەکی قبووڵکراودا، ناتوانرێت بە بەکارهێنانی ئامرازە نەریتییەکانی دەیتابەیس پرۆسێس بکرێن (ناوەندی ئامار، «چەمکە گشتییەکان لە سەر دەیتا گەورەکان»)

هەر چی کۆمپانیای گارتنەرە کە کۆمپانیایەکی تایبەتە بە توێژینەوە و ڕاوێژکاریی تەکنەلۆژیای زانیاری، دەیتای گەورەی وەک ژێرخانی زانیاریی قەبارە گەورە و خێرا و زۆر هەمەچەشن پێناسە کردووە کە پێویستی بە شێوازی پرۆسێسکردنی ئابووری و داهێنەرانە هەیە، بە مەبەستی پەرەپێدانی تێڕوانینەکان و یارمەتیدان لە بڕیارداندا (al.,2013 et .Laney)

لە سایەی وەرچەرخانە دیجیتاڵییەکان و پشتبەستن بە خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکان و سیستمی زیرەک و بەکارهێنانی بنەڕەتی و ڕۆژانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئێستا دەیتا گەورەکان وەک نەوتی داهاتوو سەیر دەکرێن. بە هۆی ڕەوتی کڕینی ئەلکترۆنییەوە کە قەبارەی دەیتاکان بە شێوەیەکی بێوێنە زیادی کردووە، بە جۆرێک ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە (٩٠٪)ی ئەو زانیارییانەی ئێستا لە بەر دەستدان؛ لە چەند ساڵی کەمی ڕابردوودا بەرهەم

هــێنراون و بــەردەوام لــە زیادبوونــدان (Desjardins 2019)

ئێستا لە جیهاندا لە ماوەی خولەکێکدا زیاتر لە (١,٧) ترلیۆن بایت دەیتا بەرهەم دەهێنرێت کە هەندێکیان لە لایەن هەندێک لە ناوەندەکانی دەیتاوە هەڵدەگیرێن و شیکارییان بۆ دەکرێت، هەندێکیشیان بە هۆی بێبایەخییانەوە دەسڕدرێنەوە، پێشبینییش دەکرێت تا کۆتایی ساڵی (٢٠٢٥) ئەم ژمارەیە بۆ سێ هێندە زیاد بکات (رائدە الشیخ، ٢٠١٨)

## سەرچاوەکانی دەیتا گەورەکان:

١. ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن کۆمپانیا و دامەزراوەکانەوە لە کاتی کارکردنی ڕۆژانەیاندا بەرهەم دەهێنرێن، لە دەیتابەیس یان فایلەکاندا کە تایبەتن بە کۆمپانیا یان دامەزراوەکە هەڵدەگیرێن

٢. ئەو دەیتایانەی مرۆڤ بەرهەمیان دەهێنێت: واتە ئەو زانیارییانەی مرۆڤ دروستیان دەکات، جا ئەو بەڵگەنامەیە بێت لە سەر کۆمپیوتەر یان ئەوانەی لە ناو مۆبایلە جیاوازەکاندا هەڵدەگیرێن، وەک نامەی کورت و بەرنامەی ئامێرە زیرەکەکان، ئەمە جگە لەو زانیارییانەی کە مرۆڤ دەیخاتە ناو تۆڕی زانیاریی جیهانی وەک ئیمەیل و سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەک هاوبەشکردنی وێنە و گفتوگۆ و کۆمێنتەکان کە زۆربەیان دەیتای نارێکخراون

٣. ئەو دەیتایانەی ئامێرەکان بەرهەمیان دەهێنن: هەموو ئەو دەیتایانەن کە بە بێ دەستتێوەردانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرهەم دەهێنرێن، وەک دەیتاکانی کامێرای چاودێری و ئاگادارکردنەوە و مانگە دەستکردەکان Rokde, & .(Ghotkar (2016

## سوود و تواناکانی دەیتا گەورەکان:

١. لە پرۆسێسکردن و شیکردنەوەی دەیتا گەورەکاندا، کات و هەوڵ و تێچوویەکی زۆر دەگێڕێتەوە.

٢. توانای شیکردنەوەی دەیتاکانی سۆشیالمیدیای هەیە بۆ دەرهێنانی بۆچوونی جیاواز، ئەمەش ڕێگە بە ئەگەری شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی خەڵک دەدات لەسەر هەندێک پرس بۆ پێوانەکردنی ڕادەی ڕازیبوون یان ناڕازیبوونیان

٣. شیکاری پێشبینیکراو و هەڵسەنگاندنی مەترسیی دارایی.

٤. پۆلێنکردنــی بەکارهێنــەران و دیاریکردنــی گرووپــی ئامانــج بــۆ بابەتێکــی دیاریکــراو، کــە یارمەتیــدەرە بــۆ باشترکردنــی کارایــی و کاریگەریــی هەڵمەتەکانــی بەبازاڕکــردن و ڕیــکلام

٥. باشترکردنــی خزمەتگــوزاری و بەڕێوەبردنــی کڕیــاران و دیاریکردنــی ســاختەکاری (محمــود عبدالــسلام، ٢٠٢١)

کۆمپانیــا جیهانییــەکانی وەک فەیســبوک و گــوگڵ و وڵاتانــی پێشــکەوتوو ســوود لــە دەیتــا گــەورەکان وەردەگــرن بــۆ داڕشــتنی پلانــی داهاتوویــان و ناوەنــدی دەیتــای تایبەتمەنــدی بــۆ دروســت دەکــەن. هەروەهــا بــۆ پێشــبینیکردنی هەواڵــەکان، لــە نــاو دامــەزراوە میدیاییەکانــدا شــیکاری دەیتــا گــەورەکان بووەتــە توخمێکــی گرنــگ. بــۆ نموونــە ئــاژانسی هەواڵــەکانی بلومبێــرگ نیــوز بــۆ شــیکردنەوەی ڕەوتــی کۆمەڵــە دەیتــاکان ڕۆبــۆت بــەکار دەهێنێــت، بــەو هۆیــەوە کاتێــک ڕەوتێــک یــان گۆڕانکارییــەک لــەم دەیتایانــەدا دەردەکەوێــت؛ ئاگادارکردنــەوە بــۆ ڕۆژنامەنووســان دەنێرێــت، تاوەکوو لــە شــیکردنەوەی بازاڕەکانــدا بــە شــێوەیەکی پیشــەیی پێویســت یارمەتییــان بــدات

هــەر چــی ئــاژانسی ڕۆیتــەرزە بــۆ یارمەتیدانــی ڕۆژنامەنووســان لە شــیکردنەوەی دەیتــاکان، پێشــنیاری بیرۆکــەی ڕاپۆرتــەکان، تەنانــەت لــە نووســینی هەندێــک ڕســتەدا، ئامرازێکــی زیرەکیــی دەســتکردی دروســت کــردووە و نــاوی لــێ نــاوە «‹Insight Lynx››، بــە ئامانجــی ئــەوەی کــە نەبێتــە جێگــرەوەی پەیامنێــرەکان، بەڵکــوو لــە نووســینەوەی دەقەکانــدا بــە بەکارهێنــانی دەیتــای دیجیتاڵــی یارمەتییــان بــدات. هەروەهــا ئــەم ئامــرازە ئــەدای پشــکەکانی کۆمپانیــاکان ڕوون دەکاتــەوە کــە چــۆن و بۆچــی بــە خێرایــی دادەبــەزن؟ پاشــان ئــەوەش ڕوون دەکاتــەوە کــە مامەڵــەی کۆمپانیاکــە لــەم دواییانــەدا بەرانبــەر ڕکابــەرەکانی چــۆن بــووە؟

**دووەم: هەورەکۆمپیوتەر**

هەورەکۆمپیوتــەر بــە تەکنەلۆژیایــەک پێناســە دەکرێــت کــە پشــت بە گواســتنەوەی شــوێنی پرۆسێســکردن و هەڵگرتنــی کۆمپیوتــەر بــۆ ئامێرێکــی ســێرڤەر دەبەســتێت، کــە لــە ڕێگــەی ئینتەرنێتــەوە پێــی دەگات. پاشــان بەرنامەکانــی ئایتــی لــە بەرهەمەوە دەگۆڕدرێــن بــۆ خزمەتگــوزاری. هەورەکۆمپیوتــەر لــە ســەر ژێرخــانی ناوەنــدە

پێشکەوتووەکانی دەیتا دامەزراوە کە شوێنی هەڵگرتنی گەورە بۆ بەکارهێنەران دابین دەکات (أمال شوتري، رشيد خوضري، .(٢٠١٨

بۆ پڕۆسێسکردن و دابەشکردن، پلاتفۆڕمی هەورەکە بە بەدەستهێنانی زانیاریی وردی بەرز لە چەندین شوێن لە دامەزراوەی پەخشەکەدا کار دەکات. هەموو ئەرکە پێویستەکانی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی تۆڕەکانی هەورەکەوە بەڕێوە دەبات، نووسەران و پەخشکەرانی ناوەرۆکیش بە شێوەیەکی پارێزراو بە ناوەندی هەڵگرتنی هەورەکەوە دەبەسترێنەوە، ئەمەش وا لە پەخشکەر دەکات لە هەمووانەوە ناوەرۆک دروست بکات، هەروەها بە خێرایی دەستی بە بڵاوکراوە نوێیەکان بگات تاوەکوو بە خێرایی فیدباکیش وەربگرێتەوە. هەرکە ناوەرۆکەکە تەواو بوو، بەرز دەکرێتەوە بۆ هەورێکی پارێزراو کە لەوێشەوە لە لایەن هەر دەستەیەکی دامەزراوەکەوە لە سەرانسەری جیهاندا دەتوانن دەستیان پێی بگات. ئەم جۆرە کارکردنە لە سەرانسەری ناوچە جوگرافییەکاندا ڕێگە بە ڕۆیشتنی ئاسانی ناوەرۆک دەدات. هەروەها لە کاتی دروستکردنی ناوەرۆکەکەدا ڕێگە بە پێداچوونەوە و سەرنجدان و دەستکاریکردنی گفتوگۆکان لە کاتی ڕاستەقینەدا دەدات (علی صباح سلمان، ٢٠٢٠)

لەم دواییانەدا تێبینیی ئەوە کراوە کە زۆرێک لە دامەزراوە میدیاییەکان و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیا، هەنگاویان ناوە بەرەو بەردەستکردنی بەرنامەکانیان بۆ بەکارهێنان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە ژێر ناوی هەورەکۆمپیوتەردا.

ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ بەکارهێنەرانی تایبەتمەندیی باشتری وەک پاشەکەوتکردنی خەرجییەکان، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەشێکی گەورەتر لە سوودمەندان دابین کردووە. لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی هەڵگرتنی هەور بە یەکێک لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکان دادەنرێت کە لە میدیای دیجیتاڵیدا بەکار دەهێنرێت، بە مەبەستی دابینکردنی توانای هەڵگرتن بۆ فایلەکان لەسەر ئینتەرنێت، بە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات دیسکی هەڵگرتنی ڕاستەقینە لەسەر کۆمپیوتەرەکان هەبێت. دەتوانرێت لە هەر شوێنێک یان هەر ئامێرێکەوە دەستت پێی بگات کە ئینتەرنێتی هەبێت، هەروەها یارمەتیدەر بووە لە پەرەپێدانی کاری میدیای دیجیتاڵی لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی هەورەوە

بۆ ئەنجامدانی ئەرکە میدیاییە پێویستەکان، وەک دەستکاریکردنی دەیتا و وێنە و دروستکردنی فایل و خشتە، لە ڕێگەی ئۆفیس و فۆتۆشۆپ و بەرنامەکانی دیکەوە، بە بێ ئەوەی پێویست بکات ئەم بەرنامانە لەسەر ئامێرەکان دابەزێنرێن و بە بێ ئەوەی توانای هەڵگرتنی گەورە بەکار بهێنرێت

بۆ نموونە؛ خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای ئەمازۆن وێب سێرڤێس (AWS) پشتگیری پێشکەش بە کۆمپانیا جیهانییەکانی پێشەنگ لە میدیادا دەکات، وەک نێتفلێکس و واڵت دیزنی و دیسکۆڤەری کە پلانی داهاتوویان دارشتووە و ناوەندی دەیتای تایبەتمەندیان دروست کردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمپانیاکانی ئەنگامی و گرووپی «MBC» و «OSN» و کۆمپانیا نوێیەکان کە خزمەتگوزاریی داهێنەرانەیان هەیە، وەک «Play Starz» لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەمانە بۆ داهێنان و فراوانکردن و پەرەپێدان و بەدەستهێنانی کارایی پێویست بۆ دابینکردنی باشترین ئەزموون بۆ بەکارهێنەرانی کۆتایی، پشت بە ئەمازۆن وێب سێرڤێس دەبەستن

## سوودەکانی هەورەکۆمپیوتەر لە میدیادا

١. کۆمپیوتەری کەمتێچوو بۆ سوودمەندان: بۆ بەکارهێنانی هەورەکۆمپیوتەر و بۆ کارەکانی پرۆسێسکردن و بەرنامەکان، پێویست بە کڕینی ئامێری بەهێز و گرانبەها ناکات. هەروەها وەک بەرنامە تەقلیدییەکانی پێشوو، پێویستی بە هێزی پرۆسێسکردن و شوێنی هاردیسک نییە (Miller,٢٠٠٨)

٢. کارایی باشتر: ئەمەش بە هۆی دانەبەزاندنی هیچ بەرنامە و فایلێک بۆ ناو کۆمپیوتەرە کەسییە ناوخۆییەکان، سوودمەندان بە هۆی داگیرساندن و کوژانەوەی کۆمپیوتەری کەسی دوا ناکەون، هەروەها تۆڕی ناوخۆیی زۆر خێراتر دەبێت بە هۆی ئەوەی هیچ هاتوچۆیەکی ناوخۆیی نابێت (Intel Xeon,2011)

٣. کەمکردنەوەی تێچووی ژێرخانی ئایتی: ستافی ئایتی دەتوانن هێزی هەورەکۆمپیوتەرەکە بۆ تەواوکردن یان گۆڕینی سەرچاوەکانی کۆمپیوتەری ناوخۆیی بەکار بهێنن، لە بریی ئەوەی وەبەرهێنان لە ژمارەیەکی زۆر لە سێرڤەرە گەورەکان و بەهێزترەکاندا بکەن .(Hosting,٢٠١١)

٤. کەمکردنەوەی تێچووی چاککردنەوە: تێچووی چاککردنەوەی ڕەقەکاڵا و

نەرمەکاڵا بۆ ڕێکخراوەکان زۆر کەمتر دەبێتەوە، گرنگ نییە چەند ئامێر و نەرمەکاڵا لە کۆمپانیاکەدا بەردەست بێت، چونکە لە ڕێکخراوەکەدا پێویستی بە سێرڤەری کەمتر دەبێت، ئەمەش واتە تێچووی چاککردنەوە کەمتر دەبێتەوە، هەروەها لەسەر ئامێرەکانی ستافی ئایتیی ڕێکخراوەکە پێویست بە پاراستنی نەرمەکاڵا ناکات .(Kondo et al,2009)

٥. کەمکردنەوەی تێچووی بەرنامەکان: پێویست بە کڕینی پاکێجی بەرنامەکان بۆ هەموو کۆمپیوتەرەکانی ناو ڕێکخراوەکە ناکات، بەڵام ئەو کارمەندانەی کە بە کرداری بەرنامەکان بەکار دەهێنن، پێویستە دەستیان بەو بەرنامەیە بگات (٢٠٠٨,Pietroforte).

## زیانەکانی هەورەکۆمپیوتەر لە میدیادا:

١. پێویستی بە پەیوەندییەکی بەردەوام بە ئینتەرنێتەوە هەیە: بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان بەرنامەکان و بەڵگەنامەکاندا ئینتەرنێت بەکار دێت. بەڵام ئەگەر هێڵی ئینتەرنێت نەبوو، ئەوا ناتوانرێت دەستت بە هیچ شتێک بگات، تەنانەت بە بەڵگەنامە تایبەتەکانیش .(Miller,2009)

٢. لەگەڵ پەیوەندییە کەم خێراییەکان بە باشی کار ناکات: خێرایی هێڵی ئینتەرنێتەکەت دەتوانێت هەورەکۆمپیوتەر زۆر خاو بکاتەوە یان بە ئاستەم کار بکات، بە تایبەتی خزمەتگوزاریی تەلەفۆن کە بۆ دابەزاندن و کردنەوەی فایلە گەورەکان بە ئاسانی، بەرنامەکانی وێب پێویستیان بە فرێکوێنسییەکی بەرفراوان هەیە .(Prasad,2011)

٣. خاوبوونەوە: هەندێک جار بەرنامەکانی وێب دەتوانن خاوتر بن لە دەستگەیشتن بە بەرنامەیەک لەسەر کۆمپیوتەرێکی سەر مێز، تەنانەت ئەگەر بە هێڵێکی خێرای ئینتەرنێتیشەوە بەسترابێتەوە. پێویستە هەموو شتێک لە بارەی بەرنامەکەوە بنێردرێت، هەر لە ڕووکارەکەیەوە هەتا بەڵگەنامەکانی، دەبێت لە کۆمپیوتەرەکەتەوە بۆ کۆمپیوتەرەکانی دیکەی ناو هەورەکە بنێردرێت و بگەڕێنرێتەوە. ئەگەر لەو ساتەدا کۆپییەکی پاشەکەوتی سێرڤەرە هەورەکان هەڵنەگیرا، یان ئەگەر ئەو ڕۆژە ئینتەرنێت خاو بوو، ئەوا ناتوانیت دەستبەجێ

ده‌ستت بگات به‌ به‌رنامه‌ چاوه‌ڕوانکراوه‌کانی سه‌ر مێزه‌که‌ت

لێره‌وه‌ ڕوون ده‌بێته‌وه‌ که‌ هه‌وره‌کۆمپیوته‌ر کاریگه‌ریی له‌سه‌ر کاری میدیا هه‌یه‌، به‌ هۆی ئه‌و توانا پێشکه‌وتووانه‌ی که‌ له‌ پرۆسه‌کانی ده‌ستڕاگه‌یشتن به‌ ناوه‌رۆکی میدیا، له‌ هه‌ر شوێنێک و له‌ هه‌ر کاتێکدا بێت؛ پێشکه‌شی کردووه‌.

خزمه‌تگوزارییه‌کانی هه‌وره‌کۆمپیوته‌ر وای کردووه‌ هه‌واڵ و زانیارییه‌کان خێراتر له‌ جاران بڵاو ببنه‌وه‌، ناوه‌رۆک ده‌توانێت به‌ خێراییه‌کی زۆر به‌رز له‌ سه‌رانسه‌ری وێبدا بڵاو بێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش بووه‌ته‌ هۆی خێرا گواستنه‌وه‌ی هه‌واڵه‌کان و بڵاوبوونه‌وه‌ی ڕووداوه‌کانی ئێستا، هه‌روه‌ها ده‌ستبه‌جێ کاریگه‌ریی له‌سه‌ر ڕای گشتی ده‌بێت، له‌ تۆڕه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانیش کاریگه‌رییه‌که‌ی زیاتر ده‌بێت، چونکه‌ تا دێت خه‌ڵکی بۆ وه‌رگرتنی زانیاری و کاردانه‌وه‌ له‌ هه‌مبه‌ر ڕووداوه‌کانی ئێستا؛ زیاتر ڕوو له‌ سۆشیالمیدیا ده‌که‌ن، بۆیه‌ ده‌کرێت کاریگه‌ریی هه‌واڵی ساخته‌ به‌هێزتر بێت

### سێیه‌م: ڕۆبۆت

ڕۆبۆت به‌ یه‌کێک له‌ ده‌رهاویشته‌کانی شۆڕشی چواره‌می پیشه‌سازی داده‌نرێت، که‌ له‌ باشترکردنی په‌یامی میدیایی و مۆدێرنکردنی شێوازه‌کانی کۆکردنه‌وه‌ی زانیاریدا به‌شدارییه‌کی به‌رچاوی کردووه‌.

ڕۆبۆت وه‌ک ئامێرێک سه‌یر ده‌کرێت که‌ توانای تێکه‌ڵکردنی ئه‌لگۆریتم و ده‌یتا و زانیاریی هه‌یه‌، که‌ له‌ زانسته‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه‌وه‌ سه‌رچاوه‌یان گرتووه‌. ئێستا بۆ ته‌واوکردنی ئه‌رکی لێپرسینه‌وه‌ له‌ کاری میدیایی، به‌ ڕۆژنامه‌گه‌ریی ڕۆبۆت (journalism Robot) ناسراوه‌، ئه‌مه‌ش وا سه‌یر ده‌کرێت که‌ ده‌بێته‌ هۆی گۆڕانکارییه‌کی گه‌وره‌ له‌ پێکهاته‌ی دامه‌زراوه‌ میدیاییه‌کان و شێوازی کارکردنیاندا، به‌و پێیه‌ی ڕۆبۆته‌کان له‌ به‌رهه‌مهێنانی هه‌زاران ڕاپۆرته‌هه‌واڵدا به‌کار هێنراون.

هه‌ندێک لێکۆڵینه‌وه‌ ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ به‌کارهێنانی ڕۆبۆته‌کان له‌ کاری میدیاییدا به‌ پله‌ی یه‌ک له‌سه‌ر دوو ڕێبازی ناسراوه‌، یه‌که‌میان په‌یوه‌ندیی به‌ نووسینی ڕاپۆرته‌هه‌واڵه‌وه‌ هه‌یه‌ به‌ یارمه‌تیی کۆمپیوته‌ر، دووه‌میان په‌یوه‌سته‌ به‌ به‌کارهێنانی ئامرازه‌کانی زانسته‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان له‌ میدیادا به‌ شێوه‌یه‌ک

کـە فاکتـەری وردبینـی بەدەسـت بهێنێـت .(Cohen et al.,2009)

لــە دیارتریــن بەکارهێنانەکانــی ڕۆبــۆت لــە میدیــای دیجیتاڵیــدا بریتیــن لــە (محمــد جمال بــدوی، ٢٠٢٠)

١. گــەڕان بــەدوای دەیتــاکان و پرۆسێســکردنی: دیارتریــن بەکارهێنانــی ئەلگۆریتمــەکان لــە ڕۆژنامەگەریــدا؛ گــەڕان و پرۆسێســکردنی دەیتــا گەورەکانــە، چونکــە یارمەتیــی ڕۆژنامەنووســان دەدات دەیتــای پەیوەندیــدار لەســەر بابەتێــک بــە ئاســانی و بــە ســانایی بدۆزنــەوە

٢. دیاریکردنــی ئــەو بابەتانــەی کــە شایســتەی بڵاوکردنــەوە و بەدواداچوونـن: لــە ڕێگــەی توانــای شــیکردنەوە و بەســتنەوەی بڕێکــی زۆر لــە دەیتاکانــەوە، هەروەهــا لــە ڕێگــەی بایەخــدان و کاردانەوەکانــی بینــەرەوە بەرامبــەر بــە ناوەرۆکــی ڕۆژنامەوانــی، ئەلگۆریتمــەکان ســەبارەت بــەوەی کــە کامــە هــەواڵ لــە ئێســتادا شــایانی بڵاوکردنەوەیــە؛ دەتوانــن بڕیــاری خێــرا و ورد بــدەن

٣. بەڕێوەبــردن و فلتەرکردنــی ســەرنجەکان، چونکــە ئەلگۆریتمــەکان دەتوانــن وتوێــژەکان لــە ڕێگــەی ئینتەرنێتــەوە بەهێزتــر بکــەن و سەرپەرشــتییش بکــەن، بــۆ دڵنیابوونــەوە لــەوەی کــە بــە باشــی و بــە بــێ پێشــێلکردنی یاســاکان کار دەکــەن

٤. لــە نووســینی هەواڵــدا ڕۆبۆتــی زیــرەک دەیتــاکان کــۆ دەکاتــەوە و بەراوردیــان دەکات، دەتوانێــت بــە بــێ دەســتتێوەردانی مــرۆڤ دەقــی ڕۆژنامەوانیــی ئامادەکــراو بنووســێت. بــە شــێوەیەکی ســنووردار بــەکار دەهێنرێــت، چونکــە لــە لایــەن توخمــە مرۆییەکانــەوە بــۆی دیــاری دەکرێــت

لــە ئێســتادا تێبینیــی ئــەوە دەکەیــن کــە زۆرێــک لــە دامــەزراوە گەورەکانــی میدیــا و ڕۆژنامەگــەری بــۆ تەواوکردنــی کارەکانیــان پشــت بــە ڕۆبــۆت دەبــەستن، وەک ڕۆژنامــەی «نیویــۆرک تایمــز» و «یــو ئێــس ئــەی تــودەی» و ئاژانســەکانی هــەواڵ. بــە نموونــە؛ ئــاژانسی ڕۆیتــەرز بــە هــاوکاری لەگــەڵ کۆمپانیــای پرۆگرامســازی «Wibbitz» بــۆ بەرهەمهێنانــی فیلمــی هــەواڵ، تەکنەلۆژیــای تێکســت بــۆ ڤیدیــۆ بــەکار دەهێنێــت. هەروەهــا «BBC» بەرنامەیەکــی وەرگێڕانــی ئۆتۆماتیکــی بــۆ فیلمــە هەواڵییــەکانی پــەرە پــێ دەدات .(Fanta,2017)

لــە کاتێکــدا یەکێــک لــە ڕەوتەکانــی توێژینــەوە، بیرۆکــەی بنەڕەتیــی پشــتبەستن بە

ڕۆژنامەگەریی ڕۆبۆت بە ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژنامەنووسان لە ئەرکە ڕۆتینییەکانیان دەبینێت، لە نموونەی کارە دووبارە و ماندووکەرەکانی دروستکردنی ڕاپۆرت لە بارەی قازانجی کۆمپانیاکان. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووسانی مرۆڤ ڕۆڵی تەواوی خۆیان بگێڕن لە وەسفکردنی ئەو سەرچاوە تایبەتانەی کە ڕۆبۆتەکان پێویستە دەیتاکانی لێ کۆ بکەنەوە، تاوەکوو لە وەرگرتنی سەرچاوەی ناپەیوەندیدار لە کاتی کۆکردنەوەی دەیتاکان و نووسینی هەواڵەکاندا ڕێگرییان لێ بکەن .(٢٠١٨,Aljazairi)

بەکارهێنانی ڕۆبۆتی زیرەک تەنها لە نووسینی هەواڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سنووردار نەکراوە، بەڵکوو درێژ بووەتەوە بۆ دۆزینەوەی هەواڵی ساختە و بەرهەمهێنانی دیمەنی هەواڵ (ڤیدیۆ). گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە بواری ئەلگۆریتمەکاندا چەندین پێشکەوتنی لەخۆ گرتووە. بە نموونە؛ ئامرازێکی نوێی زیرەکیی دەستکرد بۆ بڵاوکردنەوەی میدیا بە ناوی «Panels» خراوەتە بازاڕەوە، کە بۆ ناوەرۆکی هەواڵەکان؛ باشترین ناوەرۆکی بینراو پێشنیار دەکات (٢٠١٩,Brezina)

**ڕۆبۆت لە بەرنامەکانی چاتی ئۆتۆماتیکییشدا کار دەکات، وەک:**

١. چات بۆت (Chat bot): بژاردەیەکی بەناوبانگە بۆ کارلێککردن لەگەڵ بەکارهێنەرانی فەیسبوک و مەسنجەردا. بە هۆی بەکارهێنانی وەڵامە خێراکانەوە زیاتر پشتی پێ دەبەسترێت، چونکە بۆ کارلێککردن لەگەڵ بەکارهێنەراندا ئامرازێکی نەرمەکاڵا دابین دەکات کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو یان لە بوارێکی دیاریکراودا، بە بەکارهێنانی دەنگ و دەق، شێوازێکی سروشتی بۆ گفتوگۆکردن بەکار دەهێنێت .(Smutny & Schreiberova, ٢٠٢٠)

٢. یاریدەدەری دیجیتاڵیی کەسی، وەک ئەپڵ سیری و ئەمازۆن ئەلێکسا و یاریدەدەری گوگڵ؛ لە پێشەنگی تەکنەلۆژیای ناسینەوەی دەنگن. هەروەها لە ڕێگەی ڕۆبۆتە زیرەکەکانەوە خەڵکی دەتوانن بە خێرایی هەندێک ئەرکی ڕۆژانە ڕاپەڕێنن ( .(٢٠١٨,Budiu

٣. هەندێک لە ڕۆژنامە و ڕێکخراوە میدیاییەکان سوود لە ڕۆبۆتەکان وەردەگرن، وەک ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی کە ڕۆبۆتێکی ناسراو بە ناوی

‹‹Reporter Mate›› بـەکار دەهێنێـت بـۆ گۆڕینـی دەیتـاکان بـۆ دەقـی ڕاپۆرتێـک کـە ئامـادە بێـت بـۆ بڵاوکردنـەوە. هەروەهـا ڕۆژنامـەی واشـنتن پۆسـتی ئەمەریکـی کەڵـک لـە پەیامنێرێکـی ڕۆبـۆت وەردەگرێـت کـە پێـی دەوترێـت ‹‹Helograph Bot››

٤. ئەمــەش بــەو مانایەیــە کــە ڕۆبۆتــی زیــرەک لــە ئێســتادا بــە یەکێــک لــە گرنگتریــن ئامرازەکانــی میدیــای دیجیتاڵــی دادەنرێــت بــە هــۆی کۆمەڵێــک هــۆکارەوە کــە دیارترینیــان بریتیــن لــە

ئــ. بەکارهێنانــی ئامێــر لــە ئەرکــە میدیاییەکانــدا، لــە ڕێگــەی بەدواداچوونــی هەواڵــە بەپەلەکانــەوە

ب. بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە.

ج. گەڕانی زیاتر بەدوای دەیتاکاندا.

د. زیادکردنی داهاتی دارایی دامەزراوەکان.

هەندێـک لێکۆڵینـەوە ئامـاژە بـە ئەگـەری بەکارهێنانـی ئـەم ڕۆبۆتانـە دەکـەن بـۆ کارکردنـە سـەر ڕەوتـی ڕای گشـتی، ڕەنگـە هـەر ئەمـەش وای لـە توێـژەران کردبێـت کـە لـە ‹‹Open AI››؛ ڕۆبـۆت یـان یاریـدەدەری مەجـازی ‹‹Chat GPT››ی بـۆ بەکارهێنــەران پــەرە پــێ بــدەن، لــە ڕێگــەی ئەپڵیکەیشــنێکی مۆبایلــەوە کــە بــە ئینتەرنێتــەوە بەستراوەتــەوە و هەفتانــە تێچووەکــەی نزیکــەی (٢٠٠) جونەیهــە (هەشــت دۆلار)

لـە توێژینەوەیەکـدا کـە لـە سـاڵی ٢٠١٩دا بڵاو کراوەتـەوە، توێژەرانـی کۆمپانیاکە نیگەرانیـی خۆیـان دەربڕیـوە سـەبارەت بـە تواناکانـی ئـەم یاریـدەدەرە دیجیتاڵییـە بـۆ کەمکردنـەوەی تێچووی هەڵمەتـی زانیاریـی ناڕاسـت و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری کـە مـەرج نییـە ڕاسـت بێـت، ئەمـەش بـەو مانایەیـە کـە زیادبوونـی بەکارهێنانـی لـە لایـەن خەڵکـەوە و هاوبەشـیکردنی بەرهەمەکانـی لـە ڕێگـەی پلاتفۆڕمەکانـی سۆشـیالمیدیاوە بـۆ ئـەوەی دواتـر وەک ڕاسـتی بڵاو بکرێتـەوە؛ بـە ناچـاری لـە داهاتــوودا دەبێتــە هــۆی زیادبوونــی بڵاوبوونــەوەی هەواڵــی ســاختە، ئەمــەش بـەو مانایەیـە کـە هـەر چەنـدە ڕۆبۆتـە زیرەکـەکان لـە پرۆسـەی دروسـتکردنی ناوەڕۆکـی میدیاییـدا بەشـدارن، بـەڵام سـەبارەت بـە بەکارهێنانیـان بـە شـێوەیەکی هەڵـە نیگەرانـی هەیـە، کـە دەبێتـە هـۆی ئەمانـەی خـوارەوە

١. سنووردارکردنی ئازادیی داهێنان: چونکە ڕۆبۆتەکە دەتوانێت لە چەند خولەکێکدا هەزاران چیرۆک بە چەندین ستایل و زمان بنووسێت، کە بەکارهێنەر دەتوانێت وەک بیرۆکەی خۆی بیخاتە ڕوو

٢. لایەنگری و زانیاریی هەڵە: ئەگەری زۆرە ڕۆبۆت هەڵە بکات، بەڵام بە خێرایی زانیاریی نوێ کۆ دەکاتەوە و لە چوارچێوەی ئەو پرسیارەی کە دەکرێت؛ دەیخاتە ڕوو .(٢٠٢٣,Elgersma)

٣. زانیاریی هەڵەی میدیا: ئەو بەرنامانەی کە بە ڕۆبۆت کار دەکەن لەوانەیە چەندین مەترسیی پەیوەست بە زانیاریی چەواشەکارانەیان هەبێت، هەروەها دەتوانرێت ئەم «عەقڵە ئۆتۆماتیکییە» بە زانیاری و بیرۆکەی توندڕەوانە پڕۆگرام بکرێت و پەرەی پێ بدرێت ئەگەر هاتوو ئەپڵیکەیشنەکە لە لایەن عەقڵیەتێکی توندڕەو یان ڕەگەزپەرستەوە کۆنترۆڵ بکرێت )علی فرجاني، .(٢٠٢٣

## چوارەم: مێتاڤێرس

لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا ڕەهەندی دیجیتاڵی لە هەڵکشاندایە. بە هۆی لێکەوتەکانی پەتای «کۆڤید-١٩» و بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە لایەن دوو لەسەر سێی مرۆڤایەتییەوە، لە کاتێکدا سێیەکەکەی دیکە یان بەکاربەری میدیای تەقلیدین یان بایەخی پێ نادەن.

سەرەڕای بوونی ئەو کەلێنە، ئێستا دۆخێکی بڵاوبوونەوەی ئەپڵیکەیشنە زیرەکەکان هەیە، بەم شێوەیە کەلێنەکە لە پەیوەندیکردنەوە بۆ ڕەهەندی مەعریفی و داهێنەرانە و تەکنیکی گۆڕاوە. ڕەوتی تێکەڵکردنی ئەوەی کە پێی دەوترێت «واقیعی مەجازی» (VR)، «واقیعی زیادکراو» (AR) و واقیعی درێژکراوە (XR) سەری هەڵداوە، ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەی میتاڤێرس کە لەسەر بنەمای حەوت توخم دامەزراوە، ئەوانیش: ژێرخانی وەک خزمەتگوزاریی تۆڕەکانی نەوەی پێنجەم، بەکارهێنانی ئامێرە یارمەتیدەرەکانی وەک چاویلکەی واقیعی مەجازی، بەکارهێنانی بلۆکچەین و زیرەکیی دەستکرد، بەکۆمپیوتەریکردنی شوێنەکان وەک تەماشاکردنی سێ ڕەهەندی، ئابووریی داهێنەرانە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی توانای دیزاینکردن و دروستکردنی سەروەت و سامانی دیجیتاڵی کە دەگۆڕدرێن بۆ ئاڵوگۆڕکردن

لـە بازرگانیـی ئەلکترۆنیـدا، ناوەرۆکـی سـەرنجڕاکێش وەک ڕیکلامـە دیجیتاڵییـەکان، ئەزموونـی بەرنامەکانـی واقیعـی مەجازی وەک یـاری، کار، چالاکییـەکان، بازاڕکردن یـان پـەروەردە و فێربـوون )النخـیلي، ٢٠١٨)

زاراوەی مێتاڤێـرس لـە دوو بـەش پێـک دێـت: ‹‹Meta›› کـە بـە واتـای ئەودیـو، دووەمیـش ‹‹Verse›› کـە لـە ‹‹Universe›› وەرگیـراوە کـە بـە واتـای جیهـان دێـت، بـەم شـێوەیە مێتاڤێـرس بـە واتـای «ئەودیـوی جیهـان» دێـت. یەکـەم بەکارهێنانـی ئـەم زاراوەیـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٩٢ کاتێـک نیـل ستیڤنسـۆن لـە ڕۆمانـی زانسـتیی خەیاڵیـی ‹‹هەرەسـهێنانی بەفـر›› (Crash Snow)دا بـەکاری هێنـا، کـە تیایـدا مرۆڤـەکان وەک کارەکتەرێکـی خەیاڵـی (Avatar) لەگـەڵ یـەکتر و لەگـەڵ پرۆگرامـەکان لـە کەشـی مەجازیـی سـێ ڕەهەندیـی هاوشـێوەی جیهانـی ڕاسـتەقینەدا کارلێـک دەکـەن(Benford,2021)

لەگـەڵ گەشـەکردنی کارەکانـی تەکنەلۆژیاکانـی مێتاڤێـرس، ئامـاژەی ئـەو کاریگەرییانـە دەرکەوتـن کـە دەتوانێـت لەسـەر میدیـای دیجیتاڵـی هەبێـت، لـە ڕووی سروشـتی ئامرازەکـە، شـێوەی پەیامەکـە، تایبەتمەندییەکانـی پەیوەندیکـەر، جەمـاوەری بەئامانجگیـراو، ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە ڕەنگـە ژینگـەی میدیـا لـە ئەنجامـی بەکارهێنانـی ئـەم تەکنەلۆژیایانـەدا بەخۆیـەوە ببینێـت. بـە تایبەتـی کاتێـک ژینگـەی مەجـازی وەک میدیـای پەیوەندیکـردن بـەکار دەهێنرێـت، بـە ڕۆژنامـە و ماڵپەڕەکانـەوە تـا دەگاتـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و جیهانـە مەجازییـە سـێ ڕەهەندییـەکان، کـە بەشـدارییەکی گـەورەی کـردووە لـە پەرەپێدانـی میدیـا لەسـەر ئاسـتی پراکتیـک و میدیـاکان و ئامرازەکانـدا، تەنانـەت ڕاگەیاندنـی خسـتنەبازاڕی بەرنامەکانـی میتاڤێـرس کـە نوێنەرایەتیـی زنجیرەیـەک جیهانـی مەجـازی و گرنگتریـن پلاتفۆڕمـی تەکنیکـی دەکات، چونکـە سروشـتی دیجیتاڵیـی جیهـان لـە دوای سـەرهەڵدانی ئینتەرنێـت و وێبـەوە بەرزتـر دەکاتـەوە. ئامانجیشـی ئاسـانکارییە بـۆ وەرچەرخـانی دیجیتاڵـی لـە هەمـوو لایەنەکانـی ژیانـی مادیمانـدا (Ning et al.,2021).

## تایبەتمەندییەکانی مێتاڤێرس

تایبەتمەندییەکانی «مێتاڤێرس» دەرخەری سەرهەڵدانی یەک ژینگەی مەجازییە، کە ناتوانرێت لە لایەن یەک کۆمپانیا یان کەسێکەوە خاوەندارێتی یان کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ هەموو کەسێک کراوەیە. بۆ بەکارهێنانی میتاڤێرس تەنها ئامێرێکی سەربەخۆ پێویستە، هەموو بەکارهێنەران دەتوانن توانای کاریگەریکردنیان لە سەری هەبێت، بە بێ ڕەچاوکردنی بەربەستی کات و شوێن، بەردەوام بۆ بەکارهێنان بەردەستە.

بەشداربووان لە کاتی ڕاستەقینەدا کارلێک لەگەڵ یەکتر یان لەگەڵ ژینگەی مەجازیدا دەکەن، وەک ئەوەی لە جیهانی فیزیکیدا ڕوو دەدات. هەموو کەسێک دەتوانێت لە یەک کاتدا و بە بێ ئەوپەڕی سنوور بچێتە ناو بەرنامەکەوە. ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان دۆخی پەیوەندی و پچڕاندا بکرێت، ئەمەش وا دەکات جیابوونەوە لە نێوان مێتاڤێرس و لایەنی فیزیکیدا نەبێت. دیارترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە (Murphy et al.,٢٠٢١):

- هەمیشەیی: مێتاڤێرس بە بێ گوێدانە کات و شوێن؛ بوونی دەبێت.
- هاوکاتکردن: بەشداربووان لە جیهانی دیجیتاڵیدا دەتوانن لە کاتی ڕاستەقینەدا کارلێک لەگەڵ یەکتردا بکەن، کارلێک لەگەڵ ژینگەی مەجازیی خۆیان و لەگەڵ یەکتردا بکەن، هەروەک چۆن لە جیهانی فیزیکیدا کارلێک دەکەن
- بەردەستبوون: هەمووان دەتوانن لە یەک کاتدا بچنە ژوورەوە و هیچ سنوورێک بۆ ژمارەی بەشداربووان دانەنرێت
- ئابووری: بەشداربووان -لەوانەش کۆمپانیاکان- دەتوانن کاڵا و خزمەتگوزاری دابین بکەن لە بەرانبەر نرخێکدا کە لە لایەن کەسانی دیکەوە دانی پێدا نراوە، ئەمەش کۆدی ناوازە و نەگۆڕاو، دراوی کۆدکراو و پارەی ئەلکترۆنی، هاوشانی دراوە کاغەزییە تەقلیدییەکان لەخۆ دەگرێت، ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕی نرخانەش ڕەنگە پشت بە تەکنەلۆژیاکانی وەک گرێبەستی زیرەک و تەکنەلۆژیا ببەستێت کە هێشتا بیریان لێ نەکراوەتەوە
- توانای فرەبەکارهێنان: مێتاڤێرس ڕێگە بە بەشداربوو دەدات کە توخمە مەجازییەکانی خۆی لە سەرانسەری ئەزموونە جیاوازەکاندا بەکار بهێنێت. بۆ

نموونە؛ ئەزموونی بەکارهێنەر لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلێکی قفڵنەکراو لە یارییەکی پێشبڕکێدا، ڕێگەی پێ دەدات هەمان ئۆتۆمبێل لە یارییەکی سەرکێشیی دیکەدا بەکار بهێنێت. پارچە جلێک کە لە مێتاڤێرس کڕدراوە، دەتوانرێت لە یاری و کۆنسێرت و هەر ژینگەیەکی مەجازیی دیکەدا لەبەر بکرێت و بەکار بهێنرێت.

یەکێک لە هێڵەکانی بیرکردنەوە ئەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی مێتاڤێرس یارییەکان تێدەپەڕێنێت، ئەوا کۆمپانیا بەشداربووەکان بۆ پشتگیریکردن لە پێگەی خۆیان لە بازاڕەکاندا پێویستیان بە تێپەڕاندنی شێوازەکانی ئێستای خاوەندارێتی هەیە. هەروەها ڕێوشوێنەکانی ڕێکخستنی گۆڕینەوەی دەیتاکان و بەدواداچوونی ناسنامەی بەکاربەران پێویستیان بە گۆڕانکاری دەبێت

## ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی مێتاڤێرس دەکرێت

سەرەڕای گرنگیدانێکی زۆر بە مێتاڤێرس و تایبەتمەندییەکانی و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە دەتوانێت لە جیهانی مەجازیدا بەدیی بهێنێت، بەڵام هەندێک نیگەرانی و ڕەخنە هەیە کە دیارترینیان بریتین لە (٢٠٢١,.Hovan et al):

• تایبەتمەندیی زانیارییەکان: ئەمە نیگەرانییە، چونکە کۆمپانیا بەشداربووەکان بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە ڕێگەی ئامێرە لەبەرکراوەکان و کارلێکەکانی کەسی بەکارهێنەرەوە، زانیاری لە سەر کەسی بەکارهێنەر کۆ دەکەنەوە

• ڕیکلامەکان: ئەمەش جێگەی نیگەرانییە، بە تایبەتی کە کۆمپانیاکانی سۆشیالمیدیا پلانیان هەیە بەردەوام ڕیکلامەکان لە ناو میتاڤێرسدا بە ئامانج بگرن. هەروەها کێبڕکێ لەسەر ڕیکلام لە جیهانی مێتاڤێرسدا دەبێت، بێگومان باڵادەستییش بۆ کۆمپانیا گەورەکان دەبێت

• بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست: وەک هەر ژینگەیەکی مەجازیی دیکە، نیگەرانییەکان لە بڵاوبوونەوەی زانیاریی ناڕاست زیاتر دەبن

• ئالوودەبوونی بەکاربەر: یەکێکی دیکە لە نیگەرانییەکانی گەشەی مێتاڤێرس بەکارهێنانیەتی، کە دەتوانێت کاریگەریی دەروونی و جەستەیی هەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر، وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و قەڵەوی، هەروەک لە داهێنانە تەکنەلۆژییەکاندا هەیە

• نامۆبوونـی کۆمەڵایەتـی: لـە ئەنجامـی بەسـەربردنی کاتێکـی زۆر لـە جیهانـی مەجازیـدا، ڕەنگـە دۆخێکـی دابـڕان لەگـەڵ واقیعـی ڕاسـتەقینەدا دروسـت بـکات

• ناوەرۆکـی لایەنگرانـە: کـە ڕەنگـە ڕووبـەڕووی هەندێـک کـەس ببێتـەوە، بـە هـۆی بەرکەوتنـی چەندیـن جـارەی بـە ناوەرۆکـی ئـەو بەرنامانـە

**پێنجەم: واقیعی زیادکراو (Augmented Reality)**

واقیعـی زیادکـراو ئاماژەیـە بـۆ توانـای تێکەڵکردنـی زانیاریـی مەجـازی لەگـەڵ جیهانـی ڕاسـتەقینەدا. ئـەم تەکنەلۆژیایـە کار دەکات بـۆ زیادکردنـی کۆمەڵێـک زانیاریـی بەسـوود بـۆ تێگەیشـتنی بینراوی مـرۆڤ. کاتێک مـرۆڤ ئـەم تەکنەلۆژیایە بـەکار دەهێنێـت بـۆ سـەیرکردنی ژینگـەی دەوروبـەری، ئـەوا شـتەکانی نـاو ئـەم ژینگەیـە زانیارییـان پـێ دەدرێـت کـە بـە دەوریـدا دەسـووڕێنەوە و لەگـەڵ ئـەو وێنەیـەدا تێکـەڵ دەبـن کـە کەسـەکە سـەیری دەکات، لەگـەڵ ئـەو وێنەیەشـدا یـەک دەگرێتـەوە کـە کەسـەکە سـەیری دەکات.

لـە سـەرهەڵدانی ئـەم تەکنەلۆژیایـەدا گەشەسـەندنی تەکنیکـی زۆر یارمەتیـدەر بـووە، چونکـە لـە سـەرەتادا لـە تاقیگـەی توێژینـەوەی کۆمپانیـا گەورەکانـدا قەتیـس کرابـوو، بـەڵام ئێسـتا لە کۆمپیوتـەرە کەسـییەکان و مۆبایلە زیرەکەکانیشـدا بەردەسـتە

داهێنانـی مۆبایلـە زیرەکـەکان و ئـەو ئەپڵیکەیشـنانەی کـە پـەرەی پـێ دراوە، بووەتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی تەکنەلۆژیـای واقیعـی زیادکـراو (AR)، ڕێگـەش بـە بەکارهێنـەران دەدات لـە ڕێگـەی کامێـرای مۆبایـل و پاشـکۆکانیەوە جیهـان ببینـن. ئێسـتا لەسـەر شاشـەکە خاڵـە سەرنجڕاکێشـەکانی نزیکـی دەبینـن

بـە هـۆی تازەیـی چەمکـی واقیعـی زیادکـراوەوە، ئـەو زاراوانـەی کـە ئامـاژەی پـێ دەکـەن چەنـد هێنـدە بـوون. بـە گەڕانـەوە بـۆ ئـەو سـەرچاوانەی لـە بـارەی واقیعـی زیادکـراوەوە نـووسراون، سـەرنجی زۆر زاراوەی هاوواتـای ئـەم چەمکـە دەدەیـن، وەک: (واقیعـی سـەربارکراو، واقیعـی باشـکراو، ڕاسـتیی زیادکـراو، واقیعی تێکەڵکـراو) (هەمـوو ئەمانـە زاراوەگەلێکـن کـە ئامـاژەن بـۆ واقیعـی زیادکـراو، هـۆکاری جیاوازیـی وشـەکانیش بـە هـۆی سروشـتی وەرگێڕانـی زاراوەی واقیعـی زیادکـراوە لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە) )هنـاء رزق، (٢٠١٧. لـە پێناسـەکانەوە ئەمانـەی خوارەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت

• زیادکــردنی وێنــە دیجیتاڵییــەکان بــۆ ســەر جیهانــی ڕاســتەقینە: بەشــێکە لــە پرۆســەیەکی «داهێنــانی بــەردەوام کــە کارلێکەکانــی مــرۆڤ و کۆمپیوتــەر کــۆ دەکاتــەوە» .(Kapp&Balkun, 2011)

• تەکنەلۆژیایەکــە شــتە ڕاســتەقینە و مەجازییــەکان لــە ژینگــەی ڕاســتەقینەدا تێکــەڵ دەکات، شــتە ڕاســتەقینە و مەجازییــەکان تۆمار دەکات، لە کاتی ڕاســتەقینەدا بــە شــێوەیەکی کارلێککارانــە کار دەکات (2012Russel, )

• خۆکارکــردنی واقیعــی زیادکــراو لــە نێــوان ژینگەیەکــی ڕاســتەقینە و ژینگەیەکــی مەجازیــدا، کــە بــە پێچەوانــەی واقیعــی مەجازییــە. واقیعــی زیادکــراو هــەوڵ دەدات ژینگــەی کەســی بــەرز بکاتــەوە نــەک جێگــەی بگرێتــەوە، هەروەهــا بەردەوامییــەک لــە نێــوان جیهانــی ڕاســتەقینە و مەجازیــدا دروســت بــکات Kishino, ١٩٩٤) .(& Milgram

• جێــگای ســەرنجە لەگــەڵ شۆڕشــی پیشەســازیی چوارەمــدا کۆمەڵێــک سیســتم و ئەپڵیکەیشــنی واقیعــی زیادکــراو ســەریان هەڵــداوە، بــە تایبــەتی مۆدێلــی ‹‹MIT›› لــە ژێــر نــاوی هەســتی شەشــەمدا کــە پێشــبینی دەکرێــت لەگــەڵ پەرەســەندنی بەکارهێنانــی مۆبایلــە زیرەکەکانــدا زیــاد بــکات، کــە توانایەکــی زۆری هەیــە بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ پێداویســتییە هەژمارییــە پێویســتەکان بــۆ بەرنامەکانــی واقیعــی زیادکــراو. Carmigniani) & (Furht, 2011.

لێــرەوە ســێ تایبەتمەندیــی واقیعــی زیادکــراو دەستنیشــان کــران (Kipper & Rampolla, ٢٠١٣)کــە بریتیــن لــە

• ڕاستەقینە و ڕووکەش تێکەڵ دەکات.
• لە کاتی ڕاستەقینەدا کارلێککەر دەبێت.
• لەسەر بنەمای سێ ڕەهەندی دەبێت.

### واقیعی زیادکراو و میدیا

بــۆ دروســتکردنی میدیــای کارلێــککار و ســەرنجڕاکێش، واقیعــی زیادکــراو لــە ڕێگەی تێکەڵکــردنی بەکارهێنــانی کامێــرا و ئینتەرنێــت و ناوەنــدە دەوڵەمەنــدەکان و سیســتمی دیاریکــردنی شــوێنی جوگــرافی (GPS)، بەشــداری لــە میدیــای دیجیتاڵــی و پرۆســەی بازاڕســازی و فێربوونــی بینراو و کارلێککارانــەدا دەکات (حنــان الربیعــی، ٢٠٢٠).

بــۆ پێشکەشــکردنی گەشــتی هەواڵــەکان، چیرۆکــە مرۆییــەکان، هەواڵــەکانی

کەشــوهەوا و ڕیکلامــی بازرگانــی، زۆربــەی دامــەزراوە میدیاییــەکان بــەرەو بەکارهێنانــی تەکنیکەکانــی واقیعــی زیادکــراو دەچــن. بــە نموونــە؛ دامــەزراوەی ‹‹Weather Chaneel›› هەواڵــەکانی کەشــوهەوا بــە بەکارهێنانــی تەکنیکەکانــی واقیعــی زیادکــراو پێشــکەش دەکات

بــۆ پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاریــی کارلێککارانــە لــە بوارەکانــی دارشــتنەوە و ڕیکلامــدا، یەکخســتنی واقیعــی زیادکــراو لەگــەڵ ڕۆژنامــە چاپکراوەکانــدا؛ بەهایەکی زیاتــری پــێ دەبەخشــێت. هەروەهــا پەیوەندیــی نێــوان هــەردوو لایەنــی پڕۆســەی پەیوەندیکــردن لــە کاتــی ڕاســتەقینەدا بەهێزتــر دەکات، ئەمــەش لــە ڕێگــەی مالتیمیدیــاوە ئەنجــام دەدرێــت، بــە بەکارهێنــانی وێنــەی زیــادە و ڤیدیــۆی یوتیوب و گرتــەی فیلــم کــە لــە لایــەن ڕۆژنامەکــەوە بەرهــەم دەهێنرێــت، هەروەهــا لــە ڕێگەی سلایــدەوە دەبێــت کــە توانــای جووڵاندنــی هەبێــت و ناوەرۆکەکەشــی بــە شــێوەیەکی کارلێککارانــە کــۆنترۆڵ بکرێــت و بتوانرێــت بــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشــەوە ببەسترێتــەوە. هەروەهــا دەتوانرێــت بابەتــە نووسراوەکــە بــە کەرەســتە کارلێــککارە ســێ ڕەهەندییەکانــەوە ببەسترێتــەوە، یــان بــە مانایەکــی دیکــە بکرێتــە ماددەیەکــی زینــدووی بــینراو و بیــستراو

تێکەڵکردنــی واقیعــی زیادکــراو لەگــەڵ ڕۆژنامــەی چاپکــراودا، پەیوەندیــی نێــوان خوێنــەر و ڕۆژنامەکــە بەهێزتــر دەکات. ئــەم چەســپاندنە دەبێتــە هــۆی گۆڕانــکاری لــە ڕەفتــاری خوێنــەر لــە خوێندنــەوەی ڕۆژنامــەی تەقلیدیــدا، لــە خوێنەرێکــی چەســپاوەوە دەیگۆڕێــت بــۆ کارلێــککار، ئــەم وەرچەرخانــە دەروازەیــەک دەکاتــەوە بــۆ زیادبوونــی دەرفەتــەکان بــۆ وەڵامدانــەوە و کارلێککــردن لەگــەڵ ڕاگەیەنــراوە ڕۆژنامەوانییەکانــدا )النخــيلي، (٢٠١٨.

نموونەیــەک بــۆ بەکارهێنــانی واقیعــی زیادکــراو لــە لایــەن ڕۆژنامەکانــەوە لــە ســاڵی ٢٠١٧دا ڕووی دا، کاتێــک ڕۆژنامــەی ‹‹واشــنتن پۆســت››ی ئەمەریکــی لــە ڕێگــەی ئەپەکەیــەوە بــە بەکارهێنــانی شــوێنی جوگــرافی ڕاپۆرتێکــی بــە تەکنیکــی واقیعــی زیادکــراو بڵاو کــردەوە، کــە بــە هۆیــەوە بەکارهێنــەران دەیانتوانی دەســتیان بــە شــوێن و چیرۆکــی تــەلارە بەناوبانگــەکان بــگات

یەکــەم ڕاپــۆرتی ڕۆژنامەکــە لــە بــارەی ‹‹مۆزەخانــەی نیشــتمانی›› بــوو، کــە

کولتــوور و مێــژووی ئەمەریکییــە ئەفەریقییــەکانی لــە واشــنتنی پایتەخــت ئاشــکرا کــرد. ئــەم بەکارهێنانــەی واقیعــی زیادکــراو تــا ڕادەیــەک هاوشــێوەی ڕێبەرێکــی دەنگــی یاخــود گەشــتکردنە بــە مۆزەخانــەکان یــان شــوێنەکانی دیکــەدا، لــە ڕووخساریشــدا وەک چیرۆکێکــی ڕەوتی مالتیمیدیایــە .(John,٢٠١٨)

واقیعــی زیادکــراو (AR) وەک تەکنەلۆژیــای داهاتــوو و ســەرچاوەی ســەرەکیی داهــات لــە هــەردوو میدیــای دیجیتاڵــی و چاپکــراودا ســەیر دەکرێــت )حنــان الربیعــي، (٢٠٢٠، بــەڵام لــە لایەکــی دیکــەوە کاریگەریــی لەســەر ڕەفتــاری جەمــاوەر هەیــە کــە تــا دێــت تەکنەلۆژیــای واقیعــی بــە شــێوەیەکی زیاتــر بــەکار دەهێنــن. بــۆ نموونــە؛ لــە ڕێگــەی تەکنیکــە جیاوازەکانــی فلتــەرەوە لــە کاتــی وێنەگرتــن یــان لــە کاتــی زیادکردنــی وێنــەی مەجــازی بــۆ ڤیدیۆکلیپــە تایبەتــەکان، هــەر چەنــدە خەڵکی ئــەم تەکنەلۆژیایــە بــۆ چێژوەرگرتــن لــە ئەزموونــی پەیوەندیکــردن بــەکار دەهێنــن، بــەڵام پلاتفۆڕمەکانــی سۆشــیالمیدیا بــۆ شــیکردنەوەی زۆرێــک لــەو پێشــهاتانەی کــە ڕەنگــە لــە داهاتــوودا بەســەر ڕەگــەزی مرۆڤــدا بێــت، زۆر بــە خێرایــی بــەرەو ئــەم ئاڕاســتەیە دەگۆڕێــن

## تەوەری دووەم:

## داهاتووی میدیای دیجیتاڵی لە سایەی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرددا

بەرنامەکانــی زیرەکیــی دەســتکرد چەندیــن خزمەتگوزاریــی بــۆ میدیــاکان دابیــن کــردووە، کــە کاریگەریــی لەســەر شــێوەی نــاوەرۆک و سروشــتی پەیامــەکان و پەیوەندیــی میدیــاکاران بــە ســەرچاوەکانیان و جەماوەرەکەیانەوە هەبووە. ئەپڵیکەیشنە زیرەکــەکان بوونەتــە بەشــێکی گــەورە لــە هۆشــیاریی کۆمەڵــگا و کاریگەرییــان لــە ســەری دەبێــت، بــە شــێوەیەک کــە لەگــەڵ شــێوازی ژیانــی خێــرادا بگونجێــت

توێژینەوەیــەک کــە ئــاژانسی ئەسۆشــێتد پرێــس ئەنجامــی داوە، پێشــبینی دەکات تــا ســاڵی (٢٠٢٧) زۆوری هەواڵــەکان تــەژی بێــت لــە ئامێــرەکانی زیرەکیــی دەســتکرد و ڕۆبــۆتی زیــرەک، ڕۆژنامەنووســانیش کار بکــەن بــۆ ئــەوەی بــە ئاســانی ئامێــرە زیرەکــەکان بخەنــە نــاو سیســتمی کاری ڕۆژانەیانــەوە. زیرەکیی ئامێرەکانیش دەتوانێت زیاتــر لــەوە بــکات کــە تەنهــا ڕاپۆرتــی هەواڵــی ڕاســتەوخۆ لەســەر سیســتمێکی ئۆتۆماتیکــی دروســت بــکات. میدیــای جیهانیــش بــەرەو هاوســەنگی لەگــەڵ گۆڕانکارییە

دیجیتاڵییە زیرەکەکان لە ژینگەی پەیوەندییەکاندا هەنگاو دەنێت، کە چاوەڕوان دەکرێت کار لەسەر بەرزکردنەوەی کواڵتی و توانای ڕووماڵکردنی هەواڵەکان بکات، لەگەڵ گرنگیدان بە بەرزکردنەوەی لۆکاڵیزم و تایبەتمەندبوون، هەروەها زیادبوونی خوێندنەوەی هەواڵ و دەق و سەیرکردنی بەشێک لە بەرنامەکان لەسەر شاشەیەکی بچووکی پۆرتەبڵ زیاد دەکات، لەگەڵ کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی خوێندنەوەی ڕۆژنامە چاپکراوەکان لە لایەن خەڵکییەوە، یان تەماشاکردنی کەناڵە دڵخوازەکانی پێشوویان .(Jones& Salter,2012)

میدیایەک کە بە زیرەکیی دەستکرد کار بکات، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی شێوازە نوێیەکانی لە ناوەڕۆک و خەسڵەت و تایبەتمەندی و ئامرازەکان، لە شێوازەکانی پێشووی میدیا گرنگتر و جیاوازتر دەبێت. هەروەها لە کاریگەریی ئامرازە مۆدێرنەکانیشدا جیاواز دەبێت، کە لە ڕووی قووڵیی کاریگەری و بەهێزیی ڕێنمایی و توندیی مەترسییەکانەوە ئامانجی دوورمەودا بەدەست دەهێنێت، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕۆڵی میدیادا و لە سیستمی کۆمەڵگادا دەیکاتە تەوەرێکی بنەڕەتی )أمیمة الزین، .(٢٠١٦

بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد پلاتفۆڕمێکیان دروست کردووە کە توانای هێنانەدیی گۆڕانکاریی بەرجەستەیان لە مێشک و ڕەفتاری کڕیارەکانیاندا هەیە، لە ڕێگەی ئەو بەها جیاوازانەوە کە دەیگرێتە بەر، وەک دەزگا میدیاییەکانی دیکەش ناچێتە ژێر سانسۆری تەقلیدەوە. لەو ڕێگەیەوە ڕای گشتیی بەکۆمەڵ پێک دەهێنێت و شێوازەکانی بیرکردنەوەیان دیاری دەکات و دابونەریت و ڕەفتاری کۆمەڵگاش دەگۆڕێت. بۆیە پێویستی بە ڕێکخستن و بە یاساییکردن هەیە، چونکە میدیای دیجیتاڵی بە پێی یاساکانی خۆی کار دەکات. بۆیە بەستنەوەی ئەو تەوەرانەی کە پێشتر باسمان کرد و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کاری میدیایی گرنگە، بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەرییە ئەگەرییەکان لەسەر میدیای دیجیتاڵی، بە تایبەتی دوای ئەوەی ژمارەیەک پێگەی میدیایی دەستیان کردووە بە پشتبەستن بە مۆدێلی زیرەک و بایەخدان بە جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی، بەو پێیەی بابەتێکی بنەڕەتییە بۆ تەواوی ستراتیژە میدیاییەکان لە داهاتوودا، لە سایەی ئەو وەرچەرخانەی لە ژیانی هاوڵاتییاندا لە ناوەندی ژیانەوە بۆ فەزایەکی مەجازیی دیجیتاڵیی ئازاد ڕووی داوە

## دیارترین بەکارهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد لە میدیای دیجیتاڵیدا

### یەکەم: مۆبایلە زیرەکەکان

لە سەردەمی ئێستادا مۆبایلە زیرەکەکان زیاتر لەوەی ئامێرێک بێت کە تەنها بۆ پەیوەندیی دەنگی بەکار بهێنرێت، کۆمەڵێک ئەرکی میدیایی دیکەش ڕادەپەڕێنێت، وەک نووسینی هەواڵ و وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەیان، جگە لە کاتبەسەربردن و سوودەکانی تر، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت ڕۆژنامەگەریی مۆبایل کە بە یەکێک لە گرنگترین ڕەوتە مۆدێرنەکانی میدیا دادەنرێت کە بوونی خۆی لە کاری ڕۆژنامەگەری و میدیایی لە جیهانی پەیوەندییەکانی ئەمڕۆدا سەپاندووە.

ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بە شێوەیەکی کاریگەر لە زیاتر لە پەنجا دامەزراوەی میدیایی لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەکار دەهێنرێت. لە ئێستادا نزیکەی دوو لە سەر سێی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان کەسانی پسپۆڕی میدیایی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلیان دامەزراندووە )بشری سنجري، ٢٠١٩)

توێژینەوە ئایندەناسییەکان مەزەندەی زیادبوونی بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکان لە خزمەتگوزارییەکانی هەواڵدا دەکەن، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕە هەواڵییەکاندا لەسەر ئینتەرنێت کە بە درێژایی (٢٤) کاتژمێر ماددەکانیان پەخش دەکەن، وەک ماڵپەڕی تۆڕە تەلەڤزیۆنییە نێودەوڵەتییەکانی «BBC»، «FOX NEWS»، «CNN»، «ABC»، هەروەها لە ماڵپەڕی تۆڕە عەرەبی و میسرییەکانیش هەیە، وەک: (النبض، العربیە، الجزیرە، ابوظبی، پۆرتاڵی ئەلئەهرام و الاخبار الیوم، الیوم السابع، مصراوی، البوابە نیوز، المصری الیوم) و چەندانی تر )سماح الشهاوي، (٢٠١٨.

چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژنامەگەریی مۆبایل شۆڕشێک لە بەشداریی خەڵک لە کاروباری گشتیدا بەرپا بکات، هەروەها توانایان پێ ببەخشێت بۆ دروستکردنی بابەتی هەواڵی و زانیاری، پاشان دنەی جەماوەریش بدات تاوەکوو زیاتر و پێشکەوتووانەتر بەشداری لە بنبڕکردنی نەخوێندەواریی دیجیتاڵیدا بکەن

هەنووکە ژمارەیەکی زۆر بەرنامە لە سەر مۆبایلەکان دەرکەوتوون کە بۆ

خزمه‌تگوزاریـی میدیایـی بـه‌کار ده‌هێنرێـن، بریتیـن لـه‌و به‌رنامانـه‌ی کـه له‌گـه‌ڵ دامـه‌زراوه جۆراوجۆره‌کانـی میدیـادا، بـه مه‌به‌سـتی به‌شـداریکردن لـه پرۆسـه‌ی گواسـتنه‌وه و ئاڵوگـۆڕی هـه‌واڵ و زانیـاری بـه شـێوه‌یه‌کی ئاسـانتر و خێراتـر داڕێـژراون. له‌وانه‌یـه به‌رنامه‌کـه هه‌واڵـی بێـت کـه په‌یوه‌ندیـی بـه دامـه‌زراوه ڕۆژنامه‌وانـی یـان میدیاییه‌کانـه‌وه هه‌بێـت، کـه لـه به‌رامبـه‌ر به‌شـداریکردندا هـه‌واڵ ده‌دات بـه به‌کارهێنـه‌ران )سـائد رضـوان، (٢٠١٦. یـان ئه‌پڵیکه‌یشـنه‌کانی به‌رهه‌مهێنـان و پرۆسێسـکردنی ناوه‌رۆکـی میدیایـی بـن )بشری سـنجري، (٢٠١٩، ئیـدی ناوه‌رۆکه‌کـه ده‌ق، داڕشـتنه‌وه، وێنه‌گرتنـی ڤیدیۆیـی، تۆمارکـردن و ده‌سـتکاریکردنی ده‌نـگ، پرۆسێسـکردنی وێنـه، یـان مۆنتـاژ بێـت، ئه‌مانـه ئـه‌و به‌رنامانـه‌ن کـه وه‌ک به‌دیلێـک بـۆ کۆمپیوتـه‌ر لـه ده‌سـتکاریکردن و به‌رهه‌مهێنانـی مـادده میدیاییه‌کانـدا بـه‌کار ده‌هێنرێـن

**دووه‌م: ته‌له‌ڤزیۆنی زیره‌ک**

په‌ره‌سـه‌ندنی ئـه‌و ته‌له‌ڤزیۆنـه‌ی کـه بـه ته‌کنه‌لۆژیـای زیره‌کیـی ده‌سـتکرد کار ده‌کات و بـه شـێوه‌یه‌کی سروشـتی به‌ستراوه‌تـه‌وه بـه ئینته‌رنێتـه‌وه، ئاسـانکاریی کـردووه بـۆ زیادبوونـی پشـتبه‌ستن بـه پلاتفۆڕمـی په‌خشـی دیجیتاڵـی، هه‌روه‌هـا لـه ئێسـتادا بووه‌تـه یه‌کێـک لـه گرنگتریـن سـه‌رچاوه‌کانی په‌خشـی زانیـاری کـه بـه پێـی سروشـتی به‌شـداریکردنه‌که و جـۆری ئـه‌و هه‌واڵـه‌ی کـه به‌کارهێنـه‌ر ده‌یه‌وێـت وه‌ریبگرێـت ده‌گۆڕێـت، ئه‌مـه‌ش بووه‌تـه هـۆی ئـه‌وه‌ی کـه ئێسـتا لـه پێشکه‌شـکردنی بابه‌تـه میدیاییه‌کانـدا بـه هه‌ڵبـژاردن و لایه‌نگـری نـاسراوه، جـا بابه‌ته‌کـه هـه‌واڵ بێـت، یـان کاتبه‌سـه‌ربردن، یاخـود بابه‌تـی دیکـه بێـت

توێژینـه‌وه‌کان ئامـاژه بـه‌وه ده‌کـه‌ن کـه ئێسـتا به‌کارهێنـه‌ران پێشـوازی لـه بیرۆکـه‌ی گۆڕینـی ته‌له‌ڤزیۆنـه‌کان ده‌کـه‌ن بـۆ ده‌زگای میدیایـی، بـه تایبه‌تـی «ناوه‌رۆکـی ڤیدیۆیـی». هه‌ندێـک جـۆری ته‌له‌ڤزیۆنیـش کـه ده‌توانرێـت بـه ئینته‌رنێتـه‌وه ببه‌سترێتـه‌وه، لـه ئێسـتاوه لـه بازاڕه‌کانـدا به‌رده‌سـته.

لـه ئێسـتادا ته‌له‌ڤزیۆنـی زیـره‌ک وه‌کـوو کۆکـه‌ره‌وه‌ی ئامـرازه‌کانی میدیـا له یه‌ک ئامێـردا سـه‌یر ده‌کرێـت، بـه بـێ گوێدانـه ئـه‌وه‌ی قه‌باره‌کـه‌ی لـه داهاتـوودا چـۆن ده‌بێـت، بـه‌و پێیـه‌ی ته‌کنه‌لۆژیـای زیره‌کیـی ده‌سـتکرد توانیویه‌تـی پیشه‌سـازیی

میدیـای بـینراو بگوازێتـەوە بـۆ قۆناغێـک کـە توێـژەران بـە سـەردەمی «تەلەڤزیۆنی دوای تەلەڤزیـۆن» دەیناسـێنن.

سـەردەمی داهاتـوو بـە گواسـتنەوەی پیشەسـازیی تەلەڤزیـۆن لـە دۆخـی کەرتـی گشـتی، یـان کەرتـی تایبەتـی بازرگانییـەوە بـۆ سـەرهەڵدانی داهێنانـە نوێیەکانـی وەک پەخشـی مانگـی دەسـتکرد، پەخشـی کەیبـڵ دەناسرێتـەوە، هەروەهـا بـە دەرکەوتنـی پلاتفۆڕمەکانـی بەرهەمهێنـان و پەخشـی فرەنەتەوەیـی وەک نێتفلێکس و پلاتفۆڕمـی «شـاهد العربیـه» و ئەوانـی تـر دەناسرێتـەوە

پلاتفۆڕمـی میدیـای دیجیتاڵـی لەسـەر تەلەڤزیۆنـی زیـرەک، پێشـنیارەکانی نـاوەڕۆک بـەکار دەهێنێـت کـە یارمەتیـدەرە بـۆ زیادکردنـی بەشـداریکردن و هێشـتنەوەی بینـەران بـۆ ماوەیەکـی درێژتـر لـە بـەردەم شاشـەکاندا

توێژینـەوەکان و ڕاپۆرتـە ئایندەییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە تێکەڵەیـەک لـە پێشکەشـکردنی بـینراو لەگـەڵ ناوەڕۆکـی ڕۆژنامەوانـی لـە ماڵپـەڕە هەواڵییـە جیهانییەکانـدا سـەر هەڵـدەدات، کـە بـۆ پێشـنیارکردنی بابەتگەلێکـی سـەرنجڕاکێش بـۆ خوێنـەران دەسـتیان بـە بەکارهێنانـی هەمـان تەکنەلۆژیـا کـردووە. بـۆ نموونـە؛ وەشـانی دیجیتاڵیـی واشـنتن پۆسـت زیرەکیـی دەسـتکرد بـەکار دەهێنێـت بـە مەبەسـتی زیادکـردنی مۆرکـی کەسـیی ئـەو هەواڵانـەی کـە پێشکەشـی دەکات، بـە پشـتبەستن بـە بایـەخ و ئـارەزووی خوێنـەران

لـە میدیاکانـی داهاتـوودا ئـەو بابەتـە وەک تێکەڵکردنێکـی گەورەتـر لـە نێـوان ناوەڕۆکـی ئینتەرنێـت و تەلەڤزیـۆن، لـە سـایەی پەرەسـەندنی تەکنەلۆژیـای زیـرەک و پێشـکەوتنی شاشـەکاندا سـەیر دەکرێـت، کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی لـە داهاتـوودا دەزگاکانـی چـاپ و بڵاوکردنـەوە و ڕۆژنامـە ئەلکترۆنییـەکان نـاوەڕۆک و هەواڵەکانیـان لـە سـەر شاشـەی تەلەڤزیۆنـی زیـرەک پەخـش بکـەن، بـە مەبەسـتی دابینکردنـی ئەزموونـی خوێندنەوەیەکـی بـینراو و کارلێککارانـە، ئەمـەش ڕێگـە بـە بەکارهێنـەران دەدات لـە ڕۆژنامـە و ماڵپـەڕە دڵخوازەکانیانـدا چێـژ لـە هـەواڵ و بابەتـەکان لـە سـەر شاشـەیەکی گـەورە و بـە کواڵتییەکی بەرزتـر وەربگـرن، هاوکات لەگـەڵ توانـای کارلێککـردن لەگـەڵ ناوەڕۆکەکەیـدا لـە ڕێگـەی ئـەو ئامێرانـەی کـە لـە دوورەوە کـۆنترۆڵ دەکرێـن یـان لـە ڕێگـەی ئامێـری کۆنترۆڵـی دەنگییـەوە کـە

لـە تەلەڤزیۆنـی زیرەکـدا بەردەسـتە.

سـەبارەت بـە میکانیزمـی کار لـە نـاو دامەزراوەکانـی ڕاگەیاندنـدا، پێشـبینی دەکرێـت لـە دوای بەکارهێنانـی کەرەسـتەی زیرەکیـی دەسـتکرد، گۆڕانکاریـی گـەورە لـە پێکهاتـەی ڕێکخراوەیـی فەرمانبـەران و دابەشـکردنی نوێـی ڕۆڵەکانـدا ڕوو بـدات. بـۆ نموونـە

## بێژەری ڕۆبۆت

پیشەسـازیی میدیـای بینراو سـەرهەڵدانی سـەردەمێکی نـوێ بەخۆیـەوە دەبینێت، کـە تەنهـا لـە چەنـد سـاڵێک لەمەوبـەرەوە دەسـتی پـێ کـردووە، بـەڵام لـە پڕۆسـەی نوێکردنـەوە و بڵاوبوونەوەدایـە، کـە تیایـدا بێـژەری ڕۆبـۆت لـە بریی بێـژەری مرۆیی گەشـتی هەواڵـەکان پێشـکەش دەکات، ئەمـەش بـە هـۆی ئەلگۆریتمـە پێشـەنگەکانە لـە بـوارەکانی کۆکردنـەوەی وشـە و ناسـینەوەی وێنـە و فێربوونـی قووڵـدا.

بێــژەری ڕۆبــۆت لــە مــرۆڤ دەچێــت، لاســایی جووڵــەی ڕووخســار و ڕەفتــارە سروشـتییەکان دەکاتـەوە، تاوەکـوو ببێتـە وێنەیەکـی هاوشـێوەی بێـژەری مرۆڤی پیشـەگەر

ڕەنگـە شۆڕشـی ڕۆبۆتـی لـە بـواری هەواڵـدا ببێتـە داهێنانێکـی تەکنەلۆژیـای مۆدێـرن و پێشـکەوتنێک لـە بـواری بەکارهێنانـی زیرەکیـی دەسـتکرد لـە میدیـای بینراودا، چونکـە یەکـەم تاقیکردنـەوە بـۆ تێکەڵکردنـی تۆمارکردنـی دەنگـی و ڤیدیـۆ لـە کاتـی ڕاسـتەقینەدا لەگـەڵ کارەکتەرێکـی مەجازیـدا ئەنجـام دراوە

یەکێـک لـە یەکـەم نموونـەکان لـە لایـەن ئاژانسـی هەواڵـی فەرمیـی شـینخهوای چیـن بـوو لـە سـاڵی ٢٠١٨، کـە بریتـی بـوو لـە نمایشـکردنی جۆرێکـی نوێـی ژووری هـەواڵ کـە لەسـەر بنەمـای زیرەکیـی دەسـتکرد و تەکنەلۆژیـای زانیـاری بـوو بـە نـاوی پلاتفۆڕمـی مێشـکی میدیـا. ئـەم پلاتفۆڕمـە بەرهەمهێنـان و داڕشـتنەوە و دابەشـکردنی هەواڵـەکان و شـیکردنەوەی فیدباکـی جەمـاوەر، هەورەکۆمپیوتـەر و بەئینتەرنێتکـردنی شـتەکان و زیرەکیـی دەسـتکرد تێکـەڵ دەکات

لــە لایــەن خۆیــەوە کەناڵــی هەواڵــی « Russia٢٤»، ڕۆبۆتێکـی نمایـش کـرد بــە نــاوی بێــژەری ڕۆبــۆتی «Alexei»، بــۆ لاســاییکردنی ڕووخســاری یەکێــک لــە دامەزرێنەرانــی کۆمپانیاکــە کــە نــاوی ڕاســتەقینەی ئەلێکســی یوزاکۆڤــە (٢٠٢٠,Kim).

## پەیامنێری ڕۆبۆت

جۆرێـک لـە ڕۆبـۆت پـەرەی پـێ دراوە تاوەکـوو لـە گۆڕەپانەکانـدا وەکـوو پەیامنێـر کار بکات، بـە مەبەسـتی ڕووماڵکردنـی ڕووداو و پێشـهاتەکان لـە ناوچـە جیاجیاکانـدا، لەوانـەش: ناوچـە گەرمـەکان، ئـەو ناوچانـەی گـرژی و جەنگـی تێدایـە، یاخـود ناوچـە جێناکۆکـەکان و شـوێنەکانی دیکـە کـە بـە هـۆی ژینگـە مەترسـیدارەکانی کەشـوهەوا وەک ناوچـەکانی لافـاو و گـڕکان و بوومەلـەرزە؛ ڕۆژنامەنووسـان ناتوانـن بگەنـە ئـەو ناوچانـە.

پەیامنێـرە ڕۆبۆتەکـە لـە کاتـی ڕاسـتەقینەی ڕووداوەکانـدا کار دەکات، هەروەکوو ڕۆبۆتەکـەی کەناڵـی «CNN» کـە ڕووماڵـی هەواڵـی ئـەو ناوچانـەی دەکـرد کـە پەتـای جیهانیـی «Covid ١٩» تێیـدا بڵاو بـووەوە، لەسـەر بنەمـای ئەلگۆریتمـی گـەڕان و پێشـنیارکردن و... هتـد؛ ناوەرۆکـی هەواڵـی بـینراوی بـۆ ئامادەبـووان دابیـن دەکـرد

ئـەم ڕۆبۆتـە وەک پەیامنێرێـک کار دەکات، بـە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی ئەگـەری برینداربـوون لـە نـاو پەیامنێرەکانـدا. ئـەم ئامێـرە ڕۆبۆتییانـە شـێوەی پرۆگرامەکـە و کامێـرای ئۆتۆماتیکـی بـە زمانێکـی سروشـتی وەردەگـرن، کـە توانـای ڕووماڵکردنـی ڕێگاوبـان و ناوچـە گشـتییەکانیان هەیـە. هەروەهـا ئـەم ئامێرانـە ئامـرازی ناسـینەوەی دەموچاویـان هەیـە، لەگـەڵ ئامـرازی کۆکردنـەوەی هەواڵـدا. ئـەم ئامێرانـە پشـت بـە فێربوونـی ئەلـکترۆنی و سیسـتمی زیرەکیـی دەسـتکرد دەبەسـتن )عبدالكريـم الديـيسي، .(٢٠٢٢

## پلاتفۆڕمی پەخشی دیجیتاڵی

پلاتفۆڕمـی پەخشـی دیجیتاڵـی بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن ئامرازەکانـی میدیـای زیـرەک دادەنرێـت، کـە هـەوڵ دەدات خـۆی وەک بەدیلێک بـۆ تەلەڤزیۆنـی تەقلیدی بخاتـە ڕوو، هەروەهـا توانیویـەتی سـتانداردی نـوێ بـۆ پەخشـی تەلەڤزیۆنـی دیاری بـکات کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە شـێوە و ناوەرۆکـی نـوێ بـۆ ئـەو بابەتانـەی کـە لـە ڕێگـەی ئـەم پلاتفۆڕمانـەوە دابیـن دەکرێـن، تاوەکـوو بەکارهێنـەر هـان بـدەن بـۆ بەشـداریکردن و پـارەدان لـە بەرانبـەر دەسـتکەوتنی خزمەتگوزاریـی ڤیدیۆیـی لەسـەر خواسـتی خـۆی )أمـاني مصطفـی، .(٢٠٢٠

لە ئێستادا بەو خزمەتگوزارییە ناسراوە کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات لە هەر کاتێکدا بیانەوێت؛ لە ڕێگەی سێرڤەرێکی دیاریکراوەوە داوای ڤیدیۆ بکەن، هەروەها چێژ لە کۆنترۆڵێکی نەرم لەسەر پەخشکردنی ڤیدیۆکە یان ناوەرۆکەکە وەربگرن (Feng,٢٠٠٦)

ئەم خزمەتگوزارییانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی مانگانەوە کار دەکەن، کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەردەوام نوێ دەکرێنەوە تا ئەو کاتەی بەشداربوو واز لە بەشداریکردنەکەی دەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا یان پێشکەشکاری خزمەتگوزارییەکان پێداگری لەسەر پاراستنی بەکارهێنەران بکات )أماني مصطفى، .(٢٠٢٠

ئەم پلاتفۆڕمانە بۆ تۆمارکردنی چالاکیی بینەر لەسەریان، تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد بەکار دەهێنن. هەروەها بابەتگەلێک دابین دەکەن کە لەگەڵ حەز و خواستە جیاوازەکانی بینەراندا بگونجێن، تەنانەت لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە ناوەرۆکێک پێشنیار دەکەن کە لەگەڵ خواستەکانیاندا بگونجێت، چونکە لە کاتی پرۆسەی بینین و هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنەردا بە وردی لە چالاکییەکانی بەکارهێنەر دەکۆڵێتەوە

پلاتفۆڕمی نێتفلێکس ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆی توانای زیرەکیی دەستکرد لەسەر میکانیزمی ڕۆیشتنی ناوەرۆک و کارلێککردن لەگەڵ کڕیاراندا، ساڵانە نزیکەی یەک ملیار دۆلار پاشەکەوت دەکات. هەروەها بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە کڕیاران و تایبەتکردنی ناوەرۆک و دروستکردنی پەیوەندییەکی کەسیی زیاتر لەگەڵ بینەراندا، دەتوانێت دەیتاکانی بینەر بۆ هەڵمەتێکی کاریگەر بگۆڕدرێت .(Chan-Olmsted, ٢٠١٩)

**سێیەم: ڕۆژنامەگەریی دیجیتاڵی**

ماڵپەڕە ڕۆژنامەوانییەکان بۆ بڵاوکردنەوە، دابینکردن و بەڕێوەبردنی ناوەرۆک کە لە لایەن تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیی دەستکردەوە دابین دەکرێت، سوود لە خزمەتگوزارییەکانی کارلێککردن و هاوکاتکردن وەردەگرن. ئەو خزمەتگوزارییانەش دەخرێنە بەردەستی هەموو بەکارهێنەران. هەروەها بە ئامانجی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکێک کە لە بەرهەمی ئەوانی دیکە جیاواز بێت،

گرنگـی و پێویسـتیی بەکارهێنانـی ئەزموونـەکان و بەدەسـتهێنانی ئەزموونـی نوێـی زیاتـر سـەلماند

بەکارهێنانـی گۆڕانکارییـە زیرەکـەکان و تەکنەلۆژیـا فرەڕەهەنـدەکان کۆمەڵێـک سـوودی بـۆ دامـەزراوە ڕۆژنامەوانییـەکان دابیـن کـردووە کـە دیارترینیـان لـە خـوارەوە ئامـاژەی پـێ دەکەیـن )عبدالرحمـن محمـد، :(٢٠٢٠

• بە شێوەیەکی بەرچاو تێچوون و هەوڵەکان پاشەکەوت دەکات.

• باشترکردنی کارایی کارکردن و ڕێکخستنی کارەکان.

• باشترکردنـی کواڵتیـی خزمەتگوزارییـەکان و ئاسـانکردنی ڕێکارەکانـی بەدەسـتهێنانی ئـەو خزمەتگوزارییانـەی کـە پێشـکەش بـە سـوودمەندان دەکرێـن

• دابینکردنـی دەرفـەت بـۆ پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی داهێنەرانـە و نوێگەرانـەی دوور لـە شـێوازە تەقلیدییـەکان بـە وەرگـران و بەکاربـەران

• تەکنەلۆژیـای زیرەکیـی دەسـتکرد و ئامرازەکانـی وەرچەرخـانی دیجیتاڵـی لـە سیسـتمێکی فـراوانتردا یارمەتیـی دامـەزراوە میدیاییـەکان و کۆمپانیـاکان دەدەن تاوەکـوو بـە شـێوەیەکی فـراوان و بـەربڵاو بـە بەشـێکی گەورەتـری بینـەران بگـەن

تەکنەلۆژیـای زیرەکیـی دەسـتکرد دەرفەتـی بـۆ ڕۆژنامەنووسـان ڕەخسـاندووە تـا بـۆ: شـیکردنەوەیەکی قـووڵتر و خێراتـری دەیتـاکان، نووسـینی ڕاپـۆرت و هـەواڵ بـە وردبینییەکـی زیاتـر، دروسـتکردنی ناوەرۆکـی پێشـکەوتووانە و زیرەکانـە، تێگەیشـتنێکی بـاشتر لـە هەڵسـوکەوتی خوێنـەران، ئاڕاسـتەکردنی ماڵپـەڕە هەواڵییـەکان بـەرەو ناوەرۆکێـک کـە لەگـەڵ خواسـتی بینەرانـدا بگونجێـت، ئەمـەش لـە ڕێگـەی مۆدێلـی پێشـبینیکراو و فێربوونـی ئـەو ئامێرانـەی کـە ڕێگـە بە شـیکاری ڕەفتـاری خوێنـەران و کارلێککـردن لەگـەڵ ناوەرۆکـی بابەتـەکان دەدات، هەروەهـا یارمەتیـی بەڕێوەبەرانـی ماڵپـەڕ و دامـەزراوە ڕۆژنامەوانییـەکان دەدات تاوەکـوو ستراتیژەکانـی دابەشـکردن و بازاڕکـردن بـاشتر بکـەن.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی تەکنەلۆژیـای زیـرەک لـە نـاو ژوورەکانـی نووسـیندا، سـیماکانی ئـەم قۆناغـە بـەدەر کەوتـوون. لـە گرنگتریـن گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژنامەگەرییـش لـە مـاوەی سـاڵانی داهاتـوودا بریتیـن لـە

• سەرهەڵدانی مۆدێلی ئابووریی نوێ لە کارپێکردن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا: مۆدێلی یەکەم کۆتاییهاتنی خزمەتگوزارییە بێبەرامبەرەکانە. وێبگەڕ یان خوێنەر بۆ ئەوەی هەواڵ و بۆچوونەکانی دەست بکەوێت، هەر دەبێت پارە بدات. مۆدێلی دووەمیش پشت بە تێکەڵکردن و پێکداچوونی نێوان داڕشتنەوە، ڕیکلام، بەڕێوەبردن، داهات و خەرجییەکان دەبەستێت

• تێکەڵکردنێکی تەواوەتی لە نێوان میدیای ڕۆژنامەگەری و میدیاکانی دیکەی وەک تەلەڤزیۆن و ڕادیۆدا، چونکە هیچ جیاوازییەکی تیۆری یان کردەیی ئەوتۆ لە نێوان ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا نامێنێت، بەو پێیەی تێکەڵبوون و یەکتر تەواوکردن لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی ڕۆژنامەنووس هەیە بە تایبەتمەندیی نوێ و کارامەیی جیاواز کە لە توانا و تایبەتمەندییەکانی ئێستا جیاوازترە )محمد شومان، .(٢٠١٧

• زیادکردنی پشتبەستن بە ڕۆژنامەگەریی هاوڵاتی وەک مۆدێلێک بۆ درێژکردنەوەی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان بە ماددەی نووسین، پاشان پێشکەشکردنی بە بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد، بۆ دڵنیابوونەوە لە وردبینی و پرۆسێسکردنی بە شێوەیەک کە ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بدات

• واقیعی زیادکراو وەک تایبەتمەندییەکی نوێی کارلێککاریی ڕۆژنامەگەری لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە چاپکراوەکاندا یەک دەخرێت، چونکە ڕێگە بە ناوەرۆکی نووسین و پڕوپاگەندەی ڕۆژنامەکە دەدات چیتر تەنها بە ڕەهەندە دوو لایەنەکانی کاغەزەوە پابەند نەبێت، بەڵکوو ببێت بە سێ ڕەهەندی و بە جووڵە و دەنگ بەهێزتر دەبێت )النخیلي، .(٢٠١٨

## زیانەکانی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە میدیای دیجیتاڵیدا

### یەکەم: ساختەکاریی قووڵ

تەکنەلۆژیای ساختەکاریی قووڵ لە ڕێگەی پرۆگرامێکەوە کار دەکات کە بە زیرەکیی دەستکرد ئامادە کراوە. زاراوەی ساختەکاریی قووڵ بۆ یەکەم جار لە لایەن بەکارهێنەرێکی «Reddit» داڕێژرا کە لە (٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧)دا مەکۆیەکی بە ناوی «deep fakes» دروست کرد. ئەو ڤیدیۆیەکی پۆڕنۆگرافیی ساختەی دروست کرد بە بەکارهێنانی دەموچاوی ئەستێرەیەکی هۆلیوود.

ئــەو بەکارهێنــەرە بێنــاوە مەکۆکــەی تەرخــان کــرد بــۆ گۆڕیــن و دەســتکاریکردنی دەموچــاوی کەســایەتییە نــاودارەکان لــە ڤیدیــۆی پۆڕنۆگرافیــدا، بــە بەکارهێنانــی پرۆگرامــی فێربوونــی قــووڵ. بۆیە لــە (٧ی شــوباتی ٢٠١٨)دا ئەکاونتەکــەی لە ڕێدیت لا بــرا. لــەو کاتــەوە تەکنەلۆژیــای ســاختەی قــووڵ بــەربڵاو بــووە (Seta,2021)

ســاختەکاری بــە ماددەیەکــی ڤیدیۆیــی و دەنگــی پێناســە دەکرێــت کــە بــە بەکارهێنانــی پرۆگرامێکــی ئاڵــۆز دەســتکاری دەکرێت. هەروەهــا کۆمەڵێــک تەکنیکە کــە بــۆ دروســتکردنی بەرهەمــی بینایــی نــوێ بــەکار دەهێنرێــت (٢٠١٨,Floridi)

فەرمانگــەی لێپێچینــەوەی حکومەتــی ئەمەریــکا (GAO) ســاختەکاری بــە هــەر ڤیدیــۆ، وێنــە، یــان تۆمارێکــی دەنگــی پێناســە دەکات کــە وەکــوو ڕاســتەقینە دەربکەوێــت، بــەڵام بــە هــۆی زیرەکیــی دەســتکردەوە دەســتکاری کــراوە ٢٠٢٠ ,Persons)

لــە ڕوانگــەی یاســاییەوە بــە گرتەڤیدیۆییــەک پێناســە دەکرێــت کــە بــە مەبەســتی فریــودان دروســت کــراوە، کەســێک وەک ڕاســتەقینە دەردەکەوێــت کــە کردارێــک ئەنجــام دەدات، بــەڵام لــە ڕاســتیدا ڕووی نــەداوە. هەروەهــا دەتوانرێــت بــە ماددەیەکــی بــینراو یــان دەنگــی یــان هەردووکیــان پێناســە بکرێــت، کــە بــە بەکارهێنانــی زیرەکیــی دەســتکرد و تەکنەلۆژیــای پێشــکەوتووی پرۆگرامســازی دەســتکاری کــراوە، بــە مەبەســتی ســاختەکردنی واقیعــی تاکــەکان، شــتەکان، شــوێنەکان و ڕووداوەکان، تاوەکــوو ئــەم ناوەرۆکــە ســاختەیە وەکــوو نزیــک لــە واقیــع دەربکەوێــت. ڕەنگــە زۆرینــەی خەڵکــی بــە ئاســتەم وێنــە و گرتــە ڤیدیۆیــی و دەنگییــە دەســتکاریکراوەکان بناســنەوە

لەگــەڵ شۆڕشــی پیشەســازیی چــوارەم و دەرکەوتنــی تەکنەلۆژیــا هاوچەرخــەکان لــە بــواری زیرەکیــی دەســتکرد و فێربوونــی ئامێــرەکان و بەردەســتبوونی بەرنامــەکان بــە فــراوانی، دروســتکردنی ناوەرۆکــی ســاختە بــە بەکارهێنانــی بەرنامــە و ئەپڵیکەیشــنی بەکارهــێنراوی بەرفــراوان لەســەر کۆمپیوتــەر و ئامێــرە مۆبایلــەکان ئاســانتر بــووە

ناوەرۆکــی ســاختە دەتوانرێــت بــۆ دوو پۆلــی ســەرەکی پۆلبەنــدی بکرێــت، بــەم شــێوەیە

یەکەم: ساختەکردنی ڕووکەش: ئەمانە ڤیدیۆی جووڵەیی خاون کە تێیدا بەرنامەی دەستکاریکردنی ڤیدیۆیی بەکار دەهێنرێت بۆ خاوکردنەوەی خێرایی قسەکردن، بە بێ گۆڕینی دەنگی کەسەکە. ڕەنگە مەبەست لێی ئاماژەدان بێت بە کەموکوڕییەک لەو کەسەدا کە ڤیدیۆکە دەیکاتە ئامانج، لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی هەندێک وشە یان گۆڕینی تۆنی دەنگی کەسەکەوە، بە مەبەستی ساختەکردنی دیدگای ئەو کەسە و جێهێشتنی تێڕوانینێکی هەڵە لە لای جەماوەر. جگە لە دەستکاریکردنی ڕێکەوت و شوێنەکان، تاوەکوو ڤیدیۆکان وا دەربکەون کە تازەن و لە شوێنێکی جیاوازدا تۆمار کراون، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست کە زیان بە سەلامەتیی کۆمەڵگا و تاکەکان دەگەیەنێت

دووەم: ساختەکاریی قووڵ: پرۆسەیەکە کە تێیدا دەموچاو دەگۆڕدرێت (Swapping Face) بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد و تەکنیکەکانی فێربوونی ئامێرەکان، لە ڕێگەی ڕاهێنانی ئەلگۆریتمەکانی زیرەکیی دەستکرد لەسەر ئەو وێنانەی کە لە تۆڕە جیاوازەکان دەردەهێنرێن، پاشان دروستکردنەوەی دەموچاوێکی نوێ و دروستکردنی ڤیدیۆی مەبەستدار. هەمان پرۆسە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگییش ئەنجام بدرێت

## مەترسییەکانی ساختەکاریی قووڵ:

- دەتوانرێت ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ دروستکردنی کاریگەریی سیاسی، ئابووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێت
- بڵاوبوونەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی تاوانە هەڵبەستراوەکان، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە شەڕی مەیدانی و ناپاکیی سێکسییەوە هەیە
- گۆڕینی ڕای گشتی بەرەو هەندێک پرسی دیاریکراو.
- ڕەنگە ببێتە هۆکارێک تاوەکوو هەندێک لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بیکەن بە پاساوێک بۆ کارە تیرۆریستییەکانی خۆیان لە دژی کۆمەڵگاکان
- خۆدزینەوە لە کەسانی دیکە بە مەبەستی ناوزڕاندن، ساختەکردن، گەندەڵی، یان دەستبەسەرداگرتن )سالي يوسف، .(٢٠٢٢

### دووەم: هەواڵی ساختە

هەواڵـی سـاختە لـە سـەردەمی دوای حەقیقەتـدا (era Post-Truth) بە توخمێکی جەوهـەری دادەنرێـت، کـە چەمکێـکە ئامـاژە دەکات بـۆ گۆڕینـی پشـتبەستن بـە زانیـاری و ڕاسـتییەکان بـۆ پشـتبەستن بـە زانیاریـی ناڕاسـت و چەواشـەکارانە. ڕەنگـە ئـەم گۆڕانکارییـە لـە ئەنجامـی گۆڕانـی سروشـتی خەڵکـەوە بووبێـت، کـە ئـارەزووی بەدەسـتهێنان و گواسـتنەوەی زانیارییـەکان بـە خێرایـی دەکـەن، بـە بـێ دڵنیابوونـەوە لـە زانیارییـەکان یـان سـەرچاوەکانی.

فەرهەنگـی کۆلینـز (Dictionary Collins) پێناسـەی زاراوەی هەواڵـی سـاختە (News Fake) دەکات بـە زانیاریـی درۆ و سـۆزداری، کـە لـە ژێـر پـەردەی بڵاوکردنـەوەی هەواڵـدا بڵاو دەکرێتـەوە. پێـش ئـەوەش، فەرهەنگـی ئۆکسـفۆرد (Dictionary Oxford) وشـەی دوای ڕاسـتی (Truth Post)ی وەک وشـەی سـاڵی (٢٠١٦) هەڵبـژارد. هەواڵـی سـاختەش بـەم شـێوەیە پێناسـە دەکات: «هەواڵێکـە کـە هیـچ بنەمایەکـی ڕاسـتی نییـە، بـەڵام وەکـوو ماددەیەکـی هەواڵـی پێشـکەش دەکرێـت» (٢٠١٧,Alcott&Gentzkow)

پێناسـەیەکی دیکـەی ئەوەیـە: «زانیارییەکـی تـەواو درۆیـە کـە بـە مەبەسـتی دەسـتکەوتنی داراییـی دروسـت دەکرێـت» (٢٠١٧,Silverman). هەروەهـا بـەم جـۆرەش پێناسـە کـراوە: «ئـەو زانیارییـە جۆراوجۆرانەیـە کـە تەنهـا لـە شـێوەدا لـە بابـەتی کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن دەچـن، نەوەکـوو لـە ئامانـج یـان لـە پرۆسـەی ڕێکخراوەییـدا» (٢٠١٨,.al et .(lazer

هەندێـک لـە توێژینـەوەکان هـۆکاری سـەرەکیی بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی سـاختە بـۆ ئـەوە دەگەڕێننـەوە کـە زۆربـەی بەکارهێنـەران تەنهـا مانشـێتی هەواڵـەکان دەخوێننـەوە. بـە جۆرێـک (٥٩٪)ی ئـەو هەواڵانـەی لـە پلاتفۆرمەکانـی سۆشـیالمیدیا بڵاو دەکرێنـەوە، لـە ئێسـتادا هەموویـان بـە زیرەکیـی دەسـتکرد ئامـادە دەکرێـن، بۆیـە جەمـاوەر پێـش بڵاوکردنەوەیـان بـە تـەواوی نایخوێنێتـەوە (٢٠١٦ al, et Gabielkov). هەروەهـا پێیـان وایـە تەنهـا تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەرپرسـیار نیـن لـە بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی سـاختە، بەڵکـوو کێشـەکە لەوەدایـە کـە ئامرازەکانـی پەیوەندیکـردن کـە زۆر باوەڕپێکـراون، بابەتـەکانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان

دەگوازنــەوە بــە بــێ ئــەوەی لــە ڕاســتی و دروســتیی دڵنیــا ببنــەوە

هەواڵــی ســاختە پەیوەســتە بــە کۆمەڵێــک گۆڕانکارییــەوە کــە لــە دوای هاتنەنــاوەوەی ئەپڵیکەیشــنەکانی زیرەکیــی دەســتکرد بــۆ نــاو میدیــاکان ڕوویــان داوە، ئــەو گۆڕانکارییانــەش کــە لــە بڵاوبوونــەوەی هەواڵەکانــدا بــە شــێوەیەکی سیســتماتیکتر و زانســتیتر؛ زۆرتــر یارمەتیــدەر بــوون

ئــەم ژینگــە دیجیتاڵییــە زیرەکــە لــە ئێســتادا بــەوە جیــا دەکرێتــەوە کــە لەگــەڵ گەورەتربــوونی دەرفەتــی خەڵکــی بــۆ بەشــداریکردن، بــەڵام کــەمتر مەرکەزییــە. زۆرێــک لــە توێژینــەوەکان باســیان لــە تایبەتمەنــدی و ســیما بنەڕەتییــەکانی هەواڵــی ســاختە کــردووە کــە گرنگترینیــان خــۆی لەمانــەدا دەبینێتــەوە (Mcstay& ٢٠١٧,Bakir):

• هەواڵــی ســاختە پشــت بــە بــاوەڕی خوێنــەران دەبەســتێت بــە ڕاســتگۆیی ماڵپەڕەکــە و ئاســتی پابەندبوونــی بــە ســتانداردە ڕۆژنامەوانییــە پیشــەییەکان، ئــەم بــاوەڕەش بناغەیەکــی یارمەتیــدەر بــۆ بڵاوبوونــەوەی هەواڵــی ســاختە پێــک دەهێنێــت

• هەواڵــی ســاختە دوورە لــە کۆتوبەنــدی تایبــەتی دامــەزراوە ڕۆژنامەوانییــەکانی وەک دەرگاوان و پابەندبــوون بــە بابەتیبــوون. هــەوڵ دەدات بەهاکانــی ڕەســەنایەتی و تازەگــەری بــەکار بهێنێــت. هەندێــک لــە بلۆگــەرەکان لــە چوارچێــوەی هەوڵــەکانی ڕاکێشــانی ســەرنج بــە بــەراورد بــە کاری میدیایــی؛ ئەنجامــی دەدەن

• هەواڵــی ســاختە بریتییــە لــەو هەواڵانــەی کــە بــە تــەواوی درۆیــە یــان بەشــەکانی بــە ئەنقەســت زانیاریــی چەواشــەکارانەی تێدایــە، ئــەو زانیارییانــەش لــە چوارچێــوە یــان لــە ناوەرۆکــی هەواڵەکــەدا دادەنرێــت

### سیناریۆکانی داهاتوو

بــە پێــی ئەنجامــە تیۆرییــەکانی لێکۆڵینەوەکــە، ســیناریۆکانی داهاتــوو بــۆ ڕۆڵــی تەکنەلۆژیاکانــی زیرەکیــی دەســتکرد لــە میدیــای دیجیتاڵیــدا لــە مــاوەی دەیــەی داهاتــوودا بــەم شــێوەیە داڕێــژراون

## سیناریۆی گەشبینانە

مەزەنـدە دەکرێـت کـە دامـەزراوە میدیاییـە جیهانییـەکان و عەرەبییـەکان لـە بەرهەمهێنـان و داڕشـتنەوەی مـاددە میدیاییەکانیانـدا زیاتـر پشـت بـە تەکنەلۆژیـای زیرەکیـی دەسـتکرد ببـەستن، ئەمـەش لـە سـایەی فرەیـی و فرەچەشـنیی پلاتفۆڕمەکانـی بڵاوکردنـەوەی ئەلکترۆنیـدا کـە ڕێگەیـان پـێ دەدات بـەردەوام بـن و فـراوانتر ببن.

ئـەم سـیناریۆیە لەسـەر ئـەو گریمانەیـە دامـەزراوە کـە جیهـان لـە شۆڕشـی پیشەسـازیی چوارەمـدا دەژی، کـە بـۆ شـیکردنەوەی ئـەو بـڕە زۆرەی زانیـاری و دەیتـا کـە لـە ئەنجامـی کارلێکەکانـی ڕۆژانـە لـە ئینتەرنێتـدا دروسـت دەبێـت، پشـت بـە تەکنەلۆژیـای سـەرووزیرەک دەبەسـتێت. ئەمـەش بـە کـردەوە مانـای ئـەوە دەگەیەنێت ئـەو ڕۆبۆتـەی بـە تەکنەلۆژیـای زیرەکیـی دەسـتکرد کار دەکات، شۆڕشـێکی نـوێ لـە میدیـای دیجیتاڵیـدا دروسـت دەکات، بـە هـۆی دابینکـردنی ئەو دەرفـەت و توانایانـەی کـە لـە داهاتـوودا بەردەسـت دەبـن، ئەمـەش یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ بڵاوکردنەوەیەکـی گەورەتـر و فـراوانتری زانیارییـەکان. بـە هـۆی بەکارهێنانـی بەرنامـە و تەکنەلۆژیـای زۆر مۆدێـرنتر لەوانـەی کـە لـە پێشـوودا هەبـوون، تێکەڵکـردنی جەمـاوەر لـە پڕۆسـەی بەرهەمهێنـان و گواسـتنەوەی هەواڵەکانـدا فـراوانتر دەبێـت.

لـە ڕووی ئابوورییـەوە ئـەم سـیناریۆیە گریمانـەی ئـەوە دەکات بـە هـۆی ئـەو شـێوازە نوێیانـەی کـە تەکنەلۆژیـا زیرەکـەکان بەرهەمـی دەهێنـن، بازرگانـان وەبەرهێنانەکانیـان لـە کەرتـی میدیـادا زیاتـر دەکـەن.

هەروەهـا بـە هـۆی مامەڵەکردنـی باشـی ڕۆبۆتـەکان لەگـەڵ دەیتـا گەورەکانـدا، زیاتـر سـەرنجی جەمـاوەر ڕادەکێشـێت و بەرژەوەندییـە کەسـییەکان زامـن دەکات، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی خزمەتگوزاریـی زانیارییـەکان و بەبازاڕکردنیـان، بـەم شـێوەیە ڕێـژەی بەشـداریکردن یـان ڕیکلامەکانـدا لە سەرانسـەری پلاتفـۆڕم یان ماڵپـەڕە پەیوەندیدارەکانـدا بـۆ دوو هێنـدە زیـاد دەبێـت. هەروەهـا ئـەم سـیناریۆیە وا دەبێـت کـە پەیوەندیـکاران لـە ڕەگـەزی مرۆیـی و ڕۆبۆتـەکان یـەکتر تـەواو دەکـەن، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی ئەرێنیـی لەسـەر ناوەرۆکـی بڵاوکـراوەکان دەبێـت.

سیناریۆکە پێشبینی دەکات لە دوای دەرکەوتنی نەوەی پێنجەم و شەشەمی پەیوەندییەکان پێکەوە، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە چەندین ئەرکیان هەیە لە نێوان کاتبەسەربردن و زانیندا، ماڵپەڕە هەواڵییەکان گەشەکردنێکی بەرچاو لە پڕۆسەی گواستنەوەی هەواڵەکاندا بە خێرایی بەخۆیانەوە دەبینن.

بە پێی ئەم سیناریۆیە، بە مەبەستی پاراستنی تەونی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی حکومەتەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر میدیاکان زیاتر دەبێت. لە بەرانبەردا بۆ ڕاکێشانی توێژی نوێی وەرگران بە لای خۆیاندا، میدیاکان قۆناغێکی نوێ لە کێبڕکێی ئەرێنی بەخۆیانەوە دەبینن، لە داهاتووشدا چانسی مانەوە و گەشەکردن بۆ میدیای زیرەکیی دەستکرد دەبێت لە بری میدیای تەقلیدی

## پایەکانی سیناریۆی گەشبینانە

• لە سایەی شۆڕشی زانیاریدا وەبەرهێنانی وڵاتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە بواری میدیای زیرەکدا زیاتر دەبێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ژینگەی کار و میدیاکاران دەبێت و دەبێتە هۆی کرانەوەی زیاتر بە ڕووی ئازادیی ڕادەربڕیندا

• دامەزراوە میدیاییەکانی ئێستا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوون و مانەوەیان پێویستیان بە بنیادنانی ژێرخانێکی پتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی گەشەپێدان و ڕاهێنانی کادیرەکانیانەوە دەبێت، بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە تازەپێگەیشتووەکانی دیکە لە بواری تەکنەلۆژیای زیرەکدا

• بوونی نەوەیەک کە زانیاری و هۆشیارییەکی زۆری لەسەر تەکنەلۆژیای مۆدێرن هەیە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و کاتبەسەربردن و... هتد، بەردەوام لەگەڵ جیهانی مەجازی لە پەیوەندیدایە

• ڕێککەوتنی نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو لەسەر پەیمانی شەرەفی میدیایی نوێ، کە یەکێک لە توخمەکانی زیرەکیی دەستکردە

## ڕێگاکانی داهاتوو بۆ سیناریۆی گەشبینانە

• لەسەر ئاستی پەیوەندیکەر، دامەزراوە میدیاییەکان کار دەکەن بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی تەکنەلۆژیی خۆیان بە جۆرێک لەگەڵ پێداویستییەکانی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمدا بگونجێت، جگە لە ڕاهێنانی کادیرانی ئێستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەرنامانەی کە بە تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد کار دەکەن. بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە سەرەتاوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیستمە مۆدێرنە، دەبێت پشت بە پسپۆڕانی تایبەتمەند لە دەرەوەی وڵات ببەستن، تاوەکوو بەرهەمهێنانی پەیامەکەیان بە شێوەیەکی کاریگەر بێت و کاریگەرییشی لەسەر جەماوەر هەبێت

• لەسەر ئاستی ناوەرۆکی میدیایی: بە هۆی تێکەڵبوون و کارلێکەکانی جەماوەرەوە، شێوازەکانی میدیا بە کرداری دەگۆڕدرێن. هەروەها پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان هەرسێ توخمەکەی (پەیام، پەیوەندیکەر و جەماوەر)دا دەبێتە بازنەیی، هەموویان کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن، هەروەها ناوەرۆکی یەکلایەنە گەشە دەکات تاوەکوو زیاتر سەرنجڕاکێش بێت بۆ وەرگر، جا لە ڕێگەی وشەسازییەوە بێت یان بە هۆی زیادکردنی گرافیک و وێنە و ڤیدیۆوە بێت

• لەسەر ئاستی جەماوەر: جەماوەر ئەو دەزگا میدیاییە قبووڵ دەکات کە زیاتر بە تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد کار دەکات نەوەکوو بە شێوەیەکی نەریتی، بەو پێیەی لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا ڕاستگۆیە و لە بڵاوکردنەوە یان شاردنەوەی زانیارییەکاندا لایەنگر نییە. هەروەها بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ساختە و دەنگۆ و بابەتەکانی دیکە لە یەکتر، هۆشیاریی خەڵکی زیاتر دەکات، جگە لەوەی ئاسانکاری دەکات بۆ وەرگر تاوەکوو بە شێوەیەکی بابەتیانە و لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە زانیارییەکان بە وردی پشتڕاست بکاتەوە

## سیناریۆی چەسپاو

• گریمانە دەکرێت دۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، دامەزراوە و قەوارە میدیاییەکان بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونیان؛ بەردەوام دەبن لە پشتبەستن بە بودجە و پاڵپشتیی ئابووری لە لایەن حکومەتەکانەوە. تەنانەت ئەگەر هەندێک قەیران لە دۆخی ئابووریی نێودەوڵەتی یان گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دراو و

داراییـدا ڕوو بـدات، ئـەوا وڵاتانـی جیهـان هـەر دەبێـت ڕۆژنامـەی چاپکـراوی فەرمـی و تەلەڤزیۆنـی خۆیـان هەبێـت تاوەکـوو بـە نـاوی ئەوانـەوە قسـە بـکات

• ئـەم سـیناریۆیە بەرمەبنـای کۆمەڵێـک ئاڵنگارییـە کـە لـە ئێسـتادا بە شـێوەیەکی گشـتی ڕووبـەڕووی پەرەپێـدان و بڵاوبوونـەوەی زیرەکیـی دەسـتکرد بووەتـەوە، کـە دیارترینیـان بەرزبوونـەوەی تێچـووی بەکارهێنانیـەتی. ئـەوەی لـە ئێستاشـدا لـە ڕووی پەرەپێدانـی دامـەزراوە میدیاییەکانـەوە دەگوزەرێـت، جگـە لـە هەوڵێکـی تاکەکەسـی بـۆ گۆڕانـکاری؛ هیچـی تـر نییـە، چونکـە گۆڕانکاریی ڕیشـەیی پێویسـتی بـە ماوەیەکـی زۆر دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی زۆرینـەی دامـەزراوەکان لـە بـارەی چۆنێتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ تەکنەلۆژیاکانـی داهاتـوودا، لـە ئێسـتادا ڕاهێنانیـان بـە کادرە مرۆییەکانیـان نەکـردووە

• ئـەم سـیناریۆیە ئامـاژە بـەوە دەکات ئـەو فاکتـەرە پیشـەییانەی کـە کاریگەرییـان لەسـەر ئـەدای میدیـا هەیـە؛ وەک خۆیـان بـەردەوام دەبـن، چونکـە بـە بـێ ڕاهێنـان و گەشەسـەندن، بارودۆخـی ئـەو دوو جیهانـە وەک خـۆی دەمێنێتـەوە. هەروەهـا پێشـبینی دەکرێـت یاسـاکانی بڵاوکردنـەوە و پەخشـکردن وەک خۆیـان بـەردەوام بـن، چونکـە هەموارکردنەوەیـان دەبێتـە هـۆی زیادکردنـی بازنـەی ئـەو ئازادییانـەی کـە بـە کۆمەڵـگا دەدرێـن -ئـەم بابەتـەش بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە جیـاوازە-. هـاوکات تەرخانکردنـی بودجەیەکـی زیاتـر بـۆ گەشـەپێدانی دامـەزراوە میدیاییـەکان بـە شـێوەیەکی سروشـتی دەبێتـە هـۆی بارگرانییەکـی دارایـی لەسـەر بودجـەی گشـتیی وڵاتـان. لێـرەدا هاوکێشـەیەکی وردی نێـوان گەشەسـەندن و باشتربوونی ئابـووری لـە داهاتـوودا، هەروەهـا لـە نێـوان مانـەوە و سـەقامگیریدا دەخەینـە ڕوو

## پایەکانی سیناریۆی چەسپاو

• بەشـێکی زۆر لـە کارمەندانـی میدیـا لـە ترسـی لەدەسـتدانی کارەکانـی ئێسـتایان، بیرۆکـەی گۆڕانـکاری ڕەت دەکەنـەوە

• کادرە گەنجـەکان توانـای بەڕێوەبـردنی دامـەزراوە میدیاییـە گەورەکانیـان نییـە، هەروەهـا توانـای دانـانی ستراتیژییـان بـۆ گەشـەپێدان بـەرەو داهاتوویەکـی زیـرەک نییە

• گۆڕانکارییەکانـی ئێسـتا لـە پێکهاتـەی دراوە جیهانییـەکان و قەیرانـە ئابوورییەکانـدا، وا دەخوازێـت لـە ئێسـتادا هیـچ گۆڕانکارییـەک نەکرێـت

## ڕێگاکانی داهاتوو بۆ سیناریۆی چەسپاو

• لەسەر ئاستی پەیوەندیکەر: دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هۆی فشاری هەلومەرجی ئابووری و ئەو ڕەوتە ناوخۆییەی کە گۆڕانکاری ڕەت دەکاتەوە، کادری مرۆیی ڕاهێنراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرنامە و ئامرازە زیرەکەکان دانامەزرێنن، ئەمەش بەو مانایەیە ئەو کەسەی کە دەیەوێت گەشە بکات، دەبێت بارگرانیی فێربوون و ڕاهێنان لە ئەستۆی خۆی بگرێت، هەر چەندە لە ئێستاشدا بازاڕێکی کاری پێویست نادۆزێتەوە

• لەسەر ئاستی جەماوەر: خەڵکی بە ڕێژەیەکی کەم پەنا بۆ میدیای زیرەک دەبەن تاوەکوو بزانن چیی نوێی تێدایە، لە کاتێکدا ڕێژەی گەورەی جەماوەر هەر بە وابەستەی میدیای ئەلکترۆنیی نەریتی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بە پێی ئەو یاسا و پرەنسیپانە کار دەکەن کە دەکەونە ژێر چاودێریی دەوڵەتەوە، بۆیە پێش بڵاوکردنەوەیان سەرچاوەی زانیاری و هەواڵەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، ئەو دەزگا میدیاییەش کە بە زیرەکیی دەستکرد کار دەکات لەوانەیە لە داهێنانی چیرۆکەهەواڵ یان لە زیادکردنی مۆرکێکی گاڵتەجاڕانە بۆی، سروشتی مرۆییانە لەدەست بدات

• لەسەر ئاستی ناوەرۆکی میدیایی: هەوڵی تاکەکەسی بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێک بابەت دەبێت کە لە لایەن ڕۆبۆتە زیرەکەکانەوە نووسراون، یاخود بۆ دۆزینەوەی هەواڵی ساختە؛ بەشێکی تایبەت لە ناو ماڵپەڕەکەدا دروست دەکرێت. بۆ نموونە؛ بەکارهێنانی ئامرازەکانی زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەک دەبێت کە خزمەت بە ناوەرۆکی پێشکەشکراو بکات، بە بێ ئەوەی ئاماژەیەکی ڕوون هەبێت بۆ گۆڕینی تەواوەتی یان تەنانەت بەشێکی ماڵپەڕەکە بۆ کارکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکاندا

## سیناریۆی ڕەشبینانە

• ئـەم سـیناریۆیە پێشـبینیی دارمانـی میدیـای تەقلیـدی دەکات، بـە تایبەتـی ڕۆژنامـە کاغەزییـەکان، بـە هـۆی بارگرانییـە داراییـەکان و زیادبوونـی تێچـووی چاپکردنـەوە (کاغـەز، مەرەکـەب و... هتـد)، بۆیـە بەردەوامبوونیـان لـە ڕێگـەی پەرەپێدانـی هەندێـک بـەش و خزمەتگوزارییـەوە دەبێـت کـە بـە زیرەکیـی دەسـتکرد کار دەکات، بـەڵام بابەتەکـە بەنـدە بـە مانـەوەی ئـەو جەمـاوەرەی کـە لـە لایـەن ئـەم میدیایـەوە بـە ئامانـج دەگیرێـت و ئەوانیـش دەبنـە بەکاربـەری ئـەم میدیایـە. ئـەم سـیناریۆیە وای دەبینێـت کـە لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا دامـەزراوە نەریتییـەکان ناچـار دەبـن دەسـتبەرداری ژمارەیەکـی زۆر لـە کادیـرە مرۆییەکانیـان بـن، بـە هـۆی ئـەوەی دەبێـت سـەرچاوەی پێویسـت بـۆ گواسـتنەوە بـەرەو میدیـای زیـرەک دابیـن بکـەن

• ئـەم سـیناریۆیە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە بـە پێـی بارودۆخـی ئابـووری و سیسـتمە سیاسـییە باڵادەسـتەکەی دەگۆڕێـت. هەروەهـا وای دەبینێـت کـە کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر میدیـای دیجیتاڵـی دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی ناتوانێـت هاوشـانی گۆڕانکارییـەکان پێـش بکەوێـت، بـە هـۆی لاوازیـی ناوەرۆکـی میدیایـی و دەرکەوتنـی ماڵپـەڕی دیکـە کـە بـە ڕۆبۆتـی زیـرەک کار دەکات و توانـای ڕاکێشـانی خەڵـک و ڕیکلامکەرانـی پێکـەوە هەیـە. هەروەهـا پێشـبینی دەکرێـت کـە ئەمـە کاریگەریـی دیجیتاڵمیدیـا لەسـەر خەڵکـی لاواز بـکات، چونکـە بـە هـۆی کرانـەوەی بێسـنوور بـە ڕووی جیهانـی دەرەوەدا، ناتوانێـت یەکگرتوویـی کۆمەڵایەتیـی ناوخۆیـی وڵاتـان بپارێزێـت.

• ئـەم سـیناریۆیە هـاوکات لەگـەڵ هەوڵـی میدیـاکاران بـۆ پاراسـتنی کارەکانیان؛ گریمانـەی دابەزینـی ئـەدای پیشـەییان دەکات، ئەمـەش ڕەنگـە هانیـان بـدات بـەرەو پێشـێلکردنی پـەیمانی میدیایـی، لـە بەرامبـەر بەدەسـتهێنانی بەرژەوەندیـی کەسـی، لەسـەر حیسـابی یاسـا و ڕێسـاکانی ڕێکخسـتنی کاری میدیایـی

## پایەکانی سیناریۆی ڕەشبینانە

• دابەزینـی ئاسـتی خوێندنـەوە لای جەمـاوەر و قایلبـوون تەنهـا بـە خوێندنـەوەی بڵاوکـراوەکانی پلاتفۆرمەکانـی سۆشـیالمیدیا، لـە ئەنجامـدا میدیـای تەقلیـدی کاریگـەری لەسـەر ڕای گشـتی لەدەسـت دەدات و بـە شـێوەیەکی ڕۆژانـە وەرگـرانی

کەم دەبێتەوە، بە بەراورد بەو بابەتانەی کە لە لایەن ئەو ماڵپەڕانەوە پێشکەش دەکرێن کە بە زیرەکیی دەستکرد کار دەکەن کە دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر وەرگران بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، چونکە بە گوێرەی خواست و ئارەزووەکانیان و لەسەر بنەمای زانیاریی پێشوەختە لە بارەی کاتی گونجاوی ئەوانەوە کار دەکەن

• زیادبوونی ئاستەنگە ئابوورییەکان لە جیهاندا، کە بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەریی لەسەر پرۆسەکانی گەشەپێدان دەبێت و دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕاهێنانی کادیرانی مرۆیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکاندا

• نەبوونی ئارەزوو لای بەرپرسانی کارەکە (میدیاکاران) بۆ گەشەکردن، بە هۆی ئەوەی تا ئێستا دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیای زیرەک لەسەر ڕای گشتی ڕوون نەبووەتەوە

## ڕێگاکانی داهاتووی سیناریۆی ڕەشبینانە

• لە ئاستی پەیوەندیکەردا: ماوەی داهاتوو شاهێدی دەرکردنی کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن دەبێت، بە هۆی نەبوونی شارەزایی تەواو بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان، بە بەراورد بە کاری ڕۆبۆتە زیرەکەکان. هەروەها ژمارەیەک دامەزراوە کە پشت بە تەکنەلۆژیای زیرەک نابەستن، دووچاری داکشانی ئابووری دەبنەوە کە ڕەنگە ببێتە هۆی داخستنیان، لە بەرامبەردا دامەزراوە یان کۆمپانیای نوێی میدیایی دروست دەکرێن کە تەکنەلۆژیای زیرەک تێیدا ڕەگەزێکی سەرەکی دەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکەش کەمترین کادری مرۆیی دادەمەزرێنن

• لەسەر ئاستی جەماوەر: توێژگەلێکی گەورەی جەماوەر دەستبەداری بەکارهێنانی میدیای نەریتی دەبن، بە پێچەوانەی میدیای زیرەکەوە کە ناوەرۆکی سەرنجڕاکێشی تێدایە کە خواستەکانیان بۆ زانین و بەدواداچوون دابین دەکات، ئەمە جگە لەوەی ناوەرۆکێکی سەرنجڕاکێشتر لە قاڵبە نەریتییە کۆنەکان پێشکەش دەکات

• لەسەر ئاستی ناوەرۆک: بە بەراورد بە ماڵپەڕە دیجیتاڵییە زیرەکەکان، میدیای تەقلیدی لە پێشکەشکردنی ناوەرۆکی لاواز بەردەوام دەبێت

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد پێشکەوتنێکی بەرچاویان لە میدیای دیجیتاڵیدا بەدی هێناوە، بەو پێیەی پرۆسەی نووسینی هەواڵ و شیکردنەوەی دەیتاکان و زانینی مەیلی جەماوەری بەئامانجگیراو و پێوانەکردنی پلەی کارلێککردنیانی زۆر ئاسان کردووە. ئەم بابەتەش لە داهاتوودا وا دەبینرێت کە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی گۆڕانکاریی گەورە لە زانستی پەیوەندیکردندا، هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی گرنگ لە پێکهاتەی دامەزراوە میدیاییەکاندا

لە ڕێگەی ئەوەی لە توێژینەوەکەدا خرایە ڕوو، هەندێک لە گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو

### یەکەم: گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکان

١. بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد بوونەتە هۆی ئەوەی کە ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵی وردتر و پیشەییتر بەرهەم بهێنرێت. هەروەها بەشدارییان کردووە لە ڕاکێشانی ڕیکلامکەران لەسەر بنەمای ئەو بەرنامانەی کە ڕێگەیان پێ دەدات زانیاریی پێشوەختەیان هەبێت لەسەر ئارەزوو و مەیلی جەماوەری بەئامانجگیراو، لەگەڵ دیاریکردنی پانتایی جوگرافی و گرووپە تەمەنییە بەئامانجگیراوەکان و کاریگەرترین پلاتفۆڕمەکان، ئەمەش بەو مانایەیە کە میدیا بە گشتی لە داهاتوویەکی نزیکدا (لە ساڵێکەوە بۆ سێ ساڵ) فۆڕمەکانی خۆی دەگۆڕێت، هەروەها بازاڕی ڕیکلام و برەودان بە بەرهەمەکان لە پشکی دیجیتاڵمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت

٢. بەرنامەکانی زیرەکیی دەستکرد بەشدارییان کردووە لە بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و زیادکردنی زانیاری لەسەر ئارەزووی بینەر و باشترکردنی پەیامەکەیان، بەڵام لە لایەکی ترەوە بۆ جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی نووسراوەکان کە ئایا بە ئامێر نووسراوە یاخود مرۆڤ نووسیویەتی؛ گرفتی دروست کردووە، تەنانەت لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکانیش ڕەنگە بۆ بینەر قورس بێت کە بێژەر یان پەیامنێری ڕاستەقینە و ڕۆبۆتەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە. ئەمەش ئەو ترسەی لای کارمەندانی ڕاگەیاندن دروست

کـردووە کـە لـە داهاتـوودا تەکنەلۆژیـا جێگـەی کارەکانیـان دەگرێتـەوە

٣. پەرەســەندنەکانی تەکنەلۆژیــای زیرەکیــی دەســتکرد لــە کاری میدیــادا بەردەوامــە، کـە ڕێگـە دەدات بـە شـیکردنەوەی قـووڵتر و خێراتـر بـۆ دەیتـاکان، نووســینی ڕاپــۆرت و هــەواڵ بــە وردبینییەکــی بەرزتــرەوە، بەرهەمهێنانــی ناوەرۆکــی پێشــکەوتووانە و زیــرەکتر، تێگەیشــتنێکی بــاشتر لــە هەڵســوکەوتی خوێنــەران، هەروەهــا ئاڕاســتەکردنی جەمــاوەر بــەرەو ناوەرۆکێـک کـە لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانیانــدا بگونجێــت، لــە ڕێگــەی مۆدێلــی پێشــبینیکردن و فێربوونــی ئامێرەکانــەوە کـە ڕێگـە بـە شـیکاری ڕەفتـاری جەمـاوەر و کارلێککردنیـان لەگـەڵ ناوەرۆکەکــەدا دەدات، ئەمــەش یارمەتیــی بەڕێوەبەرانــی دامــەزراوە میدیاییــەکان دەدات ستراتیژەکانــی دابەشــکردن و بەبازاڕکــردن بەهێزتــر بکــەن

٤. دامـەزراوە میدیاییـەکان بـۆ بەجێگەیاندنـی کارە ڕۆتینییەکانیـان زیاتـر پشـت بـە تەکنەلۆژیـای زیرەکیـی دەسـتکرد دەبەسـتن، بـە نموونـە بـۆ: نووسـینی هـەواڵ، پێداچوونـەوەی زمانەوانـی، شـیکردنەوەی دەیتـاکان، ئاشـکراکردنی هەواڵـی سـاختە و... هتـد. ئەمـەش بـەو مانایەیـە کـە لـە قۆناغـی داهاتـوودا ڕۆژنامـە تەقلیدییـەکان ڕەنگـە زیاتـر بـەرەو میدیـای دیجیتاڵـی بچـن، بـەو هۆیەشـەوە لـە ئەنجامـدا ژمارەیـەک لـە کارمەنـدان کارەکانیـان لەدەسـت دەدەن

٥. پێشـبینی دەکرێـت میدیـای نەریتـی بـە هـۆی شکسـتهێنانی لـە بەکارهێنانـی تەکنەلۆژیــای زیرەکیــی دەســتکرد لــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــی نــاوەرۆک و ڕاکێشــانی ڕیکلامکەرانــدا بــەرەو پاشەکشــە بچێــت، هەروەهــا دامەزراوەکانــی ئێسـتاش ڕووبـەڕووی قەیرانـی ئابـووری ببنـەوە، چونکـە ڕۆژنامـە چاپکـراوەکان بـە هـۆی لاوازیـی توانـای کێبڕکێیانـەوە لـە لایـەن میدیـای دیجیتاڵییـەوە ڕووبـەڕووی ڕکابەرییەکــی بەهێــز دەبنــەوە، لەبــەر ئــەوەی بەشــێکی زۆری بەکاربــەران لــە ڕێگــەی مۆبایلـە زیرەکەکانـەوە ڕوویـان لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و مەکـۆکان کـردووە، بـەو پێیـەی هـەم ئامرازێکـی میدیاییـە و هـەم ئامرازێکـی ڕیکلامییـە. لـە کاتێکـدا زۆربـەی ڕۆژنامـەکان بـە تایبـەتی لـە ناوچـە عەرەبیەکانـدا، هێشـتا لـە سـایەی گۆڕانکاریـی ئاسـاییدا گەشـە دەکـەن و ملکەچـی هەمـان بنەمـا و هەمـان ڕۆتینــی بەرهەمهێنانــن

٦. میدیـای زیـرەک ئاڵنگارییەکـی گەورەیـە بـۆ ئاینـدەی میدیـای مرۆیـی لـە داهاتـوودا، بـە تایبەتـی لـەو وڵاتانـەدا کـە زۆر پشـت بـە تەکنەلۆژیـا دەبـەستن و بـەردەوام پـەرە بـە ئـەدا و تەکنیکەکانـی دەدەن. هەروەهـا پێشـبینی دەکرێـت کـە دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە داهاتـوودا بیـر لـە ئاڵوگـۆڕ یـان گۆڕینـی ڕیشـەیی بەشـی ڕیکلامـە تەقلیدییەکانیـان بکەنـەوە، بـۆ دیاریکردنـی جـۆری ڕیکلامـەکان بـە پێـی ڕەوتـی بەکارهێنـەران، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بـە ئەپڵیکەیشـنە زیرەکـەکان ببـەستن، چونکـە لـەم ڕێگەیـەوە سـەرنجی ڕیکلامکـەران ڕادەکێشـن، تاوەکـوو توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی بارگرانییـە ئابوورییەکانیـان هەبێـت، چونکـە ئەمـە تەنهـا مۆدێلـی ئابوورییـە کە گەرەنتیـی گەشـەپێدان و مانەوەی دامـەزراوەکان دەکات.

٧. تێبینـی دەکرێـت کـە هیـچ یاسـا و پەیمانێکـی شـەرەفی میدیایـی پەیوەسـت بـە کاری تەکنەلۆژیـای زیرەکیـی دەسـتکرد لـە نـاو دامەزراوەکانـی میدیـادا نییـە، هەروەهـا هیـچ میکانیزمێکـی وردی چاودێریکـردن نییـە بـۆ ئـەو زانیـاری یـان شـیکارییانەی کـە لـە لایـەن بەرنامـە زیرەکەکانـەوە بەرهـەم دەهێنرێـن. ئـەو ڕۆبۆتـەی کـە لـە ئێسـتادا بـە زیرەکیـی دەسـتکرد کار دەکات، توانـای لێکدانـەوە یـان شـیکردنەوەی بەرهەمەکانـی نییـە، هەروەهـا ناتوانێـت جیـاوازی بـکات لـە نێـوان ئـەوەی کـە ئایـا ئـەو زانیارییانـەی کـە وەریدەگرێـت دروسـتە یـان نـا، بۆیـە ئەگـەر ڕۆبۆتەکـە زانیاریـی هەڵـەی پـێ بدرێـت، ئـەوا کاریگەریـی نەرێنیـی لەسـەر بەرهەمـەکانی دەبێـت

٨. بەکارهێنانـی زیرەکیـی دەسـتکرد و ئـەو بەرهەمانـەی کـە لـە بـواری میدیـای دیجیتاڵیـدا پێشکەشـی دەکات، ئاسـتەنگ بـۆ لایەنـی پیشـەیی و ئەخلاقیـی کارەکـە دروسـت دەکات. هەروەهـا ئەپڵیکەیشـنەکانی دەتوانێـت بـە ڕووی یاسـاکانی بڵاوکردنـەوە و پەخشـکردن و مافـی چاپکردنـدا بوەسـتێتەوە، چونکـە دەتوانێـت ئـەو بەرهەمانـەی کـە مـافی چـاپ و بڵاوکردنەوەیـان پارێـزراوە، بـۆ بەرهەمهێنانـی ناوەرۆکـی نـوێ بـەکار بهێنێـت، بـە بـێ ئـەوەی مۆڵەتـی پێشـوەختە وەربگرێـت یـان لـە بەرانبـەر بەکارهێنانیـدا پـارە بـدات

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

١. گۆڕینـــی شـــێوازی ئێســـتای مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ کێشـــەکان لـــە میدیـــای دیجیتاڵیـدا، بـە خۆگونجانـدن لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکارییـە نوێیانەی کـە تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیـــی دەســـتکرد هێناویانەتـــە ئـــاراوە، هەروەهـــا بـــە دۆزینـــەوەی ڕێگاکانـــی پێکەوەژیـان لەگەڵیانـدا، ئەمـە لـە ڕێگـەی ئامادەکـردنی ژێرخـانی دامـەزراوەکان و مەشـقکردن بـە کارمەنـدان دەبێت بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئەپڵیکەیشـنە نوێیەکاندا

٢. ئامادەکـــردنی دامـــەزراوە میدیاییـــە تەقلیدییـــەکان بـــۆ مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ جیهانـی مەجـازی (میتاڤێـرس) و تەکنەلۆژیـا زیرەکەکانـدا، بـەو پێیـەی چارەنـووس و داهاتـووی میدیـا بـۆ ئـەوە

٣. پەرەپێدانـــی پلان و ستراتیـــژی جێبەجێکـــراوی بەپەلـــە بـــۆ داڕشـــتنەوەی دامـــەزراوە میدیاییەکانـــی ئێســـتا بـــە گوێـــرەی پێشـــهاتە مۆدێرنـــەکان

٤. پێویسـتیی ڕێککەوتـن لەسـەر پـەیمانی شـەرەف بـۆ بەکارهێنانـی ئەپڵیکەیشـنە زیرەکـەکان لـە نووسـینی ناوەرۆکـی میدیـای دیجیتاڵیـدا، بـە جۆرێک کـە جەماوەری وەرگـــر لـــە ســـەرچاوەی بەرهەمهێنانـــی ئـــەم ناوەرۆکـــە ئـــاگادار بکرێتـــەوە، بـــە نووسـینی دەسـتەواژەیەک کـە ڕوونـی بکاتـەوە کـە ئایـا نووسـەری ناوەرۆکەکـە مرۆڤـە یـان ئامێـرە

٥. دامـــەزراوە میدیاییەکانـــی ئێســـتا دەبێـــت لەگـــەڵ کۆمپانیاکانـــی مارکێتینـــگ یـەک بگـرن، ئەگەرنـا زۆرێـک لـە سـەرچاوەی داراییـی خۆیـان لەدەسـت دەدەن و لەوانەیـە لـە داهاتـوودا ناچـار بـە داخسـتن بکرێـن

٦. لـە کۆلێژەکانـی میدیـا خوێنـدکاران فێـری کاری ئەپڵیکەیشـنە زیرەکـەکان بکرێـن، بـە هـۆی ئـەوەی کاریگەرییەکانی لەسـەر ئـارەزوو و کولتوور و شـێوازەکانی بەکاربـەر لـە گەشەسـەندندایە

## سەرچاوەکان

تێبینـی: بـە هـۆی درێژیـی توێژینەوەکـە و پێویسـتیی پاراسـتنی هاوسـەنگی لـە بابەتەکانـدا، لیسـتی سـەرچاوەکان دانەنـراوە، دەتوانـن لـە ماڵپـەڕی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ئایندەیـی سـەرچاوەکان ببیـن

راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی میدیای کوردی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا

**پڕۆفایلی بەشداربووان:**



**د. سامان فەوزی عومەر:** ساڵی ١٩٧٥ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە یاسای شارستانی و یاسای ڕاگەیاندن. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٠، مامۆستا بووە لە زانکۆی سلێمانی. ئەندامی خولی دووەمی ئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق بووە. لە ئێستادا مامۆستایە لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

---



**ستران عەبدوڵا محەمەد:** ساڵی ١٩٦٩ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر. ساڵی (١٩٩٣)ەوە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کار دەکات. سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی «ئاسۆ» و «کوردستانی نوێ» بووە. لە ٢٠٢٠ تاوەکوو ٢٠٢٣، لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. لە ئێستادا لێپرسراوی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە

---



**د. دڵشاد مستەفا سلێمان:** ساڵی ١٩٨٧ لە شاری سۆران لەدایک بووە. بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین. پسپۆڕ لە کارگێڕیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی گەشتیاری

**ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد**

میدیا بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە هەردوو ئاستە ئەرێنی و نەرێنییەکەیدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ئاراستەکردن و دارشتنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، بەو واتایەی ئەرک و بەرپرسیارێتیی میدیایی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، چونکە کاردانەوە و پانتایی کایەی میدیایی بە لەبەرچاوگرتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تاکوو ئەندازەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی لەسەر کایەی گشتی جێ هێشتووە و کەلێنێک نەماوە نەکەوێتە بەر هێزی کارتێکەری هێزی ئاراستەکراوی میدیا

لە بەرانبەر ئەو کارتێکەرە میدیاییە فراوان و گشتگیرەدا، مانا و مەبەستی «ئازادی» و «ماف» و «دادپەروەری»؛ گۆڕانکارییەکی بنچینەییان بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک کە ڕاستەوخۆ ئاوێزانی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەبن. ئەگەرچی ئەم کارتێکردنە ڕاستەوخۆیە بەسەر دوو جەمسەری کۆیەک یاخود دژ، کار و کاردانەوە دابەش دەبن، زۆر جار دەچنە سەنگەر و هەندێک جار یەکانگیر و هاوتەریب دەبن، بەڵام ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەم کاریگەرییە لە کوردستاندا بە کەرەستە و ناوەرۆکە میدیاییەکەیەوە بەشدارە لە باسوخواسە نەتەوەییە و نیشتمانییەکاندا. ئەگەرچی هێشتا میدیایەکی نیشتمانی نییە و ئاستی بێمتمانەیی و ڕکابەریی سیاسی و ئایدۆلۆژی تێیدا زاڵە، وەک دامەزراوەیەکی میدیایی نیشتمانی دەرناکەوێت و ئەرک و بەرپرسیارێتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دیاری نەکراوە

لەگەڵ ئەوانەدا سەرنجە گشتییەکان دەچنە سەر ئەو بۆچوونەی کە ئەو فەزا گشتییەی کە میدیای مۆدێرن خستوویەتە بەردەست، هەستی نەتەوایەتییان لاواز کردووە؟ یان بە پێچەوانەوە پەرچەکردارێکی دژیان دروست کردووە و ئێستا نەتەوەکان پتر دەست بە شوناسی خۆیانەوە دەگرن؟ یاخود میدیای کوردی تا چەند لەم ڕووەوە واتە بەهێزکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی سەرکەوتوو بووە؟ ئایا کاریگەرییان لەسەر دیارترین پرسە نیشتمانییەکانی لە نموونەی دروستکردنی ڕای گشتی و ڕووماڵی فراوان و دروستکردنی هۆشیاریی نیشتمانی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی تاکوو چ ئەندازەیەکە؟

## ڕۆڵی میدیا لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا

سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، د. سامان فەوزی پسپۆڕ لە یاسای شارستانی و یاسای ڕاگەیاندن، پێی وایە کە میدیا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر دەبینێت لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بە هەردوو ئاڕاستەدا، چ بە ئاڕاستەی پۆزەتیڤ و بەهێزترکردنی ئەو پرسانە لە ڕێگای کاریگەری خستنە سەر ڕای گشتی و یەکخستنی وتاری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە جۆراوجۆرەکان، چ بە ئاڕاستەی نەرێنی و لاوازکردنیان بە جۆرێک کە ببێتە بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و خەریککردنی بە بابەتە لاوەکی ڕووکەشییەکان و لەتوپەتکردن و لاوازکردنی ڕای گشتیی پەیوەست بەو پرسە نیشتمانی و نەتەوەییانە. بۆ نموونە؛ کاتێک میدیا دەبێتە هۆی لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگا و کار دەکات بۆ بەیەکدادان و دروستکردنی ڕقوکینە لە نێوان پێکهاتەکان یان ئایین و ئایینزاکاندا، بێگومان ئەو کاتە دەکرێت بوترێت ئەوە میدیایە ڕۆڵێکی خراپ و نێگەتیڤ دەبینێت لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا. هەر بۆیە بڕگەی یەکەمی مادەی (٩) ی یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، کە جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیادا، دەڵێت: «نابێت ڕۆژنامە ئەو بابەتانە بڵاو بکاتەوە کە دەبنە هۆی لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگا»

بەم پێیە د. سامان فەوزی بۆ ڕێگریکردن لە وتاری ڕقوکینە لە میدیای کوردیدا کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی پرسە نیشتمانییەکان، ئاماژە بە توێژینەوەیەکیان دەکات کە دەیانگەیەنێتە ئەو سەرنجەی کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە کەموکوڕیی هەیە و پێویستە یاساکانی بۆ هەموار بکرێتەوە، بە جۆرێک بە شێوازێکی ڕوونتر و سەردەمیانەتر ئەو بابەتانە بە یاسا ڕێک بخرێن هەروەکوو چۆن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە

لە لایەکی ترەوە ستران عەبدوڵا شرۆڤەکاری سیاسی و کەسایەتیی میدیایی، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆڵی میدیا لە پرسە نیشتمانییەکان بابەتێکە جێی گفتوگۆ نییە، لە هەر وڵاتێکدا میدیا چەند ئەرکێکی لەسەر شانە، با ئاستی

گەشـەکردن و شـێوازی میدیاکـە هـەر چـۆن بێـت، یـان لـە هـەر کاتێکـدا بێـت، ڕۆڵـی میدیـا بـە گشـتی ڕۆڵێکـی گرنگـە لـە پرسـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکاندا. لێـرەدا مەبەسـتمان لـەو میدیـا جیهانییانـە نییـە کـە ڕۆڵێکـی لایەنگرانـە دەبینـن وەک ئـەوەی لـە ڕۆژئـاوا هەیـە، بـەو پێیـەی هیـچ میدیایـەک نییـە بەشـێک نەبێـت لـە پرۆسـەی سیاسـیی وڵاتێکـی دیاریکـراو. هەندێکیـان بـە ئەنـدازەی گەورەیـی وڵاتـەکان بەرپرسـیارێتیی نێودەوڵەتـی دەکەوێتـە سـەر شـانیان. ئەگـەر بێینـە سـەر باسـی عێـراق و کوردسـتان، ئـەوا ڕۆڵـی میدیـا گرنگـە لـە پرسـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکاندا. لـە کوردسـتان ئەرکـی پرسـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان مانایەکـی فراوانـی هەیـە، بـە مانـای قۆناغـی ڕزگاریـی نیشـتمانی، بـە واتـای دەسـەڵات و سیسـتمی حکومڕانـی، کـە بەشـێک لـە ئەرکـە نیشـتمانییەکانی گەلێکـی وەک کـورد جێبەجـێ بـکات، بێگومـان ئەرکێکـی دییـش لەئەسـتۆ دەگرێـت کـە ئەرکـی ئاییندەییە. لـە کوردسـتاندا ئـەم ئەرکـە دابـەش دەبێـت بـە گوێـرەی قۆناغەکانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی. بـۆ نموونـە؛ میدیـا لـە کوردسـتاندا ئەرکـی دەبینـی بەرانبـەر ئـەو هەرێمـەی کـە شـێوەیەکی فەرمیـی وەرگرتـووە و لـە چوارچێـوەی عێـراق بەشـێکە لـە دەسـتووری ئـەو وڵاتـەوە و دانـی پێـدا نـراوە و شـوێنی حوکمڕانییەکـی کوردییـە. پەرلەمـان و حکومـەت و دەسـەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردنـی هەیـە، هـەر بۆیـە ئەرکەکانـی میدیـا لـە ئاسـتی کـۆی باشـووری کوردسـتاندا بـە تـەواوی هەرێـم و ناوچـە دابڕێنراوەکانیشـەوە لەخـۆ دەگرێـت. لێـرەدا ئەرکێکـی تریـش هەیـە کـە بریتییـە لـە ئەرکـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بەرانبـەر عێـراق، ئەویـش بەشـدارییە لـە پرۆسـە سیاسـییەکانی عێراقـدا. ئـەم پۆلبەندییـە زیاتـر سیاسـییانەیە، بـەڵام ناتوانین ئەرکـی میدیایـی لـە ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی جیـا بکەینەوە.هـەر بۆیـە لـە کوردسـتاندا میدیـا ئەرکـی چاودێریکردنـی دەسـەڵاتی سیاسـیی لەسـەر شـانە، چونکـە میدیـا لـە سیاسـەتی جیـا ناکرێتـەوە، هـاوکات ڕۆڵـی لـە بەگژداچوونـەوەی گەندەڵیـی لەسـەر شـانە، ئەرکـی چاودێریکردنـی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و تەشریعـی و دادوەرییـە، هـەر بۆیـە پێـی دەوتـرێ دەسـەڵاتی چـوارەم. ئەگەرچـی ناوەکـە ناوێکـی مەجازییـە، لـە کاتێکـدا شـتێکمان نییـە بـە نـاوی دەسـەڵاتی چـوارەم، بـەڵام بـە هـۆی گرنگیـی ڕۆڵـی میدیـا و ئـەو دەورەی دەیگێڕێـت لـە نـاو پرۆسـەیەکی دیموکراتیـدا، ئـەم نـاوەی بەسـەردا بـڕاوە. ئەگەرچـی نازانرێـت

لە کوردستاندا تاکوو چ ڕادەیەک ئەم ئەرکە جێبەجێ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستاندا دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی بە جۆرێک تێکەڵی دەسەڵاتی سیاسی بووە، ناتوانیت ئەرکێکی سۆپەرمانی بە میدیا بدەیت وەک دەسەڵاتی چوارەم، تاکوو ئەو ڕادەیەی دەستی بڕوات لە ناو دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی یاخود دادوەری. هەر بۆیە دەسەڵاتی سیاسی زۆر جار دەبێتە هاوەڵی میدیا بە پێویستی دەزانێت تەداخول بکات و ڕۆڵی کەم بکاتەوە، چونکە لە هەر وڵاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی توانیی قۆرغی دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری بکات و بیانخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، زۆر ئاساییە میدیاش کۆنترۆڵ بکات و بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، چونکە هێزی هەیە، ئەویش بە بێدەنگکردن و ئاڕاستەکردنی تاکوو ئەو ڕادەیەی مەترسیی لەسەر دەسەڵات نەبێت. هەر بۆیە لە کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی بەشێک لە پانتایی میدیا داگیر دەکات، وەک ئەو میدیایانەی سەر بە دەسەڵات و حیزبەکانن، یاخود میدیای ئەو هێزە ئابوورییەی کە دەسەڵاتی لە پشتەوەیە، ئەمەش زۆر زەحمەت دەبێت ئەو پانتاییە کەمەی بۆ میدیا دەمێنێتەوە؛ چاوەڕێی شتی گەورەی لێ بکرێت

هەروەها جارێکی تر ستران عەبدوڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆر جار میدیا لە ئەرکێکی هاوبەشدا بە جیاوازییەکانیەوە ڕۆڵ دەبینێ لە پاڵ دەزگا و دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا، بە تایبەت لەو ئەرکانەی کە ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانییان هەیە. بۆ نموونە؛ قسەکردن لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد، ئەمە دەبێتە خاڵی هاوبەش بۆ نموونە لەسەر پرسی کەرکووک. ئەو بۆچوونەی کە ڕۆژنامەنووسێک بەرانبەر کەرکووک هەیەتی، دەبێت هەمان ئەو دیدە بێت کە دەسەڵاتی سیاسی هەیەتی. زۆر جار بە هۆی پابەندێتییە سیاسییەکان و هاوبەشێتیی سیاسی و هاوپەیمانێتی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ لایەنەکانی عێراقدا، لەوانەیە دەسەڵاتی سیاسی نەتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بەڵام دەسەڵاتی میدیا دەتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، چونکە میدیا هیچ پابەند نییە بەوەی لە کوردستانیبوونی کەرکووک کەم بکاتەوە وەک ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی زۆر جار پارێزبەندیی تێدا دەکات، یاخود مەسەلەی کەرکووک دوا بخات و خاوی بکاتەوە

لەسەر هەمان ئەو سەرنجانەی کە ڕۆڵی میدیا لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا دەردەخەن، د. دڵشاد مستەفا پسپۆڕ لە کارگێڕیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی گەشتیاری، تیشک دەخاتە سەر  واقیعی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، ئەویش بە سەرنجدان لە میدیای نیشتمانی، کە ڕۆڵ و کاریگەریی زۆری لە چەند ڕوویەکەوە هەیە، بەو پێیەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان میدیاکان کاریگەریی زۆریان هەبووە لە ئاڕاستەکردنی گوتاری سیاسی، ئابووری، سەربازی، وەرزشی و بوارەکانی تر. لەم سۆنگەیەوە لە هەرێمی کوردستان؛ حکومەت، پەرلەمان و دامەزراوە کارگێڕی و ڕۆشنبیری و یاساییەکان نەیانتوانیوە بیر لە دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن بکەنەوە، کە گوزارشت لە خواست و داواکاریی گەلەکەی بکات، ئەگەرچی ساڵانێک پێش ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەوڵدا بوو لە ڕێگەی کەناڵی ئاسمانییەوە ئەو پەیام و گوتارە بگەیەنێت کە گوزارشت لە تەواوی ڕەنگ و پێکهاتەکانی حکومەت بکات، بەڵام پەیامەکە کاتی بوو و نەتوانرا لە چوارچێوەی لۆکاڵیبوونی هەرێم دەربچێت، یاخود بوونی ئەو هەموو ناوەندە میدیاییە لە هەرێم و بەراورد بە ڕێژەی دانیشتووانی ئێجگار زۆرە، بەڵام لەبەر ئەوەی حزب خاوەندارێتیی میدیا دەکات، لە ناو حزبیش جەمسەرەکانی خاوەندارێتیی ڕاگەیاندن ڕۆژ بە ڕۆژ لەدایک دەبن، بۆیە بەشێکی کەناڵەکانی میدیا زیاتر بۆ ململانێ و بەهێزبوونی پێگە و لێدانی حزبی دامەزراون

زیاتر لەوە، د. دڵشاد مستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە لەبەر ئەوەی حزب خاوەندارێتیی ناوەندەکانی میدیا دەکات، ناتوانرێت ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە دروست بکات، چونکە سیاسەتی کەناڵەکەی گوزارشتە لە گوتاری حزبەکەی. ئەگەر پەیامێک لە قازانجی حزبەکەی نەبێت؛ پەخشی ناکات و ڕای گشتیی بۆ دروست ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا چەند دامەزراوەیەکی سێبەر هەن، لە چەند گۆشەیەک توانیویانە ڕای گشتی بۆ پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست بکەن، بەڵام ئەوانیش لە ئاست خواستی ئێمەدا نەبوون. بۆیە من پێم وایە حکومەت و پەرلەمان دەتوانن لە ئایندەدا بیر لە ئاژانسێکی گەورە بکەنەوە کە گوزارشت لە یەک گوتاری و بایەخدان بە پرسە نیشتمانییەکان و خواست و داخوازیی گەلی کورد بکات، بۆ نموونە دەتوانن لە ڕێگەی (فیلم، دراما، دۆکیۆمێنتاری،

کارتـــۆن و ژانـــرە ڕۆژنامەوانییـــەکان)، کار لەســـەر پرســـی کیمیابـــاران، ئەنفـــال و جینۆســـایدی کـــورد بکـــەن، بەمـــە پرســـی کـــورد زۆر زیاتـــر دەچێتـــە پێـــش. لەمـــەوە بۆمـــان دەردەکەوێـــت میدیـــا نەیتوانیـــوە ئـــەو ڕۆڵـــە ببینێـــت لـــە پرســـە نەتەوەیـــی و نیشـــتمانییەکاندا

## ڕۆڵی میدیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

ســـەبارەت بـــە ڕۆڵـــی میدیـــا لـــە بەگژداچونـــەوەی گەندەڵیـــدا وەک فاکتەرێـــک بـــۆ بەشـــداری لـــە پرســـە نیشـــتمانییەکاندا، د. ســـامان فـــەوزی پێـــی وایـــە ســـەرەکیترین ئـــەرکی میدیـــا بـــە تایبـــەتی لـــە ســـەردەمی ئێســـتادا بریتییـــە لـــە بەگژداچونـــەوەی گەندەڵـــی، چونکـــە میدیـــا چـــاوی گەلـــە بـــۆ چاودێریکـــردنی هەڵســـوکەوتی نوێنـــەرەکانی لـــە بەڕێوەبـــردنی وڵاتـــدا. بـــە مانایـــەکی دیکـــە: ئـــەو کەســـانەی لـــە پلـــە و پۆســـتە گشـــتی و باڵاکانـــن، لـــە دواجـــاردا نوێنـــەری خەڵکـــن لـــەو پۆســـتانەدا، واتـــە لـــە بریـــی خـــەڵکی ئـــەو ئـــەرک و پۆســـتانە بەڕێـــوە دەبـــەن. هـــەر بۆیـــە خـــەڵکی و گـــەل ســـەرچاوەی دەســـەڵاتەکانن و بۆشـــیان هەیـــە چاودێریـــی نوێنەرەکانیـــان بکـــەن لـــە بەڕێوەبـــردنی ئەرکـــە گشـــتییەکاندا. هـــەر بۆیـــە بـــە میدیـــا دەوترێـــت دەســـەڵاتی چـــوارەم و ئەمـــڕۆ میدیـــای ئـــازاد بـــە یەکێـــک لـــە دامـــودەزگاکانی دەوڵـــەتی تـــازە دادەنرێـــت. بـــۆ نموونـــە؛ میدیـــا ڕۆڵ دەبینێـــت لـــە هەڵماڵینـــی گەندەڵیـــی کەســـێکی وەک «نیکســـۆن»ی ســـەرۆکی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا لـــە کاتـــی ئابڕووچوونەکـــەی «وترگێـــت». یاخـــود ئـــەو میدیایـــە کـــە دەبێتـــە هـــۆی ئابڕووچـــوونی هێـــزە ســـەربازییەکانی ئەمەریـــکا لـــە شـــێوازی بەڕێوەبـــردنی زیندانـــەکانی عێـــراق لـــە دوای ســـاڵی ٢٠٠٣. بـــەڵام بـــە هـــۆی دابەشـــبوونی ئاشـــکرای میدیـــاکان بەســـەر حیـــزب و لایەنـــە حیزبیـــەکان و هەندێـــک هـــۆکاری دیکـــە پەیوەســـت بـــە پیشـــەی میدیایـــی، تاوەکـــوو ئێســـتا میدیـــا وەکـــوو پێویســـت بـــەو ڕۆڵـــەی خـــۆی هەڵنەســـتاوە لـــە ڕووبەڕووبوونـــەوەی گەندەڵیـــدا. بـــۆ نموونـــە؛ لـــە ســـەروبەندی شـــەڕی داعشـــدا هەموومـــان گوێبیســـتی بازرگانیـــی کەســـانێک بوویـــن لەگـــەڵ ئـــەو هێـــزە تیرۆریســـتییە، بـــەڵام میدیـــا دەرئەنجامـــی هـــەواڵ و لێکۆڵینـــەوەکانی پـــێ نەوتیـــن! یاخـــود بۆچـــی دەســـتەی دەســـتپاکی لـــە هەرێـــم هیـــچ خـــاوەن پۆســـتێکی بـــاڵای نەداوەتـــە دادگا؟ ئایـــا لەبـــەر ئـــەوەی ئاســـتی گەندەڵـــی لـــە نـــاو پۆســـتە باڵاکانـــدا

کەمە، یاخود لەبەر ئەوەی دەزگایەکی کەم توانا و دەسەڵاتە؟ ئەمەش بەو واتایە دێت کە میدیای کوردی هەناسەی کورت و بچووکە بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکانی گەندەڵی و تاوەکوو ئێستا میدیای بنکۆڵکاری وەک پێویست لە کوردستاندا دەرنەکەوتووە

جیا لەوە، ستران عەبدوڵا سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا؛ ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر جار میدیا ڕۆڵ لە دیموکراتیزەکردنی وڵات و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چاکسازی لە حکومڕانیدا لە یەک دەگێڕێت، یاخود ئەو تێگەیشتنانەی کە تێگەیشتنی حوکمڕانیی باشن بۆ کوردستان زۆر گرنگن کە میدیا پێی هەڵدەستێت، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە بەهێزبوونی ئەزموونی سیاسیی کوردستان و بەشێکی گرنگ لە سەرخستنی پڕۆسەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان. لەم ئاستەدا میدیایەک ڕۆڵ بگێڕێت لە گەشەپێدان و باشکردنی پڕۆسەی دیموکراسی و برەودان بەو مۆدێلە سیاسییە هاوچەرخە لە دەسەڵاتدا، ئەویش خۆیلەخۆیدا بەشێکە لە بەشداریکردنی میدیا لە پڕۆسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

لەم سۆنگەیەوە ئەرکی سەرەکیی میدیا؛ گواستنەوەی زانیاری و هەواڵەکانە بە وەرگر و گوێگر و خوێنەر، بەم جۆرە میدیا ئەرکێکی تری هەیە کە زانیاری پێدان و هەواڵ پێدانە، زانست پێدان و جۆرێکە لە شمەک فرۆشتن بە هاوڵاتی. پێدانی هەواڵ و زانیاری تەنها پێدانی ئەرکێکی دیموکراتیخوازانە نییە، بەڵکوو پێدانی شمەکێکی ئابوورییانەیە لە چوارچێوەی هەواڵ و زانیاری بە وەرگر. واتە زانیاری شمەکێکە و میدیا دەیفرۆشێت لە بازاڕ و مامەڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لە لایەن ئەو کەسانەی ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر شانە لە کۆمەڵگەدا، چۆن بتوانن بڕیاری سیاسیی دروست و بەشدارییەکی سیاسیی کارا بکەن، ئەویش بە وەرگرتنی زانیاریی ڕاست و دروست یان ئەو شمەکەی کە بەشێکی لای میدیا دابین دەبێت. بۆ نموونە؛ پەرلەمان پێویستی بە زانیارییە لەسەر بودجە، هاوڵاتی پێویستە نرخی شمەک لە بازاڕدا بزانێت، یان بزانێت هاوڵاتی دەچێتە سەر کار بەیانی باران دەبارێت یان نا، ئەم زانیارییانە بۆخۆی وا دەکات هاوڵاتییەکی زیرەک و هۆشمەند و تێگەیشتوو بەرهەم بهێنێت، هەمان

کات دەکەوێتە سەر ئاستی متمانە، بێگومان بەشێک لەو ئەرکە لەسەر شانی میدیایە، بەم جۆرەش میدیا بەها بە زانیارییەکانی خۆیشی دەدات و هەمان کات بەشداریی خۆیشی فراوان دەکات لەو ئەرکە نیشتمانی و دیموکراسییانەی کە دەبێت لە وڵاتێکی دیموکراسیدا هەبێت، بەم پێیە باشترین کارێک کە میدیا بیکات ئەوە نییە تەنها دۆسیەکانی گەندەڵی بناسێنێت، بەڵکوو لە ئەرکی ڕۆژانەیدا کە پێدانی زانیاری و هەواڵە بە هاوڵاتییان، خۆیلەخۆیدا بەشدارییەکی زۆر کاریگەرە لە بەرپەچدانەوەی گەندەڵی، وەک ئەو چارەسەرە پزیشکییەی کە پێش ئەوەی تووشی نەخۆشی ببیت، بە پێدانی زانیاریی دروست و زانیاریی میدیایی بەشدار دەبێت لەو ئەرکە نیشتمانییەدا. خۆ ئەگەر ئەمەش نەبوو، لە قۆناغی دووەمدا بەشدار دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا. ئەگەرچی ناتوانین ڕۆڵێکی سوپەرمانی بدەینێ، بەڵام وەک ڕەگەزێکی کاریگەر دەبینرێت لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا. ناشتوانین بڵێین ئەم ئەرکە بە تەنها لەسەر شانی میدیایە، بەڵکوو لەسەر شانی ئەو دەزگایانەیە کە دەبنە چاودێر بەسەر یەکدییەوە و ئەرکی مەسلەکیی خۆیان جێبەجێ دەکەن

هەمان کات د. دڵشاد مستەفا پێی وایە کە میدیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە خستنەڕووی گەندەڵیدا. ئەرکی میدیایە کار لەسەر ئەو پرسە بکات، چونکە پەیوەندیی بە بەهەدەردانی سامانی وڵات و ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە. هەر بۆیە میدیا بە مانا ڕاستەقینەکەی دوور لە ئاڕاستەکردنی حزب بۆ جووڵاندنی دۆسییەیەک یاخود بابەتێک، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە زۆر وڵات لەسەر بڵاوبوونەوە و ئاشکراکردنی گەندەڵیی بەرپرسان. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕای گشتییان دروست کردووە، تاکوو ئەو ئەندازەیەی بەرپرسان وازیان لە بەرپرسیارێتی هێناوە و دواتر ڕووبەڕووی یاسا بوونەتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دروستکردنی دۆسیەی گەندەڵی لە زۆربەی کاتەکاندا بە ململانێی حزبی و کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە پەیوەست کراوە، یاخود لە کاتی هەستیاریی پرسەکاندا ئەو دۆسیانە زیندوو دەکرێنەوە، دواتر کە دۆخەکە ئارام دەبێتەوە دۆسیەکە دادەخرێت

لە کوردستان چەند دامەزراوەیەک هەن بەرەو میدیای ئازادبوون دەچن،

بەڵام لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن کە کار لە سەر ئەو پرسە دەکەن. لەبەر قەبارەی لۆکاڵیبوونی ناوەندەکە، وەک پێویست نەتوانراوە ئەو کاریگەرییە لەسەر پرسی گەندەڵی دروست بکات. دەکرێت بڵێین زۆر جار لەسەر دۆسیەی خزمەگوزاری یاخود هەندێک پرسی تر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر گەندەڵی و سیستیی پرۆژەکان و کەمتەرخەمیی بەرپرسان دەکەن، بەڵام لە ئاست خواستی پەیامی میدیادا نییە، چونکە قەبارەی گەندەڵی و بەهەدەرانی سامانی وڵات لە چەند گۆشەیەکەوە دەکرێت، قەبارەکەشی زۆر گەورەیە. ئەگەر میدیاکان کار لەسەر ئەو جەمسەرانە بکەن و ڕای گشتیی پێ دروست بکەن، ئەوە میدیا بە ئەرکی خۆی هەڵساوە. بەڵام لەبەر ئەوەی دۆسیەی گەندەڵی لە چەند سەرە جەمسەری گەورەدایە، میدیا دەستی پێ ناگات و یاخود دامەزراوەکان زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان نادەن. لە لایەکی دیکەشەوە هەندێک دامەزراوە هەن لە ڕابردوودا وەک پێویست نەتوانراوە لێپرسینەوە لەو بەرپرس و دەزگایانە بکەن، بۆیە میدیا دەبێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت پانتایی ئازادی و بڵاوکردنەوە زانیاری و گەندەڵی بەرفراوان بکات.

## ئایندەی کاری میدیایی، ئاستەنگ و ئاسۆکان

لە ڕووە گشتییەکەیدا ئایندەی میدیا و کاری میدیایی و سەرنجدان لە ئاستەنگ و ئاسۆکانی بەردەمی، د. سامان فەوزی لەو باوەڕەدایە کاری میدیایی لە ئێستادا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ بووەتەوە و لە داهاتووشدا زیاتر کاریگەریی ئەو ئاستەنگانە دەردەکەوێت، لەوانە ئاستەنگی متمانە و ئاستەنگی تیکەڵبوونی لەگەڵ سۆشیالمیدیادا. بۆ نموونە؛ لە ئێستادا کاریگەریی سۆشیالمیدیا کە لە لایەن کەسانی ئاساییەوە بەڕێوە دەبرێت، هیچی کەمتر نییە لە کاریگەریی ئەو میدیایانەی کە لە لایەن کەسانی شارەزای کاری میدیاییەوە بەڕێوە دەبرێن، ڕەنگە بینەر و بیستەر و خوێنەریشیان زیاتر بێت، هەر بۆیە لە ئێستادا پێشێلی ئاکاری بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە کە هەموو ئەمانەش کاریگەریی خراپ بەدوای خۆیدا جێ دەهێڵێت، چونکە زانیاریی ناڕاست و هەڵە دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕای گشتیی ناڕاست و ناتەواو، ئەمەش لە دواجاردا کاریگەریی بەسەر پرۆسەی

هەڵبــژاردنی نوێنــەرەکان و داهاتــووی وڵاتــدا دەبێـت

هەروەهــا ستران عەبـدوڵا هـێما بـۆ ئـەوە دەکات کـە ئاسـتەنگەکانی بـەردەم میدیـا لـە کوردسـتاندا ئەمـڕۆ و دوێنێـش هەبـوون، کـە دەکەوێتـە سـەر ئاسـتی بەجێهێنانـی ئەرکەکانـی خـۆی، چونکـە ئـەو ئەرکـەی کـە پێـی جێبەجـێ ناکرێـت دەبێتـە نەخۆشـییەک و هــەو دەکات و بـە هەمـوو جەسـتەدا بڵاو دەبێتــەوە. بـۆ نموونـە؛ ئەگـەر میدیـا نەتوانێـت بەشـدار بێـت لـە جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان، یاخـود ئەگـەر نەتوانێـت بەشـدار بێـت لـە پەرەپێدانـی دیموکراتـی و پەرەپێدانـی دامـەزراوە حیزبییـەکان و لـە گرووپەکانـی گوشـار و نەتوانێـت بەشـێک بێـت لـە بونیادنانـی کۆمەڵگەیەکـی پێشـکەوتوو و مەدەنـی و کارا، یاخـود نەتوانێـت بەشـدار بێـت لـە گەشـەپێدانی دامـەزراوەی ئابـووری، یاخـود لـە دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی، یاخـود نەتوانێـت لـە ئەرکـە نیشـتمانییەکانی وەک دیاریکردنـی سـنووری نیشـتمانی و بەدیهێنانـی ئـەو دامەزراوانـەی سـەروەریی نیشـتمانی بـەدی دێنـن، ئـەوا بێگومـان ئەرکەکانـی قـورس دەبێـت و ناتوانێـت بـە تـەواوی جێبەجێیـان بکات و دواتـر ئاسـتەنگەکانی زیاتـر دەبـن. هـەر بۆیـە ئاسـتەنگەکانی بـەردەم میدیـای کـوردی بەشـێکی بـۆ توانـای دارایـی و نەبوونـی سـەرمایە دەگەڕێتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا میدیـا و میدیاکارانـی کوردسـتان ڕۆڵێکـی گرنگیـان گێـڕاوە لـە پرسـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکاندا، بـەڵام ئاسـتەمە لـە کۆمەڵگەیەکـدا ئـەو پەیامـە بـە سـانایی بگات  لـە کاتێکـدا کـە چەنـد هێزێـک یـان چینێکـی سیاسـی دەسـتوەردان بکـەن و  هەمـان کات کار بـۆ سـووککردنی دامـەزراوەی پەرلەمـان و دامـەزراوە دیموکراسـییەکان بکـەن، هــەر بۆیــە بــە دۆخێکــی وادا ئاســتەمە میدیــا خــۆی بپارێزێـت، ئەگەرچـی ئەمـڕۆ سۆشـیالمیدیا کـە پێـی دەوترێـت «میدیـای هاوڵاتـی» ڕۆڵـی گرنـگ دەگێڕێـت، بـەڵام دەسـتێکی واڵا هەیـە و دەورێکـی گرنـگ لـە نێویـدا دەگێڕێـت، هــەر بۆیــە ناتوانیــن بڵێیــن میدیــای کوردییــش بێبــەری و بێگوناهــە. زۆر جـار بـە نـاوی پڕۆفیشـناڵییەوە دەبێـت بەشـێک لـەم دامەزراوانـە و بەشـێک لـە ڕاگرتنـی بارودۆخێکـی دیاریکـراو، تەنانـەت زۆر جـار میدیـای ئۆپۆزسـیۆنیش دەبێتـە فـەوزا و  دەبنـە میدیـای میللـی، کـە بـە گشـتی دەبنـە مەترسـی لەسـەر پڕۆسـەی سیاسـی و دەبنـە هـۆکار بـۆ پیسـبوونی ژینگـەی میدیایـی، بـەڵام لەگـەڵ ئەوانەشـدا دەکرێـت بڵێیـن لەگـەڵ قۆناغەکانـی گەشـەکردنیدا میدیـا یەکێکـە لـەو

دامەزراوانـەی خێـری لـێ دەبینرێـت و دەبێـت بـەردەوام بێـت و ئەرکـی بەشـێک لـە دامەزراوەکانـی تـر پـڕ بکاتـەوە. بـۆ نموونـە؛ ئەوەنـدەی ڕۆژنامـە و گۆڤـار و تەلەڤزیـۆن و ڕادیـۆ ڕۆڵیـان بینـی لـە پەرەپێدانـی زمانـی کوردیـدا، ئەونـە دامەزراوەکانـی تـر ئـەو ڕۆڵەیـان نەگێـڕا بـە وەزارەتـی پـەروەردە و خوێندنـی باڵاشـەوە، بـەڵام میدیـا بـە کاری ڕۆژانـەی ئەمـەی کـردووە. بـۆ نموونـە؛ ئەوەندەی میدیـای کـوردی قسـەی لەسـەر ئابووریـی کوردسـتان کـردووە، بـە چـاک و خـراپ قسـەی لەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـیی کوردسـتان کـردووە، دامەزراوەکانـی تـر نابینین بـەو ئاسـتە باسـیان لـەوە کردبێـت. تەنانـەت هەڵـە نییـە ئەگـەر بڵێیـن ئەوەنـدەی میدیـای کـوردی قوربانیـی داوە، دەسـەڵاتی دادوەری و دادگاکان لەمـەدا نابنـە سـومبول یـان هـەر دامەزراوەیەکـی تـر لـە بـەردەم میدیـا ئـەو کارەی نەکـردووە و نەبوونەتـە سـومبول لـە قۆناغـی گواسـتنەوەی نەتەوەیـی و نیشـتمانیدا

بـە لەبەرچاوگرتنـی ئاینـدەی کاری میدیایـی و ئاسـتەنگ و ئاسـۆکانی، د. دڵشـاد مسـتەفا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان ئاڵۆزییەکـی زۆر بـەدی دەکرێـت، چونکـە نەتوانـراوە میدیـای «نـووسراو، بیـستراو، بـینراو» بـە شـێوەیەکی گشـتی ڕێـک بخـرت، هـەر چەنـدە بـۆ میدیـای نـووسراو یاسـای ژمـارە (٣٥)ی سـاڵی ٢٠٠٧ هەیـە، بـەڵام بـۆ میدیـای بیـستراو و بـینراو ڕەنگـە دادوەر پەنـا بـۆ یاسـای سـزادانی عێراقـی یاخـود یاسـایی دیکـە ببـات. هـەر بۆیـە گرنگـە کاری میدیایـی لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی یاسـادا ڕێـک بخـرت، کـە ئەمـەش پێویسـتی بـە هەوڵـی دلسـۆزانەی پسـپۆڕانی بـواری میدیـا و یاسـایی و شـارەزایانی تـر هەیـە. بـەم پێیـە لـە هەرێمـی کوردسـتان کارکـردن لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیاندنـدا ئاسـانە، چونکـە مەرجەکانـی وەرگرتـن و پاڵاوتـن بـۆ ڕاگەیاندنـکاران نییـە، وەرگیـران و کارکـردن لـەو دەزگایانـە گەڕاوەتـەوە سـەر باکگراونـدی کارکردنـی پێشـوو و ئـارەزوو بـۆ کارکـردن، پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی. هەندێـک لـەو دەزگایانـە بـەو جـۆرە نـاسراون و بنیـات نـراون، ئەمـەش پێویسـتی بـە ڕێکخسـتن هەیـە. ئـەم ئاڵۆزییـەی ئێسـتا لـە میدیـای کوردیـدا هەیـە، کاریگـەری خراپـی کردووەتـە سـەر تـەواوی جومگەکانـی حکومـەت و کۆمەڵگـە، تاکـوو ئـەو ڕادەیـەی میدیـا لـە جیاتیـی دادگا کاری خـۆی دەکات. هـەر بۆیـە ئـەم پڕۆسـەیە پێویسـتە سـەرلەنوێ بـە یاسـا ئـەرک و مافـی ڕاگەیاندنـکاران و دامەزراوەکانـی

ڕاگەیاندن و هاوڵاتی دیاری بکات. ناکرێت هاوڵاتی کێشەی خێزانی و موڵک و خوێندariی هەبێت، مایکی کەناڵەکان کۆ بکاتەوە کێشەکەیان بۆ باس بکات. ئەم پرسە پرسێکی یاساییە، دادگا و پۆلیس دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاری خۆیان دەکەن. لە کاتێکدا ئەگەر بە یاسا ڕێک خرا، دەتوانرێت لە نێو چوارچێوەیەکدا میدیا کاری خۆی بکات

لێرەدا دەگەینە ئەوەی لە ڕووە گشتییەکەیدا ئاسۆکانی میدیای کوردی بەم شێوەیەی کە هەیە؛ جێگەی دڵخۆشی نییە، چونکە ئەزموونی ڕابردوو لەبەردەستە. زۆر جار بەرکەوتنی زۆر توند و زمانی زبر بەکار هاتووە، کار گەیشتووەتە ئەوەی میدیای وەک هێزی نەرم لە جیاتیی سەربازی بەرامبەر یەکتر بەکار هێناوە. ئەگەرچی چەند دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە هەرێم هەن درک بەوە دەکەیت لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاسۆکان ڕوون بن، بەڵام ئەو گەشەیە گەشەیەکی لاوازە، پێویستە بە دەستەکۆمەڵەکی (جمعی) هەیە. ئەم کاریگەرییە بە دانەیەک و دووان ناکرێت. لە ئێستادا هەر چی حزبە دەیان پەیج و دامەزراوەی میدیایی هەیە و لە بەرامبەر یەک بەکاری دەهێنن، هەر بۆیە کێشە لە زۆری و دامەزراوەش نییە، بەڵام بتوانن کار لەسەر بەها و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بکەن. جگە لەمانە، لە سەکۆکانی سۆشیالمیدیاش ئەوە بەدی دەکەیت کە زۆر جار لە ڕاپرسی و ئامارەکان کە بڵاو دەکرێنەوە، دەرکەوتووە وەرگر متمانەی بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن نییە، بۆیە پێویستە هەوڵی جددی بدرێت میدیا بگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستی و زانستیی خۆی. ئەگەرچی چەند ساڵێک پێش ئێستا هەوڵ درا ئەنجوومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن دابمەزرێت کە دەتوانرا کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان ڕێک بخات، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوو نەبوون. لە کاتێکدا ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە بە یاسا دابمەزرایە، ئەلتەرناتیڤێکی کاریگەر دەبوو. لە لایەکی دیکەش سەندیکا وەک پێویست نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت لە ئاست خواست و داواکاریی پسپۆڕان بێت. بۆیە ئەم قۆناغەی ئێستا میدیای کوردیی تێدایە و بۆ دەربازبوون و باشترکردنی دۆخی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، ئەرکی هەموو لایەکە بە پڕۆژەیەکی گشتگیر و زانستی و ئەکادیمی میدیای کوردی بەرەو قۆناغێکی باشتر هەنگاو بهاوێژێت

کتێبی ئایندەیی

# ئایندەناسی

# هەواڵسازان

## زەیرکیی دەستکرد و ئایندەی ڕۆژنامەنووسی




**ئامادەکردن: ئایندەناسی**

کتێبی «هەواڵسازان: زیرەکیی دەستکرد و ئایندەی ڕۆژنامەنووسی›› (Newsmakers: Artificial Intelligence and the Future of Journalism)، لە لایەن فرانچێسکۆ مارکۆنی (Francesco Marconi) نووسراوە و ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن چاپەمەنیی زانکۆی کۆڵۆمبیا بڵاو کراوەتەوە. مارکۆنی؛ نووسەر، لێکۆڵەر و پسپۆڕی بواری زیرەکیی دەستکرد و ڕۆژنامەنووسییە، وەکوو یەکەمین سەرۆکبەشی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان لە «واڵ ستریت جۆرناڵ» (Wall Street Journal) کاری کردووە، توێژەری ئەندامە لە ‹‹MIT Media Lab›› و ناوەندی ‹‹Tow Center for Digital Journalism›› لە زانکۆی کۆڵۆمبیا

لەم کتێبەدا نووسەر هەوڵی داوە کاریگەرییەکانی زیرەکیی دەستکرد لەسەر پیشەی ڕۆژنامەنووسان و چۆنیەتیی خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیایە ڕوون بکاتەوە و زیاتر لە هەر بەشێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسی؛ جەختی لەسەر بەشی هەواڵسازی و کارکردی زیرەکیی دەستکرد لەم لایەنەوە کردووە. مارکۆنی بە بەراوردێک لە نێوان شێوازە کۆن و نوێیەکانی ڕۆژنامەنووسی، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدات کە ئایا تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد دەبێتە جێگرەوەی ڕۆژنامەنووسەکان و کۆتاییان پێ دەهێنێت، یان دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەکە؟ چۆن دەتوانین متمانە بەم دیاردە نوێیە بکەین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

کتێبەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا بە ناونیشانی: «ئاریشە، مۆدێلی ڕۆژنامەنووسی لە گۆڕاندا»، نووسەر باس لە دوو مۆدێلی کۆن و نوێی ڕۆژنامەنووسی دەکات و جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە چیتر شێوازە کۆن و نەریتییەکەی ڕۆژنامەنووسی وەڵامدەرەوەی پێویستی و کێشەکانی ئێستا نییە و پێویستە لەگەڵ شێوازی نوێدا جێگۆڕکێی پێ بکرێت. لە مۆدێلی نوێی ڕۆژنامەنووسیدا بە هۆی تایبەتمەندییەکانی وەک: خێرایی و ساتیبوونی هەواڵەکان، فراوانبوونی ڕووبەری زانیارییەکان و شرۆڤەی ئەلگۆریتمی زانیارییەکان و گۆڕانی سەرچاوەکانی داهات؛ وەرچەرخانێک لە پیشەسازیی میدیا دێتە کایەوە، بە جۆرێک کە هەوڵەکان بە خێراییەکی زیاتر دەگاتە خەڵک، زانیاری و شرۆڤەکان وردتر دەبن، هەروەها بە هۆی ڕۆڵی پڕوپاگەندەی دیجیتاڵی، بەشداریی ئۆنلاین و شێوازە نوێیەکانی بەدەستهێنانی داهات، سەرچاوەکانی داهات بەرەو باشتربوون هەنگاو دەنێن و شێوازە کۆنەکان وەلا دەنێن. بۆیە لەم ڕۆژگارە نوێیەدا زووری هەواڵی میدیاکان ناچارن کەرەستە و ئامرازی نوێی دیجیتاڵی بەکار بهێنن

لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی: «تواناپێدەرەکان، زیرەکیی دەستکرد چۆن ڕۆژنامەنووسی دەگۆڕێت؟»، باس لە ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژنامەنووسی دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو کە بە چ شێوەیەک هاوکاریی نێوان مرۆڤ و تەکنەلۆژیا دەتوانێت یارمەتیی پرۆسەی ڕۆژنامەنووسی بدات. نووسەر

ئـەو گریمانەیـە ڕەت دەکاتـەوە کـە زیرەکیـی دەسـتکرد شـوێنی ڕۆژنامەنووسـان لـەق بـکات، بـە پێچەوانـەوە ئەلگۆریتمـەکان یارمەتیدەرێکـی بـاش بـۆ ئامادەکردنـی بابەتەکانـی وەک ڕاپۆرتـە داراییـەکان، هەواڵـە وەرزشـییەکان و دۆخـی ئاووهـەوا دەبـن.

لـە بەشـی سـێیەم و بـە ناونیشـانی: «ڕەوتـی کار، چوارچێوەیـەک بـۆ گۆڕینـی ژووری هـەواڵ»، مارکۆنـی چۆنیەتیـی هاوتەریببوونـی کاری ڕۆژنامەنووسـی لەگـەڵ زیرەکیـی دەسـتکرد ڕوون دەکاتـەوە. نووسـەر پێـی وایـە چیتر ڕۆژنامەنووسـی بـە شـێوازی ڕابـردوو سـوودی نەمـاوە و پێویسـتی بـە خۆگونجانـدن لەگـەڵ گۆڕانکارییە دیجیتاڵییـە نوێیەکانـدا هەیـە و نموونـەی دامـەزراوەی میدیایـی واشـنتن پۆسـت دەهێنێتـەوە کـە خـۆی لەگـەڵ جیهانـی نوێـی ڕۆژنامەنووسـیدا گونجانـدووە و لـە ئامادەکرنـی هەواڵەکانـدا پشـت بـە زیرەکیـی دەسـتکرد دەبەسـتێت

مارکۆنـی لـە ئەنجامگیرییەکـی بەرهەمەکەیـدا پێـی وایـە زیرەکیـی دەسـتکرد بـە مەبەسـتی جێگرتنـەوە و لادانـی ڕۆژنامەنووسـەکان نەهاتـووە، بەڵکـوو تەنیـا هەشـت بـۆ دوانـزە لـە سـەدی ئەرکەکانـی ئێسـتای ڕۆژنامەنووسـان لـە لایـەن بەرنامـە و ئامێرەکانـی تایبـەت بـە زیرەکیـی دەسـتکرد ئەنجـام دەدرێـن و لـە ڕاسـتیدا بووەتـە هـۆی ئـەوەی سەرنووسـەران و ڕۆژنامەنووسـان بـە ئاراسـتەی بەرهەمهێنانـی نـاوەڕۆک و بەرنامـەی بەبەهاتـر هەنـگاو بنێـن. بـۆ نموونـە: لـە بابەتەکانـی وەک چاوپێکەوتنـی تایبـەت، شـیکار و لێکدانـەوە، ڕۆژنامەنووسـی لەسـەر بنەمـای زانیـاری و ....، سـەرجەمیان لـەو بوارانـەن کـە زیرەکیـی دەسـتکرد دەتوانێـت یارمەتیدەرێکـی بـاش بـۆ بەرەپێشـچوونی کارەکانـی ڕۆژنامەنووسـان بێـت. زیرەکیـی دەسـتکرد ئـەو هەلـە بـە ڕۆژنامەنووسـان دەبەخشـێت کـە هەواڵـەکان بـە خێراییەکـی زیاتـر بڵاو بکەنـەوە و لـە هەمـان کاتـدا کاتێکـی زیاتریـان بـۆ شرۆڤـە و بنکۆڵکاریـی قـووڵتری هەواڵـەکان بـۆ بگەڕێتـەوە. لەگـەڵ ئەمەشـدا، نووسـەر ئامـاژە بـەو خاڵـەش دەکات کـە سـەرباری هەمـوو لایەنـە بـاش و خزمەتگوزارییەکانـی زیرەکیـی دەسـتکرد، بـەڵام چاودێریـی بـەردەوام پێویسـتە و پشتبەسـتنی ڕەهـا هەڵەیـە. بۆیـە دواجـار پێویسـتە ڕۆژنامەنووسـان و لێکۆڵەرانـی بـواری میدیـا بـەرەو کارکـردن و ڕاهێنـان لەگـەڵ زیرەکیـی دەسـتکرد هەنـگاو بنێـن، بـە پێچەوانەوە لـە ڕکابەریـی میدیایـی دوا دەکەون.

کتێبی ئایـندەیی

# ئایندەناسی



# میدیای نیشتمانی

ئامادەکردن: ئایندەناسی

**پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان میدیا و نیشتمان و ڕۆڵی میدیای نیشتیمانی لە کایە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام بەر لەوە با بە جیا پێناسە گشتییەکانی میدیا و نیشتمان بخەینە ڕوو و پاشتر میدیای نیشتمانی بناسێنین**

هەر چی خودی میدیایە، بریتییە لەو پرۆسەیەی کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کارلێکی نێوان خەڵک و ئەزموونەکان و بۆچوونەکانیان و وەشاندنیان، ئەمەش لە سایەی شارستانێتیی نوێی مرۆڤایەتیدا بووەتە مەزنەهێزێک و هیچ نەتەوە و کۆمەڵگە و نیشتمانێک لێی بێباک نییە

میدیا، بە جۆرێکی دیکە بەوەش پێناسە دەکرێت کە هۆی پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەگرە لە ڕێگەی هۆکارێکی میدیایی کە بە هۆیەوە پەیامێک دەگوازرێتەوە بۆ لایەنێکی دیکە کە هەڵدەستێت بە دەوڵەمەندکردنی جەماوەر بە زانیاری و ڕاستینە نەگۆڕەکان بە مەبەستی باوەڕپێهێنانی جەماوەر لە ڕێگەی هەقیقەت و ژمارەکان و بۆچوونەکانەوە

ئامانجی میدیاش بە گشتی بریتییە لە بڵاوکردنەوە و کارکردن لە سەر چاودێریی ژینگە، گواستنەوەی میراتی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ ئەوی دیکە، پەرەپێدانی کۆمەڵگە و هۆشیاریی تاک، دیپلۆماسیەتی ئاشکرا و نافەرمیی نێوان وڵاتان، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، چەسپاندنی هاونیشتیمانێتی، تاکگەرایی، یەکسانی، مەیل و ئینتیمای نیشتمانی، بەشداری و بەرپرسیارێتیی تاک و کۆمەڵگە و زۆر بواری دیکە

## بەڵام نیشتمان چییە؟

نیشتمان شوێنێکە کە تێیدا مرۆڤ نیشتەجێیە و دەیکاتە بارەگای جێگیربوونی. بە شێوەیەکی گشتییش نیشتمان پارچە زەوییەکە کە نەتەوە ئاوەدانی دەکاتەوە بە شێوەیەکی تایبەت و دەیکاتە مەسکەنی خۆی. مەسکەن بە مانای وابەستەیی زەین و ئاگایی و کولتوور و کەلەپووری هاونیشتمانی بەو نیشتمانەوە. پێگە و شوێن و شار و دەوڵەتیش هەر لە سەر ئەو نیشتمانە بنیاد دەنرێت

## ئەی میدیای نیشتمانی چییە؟

میدیای نیشتمانی میدیایەکی ئاراستەکراوی پەیامدارە، کە ئامانجی پێشکەشکردنی وێنایەکی بابەتییانە و ڕاستینەیی نیشتمان و سیمبولەکان و سیاسەتەکان و دەستکەوت و مرۆڤەکانیەتی... تاد. بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکەش، لە ڕێگەی دوو ئامرازەوە ئەنجامی دەدات

یەکەمیان: بە شێوەی گێڕانەوەیی (سردی) وەسفی، کە بریتییە لە پێشکەشکردنی وێنەی نیشتمان بۆ ئەوانەی کە نایناسن یاخود بیریان دەخاتەوە، بەدوویدا لە نێو دەروون و ویژدانی بەردەنگەکانیدا وێنایەکی ڕاستینە دەچێنێت لە بارەی نیشتمان و دیوە ئەرێنییەکانیەوە. هەر چی ئامرازی دووەمیشە، بریتییە لە شێوازی ڕەخنەکاری و ڕەخنەگرتن، کە هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی گوتارە میدیاییەکانی دیکە و ئەو وێنا شێواو و هەڵانەی لە بارەی نیشتمان و هاونیشتمانییەکانیەوە (ئیتر بە ئەنقەست بێت یان ڕێکنەخراو بێت) سازێنراوە و لە بریی ئەو وێنە و وێنا شێوێنراوە؛ وێنایەکی ڕاستینەیی و بابەتییانە پێشکەش دەکات

بۆیە ڕۆڵی میدیای نیشتمانی ڕۆڵێکی تەوەری دەبینێت کە پشتئەستوورە بە زانیاریی ڕاست و ڕامان و هۆشیاری و ئاگاییبەخشین و ڕۆشنکردنەوەی پرسە گرنگەکان لە بارەی نیشتمان و وەرچەرخانە هەنووکەییەکان تێیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزکردن و نمایشکردنەوەی

وێنـەی نیشـتمان و سیاسـەتەکانی چ لـە نێوخـۆ و چ لـە دەرەوە. بۆیـە میدیـای نیشـتمانی لـە ڕووی ئەرکـەوە هـەر زوو ئـەو پێناسـە تەقلیدییـەی تێپەڕانـد کـە گوایـە بریتییـە لـە گرووپێـک لـە کەناڵـی پەیوەندیکـردن بـۆ وەشـاندنی هـەواڵ و پڕوپاگەنـدە و ئامـار و... تـاد. ڕسـتییەکەی میدیـای نیشـتمانی کـورت نابێتـەوە لـە کۆمەڵێـک دەزگای حکومەتـی، بەڵکـوو ئـەو کەناڵـە تایبەتانـە دەگرێتـەوە کـە کار لەسـەر ئـەو ڕەهەنـد و ئامانجانـە دەکـەن کـە بۆیـان دروسـت بـووە، ئەمـەش گرنگیـی میدیـای نیشـتمانی زیاتـر دەردەخـات کـە هەڵقـوڵاوی هەسـتی نیشـتمانپەروەرییە و دەیەوێـت ژینگەیەکـی میدیایـی وا سـاز بـکات کـە تێیـدا هـەم میدیـا کاری خـۆی بـکات و هـەم هاونیشتمانییەکانیشـی بـە سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی زانیاری و ئاگاییەکانـی دابنێـت

ڕاسـتییەکەی جیاوازییەکـی گـەورە هەیـە لـە نێـوان میدیـای فەرمـی کـە بـە سـەرچاوە و ئامرازەکانـی بنیاتنـاني پەیـام و ئاڕاسـتەکردن و بڵاوکردنـەوەی پەیـام بەڕێـوە دەبرێـت و میدیـای نیشـتمانیدا کـە بانگهێشـتی بەشـداریی کۆمەڵـگا دەکات بـۆ گێڕانـەوە و واتادارکردنـەوەی چەمکـەکان و ڕووبەڕووبوونـەوەی دەرکەوتـە نامـۆکان و بەرزکردنـەوەی متمانـە بـە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و سـیمبولەکانی

ڕۆڵـی میدیـا لـەم مۆدێلـەی میدیاییـدا لەسـەر بنەمـای زانیـاری و بۆچوونـی بابەتیانـە لـە سـەرچاوەی خۆیـەوە دەسـت پـێ دەکات و پاشـان بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە چوارچێـوەی میدیـای نیشـتمانیدا بـەکار دەهێنرێـت تـا خزمـەت بـە کۆمەڵگـە و تـاک بـکات و ڕەنگدانـەوەی پێگـەی کۆمەڵـگا و دامەزراوەکانیەتـی

میدیـای نەتەوەیـی کـە وەک چەمکێـک بـەو مانایـە دێـت وەک هەندێـک لـە توێـژەران پێیـان وایـە ڕێگایەکـی تـا ڕادەیـەک درێژمەودایـە و جۆرێـک لـە سـەربەخۆیی تێدایـە و بابەتیبـوون و گەیاندنـی زانیاریـی دروسـت و

دوور لـە چەواشـەکارانە دەبێـت ئەرکـی بێـت

لــە ڕاســتیدا میدیــای نیشــتمانی گرنگیــی خــۆی لــە زاراوەی خۆیــەوە وەردەگرێـت و نوێنەرایەتیـی هـەم نیشـتمانی و هەم پیشـەییبوونیش دەکات لـە ڕۆڵ و گەیاندنەکانیـدا، ئەمـەش واتـای بەدیهێنانـی بەرژەوەندیـی باڵای وڵات و پاراسـتنی ئاسایشـەکەیدا خـۆی دەبینێتـەوە

## سەرچاوەکان:

١. ربیحــە نبــار و کریمــە مقاوســی (٢٠٢٢): دور الاعلام فــی ترسـیخ قیـم المواطنــة، مجلــە المجتمــع و الریاضــة، بەرگــی ٥، ژ١، ل١٦٣-١٦٤.

٢ . أحمـد الجمیعــة (٢٠١٨): الإعلام الوطنـي، موقع جریـدة الریاض، ٢٠١٨/٩/٣، ڕۆژی بەردەستبوون: ٢٠٢٥/٢/١٣: https://www.alriyadh.com/١٧٠٢٢٣٥

٣ . فهــد العتیبــي (٢٠٢٠): وطنیــة الإعلام والإعلام الوطنــي، موقــع جریــدة الریــاض، ٢٠٢٠/١٠/١٩، ڕۆژی بەردەســتبوون: ٢٠٢٥/٢/١٣: https://www.alriyadh.com/1848482

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





















CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی



CFS

Center for Future Studies

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢٣) ساڵی پێنجەم، شوباتی ٢٠٢٥